# پێشەکی

کەرتبوون لە وشەی (انشقاقی) عەرەبی وەرگیراوە، بە مانای درز کەوتنە شتێکەوە دێت،کەرتبوون یەکێکە لە رووەکانی ململانێی سیاسی لە ئاست ناوخۆی پارتەکان و دەرکەوتنی درز لە جەستەی حزبی دایك و دەرکەوتنی چەند حزبێکی تر ، بەلاَم لە رووی ئەدەبیاتی سیاسییەوە بە مانای جیابوونەوە و پارچەپارچەبوونی حزبێك یان رێکخراوێکی سیاسی دێت، کە لەوانەیە لە پشت ئەم جیابوونەوانە کۆمەڵێك هۆکاری کەسی، ئایدۆلۆژی، فکری، رێکخراوەیی یان تێروانینی جیاواز بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان هەبن. قوڵبوونەوەی ئەو کێشانە لە ریزی پارت و رێکخراوە سیاسییەکان چ لە سەر ئاستی تاکە کەسی یان کۆمەڵی نێو هەر حزب و رێکخراوێکی سیاسی، سەرەنجام کەرتبوون لەو پارت و رێکخراوە دێتە کایەوە.

بە گشتی کەرتبوون لە نێو حزب و رێکخراوەکاندا بۆتە دیاردەیەکی بەربلاَو لە زۆربەی پارت و رێکخراوە جیهانییەکاندا روویداوە، زۆر جار ئەو کەرتبوونانە لەوانەیە مانای نەرێنی نەبەخشێت، دەکرێت هەندێك لایەنی ئەرێنیشی هەبێت، بەو مەرجەی پاساوێکی لۆژیکی هەبێت بۆ ئەو جیابوونەوانە.

هەڵبەت لە مێژووی پارتە سیاسییەکانی کورد ئەم دیاردەیە بە دەر نییە، بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی پارتە سیاسییە کوردییەکان تۆمارێکی زۆر لە جیابوونەوە و ناکۆکی و ململانێی و شەڕی ناوخۆیی بەدیدەکرێت، بەراورد کردنی ئەو جیابوونەوانە بە وڵاتانی جیهان، رەنگە ئەو دیاردەیە لە پارتە سیاسییە کوردییەکان زیاتر روویدابێت، ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بێت، بریتییە لەو کەرتبوونانەی کە لە نێوان ساڵانی(١٩٧٦_ ١٩٨٨) دا لە نێو پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان رووی داوە، وێڕای ئەوەی ژیانی سیاسی و رێکخراوەیی کۆمەڵگەی کوردەواری لە لایەن وڵاتە داگیر کراوەکان لە ژێر فشارو زەحمەتیەکی زۆر دەبێت، بە هۆکاری ئەوەی گەلەکۆمەکێیەکی گەورەی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەکو رێککەوتنی جەزائیر ئەنجام درابوو، بە هۆیەوە کۆتایی بە گەورەترین جوڵانەوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پارتێکی گەورەی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان هێنرا، ئەو پارتە هاوکات خاوەنی توانایەکی مرۆیی و ماددی و مێژوویەکی درێژی ١٤ ساڵە بوو لە بەرخۆدان دژی داگیر کەران و بەرگری بەو شێوەیە گوڕەپانی سیاسی کوردستان بۆشایی تێکەوت.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوە

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاکو ئێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و سەربەخۆ لەو بارەیەوە ئەنجام نەدراوە، ئەوەی هەیە چەند نامەیەکی ماستەر و چەند تێزێکی دکتۆرایە کە تایبەتە بە مێژووی پارتە سیاسییەکان، لە دووتوێی توێژینەوەکانیان بە خێرایی بە سەر ئەو بابەتەدا گوزەریان کردووە، یاخود چەند بابەتێك لە

ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاَو کراونەتەوە ئەویش ناچێتە خانەی ئەکادیمیەوە، هەڵبژاردنی ئم بابەتە بۆ ئەوەیە ڕۆشنایی بخەینە سەر هۆکار و ئاکامەکانی کەرتبوون لە پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ، و کاریگەری ئەو جیابوونەوانە لە سەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و شوێنەوارەکانی لە سەر کۆمەڵگای کوردی لەو ماوەیەدا زانستیانە شیبکەینەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە

جگە لەوەی ماوەی ساڵانی(١٩٧٦_١٩٨٨) بە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان هەژمار دەکرێت ، بەو ناوەی بە سەرەتای دەرکەوتنی فرەپارتی دادەنرێت لەو بەشەی کوردستان، لە گەڵ ئەوەی کە ئەمە تاقیکردنەوەیەکی تازە بوو لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان ئەزموون بکرێت، ئەمە وای کرد دەرگا بە رووی کۆمەڵێك کێشەی ناوخۆیی بکرێتەوە، سەرەڕای توندی خەبات و تێکۆشان، بەو هۆیەوە کۆمەڵێك ناکۆکی ناوخۆیی لە ریزی پارتە سیاسییەکان کرایەوە، بە هۆیەوە هێزی پارتە سیاسییەکانی ئەو کات لە ئەنجامی قوڵبونەوەی ناکۆکییەکان ریزەکانیان توشی کەرتبوون هاتن، دەرەنجامیش ناکۆکی ناوخۆیی سەرجەم هێزە ناوخۆیییەکانی بە خۆیەوە خەریك کرد، و سەرەنجام زیانمەندی یەکەم خودی پارتەکان بوون، بەو هۆکاری نەتوانرا سوود لە جەنگی ئێران عێراق وەربگیرێت، کە دەرفەتێکی باش بوو بۆ هێزە سیاسییەکان بە یەکگرتوویی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد قۆناغێك ببەنە پێشەوە، بە هۆی نەتوانینی سوود وەرگرتن لەو ماوەیە، بە کۆتایهاتنی جەنگەکە جوڵانەوەی پارتە سیاسییەکان جگە لەوەی بە ئاگرو ئاسن بە بێ جیاوازی سەرکوتکران تا گەیشتە لێواری نوزە لێبڕین، هاوکات کۆمەڵگای کوردیش بە تاریکترین ڕۆژەکانیدا گوزەری دەکرد بە هۆکاری ئەوەی رژێم بە مەبەستی قڕکردن و بنە تۆ بڕینی رەگەزیی دڕندانەترین تاوانی وەکو ئەنفال و کیمیابارانکردنی بەرامبەر کۆمەڵگای کوردەواری  بە کار هێنا.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا جگە لەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە باسکردن و گێڕانەوەی رووداوو پێشهاتەکاندا بە شێوەیەکی بابەتیانە، بە گوێرەی کاتی روودانیان لە بەر چاو گیراوە، هاوکات بە هۆی جیاوازی گێڕانەوەکان لە لایەن گەواهیدەرەکان و تێکچڕژاوی و هەستیاری و گرنگی بابەتەکان، بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتەکانی بەردەست، وایکرد پشت بە میتۆدێك زیاتر ببەستین، لەوانە میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری و رەخنەیی بۆ روونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان بەکار هێنراون

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوە لە پێشەکی و دەروازە و چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە، هەر بەشێکی بە سەر چەند باس و تەوەرێك دابەشکراوە ، بەم شێوەیە:

لە دەروازەی ئەم توێژینەوەیەدا گەڕاوینەتەوە بۆ ریشەی ئەو ناکۆکیانەی کە لە پاشان کاریگەری قوڵیان لەسەر کەرتبوونەکانی دوای خۆی جێهێشت، بە شێوەیەك کۆی ناکۆکییەکانی پاشتر لە سەر ئەو بناغە هەڵچنران.

**بەشی یەکەم :**

لەم بەشەدا باسی ژیانی رێکخراوەیی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە، بە تایبەت دوای ساڵی(١٩٧٥) ، بە سەر دوو باسی سەرەکیدا دابەش کراوە:

باسی یەکەم: تایبەتە بە کاریگەرییەکانی بەیاننامەی ئازار و رێککەوتنی جەزائیر لە سەر یەکڕیزی پارتی وەك پارتێکی تاقانەی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، دەرەنجامی سیاسەتەکانی پێشووی و بە تایبەتی کاریگەریی بەیاننامەی ئازار و لە پاشان رێککەوتننامەی جەزائیر.

باسی دووەم: هۆکارەکانی دەستبەردار بوون لە شۆڕش و کاریگەرییەکانی لە سەر ژیانی سیاسی مستەفا بارزانی کراوە، لە گەڵ دواڕۆژی ئەو هێزە و کێشەکانی ئەو پارتە لە تاراوگە و کاریگەریی شکست لە سەر یەکڕیزیی پارتی و هۆکار و دەرەنجامی کۆی کێشەکان و ئەو پارتانەی کە لە ریزەکانی پارتی هاتنە دەرەوە باس کراوە.

**بەشی دووەم:**

ئەم بەشە تایبەت کراوە بە قۆناغ و سەردەمێکی نوێی دامەزراندنی پارت و رێکخراوە سیاسییەکان ، کە تا رادەیەك بە قۆناغی فرەپارتایەتی دادەنرێت لەو بەشەی کوردستان. ئەویش بە سەر دوو باسی سەرەکی دابەش کراوە.

باسی یەکەم: باس لە قۆناغی سەختی خەبات و ئەو بارو دۆخە هەرێمی و نێودەوڵەتییە سەختەی هاتبووە کایەوە بە هۆی رێککەوتنی جەزائیر کە بە هۆیەوە گەمارۆیەکی سەختی مرۆیی خرابووە سەر کۆمەڵگای کوردەواری، هاوکات لەو بارودۆخە سەختە رێکخراوێك بە بیرکردنەوەیەکی جیاواز و ستایلێکی نوێوە دێتە مەیدانی خەبات، کە لە شێوەی نیمچە بەرەیەك چەند بیرو بۆچوون و ئایدۆلۆژیایەکی جیاواز و کەسایەتی جیاواز لە ژێر یەك چەتر کۆدەکاتەوە، کە ئەزموونێکی تازە بوو لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد.

باسی دووەم: تایبەتە بە پێکهاتەی ئەو باڵانەی ناو نیمچە بەرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وچۆنیەتی ستراکتۆری هەڵسوڕانیان، پاشان دروستبوونی ناکۆکی ناو نیمچە بەرە و ، هۆکار و دەرەنجامی ئەو ناکۆکیانە ، و قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و لە پاشان پێکەوە هەڵنەکردن لە چوار چێوەی نیمچە بەرە و لە پاشان هاتنە دەرەوەی باڵێکی گرنگی ناو نیمچە بەرە، لە کۆتایی باسەکەش باس لە دەرەنجامی ئەو هاتنە دەرەوەیە کراوە.

**بەشی سێیەم:**

لەم بەشەدا باس لە سەرەتا و چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان کراوە، لەگەڵ رۆڵ و کاریگەریی لە شکستی ١٩٧٥ داپەیدا بوونی دووبەرەکی لە ریزەکانی و کەرتبوون لە ریزەکانیدا کراوە، و بە سەر دوو باسی سەرەکی دا دابەشکراوە

باسی یەکەم: باسی هەڵوێستی کۆمەڵە لە سەروبەندی شکستی ئەیلوول و چۆنیەتی درێژەدان بە خەبات و یەکخستنی ریزەکانی. هاوکات باسی گوشاری رژێم بەرامبەر بەو رێکخراوە کراوە ، لەگەڵ باسکردن لە دەرکەوتنی رەگی کێشە ناوخۆییەکانی ئەو رێکخراوە.

باسی دووەم: تەرخانکراوە بۆ قوڵبوونەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە ، و هۆکار و دەرئەنجامی ناکۆکییەکان و دروستبوون و دامەزراندنی رێکخراوی ئالآی شۆڕش .

**بەشی چوارەم:**

باس لە سەرهەڵدانی ناکۆکیەکانی (حسك) کراوە، لە گەڵ هۆکار و ئەنجامی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان و ئەنجامیش دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئەم بەشە هاوشێوەی بەشەکانی پێشوو دابەشی دوو باسی سەرەکی کراوە:

باسی یەکەم: باسمان لە ڕیشەی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانی ناو ڕیزەکانی( حسك) کردووە، لە گەڵ ئەو بارو دۆخە سیاسیەی کە هێزەکانیان لەو کاتەدا تێی کەوتبوون، کە بە هۆیەوە ناکۆکییەکانیان گەیشتنە ئاستی بنبەست.

باسی دووەم: تایبەت بە کەرتبوون لە ریزی حسك و دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان .

شیکردنەوەی سەرچاوە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە.

١ – ئەرشیفی پارت و رێکخراوەکان

ئەرشیفی پارت و ڕێکخراوەکان بەتایبەت ئەرشیفی (ی . ن . ك) و (حسك) و حزبی زەحمەتکێشان و ئالأی شۆڕش و (پ.د.ك) و( پدگك)، کە زۆربەیان هاوسەردەم یان نزیکی روداوەکان چاپ و بلأوکراونەتەوە، بۆیە گرنگییەکی زۆریان هەبوو و سوودێکی زۆریان لێوەرگیراوە لەکاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، و دەکرێت وەك سەرچاوەی سەرەکی چاولێبکرێن، بەلأم لەبەرئەوەی تەنها هەڵوێست و بۆچوونی لایەنێکی تێدا دەبینرێت یان هەندێك جار بۆ شێواندنی راستییەکان و لایەنگری بۆ حزبێکی سیاسی بلأوکراونەتەوە بۆیە بە وردی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. وەك( نامەی تاکەکەسی و بلأوکراوە و بەیاننامە و رێکەوتننامەکان ).

٢- نامە کەسییەکان

نامەی کەسایەتییەکان زۆرجار دەربڕی بیر و بۆچونی سیاسیی و هزری کەسایەتییەکانیان تێدا ڕەنگیداوەتەوە ، هۆکار و دەرەنجامی ڕووداوەکانی تێدا ئاماژە بۆکراوە ، بە هەمان شێوە سوودی زۆریان لێوەرگیراوە .

٣- پەرتووك بە زمانی کوردی

سەرچاوە کوردییەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە زانیاری مێژوویی وردن و سوودی زۆریان لێوەرگیراوە ، کە دەکرێت ئاماژەیان بۆ بکەین ، وەك یاداشت و بیرەوەری ئەو کەسایەتیانەی کە خۆیان ڕاستەوخۆ لەناو ڕووداوەکاندا بوون و ڕۆڵیان گێڕاوە ، بەلأم ئەمانیش بەهەمان شێوە بەپێی تێڕوانینی کەسی و هەروەها بۆچوونێکی سیاسیی تایبەت نووسراون، بۆیە هەندێکیان بە ورییاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە . بە شێوەیەکی گشتی سودی زۆرمان وەرگرتووە لە زنجیرە بیرەوەرییەکانی نەوشیروان مستەفا (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، خولانەوە لە ناو بازنەدا) کە بریتیە لە گێرانەوەی بەسەرهات و ژیانی نوسەر و هاوکات بەشێکی گرنگ لە مێژووی (ی . ن . ك) لە ماوەی سالأنی (١٩٧٥-١٩٨٨) ، هەروەها یاداشتی پێشمەرگایەتی ڕێباز (قەندیل بەغدای هەژاند) لەگەڵ بیرەوەرییەکانی پشکۆ نەجمەدین (ئەزمون ویاد) گرنگی و بایەخی گەورەیان هەبووە بۆ ئەم توێژینەوەیە .

هەروەها سود لە چەندین پەرتوکی کوردی وەرگیراوە ، گرنگترینیان بریتین لە (براِیم جەلال : "چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە " ، و "چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە" و "یاخی بوون لە مێژوو" نووسینی مەلابەختیار ، مامۆستا جەعفەر : هەورێکی نەزۆك ، چەپکێکی ژاکاوی محسین عەلی ئەکبەر کە پەیوەندیدارە بە بابەتەکەمان ، هەروەها کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد" مەسعود بارزانی شاخەوان شۆڕش : قادر شۆڕش کتێبی "چل ساڵ خەبات و تێکۆشان"، لەگەڵ چەندین کتێبی تر کە نوسەرەکانیان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی راستەوخۆوە لە گەڵ ئەو کەسایەتیانەی کە هاوسەردەمی ڕوداوەکان بوون ئامادەیان کردوون، وەك (ئامادەکردن و کۆکردنەوەی محەمەد مێرگەسوری " تروسکاییەك لە شەوەزەنگدا" ، "کتێبی کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو راپەڕین" کە لە چەندین چاوپێکەوتن پێکهاتووە ، جگە

لەمانە چەندین کتێبی تر کە لە لایەن کەسانی بیانییەوە نووسراون و وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی وەك (ئۆفرا بینگیۆ : "کوردی عێراق" ، هەردوو کتێبی کریس کۆچێرا : "کورد لەسەدەی ١٩ و ٢٠ دا ، جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد"، هەر لەناو سەرچاوە کوردییەکاندا سودێکی زۆر وەرگیراوە لەو توێژینەوە زانستییانەی کە وەك کتێب بلاوکراونەتەوە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا گەلێك لایەنی شاردراوەیان بە وردی خستووەتە روو وەك (سەروەر عەبدولرەحمان عومەر : "یەکێتی ی نیشتمانی ی" ، سەلام عەبدولکەریم : "ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان سۆسیالیست بە نمونە" ، عەلی تەتەر نێروەیی : "بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی" ، چەند نامەیەکی بلاونەکراوە وەك ئەحمەد حەمە ئەمین ئۆمەر : "رەوتی چەپ لە باشوری کوردستان" ، گرنگ و پڕ بایەخ بوون بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم لێکۆلینەوەیە .

٤- پەرتووك بە زمانی عەرەبی

هەر لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا هەولمانداوە چەند سەرچاوەیەك کە بە زمانی عەرەبی نووسراون یان وەرگێڕدراون بەکاربهێنین لەوانە : (صلاح الخرسان: التیارات السیاسیه ، سعد ناجی جواد : العراق والمسأله الکردیه ١٩٥٨_١٩٧٠ ) کە سوودیان لێوەرگیراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

٥- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ

بە مەبەستی دەولەمەند کردن یان پشتڕاستکردنەوەی زانیارییە وەرگیراوەکانی ناو سەرچاوە بەکارهاتووەکان ، هەولمانداوە چاوپێکەوتنی راستەوخۆ یان بەشێوەی گفتوگۆ زانیاری و بۆچوونی چەند کەسایەتییەك وەربگرین، کە زۆربەیان راستەوخۆ بەشدار و نزیکی رووداوەکان بوون ، زیاتر لە (٤٠) چاوپێکەوتنمان ئەنجام داوە و سەرجەمیان لای توێژەر پارێزراون .

٤- رۆژنامە و گۆڤار

جۆرێکی تری ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون بریتییە لە رۆژنامە و گۆڤار. بەتایبەت زمانحالی پارتە سیاسییەکان ، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ، گۆڤاری ( رێبازی نوێ ) ، گۆڤاری ( کۆمەلە) . جگە لەم سەرچاوانەی ئاماژەی بۆ کرا چەند بابەت و بلاوکراوەیەکمان لە ڕێگەی پێگە جۆراوجۆرەکانی ئینتەرنێتەوە وەرگرتووە .

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە

لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر بەشە جیاوازەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، بە هۆی فراوانی بابەتەکەو زۆری کەرتبوون لە پارتە سیاسییەکان لەو ماوەیەدا، گەرەکمان بوو بگەڕێینەوە بۆ ئەرشیفی ئەو پارت و ڕێکخراوانە، بەلام بە هۆی هەلوەشانەوەی بەشێك لەو پارتانە، بەو هۆیەوە دەستخستنی بەیان و بلاوکراوەکان ئاستەنگی بۆ دروست کردین، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هانامان بۆ چاوپێکەوتنی زارەکی بەست لە گەل کاراکتەری ناو رووداوەکانی ئەو سەردەمە، لەوەشیان بێگرفت نەبووین، چونکە بەشێك لەو کاراکتەرانە ئامادەی چاوپێکەوتن نەبوون، یان بە ژێر لێوانەوە وەلامی پرسیارەکانیان دەدایەوە نەکا زیانی بۆ ئێستایان هەبێت. لە گەل ئەمانەشدا لە میانەی خوێندنەوەی ووردی بابەتەکان و بە وردبوونەوە لە رووداوەکان بە پشتبەست بەو میتۆدانەی لە پێشەوە باسمان کردن، توانیومانە بەشێکی زۆری لایەنە نادیارەکانی ئەو رووداوانە بخەینە روو، کە پێشتر رووداوەکان شاراوە بووە یاخود هەر لە سەر زاران دەگێڕدرانەوە.

## دەروازە

### پێشینەیەکی مێژوویی سەبارەت بە هەلومەرجەکانی کەرتبوون لە باشووری کوردستان

کەرتبوون بریتییە لە جیابوونەوە لە پارتێك یان گروپێك بەهۆی کۆکنەبوون لە سیاسەتەکانی ئەو گروپ و حزبە، کەدەکرێك ئەو کەسانەی جیادەبنەوە کەسانی هەڵبژێردراو بن لەلایەن خەڵکەوە [١]. دووبەرەکی و ناکۆکی سیمایەکی دیاری سەرجەم نەتەوە و میلەتانی جیهانە، بە تایبەتی لە قۆناغەکانی ڕزگاریی نیشتمانیی و خەباتی چەکداریی، دەرئەنجامیش کاری کوشندەی لەو بزووتنەوانە کردووە، بووە بەهۆی لەباربردنی هەندێك لە شۆڕش و بزووتنەوەکان و دوورکەوتنەوە لە ئامانجەکانی شۆرش و پێچەوانەبوونی ئەنجامەکان.

کەرتبوون هەندێك جار بەهۆی جیاوازی بۆچون یان بیروباوەڕی ناکۆکی ناو حزب کەدابەشبوونی هێز و جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە، دەگاتە ئاستێك تاکەکەس لە یاسای کۆمەڵەکەی دەربچێت و بچێتە بەرەیەکی ترەوە [٢]، هەندێك جار لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی دوو گروپی لێك دژ لەناو پارتێکی سیاسی کەلایەکیان بەهۆی ئەو ناوبانگەی کەلەدەرەوەی ئەو پارتەوە بەدەستی هێناوە، لایەکەی تریش ئەو سەرکردانەن بەهەوڵی خۆیان و لە ئەنجامی کاری حزبییەوە بەدەستیان هێناوە ، دوای ماوەیەك ئەم دوو گروپە بەرەوڕووی یەك دەبنەوە، ئەو بەریەککەوتنەش دەبێتە سەرپۆشێك بۆ ئەو ململانێ هەمیشەییەی کە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر لە نێوان ئەم گروپانە ڕوودەدات[٣].

مێژووی کورد پڕاوپڕە لەم جۆرە ناکۆکیانە، کە ڕەنگە زیاتر لە زۆربەی میللەتانی جیهان وێنەی خۆی لەسەر ڕێڕەوی مێژووی کورد جێهێشتبێت، ئەمە بووە بە هۆی گلەیی یار و پاساوی نەیار هەمیشە کوردیان چەوساندۆتەوە و گوناهەکانیشیان کردۆتە بەروانکە و بەملی کوردیانەوە کردووە . ترۆپکی ئەم ناکۆکیانە لە مێژووی پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٤ ڕێکەوتنی نێوان مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان[٤] و عبدالسلام عارف[١] .

---

(1) oxford advanced learners dictionary, oxford: oxford university prees 2014; Michael Rundell, Macmillan dictionary, New York and London, 2997.

(٢) معجم المعانی الجامع : عربی عربی.http://www.almaany.com

(٣) ڕۆبێرت میشێل : کۆمەڵناسی حیزبە سیاسییەکان ، و : یاسین حاجی زادە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٥، ل ٧٠-٧١.

(٤ )پارتی دیموکراتی کوردستان: بیرۆکەی دروستکردنی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی شوباتی ١٩٤٦. کاتێك کۆمەڵێك کەسایەتی وەك مەلا مستەفا، هەمزە عەبدوڵلا، ئەنوەر دڵسۆز، بەکر عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، نوری ئەحمەد تەها، محەمەد قودسی، عێزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵا عەبدولکەریم ، بڕیاری دروستکردنی پارتێك لە سەر شێوەی پارتی دیموکراتی ئێران، لە مهاباد دەدەن، بەڵام بە هۆی دڵگرانی قازی محەمەد بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو حزبە دەدەن. لە پاشان هەمزە عەبدوڵا بە نوێنەری خۆیان دەنێرنەوە کوردستانی عێراق بە مەبەستی دامەزراندنی حزبەکەیان. ئەویش پاش گەڕانەوەی پەیوەندی بە سەرانی حزبەکانی( رزگاری و شۆڕش)، وە بە دەست هێنانی رەزامەندی زۆرینەی سەرکردایەتی ئەو پارتانە، رەزامەندی بە هەڵوەشاندنەوەی حزبەکانیان و چونە ریزی پارتە نوێیەکە، حزبە نوێیەکە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە بەغداو بە شێوەیەکی نهێنی کۆنگرەی یەکەم و دامەزراندنی خۆی بەست. کۆنگرە رەزامەندی لە سەر پەیڕەوو و پڕۆگرام و بەرنامەی ناوخۆیی حزب و لیژنەی مەرکەزی دەربڕی و مەکتەبی سیاسی حزب هەڵبژێردرا، بەو شێوەیە پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا. (عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی: گەشتێك بە کۆماری مەهاباد دا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٧؛ د.عەزیز شەمزینی: جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، و/ فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠٠٦، ل٢٧٨_٢٨٠).

**بارزانی و عارف هەریەکە لای خۆیانەوە بەیانێکیان دەربارەی چارەسەری مەسەلەی کورد راگەیاند، ئێستگەی بەغدا دەقی بەیانەکانی خوێندەوە[٢]. ئەم بڕیارەی بارزانی، کە لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی نهێنی خۆی و عبدالسلام عارفەوە درابوو، بووە مایەی گەورەترین قەیرانی ناو بزاڤی نەتەوەیی کورد، ئەم قەیرانە بە درێژایی و بە لایەنی نەرێنی کاری کوشندەی لە ژیانی سیاسی بارزانیش کرد[٣]. بەیانەکە ناڕەزایی زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا، بەیانێکی ناڕەزایەتیان بە ناوی ( مشیر- بارزانی خۆ بەدەستەوەدان یان ماف وەرگرتن ) بڵاو کردەوە[٤]. هۆکاری ئەو دڕدۆنگیەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی[٥] لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، نەکا مستەفا بارزانی بە هۆی ئەم ڕێکەوتنە و بەلادا خستنی ناکۆکییەکانی لە گەڵ بەغدا، خۆی تەرخان بکات بۆ پاکتاوکردنی گرفتە کەڵەکەبووەکانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی[٦].**

**بەو جۆرە ئاگر بەستی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤، ناکۆکی و ئاڵۆزییەکان کە ماوەیەك بوو لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرکردایەتی بارزانیدا لە ئارادابوون، تەقینەوەو لێکترازان هاتە ئاراوە[٧]. دیارترین کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسی کە بە هۆیەوە بۆشاییەکی گەورەی لە نێوان ئەو دوو لایەنە دروست کردبوو، کە دەرئەنجام نەیانتوانی بە یەکەوە هەڵبکەن ، کەرتبوون لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە کێشەکان بریتیبوون لە**

**١- ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە بنیاد و پەیکەری پێکهاتەی پارتیەوە هەبوو، پارتی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تۆوی ناکۆکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، ئەم ناکۆکیانەش وا دەرکەوت کە ئەمری واقیع بن، چونکە پارتێك کە بیەوێ ئەندامەکانی بریتی بن لە هێزە نەتەوەییەکان و دیموکراتخوازەکان و کۆمۆنیستەکان، هەندێك لە سەرکردایەتیەکەشی دا گەورە پیاوە خاوەن موڵکدارەکان ئەرکەکانی بەڕێوە**

---

(١) بۆ دەقی بەیاننامەی مستەفا بارزانی سەبارەت بەم ڕێککەوتنە.بڕوانە پاشکۆی (١).

(٢) شێرکۆ فەتحولاَ عومەر (دکتۆر ): پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا،( ١٩٤٦ — ١٩٧٥) ، وەرگێرانی: سوارە قەلاَدزەیی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠١٣، ل ٢١١.

(٣) کریس کۆچیرا: کورد لە سەدەی نوزدەو بیستەمدا، وەرگێرانی: حەمە کەریم عارف، چ ٣، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٣١٨؛ لالۆ عەبدولڕەحمان عەبدوڵلاَ پێنجوێنی: نیو سەدە بۆ نیشتمان، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢، ل١٢٢،١٢١.

(٤) شازین هێرش، نزار محمد: بەڵگەنامە: پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بارزانی ) لە چەندین بەڵگەنامەیی مێژوویی دا ( ١٩٦٤–١٩٧٠)، ( کۆکردنەوەو ئامادەکردن )، ب٢، چ ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٢١، ( بۆ دەقی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی لەسەر ڕێککەوتنی مەلا مستەفا و حکومەت بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

(٥) پێکهاتبوون لە ( ئیبراهیم ئەحمەد،

(٦) صلاح الخرسان: التیارات السیاسیه فی کردستان العراق، قرأة فی ملفات الحرکات و الاحزاب الکردیه فی العراق ١٩٤٦– ٢٠٠١، ط١، دار البلاغة للطباعة والنشر، بیروت، ٢٠٠١، ص ١٢٣ — ١٢٤.

(٧) ڕەفیق ڕەحمان مام خول: مستەفا بارزانی ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا لە ١٩٥٨ — ١٩٧٠، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ١٤٨.

**بەرن، شتێکی سروشتی دەبێت ، کە لە ڕیزەکانی ئەو پارتەدا جیاوازی لە نێوان ڕەگەزە ناگونجاوەکانیدا بێت و ناکۆکی تێدا سەرهەڵبدا[(١)].**

**بە وردبوونەوە لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کۆنگرەی یەکەمی پارتی دەردەکەوێت، تێکەڵەیەکی ئایدۆلۆجی جیاوازن ،کە لە ئاراستەی فکری و ئایدۆلۆجی جیاواز پێکهاتووە وەك:**

**ا – ئاراستەی یەکەم: پێکهاتووە لە چەند کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی، خێڵایەتی وەك بنەماڵەی بارزانی و شێخ لەتیف شێخ محمود و کاکە زیادی غەفوری کۆیە.**

**ب – ئاراستەی دووەم: کۆمەڵەیەکی تر لە ڕووناکبیرانی هەڵگری بیروباوڕی دیموکراسی و ناسیۆنالیستی، وەك سالح یوسفی، تەها محێدین مەعروف و میرحاج ئەحمەد.**

**ج – ئاراستەی سێیەم: گروپێکی تر لە روناکبیران کە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی، سۆسیالیستی، زۆربەیان پێشتر پەیوەندیان بە (حزبی شۆرش)[(٢)] ەوە هەبوو، وەك هەمزە عەبدوڵڵا، عەلی عەبدوڵڵا، د.جەعفەر...هتد. ئەم پێکهاتەیە خۆی لە خۆیدا هەڵگری هۆکارەکانی ململانێ و ناکۆکی چینایەتی دەبێت، هەروەك دواتر بە کردەوە ڕوویدا[(٣)]. کاتێك هەمزە عەبدوڵڵا ویستی لەسەر ڕاسپاردەی مستەفابارزانی هەندێك لە کەسایەتی خاوەن زەوی و زارانە بێنێتە ناو دەستەی دامەزرێنەری پارتیەوە، لەوانە شێخ لەتیفی شێخ مەحمود و کاکە زیاد ئاغای غەفوری کۆیە، بەو هۆیەوە بەشێك لە هێزە چەپڕەوەکان پاشگەز بوونەوە لەوەی سەر بەو پارتە بن، کە بینیان پارتی دیموکرات بریتییە لە پارتێکی بورژوازی، زۆربەی ئەو دابڕاوانە چوونە ناو پارتی کۆمۆنیستی عێراقیەوە[(٤)]. پێکەوە هەڵنەکردنی ئەم ئاراستە جیاوازانە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٥١ دا بە دەرکەوت کاتێك بەستنی کۆنگرەی دووەم بووە پێداویستی بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکی تازە، و لەو کۆنگرەیە بڕیاردرا هەڵبژاردنی سکرتێر بۆ کۆنگرەی سێیەم دوا بخرێت، و کۆنگرە بڕیاری دا دەسەڵاتی (هەمزە عەبدولا) سڕ بکات و لە سلێمانی هاوکاری لیژنەی مەرکەزی بکات، بەڵام ناوبراو بە بڕیارەکەوە پابەند نەبوو، بە ناوی "پارتی دیموکراتی کوردستان ـ باڵی پێشکەوتنخواز" ی بۆ زیاد کرد و بەو شێوەیە ڕیزەکانی ناوخۆی پارتی لەتکرد[(٥)].**

---

(١) د.حامید مەحمود عیسا: کێشەی کورد لە عێراق ، بەرگی یەکەم ، وەرگێرانی: سوارە قەڵادزەیی، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٢٢٦.

(٢) حزبی شۆڕش: دوای هەڵوەشانەوەی پارتی هیوا ، بەشێکی ئەندامانی چوونە ناو حزبی شیوعی عێراقیەوە ، بەشێکی تریان چوونە ناو رێکخراوی ( یەکێتی تێکۆشین ) . دوای هەوڵێکی زۆر لە زستانی ١٩٤٤ دا سەرکردایەتی یەکێتی تێکۆشین هەڵسان بە دروستکردنی حزبی شیوعی کوردستانی عێراق ، کە ساڵەح حەیدەری بوو بە سکرتێری ئەم حزبە و رۆژنامەیەکیان بەناوی (شۆڕش) دەردەکرد و لە کوردستان بە ناوی رۆژنامەکەیانەوە ناسران بە ( حزبی شۆڕش) . ئەم حزبە لە رووی ڕێکخستن و پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆییەوە هاوشێوەی حزبی شیوعی عێراقی بوو ، دواتر لە زستانی ١٩٤٥ دا بە هەوڵی حزبی شۆڕش حزبی رزگاری کورد دروستکرا هەردوو حزبی رزگاری و شۆڕش یەکدەگرن و پارتی دیموکراتی کورد دروستدەکەن .( صالح الحيدري : مختارات من مذكرات صالح الحيدرى ، ب . م ، ٢٠٠٤، ص٢٩_٣٠ د. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨_١٩٥٨، ط١ ، بغداد ، ١٩٨٩ ، ص ١١٠_١١٣)

(٣) محمد فاتح: پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا، چ١، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدين، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٨٩.

(٤) حامد مەحمود عیسا: کێشەی کورد ، ب١ ، ل ٢٢٧.

(٥) شێرکۆ فتح الله: س . پ ، ل١٣٥.

**ئەمە بە یەکەم کەرتبوون دادەنرێت لە ڕیزەکانی پارتیدا، و هۆکاری سەرەکی ئەم کەرتبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ئاراستەکان، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن رۆشنبیریەکی چەپی مارکسی بوو ، هەرچەندە ئەو لە سەرەتای ژیانی سیاسی خۆیدا بەردەوام مەیلی چەپی هەبووە، بەلاًم بەرەبەرە ترازا بۆ ناو ڕەوتی بیری نەتەوایەتی کوردی. لە لایەکی ترەوە هەمزە عەبدوڵلا بەردەوام بوو لەسەر ئارەزووە تاکڕەوەکانیەوە لە ڕووی نەتەوایەتیەوە بۆ چەپبوون، هەوڵی بۆ کۆکردنەوەی مارکسیە دێرینەکاندا کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئیبراهیم ئەحمەد[1]. کەوتە جموجۆڵ و خۆڕێکخستنەوە، وەك سەرۆکی دەستەیەکی یاخی هەڵسوکەوتی دەکرد، هێزی هەمزە لەوەدا نەبوو کە بتوانێت لە شوێنی چەپە ڕۆشنبیرەکان کاریگەری گەورە دروست بکا، بەڵکو لەوەدا بوو کێشمەکێش و ئاڵۆزی دروست بکات[2].**

**ئەم ناکۆکیە تاساڵی ١٩٥٦ بەردەوام بوو، ئەو باڵەی کە هەمزە عەبدوڵلا دایمەزراند بوو هاتنەوە ناو ریزەکانی پارتی. بەم شێوەیە ئەزموونی پارتی دیموکراتی کوردستان پتەوتر بوو لە یەکخستنی هەموو هێزەکان لە پێناو تێکۆشاندا. لەئاکامی پەیوەندیکردنی ئەم باڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاڵوگۆڕێکی تری بەسەر ناوەکەیدا هێنا، بوو بە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق[3]. ساڵی ١٩٥٧ بەهۆی هەوڵە دیبلۆماسیەکانی ئیبراهیم ئەحمەدەوە توانرا کار بکرێتە سەر ئەندامانی لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق و کەوتنە گفتو گۆکردن سەبارەت بە یەکخستنی چالاکییەکانیان لە کوردستاندا. لە ئەنجامدا (ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان، کەمال فواد[4]، لەتیفی نانەوا ) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (لقی کوردستانی حزبی کۆمۆنیست) یان ڕاگەیاند و هاتنە نێو ڕیزەکانی (پارتی)یەوە[5]. بەم هۆیەوە ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندی**

---

(١) حامید مەحمود عیسا: کێشەی کورد ،ب١، ل٢٢٧، دانا ئادامز شمیدت: سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکانی کوردستان، وەرگێرانی: ابوبکر خۆشناو، چ١، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٨، ل ٢٣٢.

(٢) فەرید ئەسەسەرد: ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بلأوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٧٧– ٧٨.

(٣) مەبەست لە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان ئاماژە بوو بۆ یەکگرتنەوەی باڵی پێشکەوتنخوازی (پ.د.ك) لەگەڵ (پ.د.ك) . (مەریوان عیسا میرزا : کورتە لێکۆڵیتەوەیەك لەبارەی گەورە تێکۆشەرێکی کوردستان مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا – وە ، گۆڤاری (k٢١) ، ژمارە (٢٠) ، کانونی دووەمی ٢٠١٤، ل ٣٩).

(٤) کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد : ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لەدایك بووە ، سەرەتاکانی خوێندنی لەشاری سلێمانی تەواوکردووە ، لە تەمەنی پازدە ساڵیەوە نزیکی بیروباوەڕی چەپ و پێشکەوتنخواز بووە و دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە کردووە . ساڵی ١٩٥٢ دەچێتە شاری بەغداد بۆ خوێندنی ئەندازیاری ، ساڵی ١٩٥٧ دەچێتە ناو (پ . د . ك) ، هەمان ساڵ دەچێتە ئەڵمانیای رۆژئاوا و بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە زمانی کوردی بەدەستدەهێنێت. لەسالأنی شەستەکاندا یەکێك بوو لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ، ماوەیەکیش بوو بە سکرتێری ئەم ڕێکخراوە . ساڵی ١٩٧١ بەشی کوردی لە کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی بەغداد دامەزراند . دوای هەرەسی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی (ی . ن . ك)، و لە کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٧٧ دا بەئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی . ن . ك) هەڵبژێردرا لەسەر هێڵی گشتی ، ساڵی ١٩٨٢ بەشداربوو لە دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕان ، ساڵی ١٩٩٢ بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، ساڵی ٢٠١٠ چووەتەوە ئەڵمانیا و لە (٢٠١٤/١١/١٥) لە شاری بەرلین کۆچی دوایی کرد.(شەش دەیە خەبات پاشکۆیەکی تایبەتی کوردستانی نوێ یە بۆ ڕێز لێنان لەزیاتر لەنیو سەدە لەخەباتی د. کەمال فوئاد، رۆژنامەی"کوردستانی نوێ"، ژمارە(٥٩٨١)ساڵی بیستەم ،٢٠١٣/١/٢٠).

(٥) ئامانج حەسەن ئەحمەد: ابراهیم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیری گەلی کورد دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٢٥.

نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق قەیرانێکی گەورەی بەخۆوە بینی[١]. بەڵام پارتی ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ نەیارەکانی بە تەواوی یەکلایکردەوە و ڕیزەکانی خۆی یەکخستەوە و مەکتەبێکی سیایی نوێی بەم شێوەیە هەڵبژارد: ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری حزب بە ئەندامیەتی (سالح حەیدری، جەلال تاڵەبانی، هەمزە عەبدوڵڵا، حەمید عوسمان، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق، کەمال فواد، حەبیب محەمەد کەریم[٢]، بەو جۆرە ڕێکخستنەکانی پارتی لە ساڵانی پەنجاکاندا بەردەوام لە گەشەکردندا بوو، هاوکات ئیبراهیم ئەحمەدیش وەك سیاسییەکی بەتوانا و سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام لە هەوڵدادا بوو، بۆ پەیوەندیکردن بە پارت و ڕێکخراوە کوردستانی و عێراقیەکان لە پێناو مافە ڕەواکانی گەلی کورد دا[٣]، ئەوەی شایانی باسە وێڕای ئەوەی بارزانی هەڵاتبوو بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بە سەرۆکی پارتی دانرایەوە[٤].

هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە عێراق و کوردستانی عێراق و ناوچەکە بە گشتی لە بەر دەم گۆڕانکارییەکی تازەدا بوو ، بە هەمان شێوە پارتیش بە ئاراستەی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵیدەکرد، لە ساڵی ١٩٥٨ دا پارتی لەگەڵ ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی عێراق پەیوەندی گرت، ئەوانەی کە لە لایەن عبدالکریم قاسمەوە سەرکردایەتی دەکران و خوازیاری ڕووخاندنی سیستەمی پاشایەتی و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی بوون لە عێراقدا [٥].

شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ ی عبدالکریم قاسم و ئەفسەرە ئازادیخوازەکان مژدەی سەردەمێکی نوێ و ئومێد بەخشیان بە کورد دا، ئیبراهیم ئەحمەد وەك سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستبەجێ پشتگیری پارتی بۆ ڕژێمی تازە ڕاگەیاند وبەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە، تیایدا بە گەرمی پێشوازی لە ڕژێمی تازە و ئازادی و برایەتی هەردوو میللەتی کورد و عەرەب کرد[٦]. حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم ) یش لای خۆیەوە، لە بەڕێوەبردنی وڵات و سیاسەتەکانیدا پشتی بەست بە حزبە وڵات پارێزو ڕێکخراوە دیموکراتی و کۆمەڵایەتییەکان. لە ڕێکەوتی ٢٦ی تەمموزی ١٩٥٩ بڵاو کردنەوەی دەقی دەستووری کاتی بۆ کۆماری عێراق تەواو بوو، کە جەختی لەسەر ئەوە کرد (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە)[٧]. یەکێك لە گۆڕانکاریەکانی ئەم دەستوورە کاتیە ئەوە بوو، کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق، دان

---

[١] فەرید ئەسەسەرد : ئارام و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی سیاسیدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠١٢، ل ٩٧.

[٢] صلاح الخرسان: م . س ، ص ٦٠ – ٦١.

[٣] ئامانج حەسەن ئەحمەد: س . پ : ل ١٢٦.

[٤] مام جەلال دەنێرن بۆ سۆڤیەت بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی بارزانی لەو گۆرانکاریانە، چونکە گومانیان هەبوو لەوەی مەلا مستەفا بەو گۆرانکاریانە ڕازی بێت . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_ ( حسين محمد عزيز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد دا، چاپخانەی سیما، چ ١، سلیمانی، ٢٠٠٢، ل٢٢، ٢٣) . پارتی دوو نامەی بە مام جەلال دا نارد بۆ بارزانی کە زانیاری وردی لە سەر ڕەوشی ناوخۆیی پارتی لەخۆگرتبوو . بۆ دەقی ئەم دوونامەیە بروانە پاشکۆی(٣) .

[٥] گەراس ئار . ڤی . ستانسفێلد: کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسی و پشکوتنی دیموکراسی، وەرگێرانی: یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٦٠.

[٦] دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی لە فارسیەوە، ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٤٩٧.

[٧] شێرکۆ فتح الله: س . پ ، ل ١٥٦.

بەیەکسانی کورد و عەرەب دانرا، نەك تەنیا ئەمە بەڵکو حکومەتەکەی قاسم پێشوازیەکی گەورەی لە بارزانی و هاوەڵەکانی کرد کە ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت بوون[١].

گەڕانەوەی بارزانی دەرگای خولێکی تازەی ناکۆکی لە ڕیزەکانی حزبدا کردەوە کە زیاتر خۆی لە ململانێیەکی کەسی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد دەبینیەوە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئیبراهیم ئەحمەد وەك سکرتێر و کەسی یەکەمی پارتی دەرکەوتبوو، هەرچەندە بارزانی بە شێوەی فەخری لە کۆنگرەکانی یەکەم و دووەم و سێهەمی پارتیدا بە سەرۆك هەڵبژێردرابوو ، بەڵام هەموو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی مەلا مستەفا بە پارتی دیموکراتی کورد و پاشان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە، هەر لەساڵی ١٩٤٧ و تاکو ساڵی ١٩٥٨ واتە لە ئاوارەبوونیەوە بۆ سۆڤیەت تا گەڕانەوەی بۆ بەغداد تەنیا دووجار لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە پەیوەندی پێوەکراوە[٢]. بۆیە بارزانی دوای گەڕانەوەی هەوڵی دا بالادەستی خۆی بەسەر پارتیدا بسەپێنێ، دوای ئەوەی ئەو هەموو ماوەیە لێیەوە دوور بوو، بەسود وەرگرتن لەو ناکۆکیانەی لەناو مەکتەبی سیاسی پارتیدا هەبوو، لە نێوان دەستەی (سالح حەیدری و حەمید عوسمان و هەمزە عەبدوڵلا ) دا. ئەوانە داوای پێکهێنانی هاوکارییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی عێراقدا دەکرد، لەگەڵ دەستەی (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیدا) کە داوایان دەکرد پەیوەندییەکی دیاریکراو و مامناوەند لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا دروستبکەن [٣]، و لە بەرامبەردا هاوکاری لەگەڵ پارتە نەتەوەییەکاندا بوون [٤]. لە سەردەمی دەسەڵاتی قاسمدا شنەباکە لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا هەڵیکردبوو، ناوی هەمزە عەبدوڵلا زیاتر بەرەو پێش بوو، جێگەی متمانە و باوەڕ پێبوون و خۆشەویستی مەلا مستەفا بوو، وەك هەوڵێك بۆ ئەوەی پارتی بەرەو گونجان ڕێگە ببڕێ، زیاتر لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا تێکەڵاو بکرێن[٥] ئەوەبوو مەلا مستەفا لە کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دا لە کۆبوونەوەیەکی بچووکی سەرکردایەتی پارتی دا بە بەشداربوونی هەمزە عەبدوڵلا، خەسرەو تۆفیق، نوری شاوەیس، نەجات عەزیز، حەمید عوسمان، مەلا مستەفا بڕیاری تاکڕەوەی خۆی لەسەر لابردنی ئیبراهیم ئەحمەد لە سکرتاریەتی حزب و دانانی هەمزە عبدڵلا بە سکرتێر دەرکرد، ئەمەش بوو بە یەکەم کودەتای ناوخۆیی حزب[٦].

بەمجۆرە گروپی هەمزە عەبدوڵلا لە ئاستی سەرکردایەتیدا باڵیان بەسەر ڕێکخستنەکانی پارتیدا کێشا و ژمارەیەك لە ناحەزەکانی خۆیان دەرکرد، لەم قۆناغەدا پارتی کۆمۆنیستی عێراقی توانی سود لە پەیوەندی بەهێزی باڵی چەپی نێو پارتی وەرگرێت و گروپێکی مارکسی تایبەت بە خۆیان بە جۆرێك لەناو پارتی ڕێکبخەن کە لەگەڵ ڕەوت و ڕێبازی سیاسی حزبەکەیاندا تەبا بێت[٧]. ئەم تەباییە بووە هۆی ئەوەی پارتی

---

[١] حامد الحمدانی: چەند لاپەڕەیەك دەربارەی مێژووی نوێ عێراق لە شۆڕشی چواردەی تەموزەوە بۆ جەنگی دووەمی کەنداو، وەرگێڕانی: شەماڵ ئەحمەد، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ، ٢٠١٢، ل ٥٩.

[٢] ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندنی ١٩٦١ – ١٩٧٥، چاپی سێیەم، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٤٦.

[٣] شێرکۆ فتح الله: س . پ ، ٢١٣.

[٤] د. مکرم طالباني : مراحل تطور الحركة القومية الكردية، المجلد الأول ، ط١ ،مؤسسة حمدي للطباعة والنشر ، السليمانية ، ٢٠٠٩، ص ١٩٠.

[٥] حامد محمود عیسا: کێشەی کورد ، ب١، ل ٢٣١.

[٦] ئیبراهیم جەلال : خوارووی کوردستان ، ل ٤٧ ؛ د . سعد ناجي جواد : العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨_١٩٧٠، لندن ، ١٩٩٠، ص٤٠.

[٧] ڕەفیق ڕەحمان مام خول: س . پ : ل ٨٢ – ٨٣.

**دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی لەمەڕ مشتومڕی ئایدۆلۆژی نێوانیان گەیشتنە لێکتێگەیشتنێك، گومان لەوەدا نەبوو کە حزبی شیوعی لە هەموو حزبەکانی دیکە بەهێزتر و خاوەنی جەماوەرێکی زۆرتر بوو، ئەوەش ڕوون بوو کە قاسم وەك پارسەنگێك بۆ ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و بەعس دەیڕوانیە ئەم دوو حزبە (پارتی و حزبی شیوعی )[1]. کۆمۆنیستەکان هەوڵیان دەدا پارتی وەکو پاشکۆی خۆیان تەمەشا بکەن، کاتێك حزبە عێراقیەکان لە ١٩/تشرینی دووەمی/١٩٥٨ کۆبوونەوەیەکیان کردو کۆمەڵە بڕیارێکیان دا، پارتی دیموکراتیش بەشداری کردوو لە ژێر کاریگەری پارتی کۆمۆنیستی عێراق وەك باقی حزبە عێراقیەکان پەنجە مۆری کرد کە " عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب"[2]. سەرەڕای ئەمانە ساڵی ١٩٥٩ (هەمزە عەبدولا ) گەیشتە ئەو ئاستە، کە بڕیارێکی یەکلایکەرە بۆ یەکخستنی هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەگەڵ ڕێکخراوە هاوشێوەکانی حزبی شیوعی دەرکرد، هەروەها پێشنیازی ئەوەشی کرد، کە ڕێکخراوەکانی جوتیاران، لاوان، ئافرەتانی کوردستانی پەیوەست بە پارتییەوە بچنە ناو حزبی شیوعی[3].**

**لە دوای ڕووداوەکانی بەهاری ساڵی ١٩٥٩ ی موسڵ[4] ، باڵی ڕەگەز پەرستی نێو سوپا(جوڵانەوەی شەواف[5]) لە ناو برا، بەمجۆرە بارودۆخەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی چەپەکانەوە، شیوعیەکان بە مەبەستی پاراستن و بەرفراوانترکردنی ئەم سەرکەوتنە دەستیان بە بانگەشەی دامەزراندنی بەرەی گەل و پاراستنی ئیئتیلافی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد[6]، و داوای پێکهێنانی حکومەتی بەرەی میللیان دەکرد[7].**

**بۆ ئەم مەبەستە یەکی مایسی ١٩٥٩ کۆڵانەکانی بەغدا خۆپیشاندانێکی نیو ملیۆنیان بە خۆوە دیت، ئاپۆرای جەماوەر بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك شەقامی ڕەشیدیان تەنیبووەوە و بەیەکدەنگ دروشمی (شیوعیەکان بەرەو دەسەڵات)یان دەگوتەوە. بەهادین نوری دروشمی (هاوبەشی شیوعیەکان لە دەسەڵات) بە دروشمێکی هەڵقوڵاوی ناخی خەڵك دەزانێت واتە: ئەو دروشمە خواستێکی جەماوەری بووە، نەك دروشمی**

---

[1] دیڤید مەکداول: س . پ ، ل ٥٠٠.

[2] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی ، چ٣، چاپخانەی منارە ، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٣٤

[3] دانا ئادامز شمیدت: س . پ ، ل ٢٣٤.

[4] ڕووداوی شەوافی موسڵ: ئەو ڕوداوە بوو کە لە شاری موسل بە سەرۆکایەتی عەبدول وەهاب شەواف رویدا، وەکو پەرچەکردارێك و پروتیستوی دەسەڵاتی قاسم و پشتگیری لە عەبدولسەلام بوو، بڕوانە :_ (عبدالفتاح علي البوتاني: العراق دراسة في التطورات السياسية الداخلية ١٤ي تموز ١٩٥٨–٨ي شباط١٩٦٣، دمشق ، ٢٠٠٨، ص١٥٧–١٥٨).

[5] لەژێر کاریگەری هزری نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستی و خەونی یەکێتی وڵاتانی عەرب و کاریگەری بیری جەمال عبدالناصری سەرۆکی میسردا وەك سنوردانانێك بۆ پەلهاویشتنی شیوعییوکانی عێراق ، عەقیدی سوپا عەبدولوەهاب شەواف جوڵانەوەیەکی بەمەبەستی کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لە شاری موصل بەپاکرد، لەلایەن چەندین ئەفسەری سوپاوە پشتیوانی کران گرنگترینیان زەعیم نازم تەبەقچەلی ، ئامانجیان دەستگرتن بوو بەسەر هێزی بەرگری عێراق و لەناوبردنی قاسم یان دورخستنەوەی بوو ، یەکەم بەیانی ئەم یاخیبوونەشیان لە ٨ی ئازاری ١٩٥٩دا بڵاوکردەوە ، رایان گەیاند کە شۆڕشی ١٤ی تەموز بەلاڕێدابراوە ، و ڕەخنەیان لە سیاسەتی قاسم گرت و بەڵێنی گۆڕانکاری ڕیشەییاندا لە داهاتووی عێراقدا، بەڵام ئەم جوڵانەوەیە بە کوشتنی شەواف کۆتایی هات و بەشێك لە ئەو ئەفسەرانەی لایەنگری شەواف بوون زۆربەیان هەڵاتن بۆ سوریا .( **علی خیون : ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ في العراق الصراعات .. والتحولات ، بغداد** ، ١٩٩٠ ، ص ٣٨–٣٩).

[6] پاوڵ شیسمەن و د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم : لەژێر ئاڵای کوردستاندا ژیان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی ، و : ئەردەڵان گۆران ، چ ١ ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٢١٨.

[7] شێرکۆ فتح الله، س . پ ، ل ١٦٣.

بڕیار لێدراوی شیوعیەکان لە سەرەتادا. بەڵام ڕۆژی دوای خۆپیشاندانەکە و پاش گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی دروشمی هاوبەشی لە حوکمدا، دەبێتە دروشمی فەرمی بڕیار لێدراوی حزب[1] ، بەو هۆکارەوە لەو کاتەدا قاسم لە بەرەی ڕاستڕەو و نەتەوەپەرستە شۆڤینیەکان نزیك بووەوە ، بە شێوەیەکی نەرێنی وەڵامی داواکانی شیوعیەکانی دایەوە، بە مەبەستی ڕێگە لێگرتن لە بەشداریکردنیان لە حکومەتەکەیدا، لەو کاتەدا پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری ئەم داواکارییەی شیوعیەکان بوو[2]. لە بەرامبەردا شیوعیەکان بە مەبەستی چڕکردنەوەی گوشارەکانی خۆیان بۆ سەر قاسم دەستبەجێ بەرەی گەلیان ڕێکخست ، لە نێو پارتیدا هەمزە عەبدوڵا پشتیوانی لە شیوعیەکان کرد، مانیفێستی دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی خەڵك لەلایەن ڕابەری شیوعیەکان، سەرۆکی پارتی دیموکراتی نەتەوەیی (کامل چادرچی)، و چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و دیموکراتی کوردستانەوە مۆرکرا، لە کاتێکدا بارزانی لە کوردستان بوو، بە بیستنی ئەم هەواڵانە نیگەران بوو، چونکە دەبووە هۆی پچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ قاسم، بۆیە دەستبەجێ بەرەو بەغداد بە ڕێکەوت بە مەبەستی ڕزگاربوون لە کێشەو تەکەتولی شیوعیەکان لە ناو پارتیدا، چونکە بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدەدا پارتی ببێتە لقێکی حزبی شیوعی عێراق و بە هۆی بەرژەوەندی شیوعیەکانەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ قاسم بپچڕێنێت[3].

هەر بۆیە لە تەموزی ١٩٥٩ بارزانی بڕیاری بە دەرکردنی باڵی چەپی ناو پارتەکەیدا، پاسەوانە تایبەتیەکانی خۆی نارده سەر بارەگای حزب لە ناوچەی ڕەسافەی بەغدا و هەر یەك لە (هەمزە عەبدوڵلا و خەسرۆ تۆفیق و سالح حەیدەری ) لە بارەگای حزب دەرکرد. تاوەکو لە کۆنگرەی چوارەمی پارتیدا لە ٦ی تشرینی یەکەمی١٩٥٩ لە بەغداد بەسترا هەمزە و لایەنگرانی بە تاوانی (خیانەت لە حزب و میللەت ) لە ڕیزی پارتی بە یەکجاری وەدەرنران[4]. دووبارە لە هەمان کۆنگرە ئیبراهیم ئەحمەد کرایەوە بە سکرتێری حزب، لەو بارەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی حسین محمەد عزیز دەڵێت: (( من بوومەوە بە نازدارەکەی ئەو، بەڵام دیسانەوە وەنەبێ، بڕوایەکی تەواویشی بە من هەبووبێ، چونکە لە بیرو بۆچووندا من و ئەو جیاواز بووین))[5]. لێرەدا ناکۆکیەکی درێژخایەن سەری هەڵدا، تاکو ئێستاش کاریگەرییە نەرێنیەکانی لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد ماوە[6].

### ٢-ناکۆکیە کەسیەکان وکاریگەری لە سەر کەرتبوونی ١٩٦٤

جەلال تاڵەبانی ناکۆکی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی دەگەڕێنێتەوە بۆ (دەسکەوتی هەردوو کەسایەتی) و پاشان (ڕووداوەکان)، کە بوونە هۆی جیاوازی، و لەو بارەیەوە دەڵێت: ((ئیبراهیم ئەحمەد کەسێك بوو خوێندنی تەواو کردبوو، هەواداری خوێندن و موتالا بوو، لە سەرەمی خوێندکاریدا چالاکی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_ (بیرەوەریەکانی بەهادین نوری: وەرگێرانی ـ: لە عەرەبیەوە، سەردار صالح، چ ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٣١٦).

(٢) حامد محمود عیسا: کێشەی کورد، ب١، ل ٤٣٦.

(٣) پاول شیسمەن: س . پ ، ل ٢٢٠.

(٤) د . سعد ناجی جواد : م . س ، ص ٤١ ؛ پاول شیسمەن: س . پ ، ل ٢٢٠.

(٥) جەمال نەبەز: س . پ ، ل ١٣٣.

(٦) حسێن محمد عزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدا ، ل ٢٧.

**سیاسی و کلتوری دەستپێکردبوو، پاشان ببوو بە پارێزەر، لە سەرانسەری ژیانیدا بیرو باوەڕی چەپی هەبوو، تا ڕادەیەك مارکسیزمی بە زانستێکی بەرز دەزانی، بەڵام بارزانی سەد و هەشتا پلە پێچەوانەی ئەوە بوو، بارزانی سەرکردەیی توێژی ڕۆشنبیر و خوێندکار نەبوو، زانیاریەکانی بە شێوەی ئەکادیمی و لە ڕێگەی خوێندنەوەوە بە دەست نەهێنابوو، نەچووبووە قوتابخانە و زانکۆ، لە ڕاستیدا خوێندەواری نەبووە، تەنیا کەسایەتیەکی خێڵەکی کوردستان و خاوەن جەماوەر و خەباتکاربوو، ڕوانگەی بیری ئەو لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد جیاوازی هەبوو، لە ڕاستیدا دوو بیری نامۆ بە یەکتری بوون، هەرچەندە بارزانی ماوەیەکی زۆر لە سۆڤێتدا ژیابوو، بەڵام بە توندی دژی کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی عێراق بوو))[١].**

**دووەمین جیاوازی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، پرسی بنەماڵە و خێزانی بوو، بارزانی ئەندامی بنەماڵەی ناوداری بارزان بوو ، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد ئەندامی بنەماڵەیەکی ئاسایی بوو، ئەو هەمیشە خۆی بە کوڕی هەژارێك دەزانی و خۆی بە بلە ڕەش ، دەناساند و شانازی بەو ناونیشانە پرۆلیتاریەوە دەکرد[٢].**

**مەسعود بارزانی ئەم ناکۆکیانە بە ناکۆکی کەسی دەزانێت و لەو بارەیەوە دەڵێت: (( بارزانی متمانەی بە ئیبراهیم ئەحمەد نەبووە، هەرگیز حەزی پێ نەهاتووە و سوریش بووە لەسەر ئەوەی کە لاوە چاکەکانی پارتی لێ دووربخاتەوە و بیانپارێزێ، نەوەکا کاریان تێبکا لەگەڵ خۆیدا پەلکێشیان بکات))[٣].**

**دێڤید مەکداول تەئکید لەم ناکۆکیە کەسیانە دەکات و دەڵێت: (( ئەم دوانە پێشینەی دۆستایەتیان نەبوو، مەلا مستەفا بە ئاشکرا بە ناخۆشیەك کە لە دوژمنایەتی دەچوو، باسی لە خۆپەرستی و بێ جوڵەیی سیاسییەکانی پارتی دەکرد، ئەم نەفرەتە شەخسی ئیبراهیم ئەحمەدی دەگرتەوە، ئیبراهیم ئەحمەدیش گلەیی لە (خۆپەرستی و ستەم و بێ ویژدانی و دواکەوتوویی هۆزایەتی و ناڕاستگۆیی مەلا مستەفا دەکرد ))[٤]. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەم یەکتر قبوڵنەکردنەی ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی هەر لە یەکەم دیداریان بە دەردەکەوێت و هەردوو لایان تێبینی خۆیان لەسەر یەکتر دەبێت، کاتێك کە ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ شاندی پارتی بە فرۆکە چوونە پراگ بۆ سەردانی بارزانی، بارزانی پێشەوای هۆزایەتی هەرلەوکاتەوە ئیبراهیم ئەحمەدی ڕۆشنبیری بەدڵدانەچوو، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لە کاروباری ناوخۆی کوردستان دا گێڕا، بارزانی دەربارەی خۆبەزلزانی و بێباکی ئیبراهیم بۆ یارمەتی دەرانی خۆی قسەی دەکرد[٥].**

**جەلال تاڵەبانی ئەوەپشتڕاست دەکاتەوە، کاتێك بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد بۆ یەکەمجار لە سۆڤیەت گەڕاونەتەوە، ئەوە بە دیارکەوتووە کە ئەو دوو کەسایەتیە جیاوازیان زۆرە و لە هێڵێکدا پێکەوە ناگونجێن، لەکاتی گەڕانەوەدا، ئیبراهیم ئەحمەد ڕاپۆرتێکی بۆ پارتی نووسیوەو بە مەکتەبی سیاسی ڕاگەیاندوە، کە بارزانی مرۆڤێکی هۆشیار و سیاسی نیە، لەو ماوەیەی کە لە سۆڤیەت ماوەتەوە، هیچ سودێکی**

---

[١]عیرفان قانعی فەرد: دوای شەست ساڵ ژیان و بیرەوەریەکانی جەلال تاڵەبانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مؤسسة العرف، بیروت – لبنان ، ٢٠١٣، ل ٨٢١– ٨٢٢.

[٢] هـ .س ، ل٨٢٣.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٦٧.

[٤] دیڤید مەکداول: س . پ ، ل ٥٠٣.

[٥] دانا ئادامز شمیدت: س . پ ، ل ٢٣٤.

وەرنەگرتووەو ئێستاش لەسەر بیروباوەڕە کۆنەکانی سورە و مرۆڤێکی دووربین نیە، بە کورتی ڕوانگەیەکی باشی بەرامبەر بارزانی نەبووە، بارزانیش بۆ چوونێکی باشی بەرامبەر ئیبراهیم ئەحمەد نەبووە.[١].

## ٣-هۆکارە دەرەکیەکان و کاریگەری لەسەر قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکان

کاتێك دەستووری کاتی بڵاو کرایەوە، ماددەی سێی دەیگوت: (عەرەب و کورد لە وڵاتدا هاوبەشن و دەوڵەت مافەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق بە ڕەسمی دەناسێنێ)، دانی بە بوونی کورددا نرابوو وەك هاوبەشی سەرەکی ، ئێستا بە ڕووکەش هەموو شتێك بۆ چارەسەرکردنی گرژی نێوان بەغدا و گەلی کورد کە لە ساڵی ١٩٢١ ەوە بەردەوام بوو، لەبار بوو، بەڵام لە دنیای واقیعدا مەیدان بۆ زنجیرە ململانێیەك لە نێوان مودەعیانی دەسەڵات لە بارودۆخی نوێ ئامادە بوو، بابەتی ململانێی و ناکۆکی نێوان کەسایەتیەکان بوو، لە نێو ئەو کەسایەتیانەدا لە هەموویان دیارتر قاسم و مەلا مستەفا بوون، بەڵام لەو دیوی ئەو مامەڵە کەسایەتیانەوە، مەسەلەی ئاڵۆز تریش هەبوون، بێنەو بەردە لە نێوان ناسیۆنالیستە دژ بەیەکەکان، کێشمەکێش لە نێوان عەسکەری و مەدەنیەکانی بەغدا و سەرئەنجام ناکۆکی نێوان هۆزایەتی و ئایدۆلۆژی لە کوردستان، هەموو ئەو گرژیانە، هەردوو لای لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی سەرکەوتوو بۆ مەسەلەی کورد سارد کردەوە، بەم شێوەیە گۆڕەپانی عێراق دوای سەردەمی پادشایی، پڕ ببوو لە ڕکابەر و یاریکەرانی تازە، واتە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب، پارتی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتیە دیارەکانی حزبی شیوعی عێراق، کە بە ئومێد بوون ڕۆڵێکی گەورە لە عێراقی کۆماریدا بگێڕن[٢].

قاسم لێرەدا زانی کە خاوەنی ناوەندێکی بەهێزی دەسەڵات و سەقامگیر نیە، بۆیە هەوڵی دا بە بەگژیەکداکردنی حزب و ڕێکخراوە ڕکابەرەکان خۆی لە دەسەڵات بمێنێتەوە، لە ڕاستیدا دەسەڵات لە کوڵان و شەقامان بوو، دە ساڵ شەڕ و شێواوی لە بەغدا هەر لە سەرەتاوە کوردانی تێوەردا، بارزانی سەرەتای حکومەتیدا بەرچاوترین هاوپەیمان و بەڕێوەبەری بیرو بڕوای بوو[٣].

کۆچێرا پێی وایە ئەم هاوپەیمانیە بەهۆی ئەوەوە بووە، کە بارزانی پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبووە، بارزانی هەر لە سەرەتاوە لایەنگری قاسم و نەیاری عارف بووە، دەکرێت یەکێتی سۆڤیەت لەم بابەتەدا کاریگەری هەبوو بێت [٤]. لەلایەکی ترەوە ئیبراهیم ئەحمەد کە باوەڕی وابوو ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبێتە هێزە زاڵەکەی وڵات، بەبێ دەنگی هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ عارف دروست بکات، ئەو بە باشی ئاگاداری ئەو کاریگەریە بوو کە ناسر لە دنیای عەرەبدا هەیبوو، هەرچەندە عارف بە ساردی وەڵامی نزیکبوونەوەکانی ئیبراهیم ئەحمەدی دابووەوە . قاسم دڵنیابوو کە ئەم دووانە بە نهێنی پیلان دەگێڕن، وای دەبینی کە کورد گەورەترین تەگەرەی بەردەم ڕێگای یەکگرتن لەگەڵ کۆماری عەرەبی بێت، دەیویست ئەم بیانووەی بۆ بهێنێتەوە، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك نەیدەویست پارتی دیموکراتی کوردستان و ناسۆلیستەکانی عەرەب یەکبگرن. قاسم بە زوویی عارفی لەسەر کار لاداو زیندانی کرد، بەڵام گومانی لە

---

[١] عیرفان قانعی فەرد: س . پ ، ل ٨٢٤.

[٢] دیڤید مەکداول: س . پ ، ل ٤٩٧-٤٩٨.

[٣] جاناتان ڕەندەل: بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟، وەرگێڕانی : سەلاحەدین ئاشتی، چ١،ب . ش، ٢٠٠٣، ل ٢٠٣.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کریس کۆچێرا: س . پ ، ل ٢٦٢.

ئیبراهیم ئەحمەد زیاتر بوو، لە کۆتایی ساڵدا داوای لە مەلا مستەفا کرد ئیبراهیم ئەحمەد لابدا[1]. ئەمەش لە میانەی ئەو چاوپێکەوتنە بوو کە بارزانی لە سۆڤیەت گەرابوەوە، سەرەتا چووبوو بۆ لای قاسم، ئەویش گوتبووی ئیبراهیم ئەحمەد و عەبدولسەلام عارف پەیوەندی نهێنیان پێکەوە هەیە، لەگەڵ ناسیۆنالیستە عەرەبەکان ڕێکەوتوون، دەیانەوێت عێراق بەرەو کۆماری یەکگرتووی عەرەب (میسر و سوریا) بەرن، کوردستانیش کۆمارێکی سەربەخۆ بێت، بەڵام تاڵەبانی رەتی دەکاتەوە کە هیچ بیرۆکەیەکی لەو جۆرەیان هەبووبێت [2].

هۆکاری ئەم بەد گومانییەی قاسم لە برایم ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ عارف و تایەر یەحیا[3] دروستی کردبوو، لەو بارەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێ :(( لەم ڕێیانەوە توانیم، پەساپۆرت پەیدا کەم و لەگەڵ خۆم بیانبەم و بیان هێنمەوە، واتە مۆڵەتی هاتنەوەی بارزانیم لە عبدالسلام وەرگرت، ڕەنگە ئەمە وای نیشان دابێ، کە من جۆرە پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەواندا هەبێ، پارتی کۆمۆنیست بلاویان کردبۆوە و بە (عەبدولکەریم) یشیان ڕاگەیاندبوو کەوا من وەك سکرتێری (پارتی ) پەیوەندییم لەگەڵ نەتەوەییەکانی عەرەبدا هەیە و لەگەڵیان ڕێککەوتووم، کودەتایەك دژی عەبدولکەریم بکەین، ئەم هەواڵە گوایە پارتی کۆمۆنیست لە ڕۆژنامەکەشیاندا نووسیبوویان، ئەمە هەموو ئەو چیرۆکە بوو کە قاسم بۆ مەلا مستەفای گێرابۆوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە تا دەهات مەلا مستەفا لەگەڵ من ساردیەکەی زیاتر دەبوو))[4].

تاڵەبانی پێی وایە لەو کاتەدا دوو ڕووداو لە بەغداد ڕوویاندا کێشەکانیان قوڵتر کردووە، لە سەرەتاوە ئەوەبوو کە سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردستان کۆبوونەوە و هاتنە بەغدا و دەیانویست بەغدا ڕێگری لە وەرزێرەکان بکەن و هەروەها ڕایبگەیەنێت، کە ریفۆرمی زەویوزار سوودێکی بۆ ئەوان نییە، بارزانی چوو سەرۆك عەشیرەتەکانی کۆکردەوە و دڵخۆشی دانەوە، ئیبراهیم ئەحمەدیش لە ڕۆژنامەی (خەبات) وتارێکی دژی ئەو مەسەلەیە نووسی، کە ئەمانەی بە نۆکەری بەریتانیاو جاش ناساندبوو، ئەم وتارە ناکۆکی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەدی بە نووسین تۆمار کردوو ئاشکرا تر بوو، خاڵێکی تر بریتی بوو لە کوشتنی چەند دەرەبەگ و سەرۆك هۆزێکی کوردی نزیك لە قاسم ، ئەمە بووە هۆی ناکۆکی نێوان قاسم و بارزانی ، لەلایەکی ترەوە ناکۆکی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، چونکە ئەوان لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی قاسمیشدا جیاوازی زۆریان هەبوو.

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات، بۆچوونیان وابوو لە ڕێگای سیاسی و خەباتی سیاسیەوە لەگەڵ هێزە دیموکراتەکان و ئازادیخوازەکانی عێراقدا بتوانن، قاسم بگەڕێنەوە سەر ڕێبازی سەرەتای خۆی، بەڵام

---

[1] دیڤید مەکداول: س . پ ، ل ٤٩٩.

[2] عیرفان قانعی فەرد: س . پ ، ل ٨٢٥.

[3] تایەر یەحیا: لە ساڵی ١٩١٣ دا لەشاری تکریت لەدایك بووە ، دەرچوی کۆلێژی سەربازی بووە چەندین پۆستی گرنگی سەربازی و ئەمنی لە حکومەتی عێراقیدا وەرگرتووە ، پشتیوانی عەبدولسەلام عارفی کردووە لە کودەتای تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دا و دواتر بووە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بۆ حوزەیرانی ١٩٦٤ بەردەوام بووە ، بۆ جاری دووەم لە ١٢ تەموزی ١٩٦٧ بووەتەوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، جاری سێیەمیش لە ساڵی ١٩٦٨ دا هەمان پۆستی وەرگرتەوە ، بۆ جاری چوارەمیش لەساڵی ١٩٦٨ دا رادەسپێردرێت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، ساڵی ١٩٨٦ دا کۆچی دوایی کرد .( طاهر يحى : http://wwwallafblogspotcom.blogspot.com/٢٠١٤/٠٥/١٩١٣-١٩٨٦.html.

[4] حسین محمد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدا ، ل ٣٠ ؛ د . سعد ناجي جواد : م . س ، ٣٧.

بۆچوونی بارزانی ئەوە بوو حکومەت چاوترسێن بکەن، وەکو کوشتنی ئەو بەگانەی لە پێشەوە باسمان کرد، تەقاندنەوەی پرد ، و تێکدانی کاروباری حکومەت تاکو بەو ئاژاوەیە، حکومەت ناچاری گفتو گۆ بکەن، ئەم دوو ڕێگا چارە جیاوازە، لەناو پارتیدا بەدی دەکرا[1]. لەو کاتەدا هەندێك لە عەشیرەتەکانی کوردستان لە دەوری یەك کۆ دەبوونەوە، لە هەندێ شوێنی وەکو دەربەندی بازیان، لەگەڵ بارزانیدا بوون، کۆمیتەی ناوەندی پارتی نەیاری ئەو کارە بوو، دەیگوت ئەمە زیندووکردنەوەی دەرەبەگایەتی و سیستەمی فەرمانڕەوایی بەگەکانە و بەم شێوەیە عەشیرەتەکانی کوردستان، دووبارە دەچنەوە هێلی یەکەمی دەسەلات، کە ئەمە خۆی جۆرێك لە پاشگەزبوونەوەیە، بۆیە پارتی پەنای بردە بەر شۆرشی جەماوەری و لە ٦ی ئەیلولدا داوای کرد لە هەموو کوردستاندا مانگرتن دەست پێبکات و خەڵکی شارەکان داوای مافەکانیان بکەن، دوای ئەوە یاداشتێکی دوورو درێژیان بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد ڕێو شوێنی خۆیان دیاریی کرد، جەلال تاڵەبانی پێی وایە دوای ئەو روداوانە لای خەڵك ڕوون بوو، کە دوو ڕێگا چارە لە بەردەستدایە:- یەکەمیان خەباتی سیاسی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد، دووەمیان ئاژاوە و پاشاگەردانی بە سەرۆکایەتی بارزانی، واتە بارزانی سەرۆکایەتی لقی سەربازی لە ئەستۆدا بوو، کۆمیتەی ناوەندی پارتیش پەنای بردبووە چیاکان و لە "مالوومە "سەرۆکایەتی سیاسی لە ئەستۆدابوو[2] . لێرەدا دەبینین سەرجەم ئاراستەکان لە یەکتر جیابوونەوە، کۆمۆنیستەکان لە ڕیزی پارتی دەرکران، بورژوازیەکان و خوێندەوارە شارییەکان لایەنی سیاسی پارتی و هەندێك لە عەشائیرییەکان لەگەڵ سەرۆکی پارتی کەوتن.

مسعود بارزانی باسی ڕۆڵی نەرێنی ئەم خێڵانە دەکات، کە بە چ شێوەیەك بۆ بەرژەوەندی خۆیان دابەش بوون، هیچ لە ئامانجەکانی شۆرش نەدەگەیشتن، بەڵکو لە ژێر فەرمانی سەرۆك عەشیرەتەکەیان بوون و بەدەم لەگەڵ ئێمە بوون[3].

ئەم کێشانە هەر بە پەنهانی لە نێوان( م.س) و سەرۆکی پارتی مانەوە، تا تێکچوونی نێوان قاسم و بارزانی، ئەم پەیوەندییانە زۆر بە خێرایی بەرەو خراپی چوون، وای لێهات هەندێك لە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە سالآنی (١٩٦٢ - ١٩٦٣ ) دا بە کاری ڕۆژنامەوانی دەچوونە کوردستان باسی ئەم قەیرانەیان دەکرد، کە ژێراو ژێر بە شێوەیەکی پەنهانی لە نێوان باڵی (م . س)[4] و بارزانیدا هەبوو ، وەك لەسەرەتادا ئامارژەمان پێدا ڕێککەوتنی (١٠ی شوباتی ١٩٦٤) پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی پارتی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بردوو، هەنگاوەکانی لەتبوونی خێراتر کرد، ڕەخنەی سەرکردایەتی پارتی لە سەرۆکی پارتی ئەوە بوو بەناوی

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عیرفان قانعی فەرد: س . پ ، ل ٨٢٥- ٨٣٢) .

(2) هـ . س ، ل ٨٣٢ - ٨٣٣.

(3) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ،ب٣، بەشی یەکەم ، ل ٣٣-٣٤).

(4) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێکهاتبوون لە :( ئیبراهیم ئەحمەد ، جەلال تاڵەبانی ، نوری سدیق شاوەیس ، عەلی عەبدوڵلا ، عەزیز شەمزینی ، عەبدولڕەحمان زەبیحی (عولەما) ، عومەر مستەفا( دەبابە)، عەلی عەسکەری، عەلی حەمدی ، ئەحمەد عەبدوڵلا ، محەمەد حاجی تاهیر، حیلمی عەلی شەریف، نوری ئەحمەد تەفا ) ، دواتر هەریەکە لە ( نوری شاوەیس و نوری ئەحمەدتەها و عەلی عەبدولا) گەڕانەوە بۆ لای باڵی سەرۆکی پارتی .( نەجم سەنگاوی : خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد ١٨٨٠-١٩٩٤، چاپخانەی پەیوەند ، ب . س ، ب . ش، ل ١٨٣-١٨٤).

شەخسی خۆیەوە، ڕێککەوتنەکەی ئیمزا کردووە، بێ ئەوەی باسی پارتی بکات، خۆی وا نیشان داوە، کە ئەو نوێنەری گەلی کورد و سەرکردەی شۆڕشی کوردستانە[1].

کاتی قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکان بارزانی هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی تەواوی سوپا دەدات. لە کۆتایی مانگی (٣ ی ١٩٦٤ )دا بارزانی کۆنگرەیەکی سوپایی دەبەستێت، بە ئامادەبوونی زۆربەی بەرپرسانی لەشکری، بارزانی بڕیاری دوورخستنەوەی جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا[٢]، عەلی عەسکری، کەمال مفتی دەدات و لە شوێنی ئەوان نوری مەعروف و نووری مەلا سەلیم و نافیز جەلال و عەزیز عەقراوی دانران[3]، لە بەرامبەردا باڵی (م.س) لە دەرئەنجامی کۆنفرانسی ماوەت لە (١٩ی نیسانی ١٩٦٤)دا بریاری دا، کە ئەو بریار و فەرمانانەی مستەفا بارزانی داویەتی، وەیان لەمەو دوا ئەیدات، بەناوی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، هەموویان پێچەوانەی پێڕەوی پارتین و داوا لەگشت ڕێکخراوەو ئەندام و پاڵێورا و لایەنگرەکانی پارتی و پێشمەرگەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان دەکات، پابەندی ئەو بریارو فەرمانانە نەبن، هەروەها کۆنفرانس سەرەنجی بارزانی بۆ پەیرەوکردن و لەسەر ڕۆشتنی پێڕەوی ناوەوەی پارتی و قبوڵکردنی بڕیارەکانی ئەم کۆنفرانسە راکێشا[4].

بارزانی بڕیاری دا بەردەوام بێ لە خۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی، لە ڕۆژی ٦ ی تەمووزی ١٩٦٤ دا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نوێ هەڵبـژێردران، بریاری دەرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمەڵەکەی لە حزب درا[5]، دوای ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆزبوو، هەردوو باڵ نەیانتوانی ڕێگەیەکی گونجاو بدۆزنەوە، بۆ تێپەڕاندن و بازدان بەسەر ئەو ئاستەنگیەدا، بەشێوەیەکی ئاشتیانە، ڕوویانکردە بەکارهێنانی هێزو چەك، بوون بە هۆکاری ڕوودانی شەڕی براکوژی لە ناو ریزەکانی پێشمەرگە[6]. تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد ناچار کران لەگەڵ ژمارەیەك لایەنگرانیان عێراق بە جێبهێڵن و لە سنوور بپەڕنەوە بەرەو ئێران،

---

[1] شازین هێرش: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

[2] عومەر مستەفا(دەبابە / کاکی کاکان ): ساڵی ١٩٢٤ لە شاری کۆیە لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە کۆیە تەوا و کردووە ، دواتر چووەتە شاری کەرکوك و بووەتە ئەندامی حزبی "هیوا" دواتریش ئەندامی (ژ .ك) ، ساڵی ١٩٤٣–١٩٤٤ چوەتە کۆلێژی ئەندازیاری لە بەغدا و هەر لەوێش بووەتە ئەندامی حزبی "رزگاری"، دوای دامەزراندنی(پ . د .ك) بوەتە ئەندامی چالاکی ئەم پارتە، دوای ساڵی ١٩٥٨ لێپرسراوی ڕێکخستن و ڕێکخراوی دیموکراتی و لاوان و ژنان و بووە، ساڵی ١٩٦١ دا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە دەکات ، و دەبێتە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی شاری هەولێر، لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی بووە ، دوای هەرەس رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دا و دواتر چوونە پاڵی (ی . ن . ك)، بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی . ن . ك) ، دوای جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە ناو(ی . ن . ك) عومەر دەبابە لە ناو (ی . ن . ك)دا ماوەتەوە ، دوای راپەڕین و لە کۆنگرەی یەکی یەکێتیدا و لە ناو هۆڵی کۆنگرەدا لە رۆژی ٢٩ کانونی دووەمی ١٩٩٢ بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووە (کاکە مەم بۆتانی : کاکی کاکان خەباتی سیاسی عومەر دەبابە (ژیاننامە)،ب١، هەولێر ، ١٩٩٨ ؛ کورتە ژیانی سیاسی شەهید مامۆستا عومەر مستەفا ، رۆژنامەی " کوردستانی نوێ " ، ژ(٥) ساڵی یەکەم ، ٣٠ کانونی دووەمی ١٩٩٢ ، ل ١).

[3] مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ، ب٣ ، بەشی یەکەم ل ١٦٨ – ١٦٩.

[4] شازین هێرش: س . پ ، ل٤٤.

[5] مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ، ب٣، بەشی یەکەم، ل ١٧٨ –١٧٩.

[6] Michael M.Gunter: The KDP-PUK Conflict in Northern Iraq Middle East Journal,Vol. 50, No. 2 (Spring, 1996), p. p 228.

**نێوەندەکانی فەرمانڕەوایش لە ئێران چ لە کاتی ڕووداوەکان یا لە پاشتر هەوڵیاندەدا بارودۆخی کوردستانی عێراق بەکار بهێنن وەك کارتێك لە ناکۆکیەکانی سنووری لەگەڵ عێراقدا، لە هەمان کاتیشدا هەوڵیدەدا بۆ لەبار بردنی بزووتنەوەی کوردی لەناوەوە[1].**

**جەرجیس فەتحولا پێی وایە ئێران لەو نێوەندەدا دەیویست گەمەیەك بکات، لە لایەك دەیویست لەگەڵ سەرکەوتوو دابێ، لە هەمان کاتدا لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکە لەگەڵ برایمدا بوو[2]. ڕاستەوخۆ دوای لێك جیابوونەوەی سەرکردایەتی پارتی شای ئێران نوێنەری تایبەتی خۆی نارد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مستەفا بارزانی، بارزانیش هەوڵیدا سوود لەو جیاوازی و ناکۆکیانەی بەینی حکومەتەکانی ناوچەکە ببینێت، بەڵام ئەو واقیعەی لە بیر کردبوو کەوا ئەو حکومەتانە بەردەوام ئامادەن بۆ وەشاندنی گورزەکانیان لە حاڵەتی بەرفراوانبوونی ئاستی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد.[3]**

**مەلا مستەفا هەر ئەوەندە جارێکی تر بووە تاکە پاڵەوانی مەیدان و ڕۆڵی ئیبراهیم ئەحمەدی گرتە ئەستۆ، داوای ئۆتۆنۆمی کرد و بە حکومەتی ڕاگەیاند کە گەڕانەوەی دامو دەزگا ئیدارییەکان بۆ کوردستان قبوڵ ناکرێ، دروست هەر ئەوشتانەی بە هۆیەوە لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانیەوە مەحکوم کرابوو[4]. بە هەڵوێستوەرگرتن لەسەر ئەم کارە بۆمان دەردەکەوێت گومانی (م.س) لە ڕێکەوتنی شوبات بۆ پاکتاوکردنی ئەوان بووە، چونکە ئەگەر لە پێش ڕێکەوتنەکە ئەم داواکاریانە هەبوایە، ئێران و عێراق بەو شێوەیە نەیان دەتوانی سوود لەو ناکۆکیانە ببینن، لەکاتی ئەم ناکۆکیانە زۆر لە کەسایەتیەکان هەوڵی ناوبژی دەدەن، بەڵام دیارە، مستەفا بارزانی زۆر بە کەمی ڕۆڵی (م.س) دەبینێت، وەك مەسعود بارزانی لەم بارەیەوە قسەیەکی (عەزیز محەمەد)[5] دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:(( چووم بۆلای بارزانی پێم ووت: مەسلەحەت لەوەدایە تۆ و ئیبراهیم ئەحمەد سوڵحتان بکەوێتە بەین و ئەم دووبەرەکیە نەهێڵرێ و ڕێ لە ڕوودانی شەڕ لە نێوانتان بگیرێ )). بارزانیش وەڵامی دابوەوە و ووتبوی: (( بۆ؟ ئەوان هەن تا شەڕ بکەن))[6].**

---

[1] م . س . لازایف و ئەوانی تر : مێژووی کوردستان، و: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چ١ ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٢، ل٤٨٦، ٤٨٧.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (حوسێن محەمەد عەزیز: خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، دەقی چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەك لەگەڵ جەرجیس فتحوللای پارێزەر دا، چ١، چاپخانەی APCE، سوید ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٨٥).

[3] شێرکۆ فتح الله عمر: س.پ، ل ٢١٥.

[4] دیڤید مەکداول: س.پ.ل ٥٢١.

[5] عەزیز محەمەد : ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی "بێرکۆت" نزیك شاری هەولێر لەدایك بووە ، لەسەرەتای کاری سیاسیدا لە ئایاری ١٩٤١ دا پەیوەندیکردووە بە حزبی "هیوا"وە، ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندیی دەکات بە حزبی شیوعی عێراقییەوە، ساڵی ١٩٤٨ بەدواوە خۆی بۆ کاری حزبی شیوعی تەرخاندەکات و هەمان ساڵ زیندانی دەکرێت و تا ساڵی ١٩٥٨ و بۆ ماوەی دەساڵ لە زینداندا دەمێنێتەوە ، دواتر لە ساڵی ١٩٦٤ –١٩٩٣ سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی بووە ، ساڵی ١٩٧٣ بۆ ساڵی ١٩٧٨ حزبی شیوعی عێراقی لە گەڵ حزبی بەعس دا لەیەك بەرەدابوون ، بەڵام لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا حزبی شیوعی لەم بەرەیە دەردەچێت و دەچێتە شاخ و شۆڕشی چەکداری دژی حکومەتی عێراقی رادەگەیەنێت ، لە کۆنگرەی پێنجەمی حزبی شیوعیدا ساڵی ١٩٩٣ بڕیاردرا بەدامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستانیان دا .( د. أحمد عبدالعزيز محمود : نضال الرفيق عزيز محمد السكرتير العام السابق للحزب الشيوعي العراقي أعلى صوتاً من الكلمات، المطبعة آزادي ، أربيل ، ٢٠١٣).

[6] کریس کۆچێرا: س . پ ، ل ١٦٧.

کۆچێرا ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: ((عەیبێکی گەورەی جەنەڕاڵ بارزانی ئەوە بوو، کە چ حسابێکی بۆ ئەو حزبانە نەدەکرد و پەیڕەوی باس و موناقەشەی نەدەکردو پەیڕەوی دیموکراسیەتی نەدەکرد)) . جەنەرال بارزانی لە سالآنی جۆش و خرۆشی شۆرشدا هەرگیز بە ڕاستی لەگەڵ حزب تێکەڵ نابێت و ناگونجێت، کاتێك کە لە سیاسەتی حزب ناڕازی دەبێت، سکرتێری حزب لادەبات و کەسێکی دیکە لە جێی ئەو دادەنێت، پاشان ئەو لە کار لادەبات و یەکەم دەگێڕێتەوە، لەبەر ئەم هۆیە هەمیشە لەنگیەك لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم حزبە شۆرشگێر و ڕێبەرەکەیدا دەبینرێ، هەر ئەمەشە هەوێنی قەیرانی ساڵی ١٩٦٤ و داڕوخان و شکستی یەکجارەکی حزبی بوو، لە ساڵی ١٩٧٥ دا.

ساڵی ١٩٦٤ لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی عێراقدا خاڵی وەچەرخانێکی شوومە، شوێنەوارەکانی لە جولآنەوەی کوردا جێگیر بوو، ناکۆکی نێوان سەرۆکی حزب و سکرتێری حزب شۆڕبووەوە ناو ناخی ڕێکخراوە سیاسی و چەکدارییەکان، لە ئەنجامدا لەناو خەڵك و جولآنەوەی کورد، بوو بە سەرەتای شەڕێکی لە بڕانەوە نەهاتوو[1] . کوردستان بە هۆی ناکۆکییەوە پارچە پارچە ببوو، لەلایەك ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی و وەك ڕووناکبیرانی پارتی، تەئکیدیان لە ئایدۆلۆژیەك دەکرد کە لە ماوەی بیست ساڵ گەشەی کردبوو و بەرجەستە ببوو، لەلایەکی دیکە، مەلا مستەفا بوو کە دەیتوانی پارێزگار و سەرۆك هۆز و شێخەکانی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ئەم ململانێیە بۆ لایەنگرانی پارتی، بریتی بوو لە ململانێی نێوان ئاین و بێ ئاین، لە نێوان (بەیعەتی) هۆزایەتی و نەتەوەیی و لە نێوان کولتوری باو و مارکسیزمی مولحیدو خوا نەناس بوو[2].

لە مەکتەبی سیاسیدا سێ گروپی جیا پەرەیان سەند کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون باشترین ستراتیژی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دابەش بوونەکە دیاری بکەن ، یەکەمین گروپ، کە نەوشیروان مستەفای گرتەخۆ، هانی (م . س) دا پشتگیری کارەکانی بارزانی بکەن، گروپی دووەم کە شەهابی شێخ نووری[3] گرتبووە خۆ، خوازیار بوون مەکتەبی سیاسی بە تەواوی پشتگیری ئەحمەد و تاڵەبانی بکەن و لە بارزانی دابڕێنن، هەروەها

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ – ١٩٨٣، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٨٤.

[2] دیڤید مەکداول: س . پ ، ل ٥١٩.

[3] شەهاب کوڕی شێخ نوری کوڕی شێخ ساڵح: لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی لە شاری سلێمانی دەستپێکردووە و دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوودەکاتە شاری بەغداد.لە تەمەنی لاوێتیەوە پەیوەندیی دەکات بە (پ . د .ك) وە ، گرنگی و بایەخی زۆر دەدات بە بیری سۆسیالیستی و کاردەکات بۆ برەودان بەسۆسیالیزم لە ناو ڕیزەکانی پارتیدا ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی (کملك) ، و دوای چوونە دەرەوەی جەلال تاڵەبانی خاڵە شەهاب وەك سکرتێری (کملك) دیاریکرا، دوای هەرەسی ١٩٧٥ خاڵە شەهاب و چەند کەسایەتیەك لە سەرکردایەتی (کملك) ویستیان لە ڕێگەی ئێرانەوە بچنە سوریا و بۆ پەیوەندیکردن بە تاڵەبانییەوە ، بەڵام لە لایەن ئێرانەوە دەستگیرکران و ڕادەستی حکومەتی عێراق کرانەوە، دواتر هەریەکە لە خاڵە شەهاب و ئەنوەرو زۆراب و جەعفەر عەبدلواحێد لە (١٩٧٦/١١/٢١) دا لە سێدارەدران. (کۆمەڵێك چاوپێکەوتن : کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین بەشێك لەژیاننامەی شەهیدان (خاڵە شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر) چ٢، سلێمانی ، ٢٠١٣).

سێیەمین گروپ کە عبدالستار تاهیر شەریف [١] و عەبدوڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ)ی گرتبووە خۆ، بڕوایان بە ستراتیژیەکی دیکە بوو کە پاڵپشتکردنی حکومەتی عێراق بوو[٢].

بارزانی پێشنیاری دروستکردنی کۆمیتەیەکی بێ لایەنی کرد، بەمەبەستی زەمینە خۆشکردن بۆ کۆنگرەیەکی نوێ، بەڵام بارزانی بەبێ بوونی نوێنەری ئەوان ئەو کۆمیتەیەی دروست کرد، هەر بۆیە مەکتەبی سیاسی پاش بێ ئومێدبوونیان ناوەرۆکی بەیاننامەکەی ماوەتیان بڵاو کردەوە، کە تا ئەو کاتە بڵاویان نەکردبووەوە، لە بەرامبەر دا مستەفا بارزانی لە میانی کۆنگرەی شەشی پارتی، کۆبوونەوەکانی ماوەتی بە ناشەرعی لە قەڵەم دا و دوای چەند ڕۆژێك لوقمانی کوڕی بە سەرۆکایەتی هێزێکی گەورە بۆ دەرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد نارده ماوەت، ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی لەگەڵ ژمارەیەك لە لایەنگرانیان بۆ ئێران هەڵاتن[٣].

ئێران سوودی لە باڵی مەکتەبی سیاسی وەرگرت کە وەکو کارتێك بەکاری بهێنێ بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ بارزانی، ئەوە بوو هەر لەگەڵ بارزانی ڕێککەوت ئەمانی ناردەوە ژێر دەسەڵاتی بارزانی و ناچاری ڕێککەوتنی کردن، چونکە کارتی بارزانی بەهێزتر بوو، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە سنوورییەکانی لەگەڵ عێراق و پاش گەڕانەوەی باڵی (م.س )، ئەوە بوو نەیانتوانی پێکەوە هەڵ بکەن و پاڵیان بە عێراقەوە دا، بەهەمان شێوە ئەمانیش کارتێك بوون بە دەستی ڕژێم بۆ فشار خستنە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریی. عەبدولستار تاهیر شەریف لەو بارەیەوە دەڵێت: (( حزبی بەعس ئێمەی وەك کارتێکی سیاسی بە کار ئەهێنا تا ئەوەی بتوانێ ناوچەکان لە ژێر دەسەڵاتی مەلا مستەفا ڕزگار بکا و پاشان بە هەر جۆرێ بێ لە سەنگ و قورساییەکی زیاترەوە لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێك بکەوێ و مەرجەکانی بەسەردا بسەپێنێ))[٤].

بەکردەوە دوو حزبی دووژمن بەیەك بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، کە ئامانجی هەردوو لایان خەباتکردن بوو لەناو کوردستانی عێراقدا و لە کاری ڕێکخراوەیی، سیاسی، پێشمەرگەیی، ڕاگەیاندنیان و هەریەکەیان خۆی بە خاوەن و میراتگری مێژوویی حزبەکە دائەنا[٥]، هەردوولا کەوتنە داهێنانی ناو و ناتۆرە لە یەکتری، لە نووسینەکانیاندا یەکتریان بە خیانەت و جاشایەتی تاوانبار دەکرد، زاراوەی جەلالی و

---

[١] عبدالستار تاهیر شەریف : ساڵی ١٩٣٥ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری کەرکوك تەواو کردووە ، پەیمانگای مامۆستایانی لەشاری کەرکوك و ماستەر و دکتۆرای لە زانکۆی موستەنسریە لە بواری دەرونزانیدا بەدەستهێناوە ،سەرەتای کاری سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ کارکردن لە ریزەکانی ئیخوان مسلمین ، دواتر پەیوەندی بە پارتییەوە دەکات و پاشان دەبێتە لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی ، ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٤ دەبێتە سکرتێری ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ، ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٧ سێ وەزارەتی لە دوای یەك وەرگرتووە ، ساڵی ١٩٨٤ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق ، ١٩٩٤ دێتەوە کوردستان و دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی کەرکوك ، لە ٥/ ٣/ ٢٠٠٨ لە شاری کەرکوك تیرۆر کرا . (عبدالستار تاهیر شەریف: ململانێ لەگەڵ ژیاندا ١٩٣٥-١٩٧١) یاداشت ، چ١ ،چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوك ، ٢٠٠٥ ؛ گۆڤاری (لڤین) ژمارە (٦٣)، ١٥ی ئازاری ٢٠٠٨، ل ٢٤).

[٢] گەراس ئاڕ . ڤی . ستانسفێڵد: س.پ ، ل ١٧٦.

[٣] دیڤید مەکداول: س . پ ، ل ٥٢٠ ؛ دیفید أدامسن:الحرب الكردية و انشقاق ١٩٦٤، ترجمة وتقديم : جرجيس فتح الله ، ط١، بيروت ، ٢٠١٢،ص ٥٦.

[٤] د.عبدالستار شریف: ململانێ لەگەڵ ژیاندا (یاداشت ) (١٩٣٥– ١٩٧١ ) چ١، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك، ٢٠٠٥، ل ١٣٧.

[٥] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان ، ل ٩٥.

مەلایی[1]بوون بە وتەی سەر زار، لە ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦ ەوە مەلا مستەفا شەڕی لەگەڵ عێراقدا ڕاگرتبوو، بەلاٌم شەڕی لەگەڵ باسکی (م.س ) ڕاگەیاندبوو، حکومەتی عێراق زۆرتر تەماشای ئەم شەڕەی ئەکرد بێ ئەوەی ڕێگەی پێ بگرێ، باڵی(م.س ) لە ٢٨ ی ئاب تا ٢ی ئەیلولی ١٩٦٦ دا کۆنفرانسێکی بەست [2].

ناکۆکی و ململانێی نێوان هەردوو باڵەکە تا ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازار بەردەوام بوو ، باڵی مەکتەبی سیاسی دوای ئەم بەیانە لە ١٠ی ئەیلولی ١٩٧٠دا لە کۆنفڕانسێکدا بڕیاڕدەدەن دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ باڵی سەرۆکایەتی مستەفا بارزانیدا بکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك نوێنەرایەتی باڵی مەکتەبی سیاسی سەردانی بارزانیان کرد و سەرەنجام لە ٢٧ی کانونی یەکەم تا– ١ی کانونی دوەمی ١٩٧١ لە کۆنگرەی حەوتەمی باڵی مەکتەبی سیاسیدا ناوی خۆیان لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، کە تا ئەو کات لە ژێر ئەو ناوە کاریان دەکرد بگۆڕن بۆ پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و بڕیاردرا تێکەلاٌوی پارتی دیموکراتی کوردستان ببنەوە بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزا نی و کۆتایی بەم قۆناغەی ململانێی هەردوولا هات [3]. بەلاٌم ئەوەی کۆتایی پێنەهات جێهێشتنی میراتی مەلایی و جەلالی بوو، وەکو دوو ڕێچکەی جیاواز لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە بوون بە هەوێن بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێخراوەکانی تر، کە پاشان لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان دادەمەزرێن، واتا ئەو دوو ئاراستەیە وەکو سێبەر بە سەر بزووتنەوەکانی پاش خۆیان دەرکەوتن، هاوکات ئەو بناغەیەکی لە کینەو ململانێی سیاسی لە نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دوای خۆی دارشت، بە جۆرێك کاریگەری لە سەر زۆربەی کەرتبونی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان جێهێشت، زیاد لەوەش پارتە سیاسییەکانی تری پارچەکانی کوردستان لە رووی پۆلێنکردنەوە بە سەر ئەم دوو بەرەیە دابەش بوون، هاوکات هەر دوو بەرەکەش لە گەڵ یەکتریدا کەوتنە گەمەیەکی سفری[4] ، دەستکەوتی هەر لایەك بە زیان بۆ لایەنەکەی تر ئەژمار دەکرێت، ئەنجامی ئەم دوبەرەکییە تا ئێستاش پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان نەیانتوانیوە خۆیان لە ژێر هەژمونی ئەم دوو ئاراستەیە دەرباز بکەن.

---

[1] جەلالی و مەلایی : ئاماژەیە بۆ لایەنگرانی هەریەکە لە لە جەلال تاڵەبانی و مستەفا بارزانی .بڕوانە :( خالید دلێر : چەند وشەیەك بۆ مێژوو ( کۆمەڵە وتار)، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ ، ل ٩٠_١٠٠ ).

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان ، ل ٨٦، ٩٤.

[3]شەکیب ئاکرەیی:ساڵانی مەینەتی لە کوردستان (گرنگترین رووداوە سیاسی وسەربازییەکان لە کوردستان و عێراقدا لەساڵانی ١٩٥٨–١٩٨٠) ، نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاٌوکردنەوە و راگەیاندن ،هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤٧٣_٤٧٤ ؛ د.عبدالستار شریف: ململانێ ، ب١، ل ١٥٠–١٥٣.

[4] گەمەی سفری: ئەم زاراوەیە لە لایەن هنری کەیسنجەرەوە بۆ هەردو جەمسەرە رکابەرەکەی دنیای سەرمایەداری و سۆسیالی بەکارهات، مەبەست لەو زاراوەیە ئەوەیە کە ئەو دوو رکابەرە لە سەر یەك هێڵی ژمارە وەستاون، هەنگاوەکانی هەر یەکێکیان لە سەر ئەو هێڵە بە خاڵ بۆ خۆی تۆمار دەکرێت وخاڵ لەوی تر کەم دەکاتەوە، ئەوی تریش بە هەمان شێوە شکستەکانی خاڵی لێکەمدەکاتەوەو بۆ رکابەرەکەی زیاد دەکات و ...هتد. ئەم ئەو زاراوەیەمان بۆ باڵی جەلالی و مەلایی بە کار هێناوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هنری کیسنجر : ئایا ئەمریکا پێویستی بە سیاسەتی دەرەوە هەیە:؟ ، و: نەبەز کەمال نوری ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل٢٦).

## باسی یەکەم / کاریگەریی بەیانی ١١ی ئازار و ڕێکەوتنی جەزائیر لەسەر ڕیزەکانی پارتی

### تەوەری یەکەم / بەیاننامەی ١١ی ئازار

چەندین کەموکوڕی لە بەیانی ئازار هەبوو، گرینگترینیان بریتی بوون لە دیارینەکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەشدارینەکردنی کورد لە دەستەکانی سەرکردایەتیدا، وەك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە هۆی سەرەکی جێبەجێنەکردنی بەیاننامەکە و ناکۆکی بوو لەگەڵ ڕژێمدا، وێڕای ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش درکی پێکردبوو، کەچی بەیاننامەکەی پەسەند کرد، ئەندامێکی شاندی دانوسانکارانی کورد لەگەڵ ڕژێم کە لە پاشاندا هەڵسەنگاندنێکی بۆ ئەو ڕەوش و قۆناغە کردووە، هۆکاری قبوڵکردنی بەیاننامەکەی لە لایەن بارزانییەوە بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە، بارزانی ویستوویەتی لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان جێگیر بکات و، یارمەتی زیاتر لە لایەنە دەرەکییەکان وەربگرێت، کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی لە هەڵسەنگاندنێکدا بۆ شۆڕشی ئەیلول ڕەخنەی ئەوە لە بارزانی دەگرێت کە هەر لە سەرەتاوە بارزانی زیاتر بایەخی بە پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە دەرەکیەکاندا داوە، وەك لەوەی بە تەنگ بەیاننامەی ئازارەوە بوو، و هاوکاری لەگەڵ هێز و حزبە نیشتمانیە پێشکەوتوخوازەکان و عێراقدا توندو تۆڵ بکات، ئەمە گەلێك بەهانەی بە ڕژێم دا تا خۆی دەیویست بەیاننامەکە جێبەجێ نەکات و تەنگو چەڵەمەیەکی لەگەڵ لایەنە عێراقیەکانی تردا دروست کرد[١].

بابەتی هەڵبژاردنی کوردێك بۆ جێگری سەرۆك کۆمار یەکەمین گرژی لە نێوان سەرکردایەتی کورد و بەعسیانی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە بەعسیەکان دەیانویست ئیدریسی کوڕی بارزانی بۆ ئەم پۆستە کاندید بکرێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم چاوەڕوانیە پارتی حەبیب کەریمی هەڵبژارد، سەرانی بەعس ئەم بەربژێرەی پارتیان بۆ ئەو پۆستە ڕەتکردەوە، بە بیانووی ئەوەی ناوبراو هەڵگری ڕەگەزنامەی ئێرانی بوو، بەڵام تەگەرەی سەرەکی بەردەم جێبەجێکردنی بەیاننامەکە، دیاریکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی بەغدا سوور بوون لەسەر دواخستنی ئەو سەرژمێریەی کە بڕیار بوو ئەنجام بدرێت، بۆ دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و شاری کەرکوك بۆ بەهاری ١٩٧١[٢]. لە سەر ئەو بنەمایە توێژەرێك تێبینی ئەوەی کردووە ئەو ئۆتۆنۆمیەی دراوە بە نەتەوەی کورد لەو کاتەدا، بەتێڕوانینێکی کەسی داڕێژراوە، نەك هەرێمی. ئەو توێژەرە بە بەڵگەی ئەوەی سەدام حسێن لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی ئەو رایەی خۆی پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەوەی درکاندووە، حکوومەتی عێراق و حزبی بەعس ئۆتۆنۆمیان بە خەڵك داوە نەك بە خاك، ڕژێم بەم لێدوانەی پەردەی لەسەر سیاسەتی شاردراوەی خۆیان هەڵماڵیوە،و لەسەر ئەو بنەمایانە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە پێویست بوو سەرکردایەتی کورد، دیاریکردنی سنووری جوگرافی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی بکردایە مەرجی حاشا هەڵنەگر و دوانەخراوی بەرایی ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازار[٣].

---

[١] پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئامادەکردن: هەلسەنگاندنی ڕەوش و هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد دەرس و پەندەکانی، ١٩٩٨، ل٢٢.

[٢] کریس کۆچێرا: س.پ، ل٣٦١ ،٣٦٢.

[٣] فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا: بارودۆخی سیاسیی کوردستان_ عێراق، ١١ی مارتی ١٩٧٠_ ١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، چ١، هەولێر،٢٠٠٨، ل٨٢ ،٨٣.

به گشتی ئەوەی لە بەیاننامەی ئازاردا دەردەکەوێت هەردوو لایەنی رژێم و سەرکردایەتی کورد چەند مەبەستێکی شاراوەیان هەبوو لە پشت بەیاننامەکەوە، دیارترینیان سەدام لەو سازشەی بۆ مەلا مستەفای کردبوو، لەلایەك دەیویست ئەو بزووتنەوە چەکداریەی نزیکەی دە ساڵی خایاندبوو، شاخ و لادێکانی کردبوو بە مەڵبەندی خۆی، و ببوو بە کێشەیەکی سیاسیی، ئابووری، سەربازی گەورە، چەك دابنێ و بگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی ناو شار، لەلایەکی ترەوە دەیویست کارتی کوردی لەدەست شای ئێران دەربهێنێ ، و بە قازانجی خۆی لە دژی ئێران و دوژمنانی ناوەوەو دەرەوە بەکاری بهێنێ، بەڵام دیارە سەدام زوو تێگەیشتبوو کەلە هەردوو بۆچونەکەیدا بەهەڵەدا چووە، چونکە باس لەوە دەکرێت مەلا مستەفاش هەر لەسەرەتاوە بۆ هەندێك مەبەستی تایبەتی خۆی لەگەڵ بەعس پێکهاتبوو، نەك بۆ رێککەوتنی تەواو و راستەقینە، مەلا مستەفا دەوڵەتێکی لەناو دەوڵەت دا دروست کرد بوو ، ئامادە نەبوو دەستی لێ هەڵبگرێ لەبەر ئەوە، مەلا مستەفا نەك هەر پەیوەندی لەگەڵ ئێران نەبڕی، بەڵکو بەیانی ١١ ی ئازاری وەك دەستکەوتێکی گرنگ بەکار هێنا بەرامبەر بە ئێران، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، ئیسرائیل و ئەمەریکا و هەموو دوژمنەکانی بەعس، لە رووی سوپایشەوە مەلا مستەفا نەك نیازی بلاوە پێکردنی هێزەکانی و، گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی شاری نەبوو، بەڵکو هێزەکانی بە ژمارە زۆرتر و بە چەك پۆشتەتر کرد، دەزگای پاراستنیشی زیاتر بەهێز کرد[1].

لێرەدا لەژێر رۆشنایی ئەم زانیاریانەدا ئەوە بە دەردەکەوێت سەدام و مەلا مستەفا نیازی خۆیان لە پشت بەیاننامەکەوە هەبووە، سەدام حسێن لە قەناعەتەوە بەیاننامەی ١١ی ئازاری مۆر نەکردووە، لەو بارەیەوە ئەندامێکی سەرکردایەتی هەرێمیی بەعس و نزیکی سەدام ئەوەی راگەیاندووە، سەدام بەرژەوەندی خۆی و رژێمەکەی لەوە بینیوەتەوە ئاگربەستێك ئەنجام بدرێ، تا برێ هەناسەی بەبەردا دێتەوە، گرفتی سەدام لەوەدا بوو کە دەیویست رێککەوتننامە ببەستێت، لە هەمانکاتدا بڕوای وابوو کە دەبێت ئەو کاروبارانە لە مەیدانی شەڕ بە زەبری هێز یەکلایی بکرێنەوە، سەدام  بە زەحمەت توانیویەتی لەگەڵ کەسێکا هەڵبکات لە خۆی بەهێزتر بێت، ئەو بۆچوونەشی هەبوو لە خۆی بەولاوە کەس بەهێز نییە، ئەو ژێدەرە پێی وایە سەدام بە حوکمی ئەم لۆژیکی بیرکردنەوەیەی واژووی بەیاننامەکەی کردووە، هەر بۆیە پاش ماوەیەکی کەم هەوڵی لەناوبردنی بارزانی دەدات[2].

پاش بەیانی ئازار، رێکخستنەکانی پارتی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان رێکخرانەوە ، ئەو قۆناغە پێویست بەوە بوو پارتی کونگرەیەك ببەستێ بۆ پێداچوونەوە بە بوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، لەگەڵ رێکخستنی هەندێ لە خاڵەکانی پرۆگرامی پارتی، کە لە کاتی خەباتی چەکداری و لە کۆنگرەکانی پێشووی پارتی وەرگیرابوون، دەبوو ئەو خاڵانە بگونجێندرێت لەسەر بنەمای ١١ی ئازار و ئەو هاوپەیمانیەی لە نێوانیان هاتبووە ئاراوە دابڕێژرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاری کۆنگرەی ٨ی پارتی درا[3].

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨، بەرلین ، ١٩٩٧، ل١٠٧.

[2] غەسان شربل: سەدام بە ئێرەدا تێپەڕی، و:ئەحمەد سەلام، چاپخانەی رۆژهەلات، چ١، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢١٣.

[3] خورشید شێرە: خەبات و خوێن بیرەوەرییەکانی سالأنی خەباتی پێشمەرگایەتی ، چ١ ، چاپخانەی پەروەردە ،هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢١٤.

ئەم کۆنگرەیە لە ١/ تەموزی ١٩٧٠، بە ئامادەبوونی ٤٨٨ ئەندام و بە میوانداری نوێنەری چەند حزبێکی عێراقی وەك: حزبی شیوعی و حزبی بەعس و نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگارییخوازی فەلەستین و کومەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ، وچەند کەسایەتیەکی وەك کامەران بەدرخان بەسترا، لە کۆنگرە مستەفا بارزانی بە تێکڕای دەنگی ڕاستەوخۆی ئەندامان بوو بە سەرۆکی پارتی و ٢١ ئەندامیش بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بەڵام ئەم کۆمیتە ناوەندیەی پارتی وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد بە هۆی ئەوەی چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چوونە ریزی عێراق، پێنج ئەندامی یەدەك هێنرانە کۆمیتەی ناوەندی، و لێرەوە ئیدریس بارزانی کرا بە ئەندامی (م .س) و مسعود بارزانیش پاڵێورا بۆ ئەو ئەندامی (م . س)[1]. ئەم کۆنگرەیە بووە بە مینبەرێکی ئازاد بۆ هەموو دژەکانی بەعس و ڕەخنەی توندو تیژ لە پارتی بەعسی دەسەڵاتدار گیرا، بەو هۆیەوە پاش بڵاوکردنەوەی بڕیارە سیاسییەکانی کۆنگرە، ڕژێم پڕوپاگەندەیەکی بەتینی دژی پارتی کۆمۆنیست و بەشداربووانی کۆنگرە دەست پێکردووە، و بەشێکیشی لێ دەستگیر کردوون، بەو هۆیەوە لەو کاتەدا بارێکی گرژ لە عێراق خوڵقاوە. بەو جۆرە بەرنامەی پارتی لە زۆر لاوە گۆڕانکاری تێدا کرا و لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکە گونجێندرا[2].

هەلومەرجی ئەم کۆنگرەیەی پارتی لەچاو هەموو کۆنگرەکانی تری پارتی جیاواز بووە، سەرکردایەتی بارزانی و سەرانی پارتی بە هۆی بەیانی ئازارەوە، پشتیوانی ناوەوە و دەرەوە هەستیان بە سەرکەوتنێکی گەورە دەکرد و، لە خۆیان بایی ببوون[3]. لێرەوە ئەزمونێکی تازەی سیاسیی لە ژیانی ڕێکخراوەیی لە رووی کاروباری ئیداری دەستی پێکرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەعس وای نیشاندا لە جێبەجیکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە جدییە، هەر دوای مانگێك لە واژووکردنی سەدام حسێن لیژنەیەکی لە چوار کورد و دوو عەرەب پێکهێنا بۆ جێبەجێکردنی، ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆماریش دەستکاری کابینەکەی کرد و پێنج کەسی لە سەرکردایەتی کورد کرد بە وەزیر، هەروەها دامەزراندنی ئەندامانی پارتی بە پارێزگاری هەولێر و دهۆك و سلێمانی، وێڕای پێدانی هەندێك پۆستی خوارتر، زمانی کوردیش لە خوێندنگاکانی کوردستان بووە زمانی خوێندن چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردیش بڵاوکرانەوە[4].

پێناچێت دانانی کاندیدانی پۆستە باڵاکانی حکوومەت بۆ پارتی بێئاریشە بووبێت، لەو بارەیەوە موحسین دزەیی لە گێڕانەوەی یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات پێش ئەوەی شاندی ئەوان بچێتە بەغدا بۆ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە، لەسەر ناوی بەشدار بووان ڕاوێژ لەگەڵ بارزانیدا کرا، ئەویش لای خۆیەوە بە خەتی خۆی ئەو پێنج ناوەی داوە بە شاندەکە (موحسین دزەیی، ئیحسان شێرزاد، حەبیب محەمەد کەریم، ساڵح یوسفی و عەلی عەبدولا)، بەڵام ناوبراو باس لەوە دەکات بەر لە پێشکەشکردنی ناوەکان، دیداری نیمچە نهێنی لە نێوان هەندێك لە ئەندامانی شاندەکە کراوە، دوایی بۆیان دەرکەوتووە لیستەکە دەستکاری کراوە و

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوی ئەندامانی م.س و کومیتەی ناواندی بڕوانە:_ ( محەمەد مەلا قادر: خەباتنامە، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧ ، ل٦٧_٧٠).

[2] جەمال نەبەز: س.پ ،ل ٢١٢، ٢١٣.

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، ل١٠٢.

[4] دیڤید مەکداول: س.پ، ل٥٤٠.

گۆڕانکاری له ناوەکان کراوه بێئەوەی پرس به بارزانی بکەن؛ له پاشان دزەیی رازی دڵی خۆی دەباتەوه لای بارزانی لەسەر گۆڕینی ناوەکان، بارزانی دڵتەنگی خۆی بەم کاره دەربڕیوه. بارزانی ئەوەشی له دزەیی نەشاردۆتەوه ئەوه یەکەم جار نی یه سەرپێچی له رێنوێنیەکانی بکرێت و کەسانێك جۆره کارێك به بێ ئارەزووی ئەو دەکەن، دزەیی ئەوەی بۆ دەرنەکەوتووه ئیدریس و مەسعود ئاگاداری ئەم کاره هەن یان نا!؟[1].

هەرچی دەربارەی چۆنیەتی دانانی پارێزگارەکانه، جەرجیس فەتحوڵلای ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و، خۆشی به کەسێکی نزیکی بارزانی ناوزەند کردووه به شێوەیەك بارزانی لەو کاتەدا گوێی له بۆچوونەکانی گرتووه، ئەویش هیچی لێنەشاردوەتەوه، جەرجیس فەتحولاّ ئەوه ناشارێتەوه ئەندامانی (م.س) ئەو پارته به چ شێوەیەکی ناشیاو کەوتوونەته ململانێی یەکتری بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستانه، جگه لەو ناکۆکیانه ناکۆکی قوڵی تریش له نێوان ئەندامانی (م.س) ی پارتی لەو کاتەدا هەبووه، ناوبراو هەڵپەی ئەو کاتەی ناو پارتی به گاڵته بازاڕی ناودەبات و پێی وایه ئەوەی هەبووه هەر یاریکردن بووه و شتێ نەبووه ناوی مافی گەل و پارتی بووبێت، بەشێوەیەك هێرشیان بردووه بۆ وەرگرتنی پۆست [2].

به گشتی ژێدەرەکان ئەو قۆناغەی پارتی و دەسەلاّتی ئیداری کوردی و بارزانی به رەشبینیەکی زۆرەوه چاو لێدەکرێت و، به شێوەیەك رووی رەخنەکان خودی بارزانیش دەگرێتەوه. لەو بارەیەوه له کتێبی "کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانیدا" هاتووه، ئەگەر مەلا مستەفا تا رێکەوتی ١١ی ئازار پێشەوای تاقانەی شۆڕش بووبێت؛ ساڵانی لەوه پاش به هۆی گۆڕانی بارودۆخ و زۆر بوونی ئەرکی بیرۆکراتییانه و پێکاچوون لەگەڵ کار و باری دەوڵەت، ئەو دەورەی تا رادەیەکی زۆر لەدەست دەرچووبوو، کادر و فەرماندارەکانی تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆ دەجولاّنەوه[3].

لێرەدا له ژێر رۆشنایی ئەو سەرچاوانه ئەوه بەدەردەکەوێت، پارتی وەلاّمدەرەوەیەکی ئەرێنی بۆ ئەو بارودۆخه تازەیه نەبووه و، بەڵکو به زیان به ئاراستەی تێکچوونی شیرازەی پارتی شکاوەتەوه، له لایەکی ترەوه رێگەدان بووه به رژێم، تاکو به ئارەزووی خۆیان بتوانن خۆیان کۆبکەنەوه و، پایەی خۆیان جێگیر بکەن، بۆ رووبەروو بوونەوەیەکی دژوارتر و خوێناویتر، ئەوەش بوو به راستیەك که له ماوەی ئەو چوار ساڵه توانیان رەگو ریشەی خۆیان داکوتاوه و بچنه ناو ریزی کۆمەڵ و چەکدارانی کورد، بەو شێوەیه له ماوەی ئەو چوار ساڵه، رژێم توانیان زۆر به لەسەر خۆیی پرۆژەکانی خۆیان به ئارەزوی خۆیان دابڕێژن بۆ لێکترازاندنی ریزەکانی پێشمەرگه، بەوەی بەعس ماوەی دا به بەرپرسانی پارتی و کاری دانه دەست؛ ئەوانیش وایاندەزانی رژێمی بەعس به تەواوی لەگەڵیان رێك کەوتووه و، ئەو پلەو پایەیەی دەستگیریان بووه هەر دەمێنێ، هەرگیز بیریان لەوه نەکردبووەوه که ئەمه دانەخۆرەیه، ئەوەی بەدیارکەوت لەو کاتەدا، پلەو پایه وای لەو بەرپرسانه کرد، ئەو دەردەسەری و زەحمەتیەی پێشوویان بیر بچێتەوه که پێشتر چەشتبوویان،

---

[1] موحسین دزەیی: وێستگەکانی ژیانم، و: ئیسماعیل بەرزنجی، بلاّوکراوەکانی ئاراس، بەشی دووەم، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٢٨،٢٢٧.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوه بڕوانه :_(حوسێن محەمەد عەزیز، خولانەوه له بازنەیەکی بۆشدا، س.پ، ل٥٣،٤٩).

[3] مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر: کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٣٧٧.

زیاد لەوەش ئاوات و مەرامی خەڵك پشت گوێ خرا، تابە تەواوی جەماوەر نیگەرانی بارودۆخەکە بوون، بەو هۆیەوە ناکۆکی کۆمەڵایەتیش دروست بوو، هەموو ئەمانە زیانی گەورەیان بە پارتی گەیاند[1].

حکومەتی عێراق توانی سوود لە ناکۆکی ناو خێڵی بارزان[2] وەربگرێت و کەسە نزیکەکانی بارزانی رام بکات و لە بەرژەوەندی خۆی کەڵکیان لێوەربگرێت، دیارە حکومەتی عێراق هەر بەوەوە نەوەستاوە توانیویەتی کەڵك لەو پاشاگەردانیەی ناو م.س ی پارتی وەربگرێت، ژمارەیەکیان بکات بە داردەستی خۆی ئەمە ئەو بڕوایەی لای سەدام حسێن دروست کردووە، کە لە کاتی گرژی تێکەوتنی نێوان خۆیان و پارتی، کە سیماکانی ئەو ناکۆکیانەی هەردوو لا لە بەستنی کۆنگرەیەکی بێلایەنەکان لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣، بە دەردەکەوێت، کە سەدام حسێن کۆبوونەوەی بە ناو کۆمەڵێ لە بێلایەنە کوردەکان لە هۆڵی نیشتمانی کردبوو، گفتوگۆی حوکمی زاتی لەو کۆبوونەوەیە کردبوو، لەو کۆبوونەوەیە سەدام حسێن گوتبووی:(( ئەگەر پارتی رێك نەکەوێ لەگەڵماندا و نەیەنە بەرەی نیشتمانیەوە، ئێمە ئاگادارین زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی و خوارەوەی حزبەکە دێنە ریزی بەرەوە))[3].

مەسعود بارزانی باس لەوە دەکات هەر لە سەرەتاوە بارزانی پاش مۆرکردنی ریککەوتننامەی ئازار کۆیکردوونەتەوە، مەترسی ئەوەی هەبووە رژێم دزە بکاتە ریزەکانیانەوە، لەو بارەیەوە بارزانی پێی گوتوون:(( ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێککەوتننامەیەکی زۆر مەزنە... بەلام من دەترسم کەوا رژێم کەڵك لەم بارودۆخە تازە پەیدا بووە وەربگرێ و دزە بکاتە ناو ڕیزەکانمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی خۆی کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو نەیتوانی بە شەڕ جێبەجێیان بکات، من سەرنجی ئێوە توند ڕادەکێشم و ڕاتان دەسپێرم کە وریا بن و ئاگاتان لە خۆتان بێ، دارایی و پارە هەڵتان نەخەڵەتێنێ و بە دوای خۆیدا بە کێشتان نەکات)) [4].

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە مەسعود بارزانی هەر لە کتێبی ناوبراو ئەوە ناشارێتەوە ئەوان لە رێگای دەزگای ئاسایشی شۆڕش "پاراستن"، ئاگایان لەو هەوڵانەی رژێم هەبووە و بۆ یەکچاو تروکاندن لەوە بێئاگا نەبوون، کە رژێم دەستی داوەتە خۆنزیکخستنەوە لەو کەسانەی شۆڕش لە رێگای خەڵات پێدانەوە، و باس

---

[1] زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەریەکانم لەساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٢دا،چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ب . س، ل٤٤٤ ،٤٤٥.

[2] پاش مردنی شێخ ئەحمەد ناکۆکی لە نێوان بنەماڵەی بارزانی دەستی پێکردبوو، بە هۆکاری ئەوەی خودان پێش مردنی کەسی نەکردبووە وەکیلی خۆی، تاکو کار و باری ناوچەی بارزان هەڵسوڕێنێ، بە پێی رەوشتی کوردەواری شێخ دەبوایە محەمەد خالیدی کوڕە گەورەی بکاتە جێگرەوەی، بەڵام شێخ لەبەر توندڕەوی و توندوتیژی محمەد خالدی دانەنا، پێشی وانەبووە عوسمان بتوانێ ئەو بارە هەڵبگرێ، بەهەرحاڵ پاش مردنی خودان شێخ عوسمان کاروباری بارزانی خستە ژێر رکێفی خۆی، لێرەوە ناکۆکی دەستی پێکرد، ئەو دووبەرەکیە گواستراییەوە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی بەتایبەتیتر پاش ئەوەی مەلا مستەفا هاتە ناو ململانێیەکەو بەو هۆیەوە ناکۆکی نێوان شێخ عوسمان و مەلا مستەفا سەری هەڵدا، سەدام هەوڵی ئەوەی داوە لە ڕێگای سیخوڕەکانیەوە خۆی لە گرووپی بارزانی نزیك بکاتەوە، تاکو دووبەرەکی لەناو بنەماڵە دروست بکات، لەو ڕێگەیەوە توانیویانە پەیوەندی لەگەڵ هەریەك لە عوبەیدولای کوڕی مەلا مستەفاو و شێخ عوسمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی بارزانی دروست بکات .( رەفیق پشتدەری: کورد دوژمنی خۆت بناسە ،ب٢، ب . ش . ب . س ، ل١٤ـ١٥ ؛ عەبدولا غەفور: س . پ ٧٤_٨١).

[3] عبدالستار تاهیر شەریف: ململانێ لەگەڵ ژیاندا ، ب٢، ل٧٠.

[4] مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ، ب٣، بەشی دووەم ، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر،٢٠٠٤، ل١٠٢.

لەوە دەكات شۆڕش دەیتوانی بە پشتیوانی ڕاپۆرتەكانیان لە یەكەم ڕۆژی لێژبوونەوەی ئەو كەسانە بۆ ناو زەلكاوی خۆفرۆشی دەستنیشانیان بكات، لە درێژەی باسەكەیدا مەسعود بارزانی باس لەوە دەكات بە هۆی بە هێزی شۆڕشەوە، ئەو هەولانەی ڕژێمیان بەهەند وەرنەگرتووە و زیاد لەوەش لە قۆناغی سەرەتایی بە مەترسیان نەزانیوەو، چاوپۆشیان لەو كەسانە كردووە لەپای ئەوەی ماوەیەكی زۆرە هاوخەباتیانن، تاكو ببێت بە دەرفەتێك تاكو بە خۆیاندا بچنەوە[1].

ئەم پاساوانەی مەسعود بارزانی لەمەڕ چاوپۆشی لە خیانەتكاران لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی بە دیاردەیەكی لۆژیكی ئەژمار ناكرێت، جگە لەوەش ئەو هەلوێستەی بارزانی ڕەنگە ئەو ڕایەی جەرجیس فەتحوللا زیاتر پشت ڕاست بكاتەوە كە باس لەوە دەكات، ئیدریس و مەسعود بارزانی دوای ئەوەی ڕۆلیان لە ١٩٧٠ بە دواوە لەناو شۆڕش بە دەركەوت ، لەوە بە دواوە ڕۆلی مەلا مستەفا بەرە بەرە لە كاروبارە لاوەكیەكان پاشەكشەی كردووە، تەنها لە كارە گرینگەكان بڕیاری داوە، ئەو دوو برایەش پیادەی دەسەلاتی باوكیان كردووە، زیاد لەوەش جەرجیس فەتحوللا بە نائاسوودەییەوە باس لەوە دەكات كە ئەو دوو برایە ئەزموونیان نەبووە، بە شێوەیەك سالانی ١٩٧٠_١٩٧٥و دوای ئەوەی هەردووكیان لەو ماوەیە بوون بە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی، گیرۆدەی داوی كۆمەلێكی دیاریكراو لەو ئەندامانەی كۆمیتەی ناوەندی بوون، ئەوەش وای كردووە جۆرە دیكتاتۆریەتێك لە كاروباری پارت وشۆڕش دا پەیدا ببێت و بەو هۆیەوە ژمارەیەك لە ئەندامە دلسۆزەكان لە حزب دوور خراونەتەوە، هەندێكی تریشیان تووشی ئیفلیجی بیركردنەوە و كاركردن بوون[2].

بەم شێوەیە ئەوە بە دەردەكەوێت پاش ئەوەی پارتی بە تەواوی شپرزەیی دەكەوێتە ڕیزەكانیەوە، لەو لاوە ڕژێم بە تەواوەتی كنەی لە ڕێكخستن و كۆمیتەی ناوەندی كردبوو، لەو بارەیەوە عەبدولستار تاهیر شەریف لە یاداشتەكانی لە زاری هاشم عەقراویەوە باس لەوە دەكات كە هەشت ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی بە بێئاگاداری پارتی و مەلا مستەفا لە گەڵ سەدام كۆبوونەتەوە، لەوێ بڕیاریان داوە، لە كاتی ڕەزامەند نەبوونی بارزانی لە سەر پرۆژەی پێشنیاز كراوی ڕژێم دەربارەی حوكمی زاتی، ئەوا ئەوان واژووی ئەو پرۆژەیە دەكەن و بە ناوی پارتیەوە بەیانێك دەردەكەن. عەقراوی باسی لەوەش كردووە سەدامیان وا تێگەیاندووە لەو كاتەدا زۆربەی قەواعیدی حزب لە گەڵ ئەوان دەبێت. دوای ئەو كۆبوونەوەیە بەشێك لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی دەگەڕێنەوە لای بارزانی و بەشێكیشیان بە لای ڕژێم دەكەون[3]. ئەوانەی بە لای ڕژێم كەوتن بە پشتیوانی ئەوان حزبێكیان بە ناوی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە دامەزران، هەروەها پشتیوانی عەبدولستار تاهیر شەریفیان كرد بە دروستكردنی حزبی شۆڕشگێڕی كوردستان[4]. لە پاشان ئەم

---

[1] مسعود بارزانی: س . پ ، ب٣ ، بەشی دووەم ، ل١٠٤.

[2] حوسێن محەمەد عەزیز: س.پ، ل١٠٠.

[3] عبدالستار تاهیر شەریف: ململانێ ، ب٢، ل٧٠ ،٧١.

[4] حزبی شۆڕشگێڕی كوردستان: خۆی بە درێژە پێدەری هەمان ئەو پارتە دەزانێت كە بە هۆی بەیانی ئازار لە گەڵ پارتی یەكیان گرتەوە، هۆكاری زیندوكردنەوەی پارتەكە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە پاش تێكەلبوونەوە، بە چاوی سوكەوە تەماشا كراون، نەك هەر ئەوە بەلكو پارتی چەندین كەسایەتیانی لە غافلكۆژی تیرۆر كردوە، زیاد لەوەش باس لەوە دەكەن سەركردە دیارەكانیان وەك" برایم ئەحمەدو مام جەلال و عومەر دەبابە" بێكار لە قەسرێ لە شێوەی دەست بەسەر دانراون، بۆ زیاتر بڕوانە:_( عبدالستار تاهیر شەریف، ململانێ ،ب٢، ل٥٤_٥٧).

دوو پارتە هاوشانی حزبی شیوعی عێراق، چوونە ناو بەرەی نیشتمانی و نەتەوەییی پێشکەوتنخوازی بەعس[1].

دروستکردنی ئەو بەرەیەی رژێم بە خراپترین زەبر دادەنرێت کە بەر کورد کەوتبێت، لەو کاتەدا ئەو بەرەیە حکومەتی عێراق بەبێ پارتی دروستی کرد، لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعس، دەستە سیاسییەکان دامەزراندنی بەرەیەکیان تاوتوێ کردبوو. ریککەوتنێکی نەنووسراویش لە نێوان شیوعی و پارتی هەبوو، کە بە جیا بەشداری لە بەرەکە نەکەن، بەڵام رژێم سەرکەوتوو بوو لە راکێشانی شیوعی، بەرەکەش زیاتر بە سوودی رژێم بوو لە فراوانکردنی پێگەی جەماوەری خۆی، بە بێ ئەوەی هیچ باجێکی سیاسیی بدات، بەو شێوەیە بەعس سەرکەوتوو بوو لە سیاسەتی پەرتکردنی ، ئینجا فەرمانرەوایی، بەو شێوەیە رژێم سەرکەوتوو بوو لە ناکۆکی دروستکردن لە نێوان ریزەکانی پارتی و لە پاشان پارتی و شیوعی، کە تا ئەو کاتە لە سەر یەك پرس یەکگرتوو بوون، ئەویش دوژمنایەتی هاوبەش بوو بەرامبەر بەعس[2].

بەعسیەکان زۆر بە ئاسانی توانیان شیوعیەکان لە پارتی دوور بخەنەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست دەست لە پارتی بوەشێنێ، لێهاتوویی بەعس لەوە بە دەرکەوت، توانی هەردوو دوژمنەکەی خۆی، ئەوانەی لە ناو یەك سەنگەر شەڕی ئەویان دەکرد، ناچاریان کردبوو بەیانی ئازار مۆر بکات، بە گژ یەکتریان بکات و لە یەکیان دوور بخاتەوە[3]. دوای راگەیاندنی بەرەکە بەعسی و حزبی شیوعی داوایان لە پارتی کرد بەشداری بەرەکە بکات، بەڵام پارتی ئەو داوایەی رەتکردەوە و هەردوو لایەنی بەوە تۆمەتبار کرد کە تەنها چوار رۆژ بەر لە راگەیاندنی ریککەوتنەکە ئاگادار کراونەتەوە[4]. بەڵام مەحمود عوسمان[5] باس لەوە دەکات سەدام حسێن سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ داوای لە بارزانی کردووە مەسعودی کوڕی بنێرێ بۆ بەغدا تاکو چاویان پێ بکەوێ، بەڵام بارزانی رەزامەندی نیشان نەداوە لە سەر ئەو داوایەی حکومەتی عێراق، پاش نائومێد بوونی رژێم لە چوونی مەسعود، پەیامێکی بۆ بارزانی ناردوە، تیایدا ئەوەی پێ راگەیێنراوە پێویستە هەڵوێستی کورد ناچاری نەکات، ملکەچ بکات بۆ ئێران لە شەتولعەرەب و چەند ناوچەیەکی عێراق، بەرامبەر بەوەی ئێران یارمەتیەکانی لە شۆڕشی کورد ببڕێت. عوسمان هۆکاری گوێ نەگرتنی پارتی بەو گەفەی رژێم و نەناردنی مەسعود دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی پارتی لەو کات تووشی لوتبەرزی پوچ ببوو، و ئەو هەڕەشەیەی سەدامیان لە نێوان خۆیان و ئەندامێکی م.س بە پەنهانی هێشتوەتەوە، ئەم خاڵە بە وەرچەرخانێك دادەنرێت

---

[1] مسعود بارزانی: بەرگی٣، بەشی٢، ل١٠٧، ١٠٨.

[2] ئۆفرا بینگیۆ: کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا ، و : سۆران مستەفا کوردی ، چ١، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٦٠،١٦١.

[3] زرار سلێمان دەرگەڵەیی: س . پ ، ل٤٥٥.

[4] ئۆفرا بینگیۆ: س.پ، ل١٦٢.

[5] مەحمود عوسمان : ساڵی ١٩٣٨ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ، کۆلێژی پزیشکی لەشاری بەغداد تەواو کردووە ، هەر لەتەمونی ١٨ ساڵیەوە بەشداری کاری سیاسی کردووە ، ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە پارتییەوە کردووە و ساڵی ١٩٦٨ بووە بە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ، دوای نسکۆ و ساڵی ١٩٧٧ کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی دروستکردووە و و ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە یەکێتی چووەتە دەرەوە و دواتر حزبی سۆسیالیستی یەکگرتویان دروستکردووە ، ساڵی ١٩٩٢ خۆیی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پاڵاوتووە و دواتر چوەتە دەرەوەی وڵات ، دوای ساڵی ٢٠٠٣ سێ جاران وەك ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە .

لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمدا بە ئاراستەی نەمانی متمانە لە نێوانیاندا، بێ ئومێدی شوێنی جێبەجیکردنی بەیاننامەی گرتۆتەوە[1].

حزبی بەعس لە ٣ی ئازاری ١٩٧٤دا بەرنامەی دانووستانی پساند، لە لایەن خۆیەوە هەستا بە دانان و بڵاوکردنەوەی یاسای حوکمی زاتی یەك لایەنە، لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا بە بێ بەشداری کردنی کورد لە داڕشتنی ئەو یاسایە، مستەفا بارزانی ئیدریسی کوڕی نارد بۆ بەغداد، تاکو ڕاگەیاندنی ئەو یاسایە بۆ ساڵێکی تر درێژ بکاتەوە، بە ئومێدی گەیشتنە چارەسەرێك بۆ خاڵە ئەستەمەکان، سەرکردایەتی کورد پەیوەندی بە سۆڤیەتیشەوە کرد بە مەبەستی دواخستنی، بەڵام ئەوانیش ڕایان وابوو کورد بچێتە ئەو بەرە نیشتمانیە و بە مەرجەکان ڕازی بێت، بەڵام لە لایەنی کوردەوە ئەو داوایە ڕەتکرایەوە، بەغداش درێژکردنەوەی ماوەی گواستنەوەی بۆ ١٩٧٥ ڕەتکردەوە و یەکلایەنە یاسای حوکمی زاتی ڕاگەیاند[2].

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یاسای حوکمی زاتی، ڕاگەیاندنەکانی عێراق بروسکەیەکیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردەوە، تیایدا پشتگیری بۆ یاساکە دەربڕیبوو، لە لایەن سێ سەرکردەی پارتی (عەزیز عەقڕاوی، هاشم عەقڕاوی، ئیسماعیل مەلا عەزیز) ئیمزا کرابوو، ئەمە ئاماژەیەك بوو ئەو سێ کەسە دەبنە جێگرەوەی پارتی، لە هەمانکاتدا پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان کە لە لایەن عەبدولستار تاهیر شەریفەوە سەرکردایەتی دەکرا، چەندین نامیلکەیان دەرکرد و داوای پشتگیری کوردیان بۆ یاساکە دەکرد، هاوکات میدیای عێراقی پشتگیری شێخ عوسمانی برا گەورەی مستەفا بارزانی و عوبەیدوڵڵای کوڕی مستەفا بارزانی بڵاوکردەوە، لە بروسکەکەی عوبەیدوڵڵا هاتبوو، گەلی کوردمان ئێستا بە هاوکاری لەگەڵ گەلی عێراقی و هەموو ئەو هێزە نیشتمانییانەی یەکیەتی عێراق و خۆشبەختیی عێراقیان بە لاوە گرنگە داوایان لێکراوە درك بە مافی ئۆتۆنۆمی خۆی بکات[3].

زیاد لەوەش گەورەترین سوکایەتی بۆ مەلا مستەفا، عوبەیدوڵڵا دیعایەی ئەوەی دەکرد:(( باوکی هەتا ئەگەر کەرکوك و تەواوی نەوتەکەشی پێ بدەن، حەز ناکا یاسای ئۆتۆنۆمی جێبەجێ بکرێ. قبوڵکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە لای ئەو، واتە ستاندنەوەی هەموو شتێکی. ئەو دەیەوێ وەك فەرمانڕەوایەکی موتڵەق بێ)) [4].

ئەو یاسا ئۆتۆنۆمیەی ڕژێم ڕایگەیاند، بێ پرس و ڕاوێژی پارتی بوو، هەرچەندە چەندین دانیشتن لە نێوان نوێنەرانی ڕژێم و پارتی کرا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن، بەڵام سەرجەمیان بێئەنجام بوون، ئەوە بوو سەرجەم پێشنیازەکانی کورد لەو بارەیەوە درانە دواوە، تەنیا هەڵبژاردەش لە بەردەم نوێنەرانی پارتی ڕازی بوون بوو بەو داڕشتنە ئۆتۆنۆمیەی ڕژێم، کە دەبوو لە ماوەی تەنها پانزدە ڕۆژ پێی ڕازی بن ئەگەر نا لە خانەی دوژمنی ڕژێم ئەژمار دەکرێن؛ ئەو ئاگادارکردنەوەیەی ڕژێم لە لایەن سەرکردایەتی پارتی ڕەتکرایەوە،

---

[1] کۆمیتەی ئامادە کردن: هەڵسەنگاندن، ل٢٤،٢٣.

[2] دورییە عەونی: عەرەب و کورد ناکۆکی یان تەبایی، و: سوارە قەڵادزێیی، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل١٤٧، ١٤٨.

[3] ئۆفرا بینگیۆ، س.پ، ل١٨٨.

[4] دیڤید مەکداول: س.پ، ل٥٥٢.

وەڵامی ئەو ڕەتکردنەوەیە لە لایەن ئیحسان شێرزاد و دارا تۆفیق برایەوە بۆ بەغدا، پەیوەندی لە نێوان هەردوو لا پچڕا و، دۆخەکە بە خێرایی بەرە و ڕووبەڕووبونەوە هەنگاوی دەنا[1].

پاش پچڕانی پەیوەندییەکان سەرکردایەتی بەعس کەوتە دامەزراندنی دام و دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، وێنایەکی وایان دروست کردبوو، بارزانیان لە زۆربەی جەماوەری کورد دابڕیووە، بە تەواو بوونی مۆڵەتە پازدە ڕۆژیەکە ، لێبوردنی گشتیان دەرکرد بۆ گەلی کورد لە باشور تا لە ماوەی یەك مانگ بگەڕێنەوە، هاوکات لە سەرەتای مانگی چواری ١٩٧٤، کابینەی حکومەت تازە کرایەوە ، و پێنج کەسایەتی کوردی سەر بە بەعس جێگای وەزیرە پارتیەکانی گرتەوە، دامەزراندنی ئەم وەزیرانە، نیشانەی پچڕانی پەیوەندی یەکجارەکی نیوان بارزانی و سەدام حسێن بوو، چەند ڕۆژێك دواتر سەدام ڕایگەیاند:(( بارزانی چ چارێکی نەماوە جگە لەوەی تازۆر درەنگ نەبووە ئاڵای سپی هەڵبکات))[2]. کاتێك بارزانی بە بەرزکردنەوەی ئاڵای سپی ڕازی نەبوو جەنگێکی گەورە لە نێوان هەردوو لا هەڵگیرسا[3].

کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ مەلا مستەفا هەموو شتێکی بەو پشتیوانیەوە گرێ دابوو، کە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گفتیان پێدابوو، پێشتریش بە ئەمەریکییەکانی ڕاگەیاندبوو، ئەگەر چەکی هاوتای عێراقیان بۆ دابین نەکەن، ئاشتی لە گەڵ عێراق دەبەستن، چونکە نایانەوێت ڕەشەکوژ بکرێن، دیڤید مەکداول دەربارەی ئەو تێڕوانینەی مستەفا بارزانی بەرامبەر هاوپەیمانەکانی و خوێندنەوەی بۆ سیاسەتەکانی بارزانی گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە بارزانی وێڕای ئەو ئەزموونانەی لە ساڵی ١٩٤٣ وە دەستی کەوتوون، هەروەك پێشان ساویلکەو بێخەبەر بووە. ناوبراو پێی وایە بارزانی بە تەواوی لەو مانایە تێنەگەیشتبوو، پشتیوانەکانی ئۆتۆنۆمی کوردستانیان پێخۆش نەبووە. بڕوای مەکداوڵ وایە بارزانی لەو تێڕوانینانەی لەوانەیە لە ڕادە بەدەر کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەو شاندە عەسکەریانەی ئەمەریکاو ئێران و ئیسرائیل، کە بۆ یارمەتیدانی بارزانی دەیاننارد[4].

شای ئێران لەو ڕاستیە گەیشتبوو، پشتیوانی لە کوردی باشوور بۆ ئەو ئاگر بازییە، چونکە لە ئێران پێنج ملیۆن کوردی بێ ماف هەبوو، شا زمانی زگماکی لێ یاساغ کردبوون، نەتەوە پەروەرانیش بەشیان هەر ئازار و ئەشکەنجە و ڕاوەدوونان بوو، شا کە سنووری نێوان هەردوو پارچەی کوردستانی خستبووە سەرپشت، دەرەنجام و ئاقیبەتێکی نادیاری هەبوو، مانگانە هەزاران پێشمەرگە سەردانی خێزانەکانیان دەکرد، ئەمانە کاریان دەکردە سەر زەین و هزری کوردانی ڕۆژهەڵات. شا، کە هەمیشە زۆر بە چاکی ئاگای لەو کاریگەریانە هەبوو، لە گەشتێکیدا بۆ فەڕەنسا لە حوزەیرانی ١٩٧٤دا ڕایگەیاندبوو ئەگەر بەلوعەکە بگرمەوە هەموو شتێك دەبڕێتەوە و تەواو دەبێت، جا ئێستا وەختی ئەوە هاتبوو شا بەلوعەکە بگرێتەوە![5].

---

[1] مسعود بارزانی: بارزانی ، برگی٣، بەشی٢، ، ل١١٢، ١١٣.

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوی وەزیرە کوردەکان لە کابینە نوێیەکەی بڕوانە، :_ (کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی، س.پ، ل٣٩٠، ٣٩١).

[3] شلۆمۆ نکدیمۆن: موساد لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ داڕمانی ئومێدی ئیسرائیلی و کوردەکان ، و: ڕەهەند عبدالغفور،چ١، چاپخانەی زانا ، ب .ش،٢٠١١، ل٣٧٠.

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_( دیڤید مەکداوڵ: س.پ، ل٥٥١، ٥٥٢).

[5] کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی، ل٤١٩، ٤٢٠.

## تەوەری دووەم / ڕێککەوتننامەی جەزائیر

واژۆکردنی ڕێکەوتنی جەزائیر لەنێوان ئێران و عێراق لە ٦ی مارتی ١٩٧٥دا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ بەسەر جووڵانەوەی کورد لە باشووری کوردستان جێهێشت، بەتایبەت دوای ئەوەی مستەفا بارزانی جاڕی کۆتایی پێهێنانی شۆڕشی لە باشووری کوردستان دا، لەگەڵ هێزەکەیدا ڕووی لە وڵاتی ئێران کردوو بوو بە پەنابەر. ئەم بڕیارەی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥ بووە هۆی پەرتەوازە بوونی چالاکی سیاسی گەلی کورد، و دانانی (پ.د.ك) یش لە سەر لێواری تیاچوون، لە پاشان چەندین پارت و کۆمەڵەی جیا جیای لێدەرچوون[1]. سەرجەم ئەو گروپ و کۆمەلانەی لە پارتی جیابوونەوە ئاراستەی رەخنەکانیان ڕووی لە پارتی و بارزانی بوو، لەسەر بنەمای ئەو کەم و کوڕییەکانی پارتی دەیانویست بینایەی کاروباری ریکخراوەیی خۆیان لەسەر هەڵە و کەموکوڕیەکانی پارتی بکەن.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا سەدام حسێن لە دانیشتنێکی، پەیامێکی بۆ مستەفا بارزانی ناردبوو، کەوا پێویستە هەڵوێستەکانیان وایان لێنەکات تەنازول بۆ ئێران بکات بەرامبەر بە شەتولعەرەب، دیارە سەدام ئەم گەفەی بەرامبەر بە سەرکردایەتی کورد بەکاریهێنا بوو، لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ لە جەزائیر بەرجەستەی کرد، شاش پشتیوانیەکانی کوردی بۆ ئەوە بوو لە هەڵوێستێکی بە هێزتر وەکو کارتێك بەرامبەر عێراق بە کاری بهێنێ، بە گشتی ڕێککەوتنی جەزائیر بۆ بەلاداخستنی ناکۆکیەکانی هەردوو وڵات بوو، بەڵام بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، کە پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی نوێنەرایەتیان دەکرد هێنایە لێواری لە ناو چوون.

لە کۆتایی مانگی شوبات دەنگۆی نزیکبوونەوەی عێراق و ئێران لە هەندێك ناوەندی ڕاگەیاندن بڵاو دەکرایەوە، ئاماژە بەوەش دەکرا ئەو ڕێککەوتنە لە سەر حیسابی مافەکانی کورد دەبێت، لە بەرامبەردا عێراق لە هەندێك مافی خۆی دەبوێرێ بۆ ئێران، ئەم هەواڵە چەند جارێك لە لایەن کادرانی لقی دوو دراوە بە سەرکردایەتی حزبەکەیان، ئەوانیش لە ڕوونکردنەوەکانیان بۆ کادرەکانیان ئەوەیان ڕەتکردوەتەوە هیچ ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە لە سەر حیسابی مافەکانی کورد بکرێت. یەکێك لە کادرە دیارەکانی ئەو کاتی لق لەو بارەیەوە لە یاداشتەکانی خۆی باس لەوە دەکات، کە سەرکردایەتی پارتەکەی لە خەوێکی شیریندا بوون، ئاگایان لە دەورو پشتی خۆیان نەبووە کە چی دەگوزەرێ و ڕەوتی ڕووداوەکان بە چ خێرایيەك ڕێدەکەن، ناوبراو لە درێژەی گێڕانەوەکانی سەرکردایەتی بە کەمتەرخەم دەزانێ لە ئاست پێشبینیان بۆ ڕووداوەکانی، بە شێوەیەکی چواندووە سەرکردایەتی لە دۆڵێك و ڕووداوەکانی جیهانیش لە دۆڵێکی تر[2]، ئەو بێئاگاییەی سەرکردایەتی کورد لە ڕووداوەکان وای کرد هەواڵی ڕێککەوتنی جەزائیریان لە ڕاگەیاندنی ڕادیۆکانی جیهانەوە بەرگوێ بکەوێ، تەنها کەسانێکی کەمی نزیك سەرکردایەتی شەوی ٥ی ئازار لەم ڕووداوە ئاگادار بوون، ئەگەر نا هەواڵەکە بە گشتی بۆ پێشمەرگە و پەناهەندە و کورد بە گشتی وەکو بۆمبا دەنگی دایەوە،

---

[1] شەکیب ئاکرەیی:ساڵانی مەینەتی لە کوردستان (گرنگترین ڕووداوە سیاسی وسەربازییەکان لە کوردستان و عێراقدا لەساڵانی ١٩٥٨-١٩٨٠) ، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن ،هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦٢٨.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_( خورشید شێرە: س.پ، ل٢٨٨ ،٢٨٩).

هێزی پێشمەرگە وێڕای سەرسوڕمانیان بەم هەواڵە، باوەڕ ناکەن هەموو شتێك کۆتایی هاتبێت، بە هیوان لە ڕێگەی شاوە ئەو ڕێککەوتنە ڕێککەوتنی دیکەی لە نێوان بارزانی و بەغدادا بە دوادا بێت[1].

ئەم چاوەڕوانیە هەرگیز نەهاتە دی، خودی بارزانی پێی وابوو یارمەتیەکانی ئێران بە تەواوی نابڕدرێت، لەم بۆچوونەی پشتی بە شیکاریەکی هەڵە بەستبوو، کە پێی وابوو بە هۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئەمەریکا هەیانە، کە بارزانی زۆر متمانەی پێیان بوو ناهێڵن ئێران پشتیان بەربدات، بارزانی خاڵێکی گرنگی بەرچاو نەگرتبوو، سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و کۆنەپەرستی ئێران لە ناوچەکە لە رووی ستراتیژیەوە یەك بوو، بارزانی پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەش ئامادەی گۆڕینی ئەم رایەی خۆی نەبوو، بە هۆی ئەم را و چاوەڕوانیە هەڵەیەی بارزانی هیچ ئامادەکاریەکی نەکرد بۆ ئەو رۆژەی کە یارمەتی دەرەکی لە شۆڕشی کورد دەبڕدرێت، فشاری ڕێککەوتنی جەزائیری لە سەر شۆڕش کاریگەرتر کرد[2].

کرۆکی ڕێککەوتنی جەزائیر بریتی بوو لە راگرتنی کۆمەکی ئێرانی بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی باشوری کوردستان، لە بەرامبەر کۆڵدانی عێراق بۆ سەروەری خاکەکەی لە کەنداوی عەرەبی[3].
هەرچی دەربارەی هەڵوێستی بارزانیە لەمەڕ ڕێککەوتنی جەزائیر، لە سەروبەندی دەنگۆی ڕێککەوتنەکە ، و بە دیاریکراوی لە ٢٦/شوباتی ١٩٧٥سەردانی تارانی کرد بە مەبەستی بینینی شا، تا دوا هەوڵی خۆی بەکاربێنێ لەگەڵی، بەڵام بارزانی بە بێ بینینی شا گەڕایەوە، هەر ئەوەندەی پێڕاگەیێنرابوو، ڕێککەوتنێك دەبێت، و سوودی کوردی تێدا دەبێت، شەوی ٥ی ئازار ئەفسەرێکی ساواکی ئێران لە میانی سەردانێکی بۆ لای بارزانی بە زمانێکی توندو چاوەڕوان نەکراو پێی راگەیاند، کە سنوور دادەخرێ و ڕێگەی هیچ جۆرە هاتووچۆیەك نادرێت و چاوەڕوانی کۆمەکی ئێران مەکەن، دەبێ مەرجەکانی عێراق قبوول بکەن. بارزانی و دەوروبەرەکەی هێشتا هیوا بڕاو نەبوون لەوەی ریککەوتنەکە هەندێ شتی بۆ کورد تێدا بێت، بەڵام دوای هێرشی سوپای عێراق لە ٧ی ئازار، کۆتایی بەو خەیاڵاتانە هات، بارزانی دوو نامە دەنێرێت، یەکێکیان بۆ (سیا) ، و تیایدا داوا دەکات چارەسەرێکی ئابڕومەندانە بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزرێتەوە. لە نامەی دووەمی بۆ کەیسنجەر، داوا دەکات بەو هۆیەی بە هۆی ئەوان گیرۆدەی ئەو بارودۆخە بوون، بۆیە هاوکاریان بکەن، لەبەرگرتن بە هێرشی سوپایی و گوشار بخرێتە سەر ئێران، بەڵام کەیسنجەر هەرگیز وەڵامی نەدایەوە[4].
شایانی باسە کاتێك گلەیی لە کەیسنجەر کرا لە سەر ئەم رەفتارەی لەگەڵ کورد کردی گوتی:(( سەودای ژێر بە ژێر کاری تەبشیری نیە)) [5].

شا لە ١١ی ئازار رازی بوو بارزانی ببینێت، لە میانی چاوپێکەوتنەکەی شا ئەوەی پێڕاگەیاندون بە هۆی هاوکاری ئەوانەوە، توشی جەنگێکی قوڵ بووە، بە دەر لەوەی پێشبینیان کردوە، ئەمەش بارێکی قورسی بۆ دروست کردوون، بەو هۆیەوە پێویست بووە لە گەڵ عێراق ئەو ڕێککەوتنە ئەنجام بدەن، هەرچەندە مەحمود عوسمان دەیەوێت ئەوە بە بیری شا بهێنێتەوە کاتێك بەڵێنی هاوکاری پێداون، بە یەك

---

[1] کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی، ل٤٢١ ،٤٢٢.

[2] کۆمیتەی ئامادەکردن: هەڵسەنگاندن، ل٣٤.

[3] ئۆفرا بینیگۆ: س.پ، ل٢٢٠.

[4] کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی، ل٤٢٣ ،٤٢٤.

[5] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە ، ل٦٧.

وشەش باس لە پاشە کشە نەکراوە، بەلأم شا بە توڕەییەوە قسەکانی مەحمود عوسمان دەبڕیٚ و پێی رادەگەیێنیٚ ئەو بڕیارەکانی خۆی رادەگەیێنیٚ و هیچ بوارێك بە مشتو مڕو گفتوگۆ نادات، ئەوەی جێگەی سەرنجە بارزانی بە بیٚ دەنگی گوێی لە قسەکانی شا و مەحمود عوسمان گرتووە، بە بیٚ ئەوەی داوا لە شا بکات بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە جێگاکەی جێهێشتووە، باس لەوەش دەکرێت کە شا هەڕەشەی لە بارزانی کردووە، ئەگەر تا ١ی نیسان چەکەکانیان دانەنێن ئەوە ئێران خۆی هێرش دەکاتە سەریان[١].

دوای ئەو دیدارەی شا بارزانی هەر هەمان رۆژ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، دوای گەیشتنەوەی بارزانی و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە ئامادەبوونی بارزانی و تاوتوێکردنی بارودۆخەکە و هەڵسەنگاندنی ئەگەرەکانی بەردەمیان، لە خۆ بە دەستەوەدانی رژێمی ئێران یان عێراق یان بەرگری بە زۆرینە بڕیاری بەرگری پەسەنەند دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکاری پێویست دەکرێت و بەرەکانی رووبەڕوبونەوە رێکدەخرێتەوە[٢]. پارتی هەوڵی دۆزینەوەی رێگەی سیاسی دا لەگەڵ رژێم، بۆ ئەو مەبەستە لە ١٦ی مارتی ١٩٧٥ بە ناوی هەژدە ئەندامی بالأی شۆڕشەوە، لە رێگەی بێتەلی م.س لە ناوپردانەوە دەنێرن بۆ بێتەلی سەرەکی سوپای عێراق لە رەواندز، وێنەیەکیشی دەدرێتە سالح یوسفی تاکو بیبات بۆ بەغدا، بروسکەکە ئاراستەی سەرکردایەتی حزبی بەعس و سەرۆك کۆمار کرابوو بۆ چارەسەرکردنی ئاشتی و کۆتایی کێشەی نێوان شۆڕش و میری بە شێوەی گفتوگۆی راستەوخۆ، بەلأم دوای دوو رۆژ لە رێگای دوو فرۆکەوە دوو نیشانەی راست و چەپیان لە ئاسمانی ناوپردان نەخشاند، ئەمەش بە ئاماژەی رەتکردنەوەی گفتو گۆ دادەنرا لە گەڵ رژێم[٣].

دوای بڕیاری بەرگری و هەوڵەکانی بارزانی، بۆ کردنەوەی دەروویەك بە رویدا، و لە ئەنجامدا هیچ یەك لە هەوڵەکان دەرگایەکی بە روودا نەکردەوە، جارێکی تر بارزانی لە ١٨_١٩ ی ئازار کۆبونەوەیەکی فراوانی بە سەرکردە سیاسی و لەشکرییەکانی کرد، لەو کۆبوونەوەیە بارزانی بڕیاری راگرتنی جەنگ و کشانەوە بۆ ناو خاکی ئێرانی پێڕاگەیاندن[٤]. ئەو بڕیارەی بارزانی کۆمەڵێك پرسیاری قوت کردەوە، بزوتنەوەی کوردی پێوە سەرقاڵ کرد، بە هۆیەوە رەخنەیەکی توندی ئاراستەی سەرکردایەتی کرد، بریتی بوون لەمانە: بارزانی بۆچی لەپڕ بۆچوونی خۆی گۆڕی؟ چی وای لە بارزانی کرد شەڕ بوەستێنیٚ و بەمەش هەرەس بە بزووتنەوەکە بێنیٚ؟ ئاخۆ رووداو گەل ئاماژە بوون بۆ ئەم بڕیارە؟ سەرچاوەکان هۆکاری دەستبەجیٚ بڕیارەکەی بارزانی دەگێڕنەوە بۆ ئەو نامەیەی کە لە ئێرانەوە گەیشتە دەستی بارزانی، لە نامەکەدا هەڕەشەی هاریکاری سوپای عێراقی لە دژی کورد کردبوو، ئەگەر بێتو شەڕ دژی عێراق نەوەستێنیٚ[٥].

لە راستیدا ئەستەمە ئەمە وەکو تاکە خاڵی وەستاندنی شۆڕش و هەڕەشەی راستەوخۆی خۆبەدەستەوەدانی بارزانی ئەژمار بکرێت، بەڵکو کۆمەڵێك خاڵی تر هەبوون بە دەستی شاوە، کە دەکرا

---

[١] شلۆمۆ نکدیمۆن: س.پ، ل٣٩٨، ٣٩٩.

[٢] موحسین دزەیی: وێستگەکانی ژیانم، و: ئیسماعیل بەرزنجی، چاپخانەی ئاراس، بەشی سێیەم ، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٤٢.

[٣] شەوکەت مەلا ئیسماعیل حسن: رۆژانیٚ لە مێژووی شۆرشی ئەیلوول، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٧، ل٣٤١، ٣٤٢ ؛ ئۆفرا بینیگۆ: س.پ ، ل٢٢٩.

[٤] کەندال و ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، و:م . گۆمەیی، سوێد، ١٩٩٨، ل٣١٧.

[٥] موحسین دزەیی: س.پ، بەشی سێیەم ، ل٣٤٣.

ناڕاستەوخۆ لە دژی بارزانی بەکاربهێنرێت، ئەویش دەستبەسەردا گرتنی چارەنووسی پەنابەرە کوردەکانی ئێران بوو، کە دەیتوانی وەك بارمتە بیانگرێت. لە سەرووی ئەمەشەوە چەند هۆکارێکی تر هەبوون، کە لە کۆتاییدا دەبووە هۆی وەستانی شۆڕش ، و بزووتنەوەکە دەکەوتە ژێر پاڵەپەستۆیەکی سایکۆلۆجی گرانەوە، لەوانە بزووتنەوەکە هەستی دەکرد لە پەتی ژیان پچڕاوە، هەر سێ دوژمنە کۆنەکەی عێراق و ئێران و تورکیا، کە بۆ بەرەوپێشبردنی پێوەندییان لە گەڵ عێراقدا، سنوورەکانیان بە رووی پەنابەراندا داخستبوو، لە دژی کورد هاریکاری یەکیان دەکرد، ئەمەریکا وەلامی هیچ داخوازییەکی بزووتنەوەکەی نەدەدایەوە بۆ کۆمەککردن، بە کۆمەکی مرۆڤدۆستیشەوە، دەستی ئیسرائیل بە هۆی سیاسەتەکانی ئێرانەوە بەسترابووەوە، حکوومەتی بەغداش دەرگای دانوستاندنی داخستبوو، هۆکارێکی تر کە رۆڵێکی گرینگی لە بڕیارەکەی بارزانیدا هەبوو، بریتی بوو لەو راستیەی کە بارزانی هەستی بەبێ ورەیی دەکرد و پیر و نەخۆش ببوو، ئەمە کاریگەری بە سەر بزووتنەوەکەوە دەبوو، کە بوون و چارەسەری بزووتنەوەکە لەسەر ئەو دەوەستا، بەو پێگە تایبەتەی، کە بارزانی لە ناو بزووتنەوەکەدا هەیبوو، بڕیاری ئەو لە ناو ئەندامانی تری سەرکردایەتیدا بەرهەڵستی نەدەکرا[1].

هەرچی دەربارەی رۆڵی بارزانی بە گشتی و، پارتی بە تایبەتی لە سالانی کۆتایی و بە دیاریکراوی دوای بەیانی ئازار جێگای هەڵوەستەیەکی جددیە، بە سەرنجدانی ئەوەی بارزانی بە شێوەیەکی پلە بەندی رۆڵی لە بزوتنەوەکە لە کورتی دەدات، لەو ماوەیە رێکخستنەکانی پارتی بە دوو ئاراستە هەنگاو دەنێت، ئاراستەیەکیان بەرەو مەرکەزیەتێکی توند، و بە شێوەیەك لە دەرچوانی بڕیارەکان ئاماژە بە ناوی بارەگای بارزانی دەکرێت، لە لایەکی ترەوە قۆناغی دابڕینی حزب و جەماوەر بە تەواوی هەنگاو بە هەنگاو هەست پێدەکرێت.

لەو بارەیەوە لە کتێبی "کۆنگرەی سەد ساڵەی بارزانی" ئەو رەخنەیە گیراوە، تیایدا بارزانی بە کەمتەرخەم ناوبردووە لە گرتنە بەری هەندێك رێو شوێن، کە بە هۆی ئەو کەمتەرخەمیانەوە لە رووی سیاسیەوە پاش بەیانی ئازار سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، ئەوەش ئەوەیە پاش مۆرکردنی بەیانی ١١ ئازار کۆمەڵێك کادر و لێپرسراوی سیاسی و عەسکەری ژێر دەستی مەلا مستەفا، بە قەڵەمبازێك لە ژیانێکی پڕ دەرد و چەرمەسەریەوە، کە لە سەرەتای شۆڕشەوە ماندویەتیەکی زۆریان چەشتبوو، لەو ژیانەوە گواستیانەوە بۆ ژیانی ئاسوودەگی و پاڵێدانەوە، هەریەکە ژیانێکی خۆشتری لەوەی پێشووتر دەستکەوت، زۆریان چ لە مەیدانی شارستانی، یان سیاسیدا کەوتنە قۆناغی جۆرە حوکمڕانیەکەوە، لە وەزیرەوە تا بەڕێوەبەری ناحیە یان گرتە دەست، ئەمانە زۆربەیان ئەو ئارەزوە دەرونیەیان تیا بزوایەوە کە سالانی خەبات کپی کردبوون، بیریان لە ژیانی تایبەتی خۆیان دەکردەوە و دروشمی " یان کوردستان یان نەمانیان" بیر کردبوو، نە بارزانی خۆی و نە ئۆرگانەکانی شۆڕش و نە پارتیش وەك حزب بەرنامەیان لەم بارەوە نەبوو، بۆیەش لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا، لە گەڵ ئەو پشتگیریە جەماوەریەی لە مەلا مستەفا و شۆڕش و پارتی، کەلێنێکی زۆر کەوتە نێوان شۆڕش و جەماوەر، تەنانەت نێوان پێشمەرگەی سادە و ئۆرگانەکانی شۆڕشەوە، لە گەڵ هەڵگیرسانەوەی جەنگ لە کوردستان نیشانەکانی بە زەقی دەرکەوتن[2].

---

[1] ئۆفرا بینیگۆ: س.پ، ل٢٣٠،٢٢٩.

[2] مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر: س.پ، ل٣٧٦،٣٧٥.

زیاد لەوەش باس لەوە دەکرێت لێپرسراوە سەربازییەکان دەستیان بە سەر موڵکو ماڵی خەڵکیدا دەگرت، خۆ ئەگەر خاوەنەکەی ڕەزامەند نەبوایە ئەوا سڵیان لە کوشتنی نەدەکردەوە، جگە لەوەش بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر لە لایەن ئەو فەرماندانەوە دەستی پێکردبوو، خەڵك بێ لێپرسینەوە زیندانی دەکرا، بە گشتی پێدەچێت بارزانی ئاگاداری ئەو بارودۆخەی فەرماندە سەربازیەکانی هەبوبێت، چونکە کاتێك ئەو سەرپێچیانەی پێرادەگەیێنن، وەڵامی بارزانی ئەوە دەبێت ئەگەر لێپرسراوان سزا بدات دەبێت هەموو ئەو لێپرسراوانە لە قوژبنی گرتوخانەکان توند بکەم[1].

بارودۆخی شۆڕش گەیشتە ئاستێك، هێدی هێدی ناوەرۆکی خۆی لە دەست دەدا، لە ڕووی باوەڕ و ڕێکخستنەوە بێهێز دەبوو، بە هۆی دابینکردنی پێویستیەکانی لە دەرەوە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی پێویستی بە گەل نیە و پەیوەندییەکانی لە گەڵ سست بوو، سەرکردەکانی بوون بە چینێکی دەوڵەمەندی حاکم نەك شۆڕشگێڕ، شۆڕش وێڕای ئەوەی ئیمکانیەتی ماددی و چەك و پارە و جەماوەری زۆریشی هەبوو، بەلام لە ئاراستەکردنی ئەو جەماوەر و لایەنگرەی سەرکەوتوو نەبوو، و شۆڕش لە دەستپێشخەری کەوت و نەیتوانی جمو جۆڵی سیاسی یان عەسکەری سەرکەوتوو بکات، شۆڕش ساڵی ١٩٧٤ لە هەموو کاتێکی زیاتر پێویستی بە سەرکردایەتیەکی بەهێز و خاوەن ئەزموون هەبوو، بەلام بارزانی ئەو ساڵە دەورێکی راستەقینەی ئەوتۆی لە ناوەوە نەبوو[2]. جەرجیس فەتحوڵلا باس لەوە دەکات مەلا مستەفا لەو کاتەدا دەستی لە شۆڕش بەردابوو، هۆکاری ئەو دەستبەردانەی بارزانی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی پزیشکەکان پێیان ڕاگەیاندووە تووشی شێرپەنجە بووە و چەند ڕۆژێکی کەمی لە ژیاندا ماوە، لە بەر ئەوە مەسعود و ئیدریس کاروباری شۆڕشیان بە دەستەوە گرتووە[3]. زیاد لەوەش هەر لە هەمان چاوپێکەوتن باسی لەوە کردوە لە میانی چاوپێکەوتنی بارزانی گفتوگۆیان لە سەر هەندێك بابەت کردوە، بارزانی پێکەنیوە و گوتویەتی:(( تۆ لەو بارەیەوە پرسیارم لێ مەکە، من لە مێژە تەواو بووم)) [4].

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی شۆڕش لە ناوەوە شیرازە ڕێکخراوەییەکەی خۆی بە تەواوی لە دەست داوە، بە گشتی هێڵی پەیوەندیی لە نێوان سەرکردایەتی و جەماوەر نەماوە، هەر ئەمەش وای کردوەو لە گەڵ یەکەم فشاری دەرەکی نەتوانێ هیچ بەرگریەك بکات بە شێوەیەك لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەستبەرداربوونی بارزانی لە شۆڕش، فەوزایەکی گەورە لە ناو پێشمەرگە دروست بوو، هەندێك چەکەکانیان شکاند، هەندێکی تر هەڵیاندایە ڕووبارەکان و بەشێکیشیان هەڕەشەی خۆ کوشتنیان دەکرد[5].

بە گشتی باس لە دوو هەڵەی زەق و دیاری ژیانی سیاسی بارزانی دەکرێت، یەکەمیان بارزانی لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەر دابینکردنی کەرەستە بۆ جەنگی میللی ئازادی نەتەوە، ڕووی کردووەتە شا و ئەمەریکا ؛

---

[1] حوسێن محەمەد عەزیز: خولانەوە ، ل٣٩ ،٤٠.

[2] کۆمیتەی ئامادەکردن: هەڵسەنگاندن، ل ٣٢ ، ٣٣.

[3] حوسێن محەمەد عەزیز: خولانەوە، ل٣٩.

[4] هـ . س ، ل ٧٢.

[5] شلۆمۆ نکدیمۆن: س.پ، ل٤٠١.

ئەوەی تریشیان کە بە هەڵەی کوشندە لە ڕۆژمێری سیاسی مستەفا بارزانی ئەژمار دەکرێت، بڕیاری کشانەوەیەتی بەرەو ئێران، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ سەرکردەکان خۆیان شۆڕشیان هەڵتەکاند[1].

بارزانی بۆ خۆیشی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی، ئەوەی بە گەورەترین هەڵەی ژیانی خۆی داناوە کە متمانەی بە وڵاتە یەکگرتووەکان کردووە، لە بەرامبەردا باوەڕی بەو گفت و بەڵێنانە کردووە کە پێی دراوە، هەر لە هەمان دیمانە بارزانی پوختەی ئەزموونی خۆی بەم شێوەیە گێڕاوەتەوە:(( وەکو ئاشکرایە شۆڕشی ئێمە لە بواری عەسکەری تێك نەشکا. پێشمەرگەی ئێمە بێ ئەوەی چ کەسێك شکاندبنی مەیدانی شەڕیان بەجێهێشت. سوپای عێراق، سەرەڕای ئەوەی کە لە هەموو بوارەکاندا هەر باڵا دەست بوو، ئەو جاش نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێکی یەك لاکەرەوەو بنجبر بە دەستبێنێ. هێزەکانی عێراق بە درێژایی یەك ساڵ شەڕ، تەنیا دەیان کیلۆمەترێکی کەم پێشڕەوییان کرد. تەنانەت ئەو دەیان کیلۆمەترەش بە زیانی گیانی زۆر گیران...نەخێر...لە بەرەکانی سیاسەت دا قەراری سەرکوتکردن و لە نێو بردنی شۆڕشەکەمان درا، هەروەها نەخشە و پلانی سیاسەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی زلهێزەکان لە سەر حیسابی ئێمە داڕێژران. هەڵبەتە حاڵی حازر هەورو هەڵاو تەمی نەوت ئاسمانی بیرکردنەوەی سیاسی ڕۆژاوای تەنیووە))[2].

دەستکێشانەوەی بارزانی لە شەڕ هێشتا یەکێکە لە نهێنیە گەورەکانی دوا ساتەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، گەورەیی تەمەن و ماندوویەتی، ڕوونکەرەوەی وەڵامی هەموو شتێك نیە، هەروەها دەستبەرداربوونی ئێرانیش، ڕوونکردنەوەی وەڵامی هەموو لایەنێکی ئەو نهێنیە نییە، بەڵام لە ڕوانگەی مێژووییەوە جێهێشتنی شۆڕش لە لایەن بارزانی و بزووتنەوەکەیەوە، دووبارە کردنەوەی ڕووداوەکانی پێش خۆی بوو، بزووتنەوەکانی کورد کاتێك لە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانی نێزیك بووەتەوە، لە زۆربەی کاتدا لە بەرامبەر پاڵە پەستۆ ناوخۆیی و دەرەکیەکان، شەڕی وەستاندووە، بە هیوای نوێکردنەوەی شۆڕش لە کاتێکی وادا کە بار و دۆخەکە گونجاو بێت، بارزانی بۆ خۆی ئەزموونێکی زۆری هەبوو، کە بۆ چەند جارێك کۆتایی بە شەڕ هێنا، لەو کاتەی هەستی دەکرد بارودۆخ لە بار گونجاو نیە، بە هیوای دەست پێکردنەوەی شۆڕش لە قۆناغێکی تردا، ڕۆیشتنی بارزانی بۆ تورکیا و ئێران و سۆڤیەت بەشێکن لەو نموونەیە. خاسیەتێکی گرینگی تری ئەو شۆڕشانە بریتی بوو لەو ڕۆڵە بێ هاوتایەی سەرکردەکان، چ لە بەرپا کردن و چ لە هەرەس پێهێنانی شۆڕشەکاندا دەیانگێڕا[3]. لە سەر بنەمای ئەو پێگەو ڕۆڵەی بارزانی کە لە شۆڕش هەیبوو، بڕیارەکەی یەکلا کردەوە بە فڕێدانی چەك، پەنا بردن بۆ ئێران وەك پەناهەندە. بەرەی کورد بە تەواویی هەرەسی هێنا. ئەو بڕیارە گەورەترین تراژیدیا و کارەساتێکی دەروونی و جەنگی و مرۆیی بوو، کە کورد لە مێژووی دێرینی خۆیدا بیبینێ، ڕەوکردنی خەڵك لە ٢٢ی ئازار دەستی پێکرد، کارمەندەکان دەستیان کرد بە سوتاندنی تۆمار و دیکۆمێنتەکانیان[4].

---

(١) کەندال و ئەوانی تر: س.پ، ل٣١٨، ٣١٩.

(٢) د.گوینتەر دیشنەر: کورد: گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو، وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە بۆ عەرەبی : عبدالسلام بەرواری ، وەرگێرانی بۆ کوردی : حەمە کەریم عارف ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٩٨،٢٩٩.

(٣) ئۆفرا بینیگۆ: س.پ، ل٢٣١ ، ٢٣٢.

(٤) دوریە عەونی: س.پ، ل١٥٤ ، ١٥٥.

بەو شێوەیە جولاّنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کۆتایی مانگی مارتی ١٩٧٥دا، کەوتە بەر راچڵەکین و لەرزەیەکی توند، کە پ.د.ك ی خستە سەر لێواری تیاچوون[1].

[1] شەکیب ئاکرەیی: س.پ، ل٦٨٨.

## باسی دووەم/ دەرهاویشتەکانی بڕیاری کۆتاییهێنان بە شۆڕش و کاریگەریی لەسەر مستەفا بارزانی و ریزەکانی پارتی.

### تەوەری یەکەم / ژیانی رێکخراوەیی پارتی دوای شکست

بارودۆخی ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەر چۆنێك بووبێت، لەپشت بڕیاری کۆتایی پێهێنانی شۆڕش، بەڵام بەرپرسیاریەتی بارزانی و ئەندامانی م.س و سەرکردەکانی کورد، بەرپرسیاریەتیەکی گەورە و بەرچاو بووە لەو کارەساتە مێژووییەدا، لێرەوە چیرۆکی خەبات و تێکۆشانی ئەفسانەیی مستەفا بارزانی کۆتایی هات، کە لە رابردوودا بەردەوام هێمای خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد بوو[1].

کریس کۆچێرا وەکو شایەتحاڵێك بارودۆخی ئەو کاتی ئەو سەرکردانە بە شێوەیەکی زۆر تراژیدی دەگێڕێتەوە، باس لەوە دەکات دوای چەند هەفتەیەك دوا گروپی رێبەرانی کوردی وەفاداری بارزانی لە ئۆردوگای نەغەدە دەبینرا ، چەند خێوەتێکیان لە قەراغ ئەو شارە بۆ هەڵدراوە لە جیاتی بارەگای سەرانی کورد، ئیدریس و مەسعود و سامی و عەلی عەبدولا ئامادەییان هەبووە، مەسعود حەزی نەکردووە رووخانی خۆی بخاتە روو، بەو هۆیەوە خۆی لە دیدار پاراستووە، هیچ لێقەوماو و کارەسات دیدەیەك هەرگیز بە ئەندازەی ئەمانە گوناح و مایەی بەزەیی نەبوون، کە سامی لە سەر مێزێکی بچووك بینیووە بە چەند فایلێکی نیمچە بەتاڵی بەردەمی، بە مەحاڵی زانیووە ئەم پیاوە رەنگ و روو سیسەڵە و شان و شەپیلك داتەپیووە، ئەو کەسە بووبێت کە چەند هەفتەیەك لەوە پێش توانیبووی بە سەنگ و هێزی سی هەزار پێشمەرگەی لەشکری کوردستان، کە یەکێك بووە لە باشترین سوپاکانی رۆژهەڵاتی ناوین، لە گەڵ شای ئێران و ئەنوەر سادات و کەیسنجەر دانیشتبێ و گفتوگۆی کردبێت، زیاد لەوەش باس لەوە دەکات سامی هیچی پێنەبووە بیڵێ، هەر ئەوەندەی پێبووە بۆ گوتن:(( شۆڕشی چەکداری کورد تەواو بوو، لە باری سیاسیەوە کاری ئەم گروپەی کورد تەواو)) [2].

هەرچی دەربارەی رۆڵی کەسایەتی بارزانییە، پاش ئەوەی سنووری ئێرانی بڕی لە کێڵگەیەکی نەغەدە نیشتەجێکرا، رۆژنامەنوسێك لەو جێگایە سەردانی بارزانی کردووە، راپۆرتێکی دەربارەی سەردانەکەی لە رۆژنامەیەکی ئیسرائیلی بلاو کردووەتەوە، تیایدا هاتووە، دەڵێت:(( بارزانی لە ژێر پاسەوانیەکی توندی ئێرانیەکاندایە، و جلو بەرگە کوردیەکەیان گۆڕیوە بە قات و بیجامەیەکی هەرزانی رەساسی، کە زۆر فشە لە بەریدا، سەرەتا لێپرسراویەتیەکەی خستە سەر سیاسەتی جیهانی، پاشان لێپرسراویەتیەکەی کورتکردەوە لە سەر یەکێتی سۆڤیەت کە چەك و فڕۆکە و تانك و راهێنانی بە عێراقیەکان کردوە و فرۆشتووە)) [3].

دیارە عیراقییەکان بە بوونی بارزانی لە نزیك سنوور نائارام دەبن، چونکە بە هۆکاری ئەوەیان زانیووە بە بوونی ئەو لەو ناوچانە وا دەکات پەنابەران کەمتر بە پیر بانگەوازی گەڕانەوە بچن، بە تایبەت بارزانی لە دیداری لەگەڵ ئەو پەنابەرانە هانی داون بۆ نەگەڕانەوە، هەر بۆیە رژێمی عێراقی داوای دوورخستنەوەی بارزانیان لە سنوور کردووە، ئەم داوایەش لە لایەن شای ئێرانەوە بە گەرمی پێشوازی لێکراوە، چونکە شاش بۆ خۆی بیرۆکەیەکی لەم جۆرەی هەبووە. هەر بۆیە مەلا مستەفا لەگەڵ بنەماڵەکەی و هاوڕێ نزیکەکانی لە

---

[1] حامید محمود عیسا: س.پ، بەرگی٢، ل٤٥.

[2] کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی، ل٤٢٨.

[3] شلۆمۆ نکدیمۆن: س.پ،ل ٤٠٧.

شاری کەرەجی نزیک تاران نیشتەجیٚ کران، لەم بارو دۆخەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بلاٚو ببۆوە و بارزانیش لە هەموو بەرپرسیاریەتیەکی پارتی وازی هیٚنا، لەو بارەیەوە رۆژنامەنوسیٚکی ئیٚرانی باسی ئەوەی کردووە بارزانی پیٚی وتووە:(( من ئیتر سەرۆك نیم و بە هیچ شیٚوەیەك جاریٚکی دیکە نامەویٚ ببمەوە سەرۆك، کۆتایی بە رۆلٚی من هاتووە و دەمەویٚ ئیتر ناوم لە نیٚو میٚژوودا رەش بکریٚتەوە)) [1].

بەو شیٚوەیە بڕیاری کۆتاییهیٚنانی بەرگری، لە لایەن بارزانی و رەزامەندی نیشاندانی بە پەنابەری ئیٚران، بووە هۆی پەرش و بلاٚوی و لیٚکترازانی بیٚویٚنە لە ریزەکانیدا[2]، دوای لیٚکهەلٚوەشانەوەی پارتی بۆشاییەکی گەورە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هاتە ئاراوە، پیٚشمەرگە و جەماوەر بە گشتی نەیاندەزانی بەرەو چ ئاراستەیەك ریٚبکەن، بە رەچاوکردنی ئەوەی پارتی پیٚکهاتەیەك بوو، لە ئاراستە و بیروباوەڕی تیٚکەلاٚو و جیاواز لە رووی فیکری و سیاسیەوە، لە ژیٚر ئالاٚی ئەو حزبە سەرجەم چین و تویٚژەکان کۆببونەوە، بۆیە بیٚهیوایی گەیشتە چلٚە پۆپە، ئەوەی ئەو بیٚهیواییەی زیاتر پەرە پیٚدابوو، بەردەوام دووپاتکردنەوەی قسەکانی ئەحمەد حەسەن بەکر بوو لە رادیۆی بەغدا کە دەیگوت:(( شۆڕشی کورد بۆ هەتا هەتایە کۆتایی پیٚ هیٚنرا )) [3].

رووداوەکانی دواتر پیٚچەوانەی ئەو بانگەوازەی بەکریان سەلماند، بە تایبەت پاش ئەوەی ئەوەندەی نەبرد کورد جاریٚکیتر کەوتەوە ریٚکخستنەوەی ریزەکانی، ئەو گروپە سیاسییانەی خۆیان بۆ دەستپیٚکردنی خەباتی کورد ساز دابوو، دەستیان بە خۆڕیٚکخستنەوە کرد. یەکەم گرووپ کە ئەم کارەی کرد بریتی بوو لە گرووپەکەی جەلال تالەبانی. تالەبانی بەو ناوەی نە لە کۆتایی شەڕدا رۆلٚیٚکی سەرەکی گیٚڕاو، نە لە پەیماننامە تیٚکشکاوەکەش لەگەلٚ ئیٚران و ئەنجامەکانی بەشدار بوو. بەم جۆرە دەیتوانی بەرپرسیاریەتی شکانەکە لە سەر خۆی لابدات و بۆشاییە سیاسییەکە بە کەلٚکی خۆی بە کار بهیٚنیٚ بۆ هیٚنانەدی خەونی رابەرایەتی کردنی بزووتنەوەکە، کە خەونیٚك بوو تا بارزانی لە سەر تەختی شانۆیەکە بوو بۆی نەهاتە دی؛ بەلاٚم لە بەر چەند هۆیەك بارودۆخ بۆ پ.د.ك زۆر ئالۆزتر بوو لەوەی بۆ یەکیٚتی لوا بوو، لەبەر پەلٚەی ئەو تیٚکشکانەی ، کە بە بەرۆکی پارتییەوە لکابوو، رەخنەی توندی ناوەخۆ ، دیارنەمانی بارزانی بە شیٚوەیەکی ناراستەوخۆ، دەبووە هۆی نائامادەیی پشتیوانیٚك، پەرش و بلاٚوبوونی سەرکردایەتی و ئەندامانی پارتەکە لە ئیٚران و عیٚراق و ئەورووپادا، لە گەلٚ مشتومڕی ناوەخۆش لە بارەی ئەو ریٚچکەیەی کە دەبوو بیگرنە بەر، هەموو ئەم هۆکارانە نەدەبووە هۆی سەر سوڕمان، کە لە قۆناغەکانی دواتری خۆڕیٚکخستنەوەدا، پ.د.ك بۆ چەند بالٚیٚك دابەش ببیٚت، سەرەکیترین ئەو بالاٚنە بریتی بوون لە سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەی ئامادەکاری[4] .

---

[1] پاولٚ شیسمەن: س.پ، ل٥٦٣؛ موحسین دزەیی، س،پ، بەشی٣، ل٢٣_٢٧.

[2] کریس کۆچیٚرا: بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردو ویستی سەربەخۆیی، و: حەسەن رەستگار، چاپخانەی رۆژهەلاٚت، چاپی یەکەم، هەولیٚر، ٢٠١٣، ل٥١.

[3] دوریە عەونی: س.پ، ل١٦٠.

[4] ئۆفرا بینگیۆ: س.پ، ل٢٥٣.

## تەوەری دووەم / کەرتبوون لە ریزەکانی پارتی

### یەکەم/ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی کاتی

ئەو بۆشاییە سیاسیەی پاش هەرەسی چەکداری کورد هاتە کایەوە، لە لایەکەوە نەخۆشکەوتنی بارزانی و لە پاشان مردنی سەرکردەی بێ شەریکی بزووتنەوەکە، وێڕای ئەوەی بووە هۆی شەڕێکی توند لە نێوان پارت و بزووتنەوەو کەسایەتیە سەرکردەکان لە کوردستاندا، لە هەمانکاتدا لە ناو خودی پ.د.ك یشدا هەستی دژایەتی بە سەرۆکایەتی بارزانی و خانەوادەی پەیدا بوو، ئەم کۆکی و ناکۆکیەی ناو پارتی، پاش هەرەس و نەمانی بارزانی بووە هۆی پێکهێنانی سەرکردایەتی کاتی( قیادە مؤقەتە)، کە تیایدا سامی عەبدولرەحمان بووە سکرتێر، بە هاوکاری هەردوو کوڕەکەی مەلا مستەفا ئیدریس و مەسعود بارزانی. ئەم کێشمەکێشەی دەسەلاتەی ناو پارتی تا بەستنی کۆنگرەی نۆی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩بەردەوام بوو، ئەم کۆنگرەیە بە جیابوونەوەی سامی لە پارتی کۆتایی پێهات، بۆ خودی پارتیش مەسعود بە سەرۆك و ئیدریس بە ئەندامی م.س ی پارتی مایەوە[١].

یەك لە سەرچاوەکان بونیادنانەوەی پارتی بەو خێراییە گێڕاوەتەوەوە بۆ دامەزراندنی یەکێتی، ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوە کردوە هەڵسوڕاوانی پارتی سەبارەت بەو خێراییەی تاڵەبانی لە پێکهێنانی یەکێتی تووشی شۆك بوون، هەر بۆیە بە پەرۆشەوە گەڕانەوە کوردستانی عێراق، تاڵەبانی بۆ ئەو سەرچاوەیە باسی لەوە کردووە، پارتی بە پاڵپشتی ساواکی ئێران و میتی تورکی گەڕاونەتەوە گۆڕەپانی سیاسی، هۆکاری ئەو پاڵپشتیەی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو نیگەرانیەی ئەو دوو لایەنە هەیان بووە لە بەرنامە چەپگەراکەی یەکێتی و پەیوەندییەکانی بە سوریاوە[٢]. نەوشیروان مستەفا ترسی ساواکی لەوەیا نیشان داوە، ئەو بۆشاییە سیاسیەی کە لە دوای جێهێشتنی بارزانی و سەرانی پارتی دروست ببوو، بە رێکخراوێکی چەپی دژی ئێران پڕ ببێتەوە، بە تایبەتی یەکێتی لە سەرەتاوە بە هێرش بۆ سەر شا و رژێمی ئێران دەستی پێکردبوو، بارزانیش ترساوە سەرکردایەتی لە دەست دەربهێنرێت، بەو هۆیەوە داوایان لە یەکێتی کردووە جمو جۆڵ نەکەن، هەروەها ئیدریس بارزانی چەند جارێ هەواڵی بۆ مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی ناردووە، کە (( ئەگەر شۆڕشیان پێ نەکرێ، شۆڕشیان پێ تێك ئەدرێ ))[٣]. باس لەوە دەکرێت مستەفا بارزانیش هەڵوێستی نەیار بووە بەرامبەر بە دامەزراندنی یەکێتی، هەر بۆیە دەستی کردووە بە رێکخستنەوەی ریزەکانی پ.د.ك، دوای خۆڕێکخستنەوە سەرکردایەتی کاتی پێکهێنا، ئەو سەرکردایەتییە لە هەردوو کوڕەکەی ئیدریس و مسعود بارزانی پێکهات بە بەشداری سامی عەبدولڕەحمان، لەگەڵ دەستەیەك لە کادری لاو[٤].

پێدەچێت مەسعود بارزانی زیاتر رۆڵی گێڕابێت لە بونیادنانەوەی ئەم رێکخستنە، پاوڵ شیسمەن ئاماژەی بەوە داوە کەسانی ئەمەکداری بارزانی دەستیان بە دروستکردنەوەی پارتی کرد، و ئەم ئەرکە

---

[١] کەندال و ئەوانی تر: س.پ ، ٤٠٠_٤٠١.

[٢] گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفێڵد: س.پ، ل٢٠٤_٢٠٥.

[٣] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە ، س.پ، ل٩٤.

[٤] دورییە عەونی: س.پ ، ل١٦٢.

راستەوخۆ لە لایەن مستەفا بارزانییەوە بە مەسعودی کوڕی و سامی عەبدلڕەحمان سپێردراوە، ئەویش لای خۆیەوە هەوڵەکانی چڕکردەوە و کۆمیتەیەکی بە ناوی سەرکردایەتی کاتی دامەزراند[١].

مەسعود بارزانی دەربارەی چۆنیەتی پێسپاردنی ئەو ئەرکە لە لایەن باوکییەوە، باس لەوە دەکات لە میانی وتارێکی باوکی لە نەغەدە کە پەناهەندەکانی هانداوە بۆ خۆڕاگری، داوای لە باوکی کردووە، ڕێگەی دەستپێکردنەوەی خەبات و دووبارەکردنەوەی ڕێکخستنی دامودەزگا و پێکهاتەی حزبی و سوپاییەکانی پێبدات، کە لە سەر بنەما و بە گوێرەی چەمکی نوێباوی وا لە بارو دۆخی ئێستاو، تاقیکردنەوەو شارەزایی لەوەو پێش وەرگیرابێ، پێکبهێنرێتەوە، دیارە بارزانیش لای خۆیەوە زۆر بە گەرمی و پێخۆشحاڵییەوە داواکەی پەسەند کردووە، هەرچی دەسەڵاتی خۆی هەبووە هەمووی پێسپاردووە و نزای سەرکەوتنی بۆ کردووە، دوای وەرگرتنی دەسەڵاتەکانی باوکی مەسعود بارزانی دەست بە کار بووە، و بایەخی تایبەتیشی بە کادرە لاوەکان داوە[٢].

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوانە ئەوە بە دەردەکەوێت مەسعود بارزانی ڕۆڵی سەرەکیتری درابێتێ، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕێگە خۆشکردن دادەنرێت لە لایەن مەلا مستەفاوە پاش خۆی دەسەڵاتی پارتی بکەوێتە دەستی مەسعود بارزانی. هەرچەندە مەسعود بارزانی باس لەوە دەکات پاش ئەو ڕەزامەندیەی باوکی کاتی خۆی بە فیڕۆ نەداوەو بایەخی بە کادرە لاوەکان داوە، بەڵام عەبدولمسەوەر بارزانی باس لەوە دەکات لە میانی چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ مەسعود بارزانی بۆی دەرکەوتووە دەسپێکردنەوەی خەبات و دووبارە کردنەوەی ڕێکخستنێکی تازەی بە خەیاڵیشدا نەهاتووە، زیاتر لەوەش باس لەوە دەکات ئەوان لای خۆیانەوە هەستاون بە دروستکردنی ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازاد ، داوایان لە مەسعود بارزانی کردووە هاوکاریان بکات، وێڕای ئەوەی بەڵێنی هاوکاری پێداون، بەڵام دوایی مەسعود بارزانی وەکو پێویست بە دەنگیانەوە نەچووە[٣].

هەر چۆنێك بێت هەوڵەکانی مەسعود بارزانی بۆ ڕێکخستنەوەی پارتی دروستکردنی سەرکردایەتیەکی کاتی[٤] بۆ پارتەکەی لێکەوتەوە. ئەم سەرکردایەتیە کاتییە لە ڕێکەوتی ١١_١٦ی ئابی ١٩٧٦ لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا کۆنفڕانسی خۆی بە ئامادەبوونی ٨٠ ئەندام بەست. لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو تەنها سامی عەبدولڕەحمان و نوری شاوێس بەشدار بوون، لە کۆنفڕانس جگە لەوەی ئەندامانی

---

[١] بۆ زیاتر بڕوانە:_( پاوڵ شیسمەن: س.پ، ل٥٦٣_٥٦٩).

[٢] مسعود بارزانی: س.پ، ل٢٤٠.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ عبدلمسور بارزانی: سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/١٧.(عەبدولمسەوەر بارزانی : ساڵی ١٩٤٧ لە شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی لە (بەغداد، بارزان، هەولێر) تەواوکردووە ،ساڵی ١٩٦٨-١٩٧٣ کۆلێژی پۆلیس و یاسای لە بەغداد تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات ، ساڵی ١٩٧٥ دەچێتە ئێران دەبێتە بەرپرسی پەناهەندەکان لە ئێران ، ساڵی ١٩٧٦ دەچێتە وڵاتی نەمسا ، ساڵی ١٩٨٥ دکتۆرا لە ئابووری سیاسیدا بەدەستدێنێت ، دکتۆرای لە مێژوویی کورددا بەدەستهێنا و، لە ساڵی ٢٠٠٥ وە گەڕاوەتەوە کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی بووە بە مامۆستای بەشی مێژوو تا ئێستاش بەردەوامە ).

[٤] بڕوانە (پارتی دیموکراتی کوردستان_ سەرکردایەتی کاتی: ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول و بەرنامەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن کۆنفرانسی پارتیەوە لە(١١_١٥)ی ئابی ١٩٧٦پەسەند کراوە).

سەرکردایەتی کە پێشتر دانرابوون جێگیر کران، بە چاوێکی رەخنە گرانەوە هەڵسەنگاندنیشی بۆ بزووتنەوەی ئازدیخواز و شۆڕشی ئەیلوول کرد، و بەرنامەی نوێی پارتیشی پەسەند کرد.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم گروپە هاوشێوەی رێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی تازە چەکەرە کردووی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان ڕەخنەی ئاراستەی شۆڕشی ئەیلول و پارتی و دەسەڵاتەکانی بنەماڵەی بارزانی کرد، کە خۆیان بەشێك بوون لەو دەسەلاتە، ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی ئەو پارتەدا شتی وا ببینرێت تا ١٩٧٩ بەردەوام بوو. لەوە بە دواوەش هەرگیز نموونەی وا سەری هەڵنەدایەوە کە دواتر زیاتر لە سەر ئەو باسە دەوەستین، ئەوەی تێبینی دەکرێت پارتی ویستی بە سیاسەتێکی تازە، و بەرنامەیەکی تازە و سەرکردایەتیەکی نوێوە بێتەوە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، لە رووی سەرکردایەتیەوە زۆربەی ئەوانەی هاتنە سەرکردایەتیەوە کادری لاو و پێشتر لە سەرکردایەتی نەبوون، جگە لە مەسعود و ئیدریس بارزانی و سامی عەبدولڕەحمان و عەلی عەبدولا و نوری شاوەیس، کۆی ئەوانەی تر پێشتر لە سەرکردایەتی پارتی نەبوون[1].

هەرچی دەربارەی رەخنە گرتنە لە سەرکردایەتی پارتی پێشوو، س.ك بە هیچ شێوەیەك لەو بوارە خۆی نەبوارد، بە گشتی وەك ئەوەی لە راپۆرتی پەسەندکراوی سەرکردایەتی کاتی هاتووە، رەخنەکانی خۆی لەم بوارانەی خوارەوە چڕ کردوەتەوە:

ا_ لە بارەی پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە:

لە راپۆرتەکە ئەوە هاتووە شۆڕش لە پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئێران و تورکیادا بە هەڵەدا چووە، چونکە تورکیا هەر لە یەکەم رۆژی شۆڕشەوە تا دوا ساتەکانی دژی وەستا ، هەرچی دەربارەی هاوکاریەکانی ئێران، ئێرانیشی بە خنکێنەری شۆڕش ناوبردووە. لە بەر ئەو هۆیانە بە پێویستیان زانیووە سیاسەتیان لەو بارەیەوە بگۆڕن و پشت بە میللەت ببەستن.

ب_ رەخنە لە رێکخستن و ئایدۆلۆژیای حزب.

راپۆرتەکە دانی بەوەدا ناوە پارتی بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوول رێکخستنێکی پۆڵاینی نەبووە، جگە لەوەش کەم و کوڕی رۆشنبیری لای کادرەکانیان هەبووە، هۆکاری ئەو کەم و کوڕیانەی گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی پارتی لە کاتێکدا لە کۆنگرەی یەکەم تا پێنجەمی، مارکسیزم سەرچاوەی رۆشنبیری بووە لای کادرەکانی، بەڵام لەو ماوەیە پارتی لەو رووەوە زیاتر پڕاگماتی بووە، هەتا سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی گەلانیش گوێی پێنەدراوە، ئاماژەی بەوە داوە، بە چاوێکی پڕ لە گومانەوە لەو کەسانە روانراوە، کە بایەخیان بە خوێندنەوەی مارکسی داوە. زیاتر لەوەش راپۆرتەکە باسی لە سیاسەتی چاوپۆشین و لێبوردنی زیاد لە پێویستی بەرامبەر کەسانی کەمتەرخەم کردووە، بە شێوەیەك ئەم سیاسەتە گەیشتوەتە ئاستێك هیچ کەسێك لە ناو پارتیدا لە جێگای خۆی لانەبراوە، تەنها ئەو کەسە ئەگەر رووی کردبێتەوە ناو میری، لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر راپۆرتەکە رەخنەیەکی توندی ئاراستەی دەزگای پاراستن کردووە و بەشێوەیەك ناوی بردووە کە دەزگای پاراستن بووە بە پارتێك لەناو پارتیدا، ناکۆکی و بە یەکداچوون لە نێوان ئەم دەزگایەو هەموو رێکخراوەکانی پارتی سەری هەڵداوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەندامانی پاراستن هەموو دەسەڵاتێکیان لە دام و دەزگاکان راستەو خۆ وەرگرتووە، ئەمەش وای کردووە ئەندامە بێکەڵکەکان لە جێگای خۆیان

[1] محمد مەلا قادر: س . پ ،ل٧٥،٧٤ .

بمێننەوە، هەموو ئەمانە وایان کردووە پارتی تووشی لێکترازان بێت، هەستی لێپرسراوی نەماوە و، چەند شوێنێکی خاوەن دەسەڵات پەیدا بووە، گیانی فەرامۆشی و هەلپەرستی و رەچاوکردنی بەرژەوەندی تایبەتی تەسك لە هەموو پلە و پایە جیاجیاکانی پارتی سەری هەڵداوە، چارە سەری ئەو بار و دۆخەی بەوە بینیوەتەوە کە ئەندامە بێکەڵك و گومانلێکراوەکان لابدرێن و جێگاکانیان بە ئەندامی کارامە پڕ بکرێتەوە، و پارتایەتی و رێکخستن بچەسپێنرێت و دەسەڵات بگەڕێنرێتەوە بۆ پارتی، هەموو پارتیان بە سەرکردەی راستەقینەی شۆڕش ناونەبردووە، بەڵکو بە یاریدەدەرێکی بێکەڵکی بارزانییان ناوبردووە، ئەم هۆیانە پێکەوە گێڕدراوەتەوە بۆ ئەوەی شۆڕش نەمێنێ و ئەو کارەساتەش بە سەر میللەت بێت[١].

ئەوەی جێگای سەرەنجە خودی بارزانیش لە راپۆرتی سیاسی پەسەند کراوی س.ك کەوتە بەر رەخنە، لەو بارەیەوە هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلولی بە ناتەواو زانیووە ئەگەر بە چاوی رەخنە گرانەوە نەڕوانرێتە دام و دەزگای بارزانی، ئەو دەزگایەشی بەوە ناساندووە کە لە ساڵەکانی کۆتایدا لایەنی خراپی زۆرتر بووە، و نەیتوانیوە بە پێی پێشکەوتنی شۆڕش هەنگاو بنێت، بەرامبەر بە ئاڵۆز بوونی شۆڕش نەیتوانیووە سەرەدەری بکات، لەوەش زیاتر خودی بارزانی بەوە ناوبردووە وەك هەر سەرکردەیەکی خێڵەکی نەیتوانیووە خۆی نوێ بکاتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە بارزانیش بۆ خۆی پاکانەی لەم هەستە نەکردووە. بە گشتی باسی لەوە کردووە دام و دەزگای بارزانی بە شێوەی رێکخراوێکی نوێی مۆدێرن، کە ژیانی شۆڕشگێڕێتی ئاڵۆزاو پێویستی پێیەتی، کاری نەکردووە، چونکە ئەو رێکخستنەی کە دام و دەزگاکان لە سەری رۆیشتوون رێکخستنێکی ساکار بووە و لەسەر بنەمای سەرکردە و سەرباز پێکەوە نراوە، باسی لە پارترپارکیەتی دام و دەزگای بارزانیشی وەك دیاردەیەك کردووە واتا هاتنە خوارەوەی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ بە شێوەیەکی بۆماوەیی، کۆبوونەوە ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە رەزامەندی هەموو لایەکی لە سەر نەبووە زیانی گەورەی بە شۆڕش و خودی دەزگاکەش گەیاندووە[٢].

لە رووی ئایدۆلۆژیەوە، س.ك، بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ئەزموونە تاڵەی لە گەڵ ئەمەریکا و ئێران هەیبوو، بە فەرمی بەرنامەیەکی چەپی بۆ خۆی دانا[٣].

هۆیەکانی کاتیبوونی ئەم سەرکردایەتیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بە پێی پرۆگرامی پارتی تەنها کۆنگرە مافی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی هەیە، سەرەڕای رەخنە لەم سەرکردایەتیە، بەڵام تا کۆنگرە سەرکردایەتی پارتی پێسپێردرا، بەو هۆیەوە ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو، رەخنەیان ئاراستەی سەرکردایەتی نوێ دەکرد و بەوە تاوانباریان دەکردن، کە بەشی هەرە زۆری لە دەزگای پاراستن پێکهاتووە، زیاد لەوەش بە هۆی ئەو هێرشە توندەی کە لە کۆنفرانسدا کرا بووە سەر بەرپرسانی شۆڕشی ئەیلول، بێزاری و ناکۆکی لە نێوان بەرپرسانی پارتی پەیدا ببوو[٤]. خودی ئیدریس بارزانیش نیگەرانی ئەو پەرەگرتنەی پارتی بووە و مەترسی لە دەستدانی دەسەڵاتی هەبووە، بە گشتی ئەو بارودۆخە نائارامیەکی لە ناو رێزەکانی پارتیدا دروستکرد، ژمارەیەکیش لە فەرماندە لەشکریەکانی وەکو رەشید

---

[١] پارتی دیموکراتی کوردستان_ سەرکردایەتی کاتی: رێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد ، ل٢٠_٢٥ .

[٢] هـ . س ، ل٢٨،٢٧.

[٣] محمد مەلا قادر: س . پ ،ل٧٤،٧٥ .

[٤] عەلی تەتەر نێروەی: س.پ، ل٨٥.

سندی و عەبدوڵا پشدەری، کە بە کەسانی وەفاداری بارزانی ناسرابوون بە سوودوەرگرتن لە لێبووردنی گشتی گەڕانەوە بەغداد، گلەیی ئەوەیان هەبووە ئەوان بەشێك بوون لە سەرکردایەتی، بەڵام بە دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی کەس لەوانی نەپرسیوەتەوە، بەو شێوەیە و دوور لە چاوەڕوانی س.ك توانی دەسەڵاتێکی بەرچاو پەیدا بکات و پاشماوەی پارتیش لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، لە هەمانکاتدا بەشێکیش لە ئەندامانی پێشووی خۆی لە دەست دا[1].

رێکخستنەوە و هەستانەوەی پارتی لە ناوەخنیدا هۆکاری کەرتبوونی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، تەنانەت هەر خودی س.ك، لە سەرەتا و کۆتاییدا یەکگرتنێك بوولە نێوان ئاراستەیەکی نەتەوایەتی و ئاراستەیەکی نیشتمانی گشتی دا، زیاد لەوەش سێ ئاراستە خۆی لەو پێکهاتەیەدا بەرجەستە کرد ، ئەوانیش ئاراستەی راستڕەوانە و ئاراستەیەکی پێشکەوتنخواز بوون، کە زۆر لە سەرکردەکانی، س.ك لە خۆ گرتبوو، ئاراستەی سێیەمیش مەسعود بارزانی سەرپەرشتی دەکرد، ئەویش ئاراستەیەکی ناوەند و میانڕەوانە بوو، لە لایەکەوە مەسعود بارزانی پەیوەندییەکی توند و تۆڵی هەبوو لەگەڵ کادرە پێشکەوتنخوازەکان، بە دەستبەردار نەبوونی لە هێڵە نیشتمانیەکەی، هاوکات هەوڵیشی دەدا پارێزگاری بەو لاوانەوە بکات، و رێگە نەدا بە شێوەیەکی توند خۆیان پەروەردە بکەن، بەو شێوەیە مەسعود بارزانی هەوڵی داوە هەژموون و کەسایەتی و پێگەی خۆی بەهێزتر بکات لە ناو ململانێی ئاراستەی راستڕەو و چەپڕەوی حزبدا[2].

توێژەرێك ئەم گرفتانەی نێو پارتی و س.ك بە هەمان ئەو گرفتانەی نێوان دەستەی برایم ئەحمەد _ تاڵەبانی و باڵی بارزانی چواندووە، بەڵام ئەمجارەیان باڵی تەقلیدی لە لایەن ئیدریس بارزانیەوە رێبەرایەتی کراوە، و باڵی چەپیش ئەوەی سامیە، تێڕوانینی سامی ئەوە بووە ئەو حزبەی خەڵك لێی تەکیوەتەوە، دەبێت ئەلتەرناتیڤێکی بخرێتە شوێن، و بۆ پێشکەوتووخوازەکان و ئەوانەی ورەیان دابەزیوە، ئەلتەرناتیڤ تەنیا سەرکردایەتی و پارتێکی پڕۆلیتاریایە[3].

ناکۆکی لە ناو ئاراستەکانی س.ك بەردەوام بوو، تا مردنی مستەفا بارزانی. شیاوی باسە لەگەڵ ئەوەشدا کە بارزانی لە ساڵی ١٩٧٦ەوە پەناهەندە بوو لە ئەمەریکا، لە هەمان کاتدا بە سەرۆکی س.ك مایەوە بە شێوەیەکی رەمزی[4]. بەڵام بەر لە مردنی راستەوخۆ کەسی بە جێگرەوەی خۆی هەڵنەبژارد. سەرچاوەیەك هۆکاری هەڵنەبژاردنی هیچ میراتگرێك لە لایەن بارزانیەوە بۆ جێگەکەی خۆی گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی بارزانی ویستویەتی هەر دەستکەوتێك بۆ گەلەکەی دەستەبەر بکات خۆی خاوەنی بێت، باس لە خۆپەرستی بارزانی دەکات لەو بارەیەوە هەتا لە ئاستی منداڵەکانی خۆشیدا، بارزانی پێی وابووە کە تەنها خۆی دەتوانێت ئەو دەستکەوتە دەستەبەر بکات و ویستوویەتی بە ناوی خۆیەوە بێت، زیاد لەوەش ئەو پێی وانەبووە هیچ لایەنێکی تر بتوانێت دەست بەو گۆچانی سەرکردایەتیەوە بگرێت، کە خۆی ساڵانێکی درێژ بە دەستیەوە

---

[1] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی، س.پ، ل٦٥ .

[2] حامد مەحمود عیسا: س.پ، بەرگی٢، ل٥٣_٥٤.

[3] گەراس ئاڕ . ڤی. ستانسفێڵد: س.پ، ل٢٠٥،٢٠٦.

[4] دورییە عەونی: س.پ، ل١٦٢.

بووە[١]. هاوکات لە سەروبەندی تێکچوونی تەندروستی بارزانی تین بۆهێنانی نەخۆشیەکەی بارزانی، گۆڕانێکی ریشەیی لە حوکمی شاهەنشاهی هاتە کایەوە، ئەو دەسەلاتەی لە ریشەوە هەڵتەکاند و دەسەلاتێکی ئیسلامی جێگاکەی گرتەوە، لەو کاتەدا بارزانی ئارەزووی گەڕانەوەی رۆژهەلاتی کوردستانی کردوە، تاکو دواساتەکانی ژیانی خۆی لەوێ بەرێبکات، بەلام تێکچوونی تەندروستی رێگر بووە لە گەڕانەوەی، ئەوە بوو بارزانی لە ١ی ئادار کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی گەڕێنرایەوە و لە شاری شنۆی رۆژهەلاتی کوردستان لەسەر وەسیەتی خۆی نێژرا[٢].

بە کۆچکردنی بارزانی پارتی سەنترالیزمی خۆی لە دەستدا، پارتی لەو کاتەدا بە مەترسیترین رۆژەکانی مێژووی خۆیدا گوزەری دەکرد و هاوکات ئەزمونێکی نوێ بوو بۆ رێبەرانی نوێی ئەو پارتە[٣].

لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك ناکۆکی ناو ئاراستەکان بە شێوەیەکی گشتی بە زەقی لە نێو ریزەکانی پارتی سەری هەڵدا، دیارترینیان ئەوە بوو ئیدریس بەڵێنی پشتیوانی کۆماری ئیسلامی دابوو، لە کاتی دروستبوونی ململانێی چەکداری لە نێوان ئەوان و پارتە کوردیەکانی وەك حدکا. بۆ ئەو مەبەستە لە ناو پەناهەندەکان دەستی کردبوو بە کۆکردنەوەی هێزی چەکدار، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی بەشێك لە س.ك بەرهەڵستی ئەو بڕیارە بکەن، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك ململانێی قووڵی تریش لە ناو پارتی پەیدا ببوو، و خاڵی سەرەکی ئەو ناکۆکیانە لە سەر ئەو پارەیە بوو، کە مەلا مستەفا گواستبوویەوە بۆ ئێران، کە ئەوە وەك میزانیەیەکی حزب ئەژمار دەکرا، بڕەکەی بە یەك ملیۆن دینار دەخەملێنرا، شێخ محمد هەرسین بەدەست بەسەردا گرتنی ئەو بڕە پارەیە تۆمەتبار دەکرا، ئەمە بووە هۆی سەرەتای ئاژاوە لە نێوان ئەو باڵەی لایەنگری هەرسینیان دەکرد، ئەنجامی ململانێیەکە بەوە گەیشت کۆمەڵێك کەسایەتی و سەرکردەی سەربازی بگەڕێنەوە و پەیوەندی بە ریزەکانی رژێمەوە بکەن لەوانە: رەشید سندی، عبدلوهاب ئەتروشی و کۆمەڵێك لە هێزەکانیان و هەتا سابیری کوڕی مەلا مستەفا و خێزانەکەشی لەو گەڕاوانە بوون. خاڵێکی تری ناکۆکی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بوو بۆ حزب، بۆ جێگرتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی، دیارترین کاندید بۆ ئەو پۆستە ئیدریس بارزانی بوو، بە پێچەوانەوە ئەو باڵەی س.ك بە سەرکردایەتی سامی عبدلرحمان دژی کاندید کردنی ئیدریس بوون بۆ ئەو پۆستە، پێداگریان دەکرد لەوەی مەسعود بارزانی رکابەری ئەو پۆستە بێت، هاوکات ئەو باڵە دژی هەر رووبەڕوو بونەوەیەك بوون لە گەڵ "حدکا"، وەکو چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە "س.ك" کۆبوونەوەیەکی لە گوندی " شاوانە" ی نزیك شاری "شنۆ"ی سنووری لە تەموزی ١٩٧٩بە ئامادە بوونی زۆرینەی"س.ك" جگە لە ئیدریس بارزانی و عەلی عەبدولا و نوری شاوەیس ئەنجام دا[٤].

لەو کۆبوونەوەیەی "س.ك" لە "شاوانە"، ململانێی دەسەلات لە نێوان ئیدریس و سامی، بە بوونی مەسعود لە ناوەڕاستدا سەری هەڵداوە، لێرەدا سێ دەستە سەریان هەڵدا: باڵی راستی کۆنەپەرست، لەلایەن ئیدریسەوە رێبەرایەتی دەکرا، دەستەی پێشکەوتووخواز لە لایەن سامیەوە، میانڕەوەکانیش لە لایەن مەسعود بارزانیەوە رێبەرایەتی کراوە، دانیشتنەکە مەسعود بارزانیان وەك بژاردەیەکی ناچاری لە نێوان ئەو

---

[١] شلۆمۆ نکدیمۆن: س.پ، ل٤٠٨.

[٢] موحسین دزەیی: وێستگەکانی، بەشی٣،ل٢٢٦،٢١٥؛ مەسعود بارزانی: بزووتنەوەی، بەرگی ٣،بەشی ٢، ل٢٦٧ ،٢٦٨.

[٣] عەلی تەتەر: س.پ، ل١٩٧.

[٤] صلاح الخرسان: م.س، ص٢٥٤ ،٢٥٥.

دوو ڕەوتەدا بینیووە، بۆیە بە سەرۆکی کاتیان هەڵبژارد، سامی عبدلرحمانیشیان وەکو سکرتێری گشتی دەست نیشان کرد[1].

دوای ئەوە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی پێشنیازی بەستنی کۆنگرەی کرد لە هاوین یان پایزی ١٩٧٩، بەڵام ئەم پێشنیازە لە لایەن سامیەوە دژایەتی کرا، داوایان دەکرد کە کۆنگرە بۆ بەهاری ١٩٨٠ دوابخرێت، بۆ بەدەستهێنانی ماوە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی ریزەکانی حزب لەناو پەنابەراندا و تاکو وشیار بکرێنەوە و بە پەیڕەو و ئاراستەی نوێی حزب، پێیان وابووە کۆنگرەیەك بەو پەلە پڕوزێیە ببەسترێت، کۆبوونەوەی حزبی پێناڵێن، بەڵکو کۆبوونەوەی پەنابەرانی ناو دەنێن، وێڕای ئەو ناڕەزایەتیە سەرۆکی پارتی سوور دەبێت لەسەر بەستنی کۆنگرە لەو وادەیدا، بە مەبەستی راستکردنەوەی بارودۆخی سەرکردایەتی. ئەنجام"س.ك" بە زۆرینەیەکی سادە ڕەزامەندی لە سەر بەستنی کۆنگرە دەردەبڕێت، بۆ ئەوەی ئەو ململانێ و گیروگرفتە تاقەت پڕوکێنە ناوخۆییانە کۆتایی پێبهێنرێت[2].

سەرەنجامی ئەو مرخێش مرخێشە ناوخۆییە کۆنگرە لە ناوچەی مەرگەوەڕ، لە گوندی دەربەند لە ٤ی کانونی یەکەمی ١٩٧٩دا بە ئامادە بوونی ٣٢٥ نوێنەر و هەندێك لایەنی وەکو حزبی شیوعی و حزبە کوردستانیەکانی تورکیا و سوریا، بە وتاری مەسعود بارزانی دەستی پێکرد، پاشان لە بەر بچووکی شوێنەکە بڕیار درا کارەکانی کۆنگرە بگوازرێتەوە بۆ ئۆردوگای زێوە لە ناوچەی مەرگەوەڕ[3].

لەناو کۆنگرە ڕێککەوتنێك لە نێوان باڵی ئیدریس و مەسعود بارزانی کراوە، بڕیاریان داوە بە دژایەتیکردنی ئەو باڵەی سامی عەبدولڕەحمان سەرکردایەتی دەکات، دیارە ئەوەش لەوە بە دەرکەوت دوای ئەوەی دەرگای خۆپالاوتن کرایەوە بۆ سەرکردایەتی تازە، سامی پێشنیازێکی پێشکەش کرد بە هەڵبژاردنی ١٤ کەسی س.ك، بۆ لیژنەی مەرکەزی، و ٧ ئەندامەکەی تری سەرکردایەتیش ئەوان ڕەزامەند بن لە سەری، باس لەوە دەکرێت س.ك ویستویانە لەو ڕێگەیەوە دەست بە سەر سەرکردایەتی پارتی بگرن و مەسعود بارزانی وەك سەرۆکێکی ڕەمزی بهێڵنەوە، هاوکات ئیدریس بارزانیش لە سەرکردایەتی حزب دووربخەنەوە، بەڵام ئەو داوایەی لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە ڕەتکرایەوە، لە بەرامبەردا مەسعود بارزانی لیستێکی پێشکەش کرد، کە خاڵی بوو لە لایەنگرانی سامی، دوای ئەوە سامی و لایەنگرانی بڕیاریاندا خۆیان نەپاڵێون و پاشەکشە لە کۆنگرە بکەن[4].

بەو شێوەیە هەرسێ ڕەوتەکە لە ناو حزبدا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە پێشوتر زیاتر گەشەیان دەکرد، ڕەوتی چەپ و ڕەوتی راستڕەو و ڕەوتی نیشتمانی گشتی کە سەرۆکی پارتی سەرکردایەتی دەکرد؛ ئەم ڕەوتە پارێزگاری لە بەڵێنەکەی خۆی نەکرد، کاتێك کەوتە بەر هەڵبژاردنی یەك لەو دوو ڕەوتە، ئەوە بوو راستڕەوەکانی هەڵبژارد، لە گەڵ ئەو کەشو هەوا خراپەی ناو کۆنگرە سامی دەرفەتی وتارێکی بۆ ڕەخسا، بە

---

[1] گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفێلد: س.پ، ل٢٠٦؛ التقرير السياسي للمؤتمر التأسيسي لحزب الشعب الديموقراطي الكوردستاني المنعقد من( ٢٦ الى ٣٠) تموز ١٩٨١: البديل الثوري في الحركة التحررية الكوردية، قدم التقرير الى المؤتمر سامي عبدالرحمن الأمين العام للحزب، ص٣١،٣٢.

[2] حامید مەحمود عیسا: کێشەی کورد، بەشی٢، ل٥٩ ،٦٠.

[3] محمد مەلا قادر: خەباتنامە، ٧٦،٧٧.

[4] صلاح الخرسان: م.س، ص٢٥٦ ،٢٥٧؛ علی سنجاری:٤٨٣ ،٤٨٤

کورتی باسی ئەو دەستکەوتانەی کرد کە لە چالاکی پێشمەرگایەتی بە دەستیان هێناوە، ئەو تۆمەتانەشی رەتکردەوە کە درابوونە پاڵ "س.ك"، هۆکاری خۆکاندید نەکردنی خۆی و هاوڕێکانی روونکردەوە، ئەمەش لە وتاری ماڵئاواییکردن دەچوو لە ناو حزبدا، کە چەندین ساڵ لە ریزەکانی کاری کردبوو بەو شێوەیە سەردەمی دەسەڵاتی "س.ك" کۆتایی پێهێندرا حزب جارێکی تر گەڕێنرایەوە بۆ چواچێوەی سەرکردایەتی[1].

مەسعود بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی باسی لەوە کردووە، داوای لە ئیدریس بارزانی کردووە خۆی کاندید بکات بۆ سەرۆکایەتی پارتی، بەڵام ناوبراو بە هۆی ئەو هێرشە گەورەیەی بۆ سەری کرابوو، بە بەرژەوەندی زانیووە بۆ پاراستنی ریزەکانی پارتی مەسعود بارزانی بەربژێری ئەو پۆستە بێت، بەو شێوەیە مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا[2]. دوای کۆنگرە سامی عەبدولڕحمان لە سەرکردایەتی پارتی جیابووەوە، بەرەو دوا لە ساڵی ١٩٨١حزبێکی پێکهێنا بە ناوی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان[3].

**دووەم/ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان ( پدگك ) و جیابوونەوەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان**

سامی دوای کۆنگرەی پارتی دەچێتە تاران، تاکو لە نێو پەنابەرانی کورد لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات، بە دوای ئەوەدا دوجار لە لایەن لایەنگرانی مەسعود بارزانیەوە قەستەسەری دەکرێت، دواتریش لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانیەوە دەخرێتە بەندیخانەوە، دوای ئەم رووداوانە سامی دەگاتە ئەو ئاکامەی بڕیار بدات وڵاتی ئێران جێبێڵێت و ببێتە پەنابەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا[4]. باس لەوە دەکرێت سامی دوای خۆکاندید نەکردنیان رای وابووە ئەو سەرکردایەتیە تازەیە ناتوانن سەرکردایەتی حزب بکەن، لەو کاتەدا ئەوان وەکو سەرکردایەتی کاتی لە ئەنجامی گرتنی کۆنفڕانسێك دەگەڕێنەوە ناو حزب، بەڵام پاش هەوڵی تیرۆرکردنی، کە سامی گومانی لە ئیدریس بارزانی هەبووە، لە پاشان گیرانی لە لایەن رژێمی ئێران ئەو ئومێدەی نامێنێ و ئیتر لێرەوە بڕیاری جێهێشتنی ئێران دەدات و بیر لە دامەزراندنی حزبێکی سیاسی دەکاتەوە[5].

بە گەیشتنی سامی عەبدولڕەحمان بۆ دەرەوە راستەوخۆ دەست دەکات بە پەیوەندییکردن بە کادرە کۆنەکانی پارتی و بەتایبەت ئەوانەی زیاتر نزیکایەتی هەیە لەگەڵیان، نیازی دروستکردنی حزبێکیان پێ رادەگەیێنێ و داوا دەکات پاڵپشتی بکەن و لە گەڵیدا کار بکەن[6]. بەو شێوەیە دوای دوو ساڵ

---

[1] حامید مەحمود عیسا: کێشەی کورد،بەشی٢،ل ٦٠، ٦١.

[2] عەلی تەتەر نێروەی: س.پ، ل١٢١، ١٢٢.

[3] دیڤید مەکداول: س.پ، ل٥٦٨؛ دورییە عەونی: س.پ، ل١٦٣.

[4] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی، ل٧٧، ٧٨.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عوسمان گورون: سلێمانی ٢٠١٦/٦/٧.( ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ، دەرچووی بەشی فەلسەفەیە لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی دیمەشق ، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ریزەکانی پارتی گەلەوە دەکات ، لە سالانی ١٩٨١-١٩٨٧ لێپرسراوی پەیوەندی و راگەیاندنی ئەم حزبە بووە ، هاوکات سەرنوسەری گۆڤاری (پێشەنگ) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ وە پەیوەندی بە ریزەکانی (ی . ن . ك ) دەکات و ئێستاش ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن و بیروهۆشیاری (ی . ن . ك ) .

[6] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ موحسین دزەیی: هەولێر ٢٠١٥/٢/٣.

خۆکۆکردنەوەی لایەنگرانیان، بە تایبەتی بەشێکی زۆری س.ك، پەیداکردنی پشتگیری ماددی لە لیبیا، ئامادەکاریەکانیان تەواو کرد بە مەبەستی کۆنگرەی ئامادەکاریی بۆ راگەیاندنی حزبێکی سیاسی[1].

پاش تەواوکردنی ئامادەکارییەکان بە سەرکردایەتی سامی عەبدولڕەحمان و بەشێکی زۆری س. ك کە خۆیان لە کۆنگرەی نوێی پارتی کاندید نەکردبوو، لە ڕێکەوتی "٢٦_٣٠تەمموزی ١٩٨١" لە چەند کیلۆمەترێکی دەرەوەی شاری ڤییەننا، کۆنگرەیەکیان بەست. لەو کۆنگرەیە حزبێکی نوێیان راگەیاند بە ناوی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، پاشان وەکو پارتێکی نەتەوەیی چەپخواز لە ناو جەماوەر ناسێندرا[2]. ئەگەر چی ٢٦ی تەمموز بە فەرمی بووە یادی دامەزراندنی پگدك، بەڵام ئەو پارتە خەباتی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ پێش ئەو قۆناغە، وەك لە بەیاناتی ساڵیادی دامەزراندنیان ئەوە بە روونی بە دیار دەکەوێت، جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دامەزراندنی پارتەکەیان لە ئەنجامی ئارەزوویەکی خۆیی یا بیرکردنەوەیەکی خۆیی نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو راستیانە بووە کە کارەساتی ١٩٧٥دیاری کردووە، باسی لەوەش کردووە ئەو رووداوانەی قۆناغ بە قۆناغ لە دوای ئەو ڕێکەوتە هاتوون نەخشیان هەبووە لە دامەزراندنی پارتی گەل، و بە دیاریکراویش دامەزراندنی س.ك، و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بە بەشێك لە سەروەریەکانی خۆی ئەژمار دەکات[3]. ئەمە سەلمێنەری ئەو راستیەیە بۆ ئەوەی "پگدك" خۆیان بە بەشێکی جیابووەوە لە پ.د.ك ئەژمار دەکرد.

زیاد لەوەش لە راپۆرتی سیاسی سامی کۆنگرەی دامەزراندن بە ناوی ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕیی، هێرشی توندی کردووەتە سەر ئیدریس بارزانی و بە کۆنەپەرست و دواکەوتووی ناوبردووە، هاوکات مەسعود بارزانیشی بە پەیمان شکێن بەرامبەریان ناوبردووە ، چونکە باس لەوە دەکەن مەسعود بارزانی پێشتر بەڵێنی ئەوەی پێداون ئیدریسی برای بە هیچ شێوەیەك بەشداری پێ نەکات لەو جولانەوە تازەیە[4]. ئەو هەڵوێستەی پارتی گەل رووبەڕووی لایەنگرانی پارتی دەبووەوە و، دەرگای دژایەتیکردنی پارتی بە رووی خۆیاندا کردەوە[5]. سەرەڕای ئەوانەش پگدك خۆی بە ئەلتەرناتیڤی (پ.د.ك) زانیووە، ئەوەش لە ناوی راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی دامەزراندنیان بە دیار دەکەوێت[6].

لە بەر ئەو هۆکارانە پەیوەندییەکانی ئەو حزبە لەگەڵ پ.د.ك لە سەرەتادا ئاستەنگی تێکەوتووە، بەو هۆیەوە هەندێك وردە پێکدادانی سەربازی لە نێوانیاندا لە ناوچەکانی بادینان روویداوە[7]. کەواتە پەرچەکرداری پارتی بەرامبەر ئەو حزبە بووە شتێکی چاوەڕوانکراو. لێرەوە جموجوڵەکانی ئەم پارتە لەلایەن پارتییەوە خرایە ژێر چاودێریی، و ئەوە بوو لە ئێران لە ناو پەنابەراندا لە لایەن پاراستنی پارتییەوە چەند

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەمال عەلی: سلێمانی، ٢٠١٦/٦/٧.

[2] کرمانج گوندی( کەریمی سەعید مەسیفی): سی ٣٠ ساڵ خەبات و ولاتێکی وێران، سوێد، نۆڤێمبەری ١٩٩٠ ، ل٧٠؛ عەلی کەندی: مێژوونامە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٣٥.

[3] بەیانی دامەزراندن لە پێشەنگ وەرگیراوە

[4] بۆ زیاتر بڕوانە: البدیل الثوری، م.س، ٢٨، ٣٨.

[5] کرمانج گوندی: س.پ، ل٧٠.

[6] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عوسمان گرون: سلێمانی، ٢٠١٦/٦/٧.

[7] محەمەد فاتیح: حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عیراقییەکان١٩١٠_٢٠١٠، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٦٣.

کەسێکیان دەست بەسەردەکرێت، هاوکات دوای ئەوەی هێزێکی سێ سەد کەسی پگدك دەیانەوێت لە سووریاوە بپەڕنەوە ناو خاکی کوردستان رووبەرووی ڕێگریکردن دەبنەوە لە لایەن هێزەکانی پارتی، دوای رۆژێك پێکدا هەڵپڕژان، بەڵام هیچ کەس لە نێوانیاندا ناکوژرێت و بەرپرسێکی دیاری سەربازیان خۆی رادەستی رژێم دەکات ، و بەو هۆیەوە هێزەکە لە هاتنەوەیان بۆ خاکی کوردستان توشی شکست دەبن بۆ خۆیان باس لەوە دەکەن دەیانتوانی بەرگری بکەن چونکە ژمارەیان کەم نەبووە، بەڵام هۆکاری بەرگری نەکردنیان بەرامبەر هێزەکانی پارتی گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی تەحریمی شەڕی برا کوژی و کورد کوژیان کردووە[١].

ئەم رووداوە هێزەکانی پارتی گەلی لێکترازاند، ناکۆکی نێوان پ.د.ك و پدگك، قوڵتر دەبووەوە، لێرەوە ئەوە بۆ پگدك روونبووەوە تاکە رێگای بەردەمی گۆڕینی سیاسەتیەتی بەرامبەر بە پارتی، بەواتا ناتوانێت ببێتە بەدیلی پارتی، و بۆیە بە هەوڵی کۆمەڵێك لایەنی کوردستانی و هەندێك لایەنی فەلەستینی و باس لە ناوبژیوانی ئێرانیش دەکرێت کە کەوتوونەتە نێوان هەردوو پارتەوە بۆ چاککردنی پەیوەندییەکانیان، پاش ئەو هەوڵانە پەیوەندییەکانی هەردوو پارت پاش جیابوونەوەیان جارێکی تر ئاسایی بووەوە دوای دابڕانیان لە یەکتر، پارتی رێگەی دا بە گەڕانەوەی پارتی گەل بۆ ناوچەکانی بادینان[٢]، و سامیش سیاسەتی خۆی بەرامبەر پارتی گۆڕی و هەوڵی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەی داوە. دواجار باس لەوە دەکەن سامی عەبدولڕحمان لە ساڵی ١٩٨٩ گوتوویەتی:(( دەبێت سوود لە کلتوری بارزانی وەربگرین، من وەزیر بم هی مەلا مستەفایە، پێشمەرگە بم هەر پێشمەرگەی مەلا مستەفام))[٣].

بەو شێوەیە پەیوەندییەکانی هەردوو پارت ئاسایی بوونەوە، بەڵام ئەوەی لەو نێوەندەدا ئاسایی نەبووەوە پەیوەندی نێوان سامی و ئیدریس بارزانی بوو، چەند هەوڵ دراوە لەو پێناوەدا بێئاکام بووە، ئیدریس بارزانی لێی خۆش نەبووە، ئیدریس بارزانی سامی عەبدولڕەحمانی بە هۆکاری سەرەکی زانیووە کە بەوهۆیەوە چانسی سەرۆکی پارتی لەدەست داوە، بۆیە تا مردنی ئیدریس بارزانی پەیوەندی ئەو دوو کەسایەتیە ئاسایی نەبووەوە، بەڵام پێش ئەو رێکەوتنەش پەیوەندی سامی و مەسعود بارزانی چەند جارێك پێکەوە بینراون پەیوەندییەکی ئاسایی و برایانە بووە[٤].

هەرچی دەربارەی پەیوەندییەکان پدگك بە حزب و لایەنەکانی تری گۆڕەپانی سیاسی کوردستانەوە، لەگەڵ ی.ن.ك هەرچەندە سامی عبدلرحمان پێشینەیەکی باشی نەبووە لە ناو ریزەکانی یەکێتی، چونکە

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پاڵە: هەولێر ٢٠١٦/٥/١٩ .( بارزان ئەحمەد قسیم ناسراو بە پاڵە باوانی ، ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی باوانی سەر بەقەزای ئامێدی لەدایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی لە مەسیف و لە هەولێر تەواو کردووە و بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی بەغداد تەواو کردووە ، سەرەتای کاری سیاسی دەچێتە ریزی یەکێتی قوتابیانەوە ، ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە ئەندامی پارتی ، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و دەبێتە پارتی گەل ، ساڵی ١٩٨٢ — ١٩٨٣ دەچێتە دیمەشق و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەبێت بە لێپرسراو ی لقی بالیسانی پارتی گەل ، دواتر چەندین پۆستی حزبی وەردەگرێت پاشان دوای هەڵوەشانەوەی پارتی گەل دەچێتە ریزەکانی پارتییەوە ، ٢٠٠٦-٢٠١٠ دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق . ئێستا نیشتەجێی شاری دهۆکە .

[٢] کرمانج گوندی: س.پ، ل٧٢.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پاڵە: هەولێر ، ٢٠١٦/٥/١٩ .

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عوسمان گورون: سلێمانی ٢٠١٦/٦/٧.

ناوبراو تۆمەتباری سەرەکی کارەساتی هەکاری[1] بووە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هەردوولا دامەزراوە، هاوشێوەی یەکێتی سوریا دەبێتە بارەگای سەرەکی پدگک، لە پاشان چەند کادرێکی پارتی گەل دێنە سنووری چالاکیەکانی یەکێتی گفتو گۆش لە نێوانیاندا رودەدات بە مەبەستی رێکەوتن سیاسی لە نێوانیاندا، بۆ ئەو مەبەستە چەند دیدارێك لە نێوانیاندا ئەنجام دەدرێت، بەڵام بە گشتی ئەو هەولانە ئەنجامێکی ئەو تۆ بەدەستەوە نادەن، بەڵام جەلال تاڵەبانی لە پەیکێکدا ئەوە بە پارتی گەل رادەگەیێنێ، لە کاتی هاتنەوەیان بۆ کوردستان ئامادەیە لە تەنیشتی خۆی بارەگایان بۆ بکاتەوە، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی (پدگك) ناوچەکانی بادینان بووە، لە هەمانکاتدا تاڵەبانیش لە ناوچەکانی بادینان کەسێکی ویستراو نەبووە، بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت هەردوو لایان بە پارێز بووبن لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتری لە سەرەتادا[2]. بەڵام لە پاشان وەکو سامی عەبدولڕەحمان ئاماژەی پێکردووە لە سەر داوای جەلال تاڵەبانی سەردانی یاخسەمەری کردووە، دیارە لەو گەشتەیدا سەردانی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی کردووە و، ژیان و گوزەرانی خەڵك و ناوچەکەی لە نامیلکەیك بلاو کردوەتەوە[3].

هەرچی پەیوەندی پدگك بە ح.س.ك ەوەیە لە پەیوەندی لە گەڵ لایەنەکانی ترە پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ بە شێوەیەك لە ساڵانی٨٤_٨٥، پانزدە دانیشتن ئەنجام دەدەن، بە مەبەستی یەکگرتنی هەردوو حزب، وێڕای ئەوەی زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوانیان دەبێت ، بەڵام هەردوو لا ناگەنە قەناعەتی یەکگرتن[4].

لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی جگە لەوەی (پدگك) توانی پەیوەندییەکی پتەو لە گەڵ لیبیا و سوریا بنیات بنێت، کە ئەو کات پشتیوانی سەرجەم لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیان دەکرد، توانیان پەیوەندی لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەت دابمەزرێنن لە رێگای یەك لە خوێندکارە کوردەکانەوە کە ئەو کات لە هەمان پەیمانگا بوو

---

[1] کارەساتی هەکاری: یەکێتی دەیویست پێش ئەوەی حکومەتی عێراقی پرۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی سنور کە بە نیاز بوو لە(١٩٧٨/٦/١) دەست پێبکات بارەگای سەرەکی بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی پارێزراوتر، هەروەها مەبەستێکی تری یەکێتی بریتی بوو لە بردنی دەستەی چەکداری یەکێتی بۆ بادینان بەئامانجی پڕکردنەوەی ئەو ناوچەیە بە چەکداری خۆی ، و کەمکردنەوەی ئەو زیانانەی کە پێشتر بە هۆی سەرکردایەتی کاتی پارتییەوە توشی یەکێتی ببوو لەو ناوچەیە، و پاککردنەوەی ناوچەکە لە سەرکردایەتی کاتی پارتی ئەگەر بونە ڕێگری یەکێتی، و نزیکبونەوە لە (دە.دە.کا.دە DDKD) لەسنوری باکوری کوردستان.( ڕێباز : س.پ،ل ١١٥ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە ، ل ٢٦٦_٢٦٧ ؛ محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك باسی ڕوداوەکانی ( ٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نویٚ ی گەلەکەمان دەکات ١٩٧٦_١٩٩٦، ب١ ، چ١، سلێمانی ،١٩٩٩. ، ل ١٧٧). هەڵەی سەرکردایەتی یەکێتی لەپلان و هەڵبژاردنی کاتی بەڕێکەوتن و چۆنیەتی بەڕێکەوتنی ئەم هێزە گەورەیە لەگەڵ چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی وایکرد یەکێتی توشی شکستێکی گەورە بێت کە لە مێژووی یەکێتیدا بە کارەساتی هەکاری ناودەبرێت، هێزی یەکێتی کە لە (١٠٠٠ )پێشمەرگەی چەکدار و بیٚ چەك پێکدەهات ، بڕیاردرا ئەم هێزە بە سیٚ ڕەتڵ بەڕێبکەون هەردوورەتڵی یەکەم و دووەم نزیکی(٨٠٠ ) پێشمەرگە دەبوون بەهۆی پەلاماری سوپای عێراق و ئێران وچەکدارانی سەرکردایەتی پارتی و هۆزە کوردەکانی سنوری تورکیا عێراق کە سەر بە میت و سەرکردایەتی کاتی پارتی بوون پەرتەوازە بوون و تەنها هەشت پێشمەرگەیان لێگەڕانەوە، ژمارەیەکە زۆریان کوژران یان ڕەقبونەوە یان کەوتنە دەست ئێران و سەرکردایەتی کاتی یان خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوە، سیٚ فەرماندەی یەکێتی عەلی عەسکەری و دکتور خالید و حسین باباشێخ شەهیدکران(صلاح الخرسان : م . س ، ص٣٧٣_٣٧٩.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ پاڵە باوانی؛ سەرەتاو ئاسۆ:ل١٣٧ ،١٣٨.

[3] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو گەشتە، بڕوانە: سامی عبدالرحمان، جولة في الارض المحروقة، من منشورات حزب الشعب الديموقراطي الكردستاني، ١٩٨٨.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عوسمان گورون: سلێمانی، ٢٠١٦/٦/٧.

که پریماکۆڤ وانەبێژ بوو، ئەو خوێندکارە کوردە نامەیەکی سامی دەگەیەنێتە پریماکۆڤ لە پاشان هەندێك زانیاری تر لەسەر داوای پریماکۆڤ لە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەگەیێنێتە ناوبراو[1]. ئیتر ئەو پەیوەندییانە بەرەو پێشەوە دەچێت تا دەگاتە ئەوەی سامی عەبدولڕحمان چاوی بە پریماکۆڤ دەکەوێت، بۆ ئەو کات بە ڕووداوێکی گرنگ لێکدرایەوە کە سەرکردایەتیەکی کورد لەو ئاستە بالأیە پێشوازی کراوە[2].

پاشان لە ٧ی ئایاری ١٩٨٨بەرەی کوردستانی دامەزرا و، (پدگك) لایەنێکی بەشدار بووی ئەو بەرەیە بوو[3]، پاش گەڕانەوەیان بۆ خاکی کوردستان، پدگك کۆنفڕانسی دووەمی خۆی لە ڕێکەوتی( ١_٤ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧لە خاکی کوردستان یەکەم کۆنفڕانسی خۆی بەست، دیارە وەك لە راپۆرتی سیاسی کۆنفڕانس هاتووە، ئەم کۆنفڕانسەی بە گرنگ زانیووە، کە لەسەر خاکی کوردستان دەبەسترێت، گرنگیەکەشی لەوەیا بینیوەتەوە بەو هۆیەوە ئەو پڕوپاگەندانە بڕەوێنێتەوە کە بە حزبی هەندەران بناسرێن، بەلأم خالی جێگای سەرنج وێڕای ئەوەی لە سەر خاکی کوردستان دەبەسترێت، بەلأم سامی عبدلرحمان پێشنیاز دەکات ناوی قودسی لێبنرێت[4]. ئەم هەلۆێستەی سامی وا لێکدەرێتەوە بۆ رەزامەندی ئێران و فەلەستینیەکان ئەو کارەی کردبێت، بەلأم بە گشتی ئەمە بە سیاسەتێکی نەرێنی دادەنرێت بۆ پارتێکی نەتەوەیی چەپخواز[5].

بە گشتی ئەم کۆنفڕانسە بۆ هەلسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان تایبەت کرابوو، لەگەلْ تاووتوێکردنی بەرەکان و چوونی پدگك بۆ ناو ئەو بەرانە و، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە سەرکردایەتی هەبوو، لەکاتی کۆنگرەی یەك، بە جێهێلرابوو تاکو بە کادرانی ناوەوەی ولأت پڕبکرێنەوە، لە گەلْ تێڕوانینی پارتی بە گشتی[6].

ماوەتەوە بلێین سەرکردایەتی و ئەندامانی پارتی گەل لەسەر ئاستی تاك پەیوەندییان بە پارتیەوە دەکرد، بەبێ هیچ بەربەستێك لە لایەن پارتیەوە وەردەگیرانەوە، بە نموونە باس لە کریم سنجاری دەکرێت لە میانی چاوپێکەوتنێکی بە مەسعود بارزانی راگەیاندووە ئارەزووی گەڕانەوەی ناو پارتی هەیە، ئەویش راستەوخۆ رەزامەندی داوە[7]. دوای کۆنفڕانسی یەکەم ڕێکەوتنێك لە نێوان پدگك و پ.د.ك مۆرکرا، لێرەوە ڕێگا بە پدگك درا، خەباتی سیاسی و بارەگای سەربازی ببەنەوە ناوچەکانی بادینان، و ناوی پارتی لە بەیانەکانی پارتی گەل بە پارتی هاوپەیمان هاتووە[8].

---

[1] ئەو کەسەی ئەو پەیوەندیەی دروست کردووە، یەکەم جار کەمال عەلی بووە، چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەلْ کەمال عەلی: سلێمانی، ٢٠١٦/٦/٧.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەلْ عوسمان گورون: سلێمانی،٢٠١٦/٦/٧.

[3] هاوڕێ باخەوان: ( هاوڕێنامە ) بۆ مێژووی کوردستان و کورد، چاپخانەی ڕوون، بێشوێنی چاپ، ١٩٩٩، ل٣٢٦.

[4] پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان: راپۆرتی کۆنفرانسی یەکەمی، سەرەتاو ئاسۆ، سامی عبدالرحمن پێشکەشی کردووە، چاپخانەی گەل، ١٩٨٨،ل٥_٩.

[5] کرمانج گوندی: س،پ، ل٧٢.

[6] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەلْ پالە، هەولێر ، ٢٠١٦/٥/٩ .

[7] چاوپێکەوتنی توێژەر عوسمان گورون: سلێمانی ٢٠١٦/٦/٧.

[8] پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان: راپۆرتی کۆنگرەی دووەمی، سەرەڕای سەختی، کاروان بەرەو پێش دەچێت، سامی عبدالرحمن پێشکەشی کرد، چاپخانەی گەل، ١٩٩٠، ل١٣٨.

**سێیەم / پارتی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی ئامادەکردن.**

هەریەك لە مەحمود عوسمان، قادر جەباری، شەمسەدین موفتی، عەدنان موفتی کۆمیتەی ئامادەکردنیان لە سوریا دامەزراند. ئامانجی دامەزراندنی ئەم کۆمیتەیە بۆ ئەوە بوو پارتی لەسەر بنچینەیەکی نوێ و هاوچەرخ بنیات بنێتەوە[١]، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد دوای ڕێککەوتنی جەزائیر شیرازەی پارتی بە تەواوی ترازاوە و، خەباتی پارتی چووەتە قۆناغێکی تەواو جیاوازتر لەوەی پێشوو، بۆیە دەبێت پەند لە خەباتی پێشوو وەرگرن و هەرگیز دووبارەی نەکەنەوە، جەختیشیان لەسەر دووبارە ڕێکخستنەکانی پارتی کردوەتەوە، دوور لە پاشماوەی خێڵەکی بارزانی و، دژایەتی سەرکردایەتی کاتی ڕاگەیاندووە، پێیان وابووە پەیڕەوی هەمان سیاسەتی جاران دەکەن کە کوردی گەیاندوەتە شکست [٢].

کۆمیتەی ئامادەکردن زیاد لەوەش هەڵسەنگاندنێکی بۆ شۆڕشەکانی کوردستان و بە تایبەتی تر شۆڕشی ئەیلوول کردووە، و هۆکارەکانی شکستی ئەو شۆڕشەی دەست نیشان کردووە، کە بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئەو قۆناغەی شۆڕشی کورد[٣].

پێدەچێت هەر لە ئێران نێوانی مەسعود بارزانی و مەحمود عوسمان شاشی تێکەوتبێت، چونکە مەسعود بارزانی هەوڵی داوە لایەنگرانی لە مەحمود عوسمان بتەکێنێتەوە، بە بێ ئەوەی هۆکارەکەی روونکردبێتەوە[٤]. لە پاشان لە کۆتاییەکانی ١٩٧٧ مەحمود عوسمان، شەمسەدین موفتی و قادر جەباری دەگەڕێنەوە کوردستان و لای م.س یەکێتی و جەلال تاڵەبانی دەگیرسێنەوە، هەرچەندە ئەو کۆمیتەیە نابنە بەشێك لە نیمچە بەرەی یەکێتی، بەڵام لە زۆربەی بابەتەکان رایان وەرگیراوە و پرسیان پێکراوە، زۆرجاریش وەکو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی دەنگیان داوە، بەڵام بە گشتی لە رووی جەماوەریەوە لە کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری خۆیان سەرکەوتوو نابن، بەو ناوەی ئاگاداری کێشەکانی ناو یەکێتی بووە ویستویەتی سوود لەو ناکۆکیە ناوخۆییانە وەربگرێت کە لە ناو باڵەکانی یەکێتی هەیە، ئیتر ئەوە بوو دوای کارەساتی هەکاری و بە جیابوونەوەی بزووتنەوە لە گەڵ بزووتنەوە کەوت[٥]. هەرچەندە باس لەوە دەکەن زۆرجار مەحمود عوسمان رەخنەی لە رەسوڵ مامەند گرتووە، بگرە هەندێك جار گاڵتەی پێکردووە، و شەوی جیابوونەوەی ئەو باڵە لای مام جەلال دانیشتووە و باسی جیابوونەوەی ئەو باڵە کراوە، بەڵام مەحمود عوسمان بێئاگایی خۆی نیشان داوە، کەچی بۆ بەیانی هەواڵی رۆیشتنی مەحمود عوسمان لە گەڵ باڵی جیابووەوە بڵاو بووەتەوە ، ئەوەش بووەتە جێگای سەرسوڕمانی سەرکردایەتی یەکێتی و لە پێشەوەیان جەلال تاڵەبانی[٦].

---

[١] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری، ل٣٣٨.

[٢] خەباتی کوردستان" نضال کردستان": ئۆرگای کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە١، تەمووزی١٩٧٧.

[٣] پ.د.ك.ئامادەکردن:س.پ.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عبدلمسور بارزانی، سلێمانی، ٢٠١٦/٤/١٧ .

[٥] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری، ل٣٣٨، ٣٣٩.

[٦] جەمال فەتحوڵلا تەیب: بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥/٣/٢١-١٩٨٠/١١/٢٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە ، چ١ ،چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ٢٠١٢،ل٨٦.

بەو شێوەیە ئەو کۆمیتەیە لە ساڵی ١٩٧٩ لە گەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیست یەکیان گرت و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان دامەزراند[١].

**چوارەم / یەکێتی دیموکراتی کوردستان**

دامەزرێنەری ئەم حزبە، هۆکاری دامەزراندنی حزبەکەی گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی ڕەتی کردوەتەوە ددان بە شەرعیەتبوونی س.ك بنێت، لەبەر ئەوەی لە لایەن کادرانی دەزگای پاراستن دروست کراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە کاتی دروستکردنی (س.ك) زۆربەی ئەوانەی لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی هەڵبـژێردرابوون دوورخرابوونەوە[٢]. ئەمانە پێیان وابوو ئەو ١٤کەسەی پێشتر لەو کونگرەیە هەڵبژێردرا بوون یاساییە و، پێویستی بەستنی کۆنفڕانسی نەبووە، هەر بۆیە لە دیمەشق لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٧٧ یەکێتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند، دیارترین ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە: جەمال ڕەشید، دەروێش حەسۆ، عسمەت شەریف وانلی، عەلی کەرەم فەیلی و مەعروف هەولێری، لە هەمووشی جێگای سەرنجتر جگە لەوەی لە بەیانی دامەزراندنیان، داوای پاراستنی خەباتی درێژ خایەنی کردووە، هاوکات دروستکردنی پەیوەندی برایەنەی لەگەڵ س . ك کردووە بە ئامانج[٣].

عەلی سنجاری دانی بەوەیا ناوە لە میانی دیدارێکی لە گەڵ مەسعود بارزانی لە ٢٧ی ئایاری ١٩٧٧، پاش دەربڕینی ڕاز و گلەیی و هەڵوێستی سنجاری لە مەڕ پارتی پێشنیازی دامەزراندنی ئەو پارتەی بۆ سنجاری کردووە، و بەڵێنی پێداوە لە کۆنگرەی داهاتوو لە ئەنجامی کۆنفڕانسێك یەکبگرنەوە؛ ئەم ڕاستیە لە بەیانێکی ناوخۆیی س.ك بە دیار دەکەوێت کە بە ئاگاداری مەسعود بارزانی ئەو حزبە دامەزراوە. بەڵام دواتر لە کۆنگرەی ٩ی پارتی کاتێك بڕیاری ئەوە دەدەن ئەوانەی پێشتر لە حزب خیانەتیان کردووە دەربکرێن، عەلی سنجاریش یەکێك دەبێت لەوانەی بە خیانەتکردن تاوانبار دەکرێت، سنجاریش لە پاشان گلەیی ئەوە لە مەسعود بارزانی دەکات وێڕای بوونی ئەو ڕاستیانە کە چی لە کاتی تۆمەتبارکردنی بە خائین، داکۆکی لە ڕاستییەکان نەکردووە[٤].

ئەم حزبە پاش بەیانی ڕاگەیاندنیان نامیلکەیەك بڵاودەکەنەوە لە سەر شۆڕشی ئەیلول، بارودۆخی بابەتی و خۆییەکانی پەیوەست بەو شۆڕشە، و ئەو بارودۆخەی شۆڕشی پێدا تێپەڕیووە، لەگەڵ مێژووی پەیوەندییەکانی شای ئێران و ئەمەریکا بە شۆڕشەوە، هەندێك بابەتی لە سەر لایەنی چەپی تێدایە، بەڵام (س.ك) ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی نامیلکەکە دەگرن و ئەوانەی بڵاویشیان کردوەتەوە دەست بە سەر دەکرێن. جگە لەمانەش ڕۆژنامەیەکی مەرکەزی دەردەکەن بە ناوی" الشعلة_ مەشخەڵ". یەك لە ئامانجەکانیان بانگهێشتی بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دەکەن. بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەیەك دروست دەکەن لە هەریەك لە

---

[١] فوئاد سدیق: گەردەلوولی سیاسەت، چاپخانەی خانی، بەشی٢، چاپی١، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٠٢ ؛ بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چۆنیەتی جیابوونەوەو یەکگرتن و دامەزراندنی حسیك بڕوانە: بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

[٢] علي سنجاري: القضية الكردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، مطبعة خاني، الجزء الثالث، دهوك،٢٠١٢، ص٤٤٦.

[٣] عەلی تەتەر نێروەی: س.پ، ل٩٠ ،٩١.

[٤] علي سنجاري: القضية، ص٤٤٩ ،٤٥٠ ،٤٨٣.

کامران بەدرخان و عیسمەت شەریف وانلی و عەلی سنجاری، بۆ ئەو مەبەستە نوێنەری حزبەکان کۆدەکرێتەوە بەڵام دواجار ناکۆکیەکانی یە کێتی و پارتی لە بەستنی ئەو کۆنگرەیە رێگردەبێت [1].

لێرەوە دەبینین زۆرترین کەرتبوون لە ریزەکانی پارتی روویداوە. یەك لە سەرچاوەکان هۆکاری ئەوەی گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی پارتی بەدرێژایی مێژووی قەیرانی بێسنووری مەرکەزیەتی و تاکڕایی و دوورە جەماوەری پێ چارە نەکراوە، ئەمە بووە بە هۆی زۆری کەرتبوون و ئەوەی کەس خۆی بە خاوەنی راستەقینەی ئەو پارتە نەزانێت، لە هەمان کاتدا نەبوونی کادری بەهێز و نەبوونی بیر و باوەڕی بەهێز، سەرای ئەوانەش چارەسەری ناکۆکی سۆرانی و بادینی پێنەکراوە[2].

---

[1] علي سنجاري: القضية، ص٤٥١_٤٥٢.

[2] مسعود عبدالخالق: ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان ( ڕەوتیان _ ئایدۆلۆژیان _ هەڵسەنگاندنیان) ، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٦٨، ١٦٩.

## باسی یەکەم: دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

### تەوەری یەکەم: فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

#### ١- بارودۆخە ناوخۆییەکان:

بارودۆخێکی ناوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانی زۆر ناسك و نەگونجاو بوو بۆ کورد، لەناوخۆدا تەنها سێ مانگ بوو شۆڕشی ئەیلول زۆر بەبێ ئومێدی لە ١٩٧٥ شکستی هێناو جاڕی کۆتایی هێنانی حزبایەتی و سیاسەت و کوردایەتیش بوو لەو دەمیدا، کە خاوەنی توانای جەنگی بەهێز و ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی ڕزگار کراوی هەبوو، بێ ئەوەی هیچ ڕێنمایەك بەو خەڵکە بدرێت، بۆیە بە بەشێك لە ڕۆشنبیرانی چەپی کورد یاخود عەلمانیەتی کورد بە (ئاش بەتاڵ) ناوزەندیان کرد، بەو شێوەیە شاخ و گۆرەپان چۆڵ بوو، حکومەتی بەعس زۆر زاڵ بوو بەسەر کوردستاندا[(١)]. دۆخێکی سیاسی تەواو تازە هاتە کایەوە کە نەدەکرا کاریگەریەتی خۆی لەسەر بارودۆخی ژیانی سیاسی داهاتوی وولات نەبێت ، پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی کە تا ئەوکاتە ڕێبازێکی سۆسیالیستی گرتبووەبەر، وردە وردە لەو ئایدۆلۆجیانەی خۆی پاشەکشەی کرد. هۆی سەرەکی لەم وەچەرخانەی سیاسەتی بەعس لەوە دابوو کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا چاك کرد، بەڵام هۆیە سەرەکیەکە هەرەسی شۆڕشی کوردستان بوو کە توانایەکی گەورەی خستە بەردەم حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی ئایدۆلۆجیای ڕاستەقینەی خۆی جێ بەجێ بکات کە تا دەهات دڕندەیی خۆی وەدەردەخست لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵی عێراقدا [(٢)].

دوای شکستی شۆڕشی کورد بارودۆخێکی ئاڵۆز و نائاسایی و دژوار باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا و هەموو کوردستانی گرتەوە ، زۆربەی ئەو تێکۆشەرە سیاسی و سەربازیانەی کە لە ڕیزی شۆڕشدا بوون ورەیان بەردابوو، و سەرانی حکومەت و زۆربەی خەڵکی لەدوای هەرەسی شۆڕش پێیان وابوو جارێکی تر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ناژێتەوە، ئەو بۆ شاییە سیاسیەی لە دوای هەرەس درووست ببوو ناتوانرێت بەو خێراییە پڕبکرێتەوە [(٣)]. ئەم کەشە پڕ لە نائومێدییە وای دەخواست کە زیاتر دەستوبرد بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە سیاسیە، بۆیە لەلایەن چەند تێکۆشەرێکی کوردەوە زنجیرەیەك کۆبوونەوە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە (شام و ئەوروپا)دا بەسترا وەك وەڵامێك بۆ بارودۆخی سیاسی کوردستان [(٤)]. دوای سەرکەوتنی دەسەڵاتی بەعس بە ماوەیەکی کەم بۆ درێژەدان بە شۆڕش جەلال تاڵەبانی

---

(١) مسعود عبدالخالق: س . پ ، ل ١٦.

(٢) چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان ، کۆمەڵێك گوتار و چاوپێکەوتن، کتێبی روناکبیری، سلێمانی، ئابی ٢٠٠٢،ل ٥.

(٣) کەمال فوئاد : سەرەتاکانی دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش دەگێڕێتەوە، گۆڤاری "ڕێبازی نوێ" ژمارە (١٩)، حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل ٢٣–٢٤. ( بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بارودۆخی سیاسی کوردستان لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و زەمینەی دروستبوونی (ی .ن .ك) بڕوانە : د. دلێر ئەحمەد: ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی(ی .ن .ك) ی تێدا لە دایك بوو، گۆڤاری "ڕێبازی نوێ "، ژمارە(١٩)، حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل ٧).

(٤) د.کەمال فوئاد : س . پ ، ل٢٤.

دەستیکرد بە وەرگرتنی بۆچونی ئەو کەسایەتیانەی کە لە دەرەوەی ولآت بوون [١]، بەلآم لەم کاتە دژوارەدا ئیرادەی ڕاستەقینە لای تێکۆشەرانی کورد نەچووە ژێر ئەو بارودۆخە، بەڵکو حاڵەتی هۆشیاری شۆڕشگێڕانەی خۆیان پاراست، ئەو ئیرادەیە هانیدان درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن، هەر دوای چەند مانگێك دەستکرا بە خۆ ڕێکخستن و درێژەدان بە خەباتی سیاسی و چەکداری [٢]. سەرەنجام دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لێکەوتەوە[٣].

بۆیە دەبێت ئەو ماوەیەی شۆڕش تێیدا هەرەسی هێنا وەك خاڵێکی وەرچەرخان لێی بڕوانرێت، چونکە بە نەمانی هەر نفوزێکی بارزانی لە ناوچەکە و ڕۆیشتنی سەرکردایەتی پارتی بۆ ئێران، شانۆکە بە تەواوی بۆ گروپەکانی باڵی چەپ ئاوەڵا بوو، بەو شێوەیە تەیاری عەلمانی و مارکسی زۆر تەشەنەی کرد لە کوردستان، حزبی شیوعیش ئەو شەپۆلەی پێ هەرس نەکرا لەبەر عێراقیەتەکەی، بە پێچەوانەوە بەیانی دەرکرد ئەو جموجوڵەی دروستبوونەوەی شۆڕشی بە قەلآکانی ئیمپریالیزم و ڕەجعی لە دژی حکومەتی نیشتمانی بەعسی لە قەڵەم دا، تەنانەت ڕووخانی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە ١٩٧٥ کە شینی کوردان بوو، ئەوان لە کۆنگرەی ٣ ی ١٩٧٦ ی ( ح.ش.ع ) بە دەسکەوتێکی گەورەی وەسف کردوو ئەو شۆڕشەی بە (رجعی) لە قەڵەم دابوو. هەموو ئەو هەڵوێستە سلبیانەی (ح.ش.ع ) بووە پێشەکیەکی بەهێز بۆ گەشەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و دروست بوونی (ی.ن.ك ) یش[٤].

**٢- بارودۆخە دەرەکییەکان**

هەرسێ ولآتی ( عێراق ، ئێران ، تورکیا) پلانێکی خنکێنەریان لە دژی کورد داڕشتبوو، دیارترینیان ڕێکەوتنامەی جەزائیر بوو، لە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەدا شۆڕشی کورد تووشی شکستێکی سیاسی و سەربازی گەورە بوو، لە ئەنجامی ئەوەدا تەرازووی هێزەکان بە قازانجی بەعس و بە زەرەری کورد و جوڵانەوەکەی شکایەوە، ئیتر بەعس دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ڕەخسا تا نەخشەکانی خۆی لە مەڕ بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی کوردستان جێبەجێ بکا و گەلی کورد بتوێنێتەوە[٥]. هەردوو حزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە سوریا و عێراق ناکۆك بوون، زەمینەیەك بۆ یەکێتی هاتە بار، بەڵام شوێنی بوونی (ی.ن.ك) کە لە ناوچەی سنوورییەکانی ئێران بوو بەهۆی دووری سنوورەکە سوودێکی وای نەبوو، ئیتر باری ئیقلیمی زۆر سەخت بوو.

---

[١] مایکل إم غینتر : کورد العراق آلام و آمال ، ت: عبدالسلام محمد رؤف النقشبندي ، دار آراس للطباعة والنشر ، ط١ ، أربيل ، ٢٠١٢،ص ٥٧.

[٢] محمد فاتح: س . پ ، ل ٤١

[٣] سەبارەت بە مێژوویی دامەزراندنی (ی .ن .ك) ودەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ بڕوانە:( سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان دامەزراندن و دەست پێ کردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی / سیاسی یە ، چ١ ، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی ، ٢٠٠٢).

[٤] مسعود عبدالخالق: س . پ ، ل ١١٧.

[٥] ئەمین قادر مینە : ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان : تەرحیل ، تەعریب ، تەبعیس، بلاْوکراوەکانی ئەکادیمییای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی(ی . ن . ك)، سلێمانی ، ٢٠١٢، ل ٢٤٣.

**جیهانی سەرمایەداری و ڕۆژئاوا بە پێی بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، لە گەڵ دوژمنانی کورد وێکدەهاتەوە، ولأتانی سۆسیالیست و یەکێتی سۆڤیەت پەیماننامەی (٢٠) ساڵەیان لەگەڵ عێراق هەبوو ، ولأتانی جیهانی سێیەم و جامیعەی عەرەبی بەشێوەیەکی کوێرانە پاڵپشتی عێراق بوون. تەنیا چەند کەسایەتییەکی جیهانی وەك (ماوتسی تۆنگ لە چین و کیم ئیل سۆنگ لە کۆریا، موعەمەر قەزافی لە لیبیا و چەند کەسایەتیەکی تری ولأتانی سوریا و یەمەن )، کە پێچەوانەی خواستی ولأتانی سەرمایەداری و ڕێکخراوی (بەرەی میللی بە سەرۆکایەتی جۆرج حەبەشی )، کە دۆستایەتی تایبەتی لەگەڵ خودی سکرتێری یەکێتی هەبوو بشتیوانی جەلال تاڵەبانی بوون [١] . ئەو پەیوەندییە ڕۆڵێکی کاریگەری لە پەیوەندیکردن بە هێز و لایەنە هاوسۆزەکان لەگەڵ مەسەلەی کورددا گێڕا، بەتایبەتی لەگەڵ هێزە ڕزگاریخوازەکانی فەلەستین و گشت هێزە پێشکەوتنخوازو نیشتمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[٢].**

**ئەو بارودۆخە ناوەکی و هەرێمی و نێودەوڵەتییە بەو سەختیە زەمینەیەکی سازدا بۆ دروستبوونی بزووتنەوەیەکی کوردایەتی بە ناوەڕۆك مارکسی هاوچەرخ جیا لە مارکسیەتی جیهانی ، بەلأم بە گشت ئەو پڕۆژەی شۆڕش هەڵگیرساندنە بەو بارودۆخە نەگونجاوەی جیهانی و هەرێمی و ناوەکییە هەورازێکی سەخت و نیمچە (مەحاڵ) بوو[٣]، بڕیارێك بوو کە پێویستی بە ئازایەتی و بوێریەکی زۆر هەبوو[٤]. مسعود عبدالخالق پێی وایە ئەو بوێریە لە جەلال تاڵەبانی هاتە دی[٥].**

**هەموو ئەو بارودۆخەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، فاکتەر بوون بۆ دروستبوونی بارودۆخێکی لەبار بۆ دروستبوونی بزوتنەوەیەکی نوێی کوردایەتی. خودی تاڵەبانی نکوڵی لە سەختی خەبات ناکات و بەم شێوەیە باس لە دروستبوونی یەکێتی دەکات و دەڵێت : (( یەکێتی نۆبەرەی قۆناغێکی نوێی خەباتی ڕزگاریی و دیموکراسی خەڵکی کوردستان بووە و هاتنەکایەکەی بەپیرەوە چوونێکی ڕاست و ڕەوای پێویستیەکانی گەشەکردنی کۆمەلأیەتی و سیاسی کوردەواری بوو ، هی پێویستیەکانی بوژانەوە و هەڵساندنەوە و ڕاستکردنەوەی باری کەوتووی کوردایەتی بوو ))[٦] .**

**قۆناغی پاش ڕێکەوتننامەی جەزائیر بە کۆتایی قۆناغی تاکحزبی و قۆناغی سەرەتای فرە حزبی ئەژمار دەکرێت، شۆڕشەکەی بە شۆڕشی نوێ لە ئەدەبیاتی یەکێتیدا ناوزەند دەکرێت، واتە دەکرێت ماوەی قۆناغی هەرەسی شۆڕش وەك خاڵی سەرەتا لێی بڕوانرێت، لەم کاتەدا تاڵەبانی لە دیمەشق بوو، لەگەڵ چەند گروپێکی چەپگەرادا هەماهەنگی کرد و(ی.ن.ك)، یان پێکهێنا کە بوو بە یەکێك لە ڕێکخراوە سەرەکییەکان لە**

---

[١] مسعود عبدالخالق: س . پ ، ل ١١٨.

[٢] یەکێتیی نیشتمانی کوردستان : یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان سەرهەڵدان و نوێبوونەوە، لەبلأوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی . ن . ك) ، ب . ش ، ٢٠٠٥، ل ٣٥

[٣] مسعود عبدالخالق: س . پ ، ل ١١٨

[٤] یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرهەڵدان و نوێبوونەوە، ل ٣٦

[٥] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : (مسعود عبدالخالق: س . پ ، ١١٨).

[٦] سەروەری یوبیلی زیوین و ئەرکەکانی داهاتوو، دەقی وتاری مام جەلال لەلایەن ئاهەنگی یوبیلی دامەزراندنی (ی . ن . ك) ، لەبلأوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی .ن .ك)، سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل ٦–٧ .

سیاسەتی کوردیدا، ئەم ڕێکخراوە لە سێ گروپ پێکهات کە هەریەکەیان پلەیەکی جیاوازی لە ئایدۆلۆژی سۆسیالیزم پیشاندا[1].

یەکەم ئەڵقە لەو چوار کەسە پێکهات:(جەلال تاڵەبانی، عادل مراد[2]، عەبدولڕەزاق فەیلی[3]، فواد مەعسوم ) دوایی ئەوانی تر لە دەرەوە و ناوەوە پەیوەندییان کرد، وەك (نەوشیروان مستەفا، کمال خۆشناو، د.کمال فواد، د.عمر شێخ موس )، لەگەڵ سەرکردەکانی ناوخۆ ( عەلی عەسکەری، د.خالید سەعید، عومەر دەبابە ) ئەو مەحاڵەیان شکاند، ئەوانە زیاتر سەرکردەی مەیدانی زۆر بەتوانا بوون، زۆربەشیان باڵی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی ) بوون ئەوانەی شام زیاتر خەتی گشتی و کۆمەڵە بوون، بەو شێوە (ی.ن.ك) لە ١ ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە شام جاڕدرا ، ڕاگەیاندنی(ی.ن.ك ) لەسەر شێوەی نیمچە بەرە ڕادەگەیەنرێت، فواد مەعسوم هۆکاری ڕاگەیاندنی نیمچە بەرە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی حزب ئایدۆلۆژیای خۆی هەیە، واتە ئەگەر بیریان لەوە بکردبایەوە کە ناوی حزبی لێبنرێت، واتە دەبوو بە نوێنەری چینێك، لەبەر ئەوەی ئەو هێز و کەسایەتییە سیاسیانەی دوای ڕووخانی شۆڕشی ئەیلول لە چوارچێوەی حزبی سیاسیدا نەبوون، بۆیە نەدەکرا ناوی بەرەی لێ بنرێ، هەرلەبەر ئەوە یەکێتی وەك ڕێکخراوێکی نیمچە بەرە لە دایك بوو، کە خواستی تێکۆشانی ئەو قۆناغە بوو[4]. بەم شێوەیە باڵەکانی ناو(ی.ن.ك) لەسەر داهێنانی زۆر لێهاتوانەی مارکسی بوو، بەهۆی بنەمای یاسای سێیەمی (مادیەی دیالێکتیك ) دروست کرابوو، کە بریتی یە لە (یەکێتی و ململانێ و لێکدژی ) بەجۆرێك کە (یەکێتی) بریتی بێت لەسەر بنچینەی نیشتمانی و ڕزگاری کوردستان و

---

[1] گەراس . ئاڕ . ڤی . ستانسفێڵد: س . پ ، ل١٨٩

[2] عادل موراد: ساڵی ١٩٤٧ لە بەغدا لە دایك بووە قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری بەغداد تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٤ لە بەغداد پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی ( پ . د . ك ) کردووە ، ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی کیمیای کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغداد وەرگیراوە ، ساڵی ١٩٦٩ وازی لە خوێندن هێنا و بوو بە پێشمەرگە ، پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ لە کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ( ی . ق . ك ) بە سکرتێر هەڵبژێرا لە هەمان کاتدا بووە بە جێگری سکرتێری یەکێتی نیشتمانی خوێندکارانی عێراق ، ساڵی ١٩٧٥ دەچێتە سوریا یەکێکە لەئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ، لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ گەڕایەوە کوردستان لە "ناوزەنگ" گیرسایەوە تا ١٩٨١ پەیوەندیی کرد بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە ، ساڵی ١٩٩٤ پەیوەندیی بە یەکێتی کردەوە و بووە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی تا ساڵی ٢٠٠٠ لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی یەکێتی بوو، پاشان بوو بە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە سوریا ، ساڵی ٢٠٠٤ بووە باڵوێزی عێراق لە ڕۆمانیا ، ساڵی ٢٠١٢ بوو بە لێپرسراوی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی.(چاوپێکەوتن لەگەڵ ناوبراو).

[3] عەبدولرەزاق عەزیز (فەیلی): ساڵی ١٩٤٥ لە شاری بەغداد لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگایەکی فەیلیەکان و دواناوەندی لە خوێندنگای قەشە یەسوعیەکان لە بەغداد تەواو کردووە ، دواتر لە زانکۆی (حیکمە) لە بەغداد ئەدەبی ئینگلیزی خوێندووە ، لە ساڵی ١٩٦١ دەبێتە ئەندامی رێکخستنی (پ . د .ك) ، ساڵی ١٩٦٧ خوێندنی زانکۆی تەواو کرد و هەمان ساڵ لە رۆژنامەی (نور) سەر بەباڵی مەکتەبی سیاسی پارتی وەك ژمێریار دامەزرا . ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە سکرتێری گشتی یەکێتی لاوانی کوردستان .ساڵی ١٩٧٥ دەچێتە سوریا و پەیوەندی بە تاڵەبانیەوە کرد وەك ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بەشداربوو لە دامەزراندنی (ی . ن . ك) ، بوو بەرپرسی کەمپی (قامیشلوو) بۆ مەشق پێکردنی دەستەی چەکداری پارتیزان . ساڵی ١٩٧٩ گەڕایەوە بۆ کوردستان و چووە "ناوزەنگ" هەمان ساڵ چووە تاران بۆ کارکردن لە ئۆفیسی (ی . ن . ك) . دوای تێکچوونی پەیوەندی ئێران و (ی . ن . ك) لەلایەن ئێرانەوە دەستگیرکرا و بۆ ماوەی (٩) مانگ لە زیندان‌دا بوو ، دوای ئازادبوونی لە ساڵی ١٩٨٢ دەچێتە سوریا و پاشان دەچێتە سوید . ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە کوردستان و بوو بە کارگێڕی مەڵبەندی یەکی سلێمانی (ی . ن . ك) ، ساڵی ٢٠١٠ بوو بە لێپرسراوی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (ی . ن . ك). (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: چ٢ ، لە بلاَوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ،٢٠١٤، ل٤٩٥) .

[4] د . فواد مەعسوم : رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ، ژمارە (١٦٢٤) ، ١٩٩٨/٦/١.

**(ململانیّ) ەكەشی بریتی بێت لە (ململانێی چینەكانی كوردستان) هەر لە چوار چێوەی (ی.ن.ك)، ناوی (ی.ن.ك) لەو فەلسەفەیە هاتووە، وردتر لە ئەزموونی چینی و فكری ماوتسی تۆنگ، ئەو ئەزموونە بەو شێوەیە لاسایی ولأتێك بوو لەسەر شێوەی سیستەمی پارتایەتی (ئەنگۆلا و مۆزەنبیق) پەیڕەو كرابوو، هەر بەهەمان ناوی (یەكێتی نیشتمانی ) و پێكهاتنیان لە چەند باڵێك[1].**

**یەكێتی خوێندنەوەیەكی ڕوونی بۆ ئەو بارودۆخە سیاسیەی دوای هەرەس هەبوو، و ئەو ڕاستیەی باش دەزانی قۆناغی تاكحزبی بەسەرچووە، هەربۆیە ویستی سەرجەم ئەم بالأنە لە چوارچێوەیەكی ڕێكخراو كۆبكاتەوە، تاكو سەرئەنجام بۆ چوونەكان بە ئامانجی دامەزراندنی نیمچەبەرەیەك ئاراستەكران، پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت، بیرۆكەی دروست كردنی نیمچەبەرە، پێدەچێت پێشتر لەلای جەلال تاڵەبانی گەلاڵە بووبێت و ئامادەكاری بۆ كرابێت، لەو بارەیەوە فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێت :((مارتی ١٩٧٣ هەڤاڵ مام جلال لە نامەیەكدا بۆ ناوەندی كۆمەڵە بۆ یەكەمین جار پێویستی دامەزراندنی ڕێكخراوێكی نەتەوەیی فراوان، یان نیشتمانی فراوانی باس كردبوو كە لە كۆمەڵە فراوانتر بێت و توانای ئەوەی ببیّ كە فراوانترین بەشی خەڵكی كوردستان بگرێتە خۆی، ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەكانی خەڵكی كوردستان بكاتە ڕێنمایی خەبات، كۆمەڵەش دەتوانیّ داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری بێت.بتوانیّ ڕێكخراوی پێشەنگی كوردایەتی بێت هی چینە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەكانی كوردستان بێت، نەك بەتەنها چینی كرێكار))[2]. ئەم ڕێكخراوە بۆ ئەوە بوو كە بتوانیّ ببێتە ئامرازی دۆزینەوەی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی كورد و ڕێبەریكردنی، فكرەی نامەكەی مام جەلال خۆشی نەخستۆتەوە، چونكە ئەو سەردەمە لە ڕوانگەی چینایەتیەوە تەمەشای هەموو مەسەلەكان كراوە، دیارە سەركردایەتی كۆمەڵە ئەو كات بەباشی لە مەبەستی نامەكەی جەلال تاڵەبانی نەگەیشتوون و بە وەچەرخانێكی كتوپڕیان لەقەڵەم داوە لە فكری تاڵەبانی، بۆیە لەو بارەیەوە داوای ڕوونكردنەوەی زیاتریان لە جەلال تاڵەبانی كردووە[3].**

**فەرید ئەسەسەرد لەو بارەیەوە پێی وایە یەكەم بەرەی نیشتمانی لە مێژووی سیاسی كورددا لەسەر دەستی ساڵح حەیدەری لە ساڵی ١٩٤٤ یان ١٩٤٥ هاتۆتە دی، دوابەدوای ئەوەی كە حەیدەری بە شێنەیی**

---

[1] مسعود عبدالخالق: س . پ ، ل ١١٩–١٢٠.

[2] فەرەیدون عەبدولقادر لە زەمینەو سەرەتا و دامەزراندنی یەكێتی ی نیشتمانی ی كوردستان دەدویّ ، گۆڤاری (ڕێبازی نویّ)، ژمارە (١٥)، ل٣٣– ٣٤.

[3] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨. (( فەرەیدون عبدالقادر فەرەج : ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەكی " ئیمام قاسمی " شاری كەركووك لە دایك بووە ، ساڵی ١٩٤٨ دەچنە شاری سلێمانی ، سەرەتای قۆناغەكانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواو كردووە ، ساڵی ١٩٦٥ لە بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی موستەنصریەی بەغداد وەرگیراوە ، بوو بە ئەندامی ( پ . د . ك ) و ساڵی ١٩٦٤ بووبە لایەنگری باڵی مەكتەبی سیاسی ، ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ (شەهاب شێخ نوری ، فازل مەلا محمود ) كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستانیان دامەزراند، بوو بە ئەندامی سەركردایەتی و بەرپرسی ڕێكخستنەكانی شاری كەركووكی كۆمەڵە ، هەر هەمان ساڵ لەگەڵ سەركردایەتی كۆمەڵە دوای ئاشكرابونی ڕێكخستنەكانیان ڕوویان كردە ئێران و لەویّ دەست گیرا كران و سەری ساڵی ١٩٧٦ ڕادەستی حكومەتی عێراقی كرایەوە و لە زینداندا مایەوە تا ساڵی ١٩٧٩ هەمان ساڵ پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە كرد لە " ناوزەنگ "، ساڵی١٩٨١ لە یەكەم كۆنفرانسی "كۆمەڵەی ڕەنجدەران" دا بوو بەئەندامی سەركردایەتی "كۆمەڵەی ڕەنجدەران"، دوای ڕاپەڕین ساڵی ١٩٩٤ بوو بە ئەندامی كارگێڕی مەكتەبی سیاسی ، دوای ساڵی ١٩٩٦ چەندین بەرپرسیارێتی وەرگرتووە وەك بەرپرسی مەڵبەند و پارێزگاری سلێمانی و فەرماندەی هێزی پێشمەرگە كوردستان و مەڵبەندی پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ ، ساڵی ٢٠٠٥ –٢٠٠٦ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو بەشدار بوو لە نوسینەوەی دەستووری عێراقی و دواتر دەستی لە هەموو كارێكی سیاسی كێشایەوە.( چاوپێكەوتن لەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨).

**لەو تاكتیكانەی كۆڵیوەتەوە كە كۆمۆنیستەكانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە كاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەكاریانهێناوە، بڕیاری پێكهێنانی حزبی ڕزگاری كوردی داو زۆری نەخایەند بەرەیەكی نیشتمانی لە حزبی كۆمۆنیستی كوردستانی عێراق و حزبی ڕزگاری كورد پێكهێناو ویستی لەم ڕێگەیەوە چەترێكی نیشتمانی بۆ هەڵسوڕانی چەپگەرانەی حزبەكەی خۆی دابین بكات، ئەم ئەزموونە لە ساڵی ١٩٧٥ لەسەر دەستی جەلال تاڵەبانی زیندوكرایەوە، كاتێك یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەسەر هەمان ئەو مۆدیلە دامەزرا كە كاتی خۆی حەیدەری هەنگاوی بۆ نابوو[1]. دامەزراندنی (ی.ن.ك) زادەی ساتەوەختێك نەبوو بەڵكو ئەوانەی بە پەرۆشەوە بوون بۆ دواڕۆژی كورد لە ناوەوەی نیشتمان یان لە دەوڵەتانی دەرو دراوسێ و وڵاتانی دنیا، بیریان لەوە دەكردەوە كە چۆن ئەو بۆشاییە سیاسیەی لە كوردستانی عێراقدا هاتۆتە كایەوە پڕ بكەنەوە، بۆیە كاتێ هەوڵ و كۆششەكان خرانە گەڕ بۆ بەستنی كۆبوونەوەیەك بۆ ئەم مەبەستە، گەلێ كەس بە شەوقەوە هەوڵیاندا لەو كۆبوونەوەیەدا بەشدار بن. ئەوە بوو زنجیرە كۆبوونەوەیەك لە ناوەوەی وڵات و چەند ناوچەیەكی جیاجیای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا بەسترا، بەشداربووانی ئەم كۆبوونەوانە هەوڵیاندا بەدیلێكی سیاسی پێك بهێنن، سەرئەنجام بڕیاردرا كۆبوونەوەیەك پێك بێ بۆ ئەوەی بڕیارێك لەو بارەیەوە بدات، دیارترین ئەو كەسانەی لە كۆبوونەوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتی بوون لە: جەلال تاڵبانی و فواد مەعسوم و عادل مراد و عەبدولرەزاق فەیلی...كە لە بەیروت و دیمەشق و قاهیرە بوون، هەموویان لەسەر ئەوە ڕێك دەكەون كۆبوونەوەیەك لە ٢٢ ئایاری ١٩٧٥، ببەسترێ، واتا دوومانگ دوای هەرەسهێنانی شۆڕش [2].**

**مام جەلال یەكەم بەیاننامەی دامەزراندنی (ی.ن.ك) ئامادەكرد بۆ كۆبوونەكان لە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا، كە لە كافتریاو ڕێستۆرانتی (تولەیتولە) لە گەڕەكی (ئەبو رومانە ) ئەنجام دەدران، سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٧٥/٥/٢٢ بەیانی دامەزراندنی (ی.ن.ك) لەلایەن جەلال تاڵەبانی، عادل مراد، فواد مەعسوم، عەبدولڕەزاق میرزا (فەیلی) پەسەند كراو یەكسەر نێردرا بۆ چاپ[3]. دەزگاكانی ڕاگەیاندن لە سوریا ئەم بەیانەیان بڵاو كردەوە، ئەم بەیانە لە سەرانسەری دنیا بە زمانی جیاواز چاپ و بڵاو كرایەوە، لەوانە:ئینگلیزی، ئەڵمانی، فارسی، كەمال بوركای ئەوسا لە توركیا مانگنامەی "ئویز گویرلك یولو " ی دەرئەكرد ئەویش دەقی بەیاننامەكەی بە توركی بڵاو كردبوەوە. ئەگەر چی نا ئومێدی و سەر لێشێوان و بێ ورەیی كوردی داگرتبوو، بەڵام ڕاگەیاندنی ئەم بەیانە دەنگدانەوەیەكی زۆر گەورەی هەبوو لە كوردستان[4]. بەیانەكە بە عەرەبی نووسرا، چونكە مەبەست ئەوە بوو وەك دەنگێك، ڕووداوێك زوو بگاتە میدیای عەرەبی و هی تر، لەو ڕێگەیەشەوە، زووتر دەنگەكە دەگاتە كوردستان. دوای دەرچوونی بەیانەكە مام جەلال بەرەو ئەڵمانیای خۆرئاوا، بەڕێكەوت بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ، كەمال فواد ، هۆمەر شێخموس[5]،**

---

[1] فەرید ئەسەسەرد: ڕەهەندەكانی بیری سیاسی كورد ، ل ١٣.

[2] نەوزاد عەلی ئەحمەد : جاری شۆڕشی نوێ ، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ ) ژمارە( ١٥)، ل ٢٤–٢٧.

[3] د . فواد مەعسوم : من سالآنە لە ٥/٢٢ دا یادی (ی . ن . ك) ئەكەمەوە ، گۆڤاری (خاك)، ژمارە (١٣٢) حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل ٤_٥.

[4] نەوشیروان مستەفا ئەمین : لەكەناری دانوبەوە ، ل ٤٣.

[5]هۆمەر شێخمووس : ساڵی ١٩٤٢ لە شارۆچكەی " عامودا " لە ڕۆژ ئاوای كوردستان لە دایك بووە ، ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ بنەماڵەكەی دەچێتە شاری " حەلەب" قۆناغەكانی خوێندن لەو شارە تەواو دەكات، پاشان لە كۆلێژی ئەمریكی وەردەگیرێت . ساڵی ١٩٦٣ سوریا بە جێ دەهێڵێت لە بەریتانیا نیشتەجێ دەبێت لە كاتی سەرهەڵدانی ناكۆكی ناوخۆیی (پ . د . ك) لایەنگری باڵی مەكتەبی سیاسی دەبێت ساڵی ١٩٦٧ دەچێتە سوید. ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی دكتۆرا بە دەست دەهێنێت دەبێتە مامۆستای زانستی ڕامیاری لە زانكۆی ستۆكهۆڵم . ساڵی

بۆ یەکەم جار دوای دەرچوونی بەیاننامەکە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیە پێشنیاری دووسیٚ دەستکاری بچووکیان کردبوو، کە تەنها ئەم بڕگەیە بۆ بەیانەکە زیاد کرا، ((دامەزراندنی (ی.ن.ك) وەڵامدانەوەی بڕیاری وازهێنانە لە شۆڕشی کورد، بۆیە داوا لە هەموو خەباتگێڕانی گەلەکەمان دەکەین، کە پشتیوانی ئەم ڕێکخراوە نوێیە بکەن و درێژە بە خەباتیان بدەن لە پێناوی بە دیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد))[1]. کەمال فواد سەر لە نویٚ بەیانەکە چاپ دەکاتەوەو ڕۆژەکەشی ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ بووە، هەمان مێژووی دەهاوێتە سەر ئیتر ١ی حوزەیران دانرابە ڕۆژی لە دایکبوونی یەکێتی[2]. پاش کۆبوونەوەکەی بەرلین هەریەك لە (نەوشیروان مستەفا ئەمین، کەمال فواد، هۆمەر شێخمووس ) بۆ سەرکردایەتی و دەستەی دامەزرێنەر زیاد کران، ئیدی دەستەی دامەزرێنەر لە حەوت کەس پێکهاتن :(جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، فواد مەعسوم، کەمال فواد، هۆمەر شێخمووس، عەبدولڕەزاق میرزا عەزیز و عادل مراد )[3].

عومەر دەبابە دوای ئەوەی گەیشتە دیمەشق (لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦) وەکو نوێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان هاتە ڕیزی دەستەی دامەزرێنەرەوە، هەروەها بڕیارێك لە دەستەی دامەزرێنەرەوە سەبارەت بە هاتنە ڕیزی کەمال خۆشناو دەرچوو[4]. واتە دەستەی دامەزرێنەر بوون بە (نۆ) کەس. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەو کۆبوونەوانەی ئەو کات لە بەرلین پێك هاتن، دوو راوبۆچوون یان دوو ڕەوتی تێدابوو، لە بارەی ئەو حزبەی کە پێك دێت، ئایا ئەو حزبە حزبێکی ئایدۆلۆجی بێت ؟ یان حزبێکی پێشکەوتنخواز و نیشتمانی بەرفراوان، راو بۆچوونەکان لەسەر رەوتی دووەم گیرسایەوە، واتا حزبێکی فراوانی ئەو تۆ کە گشت تێکۆشەرانی سوربوون لەسەر درێژە پێدانی خەبات بەبیٚ گوێدانە ئایدۆلۆجییان بگرێتە خۆ[5]. هۆکاری گیرسانەوە لەسەر ڕێکخراوێکی فراوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە لەکاتی دامەزراندنی (ی.ن.ك) باوبوو، ئەمە بوو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا تێڕوانینی سیاسی جۆراو جۆرو چەندین ڕەوتی فکری هەیە پێویستە هەوڵ بدرێت پتەوترین پەیوەندی لە نێوان تێڕوانین و ڕەوتە

---

١٩٧٥ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و چەند هاوڕێیەکی دا یەکێتی دروست دەکەن. ساڵی ١٩٧٦ لە ئەمریکا نیشتەجیٚ دەبێت و دەبێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی لەویٚ بەشێکی زۆر لە دیکۆمێنتەکانی یەکێتی وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی . ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە ناوزەنگ نیشتەجیٚ دەبێت . لە نێوان باشووری کوردستان و ئەوروپادا چەندین بەرپرسیارێتی لە ناو یەکێتی وەردەگرێت . ساڵی ١٩٨٥ گەڕایەوە سوید وازی لەهەموو بەرپرسیارێتیەك هێنا.( لە دیمەشقەوە بۆ بۆبەرلین :سەرگوزشتەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتی بیرەوەرییەکانی هۆمەر شێخ مووس ، گۆڤاری"کەلتور" ، ژمارە (٥) ساڵی سێهەم ، کانونی دووەمی ٢٠١٢).

[1] د . کەمال فواد : س . پ ل ٢٦.

[2] د . فواد مەعسوم : گۆڤاری (خاك)، ژمارە (١٣٢) ، ل ٤_٥.

[3] عادل موراد: کوردستان و ( ی . ن . ك ) مێژوو و ئاسۆ (ئەڵقەی٩ ) ، رۆژنامەی (کوردستانی نویٚ) ، ژمارە (٥٢٠٨) ، ٢٠/٦/٢٠١٠،ل ٩

Omar , Sheikhmous, The Patriotic Union of Kurdistan in Iraq: Origins, Ideologies, Visions and Realities, April, 2009.

[4] یەکێتی نیشتمانی کوردستان: سەرهەڵدان و نوێبوونەوە، ل٤٢.

[5] د . کەمال فواد : گۆڤاری (ڕێبازی نویٚ)، ژمارە ١٩، ل ٢٧.

نیشتمانییەکان ببەستریَ و لە دەوری ئامانجە هاوبەشەکاندا کۆ ببنەوە، چونکە سروشتی قۆناغەکە وای خواستووە، لەم ڕووەوە لە یەکەمین بەیاننامەدا هاتووە (ی.ن.ك) هەولْ دەدات هێزە نیشتمانی و دیموکراتەکانی شۆڕشی کورد لە شێوەی یەکێتی نیشتمانی دیموکراتی ئەوتۆ ڕێکبخات، کە بوار بە پێکەوە ژیانی ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکان و یەکێتی پتەوی خەباتگێڕانەیان بدات . ئەم ڕەوتانەش لە چەند ڕێکخراوێکی ناو یەکێتی بەرجەستە بوون ئەوانیش:

١_کۆمەڵەی مارکسی_لینینی کوردستان

٢_بزووتنەوەی سۆسیالیست کوردستان

٣_هێڵی گشتی.

## تەوەری دووەم: پێکهاتەی ڕێکخراوەیی دروستبوونی یەکێتی:

### ١- کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان

یەکێتی کە دادەمەزرا، پێشتر ڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی –ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ(کملك / کۆمەڵە) پێنج ساڵ بوو هەبوو. لەو پێنج ساڵەدا، کۆمەڵە سەرکردایەتیەکی نهێنی ژمارە کەم وپەل و پۆی لە شارەکاندا هەبوو[١]. ئەم ڕێکخراوە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی شاو هاتنەسەردەسەلاتی پیاوانی ئاینی ، لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ دا لە (خڕی نێوزەنگ) کۆبوونەوەیەکی فراوانی ناوەندو سەرکردایەتی (کملك) بەستراو لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا ناوی (کملك) بگۆردرێت و بکرێتە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ) کە کورتکراوەکەی (کۆڕەك) بوو، کە ڕۆژی ١٠/ ٦/ ١٩٧٠یادی دامەزراندنی (کملك)ە[٢].

(کملك) لە منداڵدانی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی جەلال تاڵەبانی– ئیبراهیم ئەحمەد ) دامەزرا[٣]. هەر بۆیە کۆمەڵە لەبەرامبەر دوو دەسەلاَت دا ڕێکخستنێکی نهێنی بوو. ڕژێم و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەو پێنج ساڵەی خەباتی نهێنی کۆمەڵە، ڕژێم کەسی لیَ ئاشکرا نەکردبوون، بەلاَم بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵە لە کوردستاندا و لە کوردستانیشدا لە هەناوی پارتیدا هەڵدەسوڕا، پارتی نیمچە فشاری دەخستە سەر کادرە ناسراوەکانی کۆمەڵە و ژمارەیەکیشی لێدەستگیرکردن[٤].

کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە چەندین قۆناغ و وێستگەی جیاجیا تێپەڕ بووە، هەریەکەیان خەسڵەت و سیماو شێوازی کاری تایبەتی خۆی هەبووە و مۆرکی کۆمەڵە کەسانێکی پێوە دیار بووە کە ڕۆڵی سەرەکی و بنچینەییان تێدا گێڕاوە و ڕێبەرایەتی خەباتی ئەو ڕۆژگارانەیان کردووە[٥]. سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، جەلال تاڵەبانی یەکەم سکرتێری کۆمەڵە بووە، گەرچی لە ڕووی فکر و نووسینەوە کاریگەریی زۆری هەبووە، بەلاَم بەهۆی هەلومەرجی ئەوکاتەوە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دوور بووە، زۆربەی

---

[١] مەلا بەختیار : بەهای خەباتی نهێنی لە (٢٥) ساڵ خەباتدا ، گۆڤاری (ڕێبازی نویَ)، ژمارە (١٩) حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل ٥٩

[٢] کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین ،ل ١٢.

[٣] کوردستان و (ی.ن.ك ) کوردستانی نویَ ژمارە ٥٠٢٦٦

[٤] د. کەمال فواد : گۆڤاری (ڕێبازی نویَ) ،ژمارە (١٩) ل ٩.

[٥] موحسین عەلی ئەکبەر : چەپکێکی ژاکاو لە مێژوویەکی هەڵبەستراو ،چ١، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، ب . ش، ٢٠١٢، ل ٤١.

كات لە هەندەرانەوە ئامۆژگاری دەكردن و نووسینی خۆی بۆ پەروەردەكردنی ڕیزەكانی كۆمەڵە دەنارد. ناوەندی كۆمەڵە و شەهاب نوری لە نزیكەوە كارە ڕێكخراوەییەكانیان ئەنجام داوە[1]. بۆیە دەتوانین بڵێین لە دامەزراندنی یەكێتی ئومێدی زۆر لەسەر كۆمەڵە هەڵچنرابوو، حاڵەتێكی ئاسایی بوو، كە یەكەم ڕێكخراو بێت پەیوەندی لەگەڵ نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) دروست بكات. وەك پێشتریش ئاماژەمان پێكرد لە ساڵی ١٩٧٣ جەلال تاڵەبانی پێشنیاری دامەزراندنی ڕێكخراوێكی فراوانتری لە كۆمەڵە كردبوو كە هەموو توێژەكان لە خۆ بگرێت، بەڵام بەهەند وەرنەگیرا بوو، دووبارە تاڵەبانی لە ئازاری ١٩٧٥ بەهۆی كۆمیتەی "ئەستێرەی سور"ی كۆمەڵەوە، كە جەعفەر عەبدولواحید سەرپەرشتی دەكرد، جارێكی تر بیرۆكەی دامەزراندنی ڕێكخراوێكی نیشتمانی فراوانی خستبووە بەر باس و لێكۆڵینەوە، كە پاش هەفتەیەك دەقی نامەیەك لەو بارەیەوە دەنێرێت بۆ سەركردایەتی كۆمەڵە، ئەمجارە هەلومەرجەكە لەبارتر بووە بۆ باس و كارێكی لەو جۆرە، ئەمجارە بابەتەكە بەلای سەركردایەتی كۆمەڵەوە داهێنانێكی باش بووە، بۆیە بە گەرمی پێشوازی لێكراوە. بۆ ئەم مەبەستە سەركردایەتی كۆمەڵە لە ٢٨ ی ئایاری ١٩٧٥ بڕیاری پشتیوانیكردنی بیرۆكەی تاڵەبانی دەكەن، كە بریتی بووە لەپشتیوانیكردن لە دامەزراندنی ڕێكخراوێكی نیشتیمانی ئەوتۆ، كە كۆمەڵە داینەمۆی سەرەكی بێت، هەروەها لەلایەن شەهابەوە پێشنیاری دەستپێكردنەوەی شۆڕش كراوە و مەفرەزەكان بەسەر ناوچە جیاوازەكان دابەشكراوە، بڕیار دراوە لە ڕێگەی فەرەیدون عەبدولقادرەوە ئەم پەیامە بگەیەندرێتە جەلال تاڵەبانی[2]. دوای ئەنجامدانی كارەكە، فەرەیدون ڕاسپاردەكانی مام جەلال بۆ سەركردایەتی كۆمەڵە دەهێنێتەوە كە گرنگترینیان:

١- دەستەی دامەزێنەری یەكێتی لە وڵات دابمەزرێنن.

٢- پەیوەندی لەگەڵ كادرە پێشمەرگەییەكانی شۆڕشی ئەیلول بكەن، ریكخراوی پێشمەرگەیان لێپێكبهێنن و ئامادەیان بكەن بۆ دەستپێكردنەوەی خەباتی چەكداری.

٣- لە هیچ حاڵەتێكدا نابێت كوردستان جێبهێڵن[3].

بەمشێوەیە كاتێك كە یەكێتی دامەزرا، كۆمەڵە ڕەگێكی باش بوو بۆ شینبوونەوەی باشتری ڕێكخستن، یەكەمین ڕێكخستنیش كۆمەڵە چووە ناو نیمچە بەرەی (ی.ن.ك )ەوە[4].

## ٢- بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان

سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان دوای ڕێكەوتننامەی جەزائیر، بە شێوەیەكی دیارتر لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٧٥ فەرمانی بەڕاگرتنی بەرگریكردنی هێزە چەكدارەكانی عێراقدا، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەو دام و دەزگا كارگێڕی و سیاسیانەی لە ناوچە ئازاد كراوەكانی باشووری كوردستان دامەزرابوون

---

[1] فەرەیدون عەبدولقادر : (ڕێبازی نوێ)، ژمارە (١٥)، ل ٣٢.

[2] مەلا بەختیار : گۆڤاری (ڕێبازی نوێ)، ژمارە(١٩)، ل، ٥٨

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین : لە كەناری دانوبەوە، ل٤٨

[4] مەلا بەختیار : گۆڤاری(ڕێبازی نوێ) ، ژمارە(١٩)، ل ٥٨

هەرەسیان هێنا[١]. ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو بەهۆی شکستی شۆڕشی ئەیلول، ئەوە بوو بارزانی بڕیاری وازهێنانی لە شۆڕش دا، بریاری وەستاندنی شۆرش لەلایەن بارزانیەوە بووە هۆی دەمەتەقێ و ناڕەزایی لە نێوان کادران و کەسانی وشیاری ئەوسای پارتی لە هەموو ئاستێکدا، بەشێك لە کادرانی پێشکەوتووی ئەوکات هەوڵی ڕزگارکردنی جولانەوەی کوردیان دا لەو شکستە ، لەلایەن هەندێ کەسەوە هەنگاوی بچووکیش نرا بە مەبەستی بەردەوامی بەرگری و درێژەدان بە شۆڕش[٢]، چونکە راگرتنی بەرگریکردن لای ژمارەیەکی زۆر لە کادرانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد هەڵوێستێکی ناکاو و کت و پڕ بوو، حالەتێکی لە ترس و داڕمان و سەرسوڕمانی وروژاند لەلای خەڵکی، تەنانەت رووداوی خۆکوژی لە ناو پێشمەرگە روویدا[٣].

مستەفا بارزانی و (پ.د.ك )، بەهۆی ئەم گۆڕانکارییە سیاسییەوە لە ٢٣ ئازار بڕیاریان دا واز لە شەڕکردن بهێنن، هەزاران چەکدار و خێزانەکانیان لە سنوور پەڕینەوە، لەگەڵ هەزاران پەنابەری دیکە کە پێشتر چووبوونە ئێران لەوێ بوون بە پەنابەر[٤]. لەناو ئەو پەنابەرانەدا ژمارەیەکی زۆر لە کادری حزبی و سیاسی و پێشمەرگایەتی بیریان لە بەرگریکردن دەکردەوە و نەچوونە ژێر باری ئەو دۆخەی هاتۆتەدی، بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕ لای ئەو کۆمەڵە کادرەوە دەستی پێکرد کە پەیوەندییان لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی دیکە لەناو عێراقدا هەبوو. بۆ ئەم مەبەستە چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی جیاواز لە شارەکانی کوردستانی ئێران ئەنجام درا، وەك (نەغەدە، مهاباد، ورمێ)[٥]، لەگرنگترینی ئەو کۆبوونەوانە ئەوەبوو لە نیسانی ١٩٧٥ دا لە ورمێ لە ماڵی عومەرمستەفا(عومەر دەبابە) بەسترا[٦]. چەندین سەرکردە و کادری شۆرشی ئەیلوول لەو کۆبوونەوەیە بەشداربوون، لەوانە:

(ڕەسول مامەند، عەلی عەسکری، خالید سەعید، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، سەعدی گچکە..) چەندین لێپرسراوی تری عەسکەری لەم کۆبوونەوەیە بەشدار بوون، ئەم کۆبوونەوەیە بە مەبەستی داڕشتنی فکرەی دروستکردنی رێکخراوێك ئەنجام درا[٧]. وردە وردە ئەم گروپە کۆبوونەوەکانیان زیاتر دەبێت تا شێوەی جموجوڵێکی سیاسیانە بەخۆیەوە دەگرێت، ئەوانەی بەشداری ئەو کۆبوونەوانە بوون، ژمارەیان لە نێوان (١٠٠ –١٥٠) کەس دەبێت. بابەتی سەرەکی ناو کۆبوونەوەکان پرساری ئەوە دەبێت (چی بکەین؟) ئەنجامی وەڵامی پرسیارەکەیان چەند بڕیارێکی لێکەوتەوە، دەکرێت بکرێنە دوو بەش: بەشی یەکەمی بڕیارەکان

١ – بەهیچ جۆرێك ناچنە دەرەوە و هەندەران.

٢– بەهیچ جۆرێك لە ئێران نامێننەوە.

٣–دەگەڕێنەوە خوارووی کوردستان.

---

(١) م.س لازریف : س . پ ، ل ٥٠٨.

(٢) شاخەوان شۆرش : قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژوویی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵی ١٩٤٦– ١٩٨٣دا ، چ٢ ، کوردستان ، ٢٠٠٢. ل٩٠.

(٣) م.س لازریف : س . پ ، ل ٥٠٨.

(٤) دیڤید مەکداول: س . پ ، ل ٥٥٥.

(٥)عەبدولرەحمان گۆمەشینی : پوختەیەك لە بیرەوەرییەکانم ، چ٢، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٤١–٤٢.

(٦) سەروەر عەبدولرەحمان عومەر : س . پ .ل ٩٦.

(٧) بەهرۆز گەلاڵی : ڕەسوڵ مامەند ٥٠ سال تەمەن ٣٣ ساڵ خەبات ، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٢٩.

٤- هەوڵبدرێت زۆرترین کادر و خەڵك بگەڕێندرێتەوە خوارووی کوردستان.

بەشی دووەمی بڕیارەکان:

١ – بەردەوامی پەیوەندی هەبوون بە یەکتر دوای گەڕانەوە بۆ ناو رژێم.

٢- دوای گەڕانەوە رێکخراوێکی سیاسی دروست بکرێت، رێکخراوێکی فراوان بێت، هەردوو باڵی کۆنی پارتی بگرێتە خۆی، واتە " مەلایی و جەلالی "، ئەمەش بە مەبەستی چارەسەری ناکۆکیەکانی نێوان ئەو دوو باڵە دوای جیابوونەوەکەی ١٩٦٤ و هەروەها دوورکەوتنەوەی یەکجاری لە شەڕی براکوژی[١].

جەمال حەکیم ئاغا لەم بارەیەوە دەڵێت: (( کەوتینە بیرکردنەوە بۆ دامەزراندنی حزبێکی نوێ و واز لە پارتی بهێنین، ئەم بیرۆکەیە لە شاری ورمێی ئێران لە ماڵی خوالێخۆشبوو عومەر مستەفا بڕیاری لەسەر درا، لەوێدا بریاری دروستکردنی حزبێك بەناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان درا، ئیبراهیم ئەحمدیش لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بوو، لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە خۆمان دووره پەرێز بگرین لە پارتی، بێ ئەوەی دژایەتی پارتی و ماڵی بارزانی بکرێت))[٢]. لەو کاتەدا شای ئێران بە پێی بنەماکانی ڕێکەوتننامەی جەزائیر رێگای لە سەرجەم چالاکیە سیاسییەکانی پەنابەران دەگرت، هەربۆیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، سود لە لێخۆشبوونی گشتی وەربگرن و بگەڕێنەوە ولات و لەوێ چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن، بەو پێیە زۆربەیان گەڕانەوە بۆ عێراق[٣].

لەگەڵ گەڕانەوەیاندا رژێمی عێراق هەڵسا بە دوورخستنەوەی زۆربەی ئەوانەی پلەی حزبی و پێشمەرگایەتیان بەرزبووە، دوورخستنەوەکەش بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەبێت[٤]، بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری دام و دەزگاکانی حکوومەت و دوور لەیەکتری رێگا لە بەردەم یەکخستنی هەوڵەکانیان بگرێت. بەلام ئەوە نەبووە رێگر لەبەردەم ئەوەی یەکتری ببینن، بەڵکو لەژێر ئەو گوشارەش چاویان بەیەکتری دەکەوێت، چونکە ئەوان لە ئێران گفتوگۆیان کردبوو، بۆیە لە عێراق ئەو پەیوەندییەیان پاراست، کەوتنە هەوڵی ئەوەی رێکخستنێك پێکبهێنن، سەرەتا ناویان لە خۆیان نا بزووتنەوەی (ڕاستکردنەوە) بە ئامانجی ئەوەی چەوتی و لادانە سیاسییەکانی (پ.د.ك ) ڕاست بکەنەوە، بەلام دواتر دوای تاووتوێکردنی بابەتەکە لەسەر دەستی هەریەك لە ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، خالید سەعید، تاهیر عەلی والی، سەعدی گچکە، عومەر دەبابە، رەسوڵ مامەند، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی و مەلا ناسیح (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان ) دامەزرا[٥]. دەربارەی بلاو کردنەوەی یەکەم بەیانی دامەزراندنی بزووتنەوە، بیروڕای جیاواز هەیە، لە هەندێ سەرچاوەدا کۆبوونەوەی یەکەمی دامەزراندنی بزووتنەوە بۆ یەکێك لە ڕۆژەکانی مانگی کانوونی یەکەم دەگێڕێتەوە، ئامارە بەوە دەکات لەو ڕۆژەدا کۆبوونەوەیەکی گرنگ و یەکلاکەرەوە دێتە ئاراوە، ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەی ڕێکخستن و یەکخستنی بیروڕاو بۆچوونەکان لە چوارچێوەیەکی

---

[١] شاخەوان شۆرش: س . پ ، ل ٩١ – ٩٢؛ عەبدولرەحمان گۆمەشینی : س . پ ، ل ٤٣-٤٤.

[٢] کۆمەڵێك هاوڕێی شەهید: پیاونامە گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەری ، ئامادەکردنی : حەمەنوری تۆفیق ، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٤.ل ٤٢- ٤٣.

[٣] صلاح خرسان: م . س ، ص ٤٨٥.

[٤] شاخەوان شۆرش: س . پ ، ل ٩٢.

[٥] ئەحمەد حەمەد ئەمین : بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٢) توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە ، گۆڤاری "کەلتور" ، ژمارە (٩) ساڵی چوارەم ، نیسانی ٢٠١٣.، ل ٢٤.

**سیاسییانەدا دەبێت، بەیانی ڕاگەیانی بۆ ٧ نیسانی ١٩٧٦ دەگێڕێتەوە[(١)]. هەندێك سەرچاوەی تر دامەزراندنەكەی بۆ هاوینی ساڵی ١٩٧٦ دەگێڕنەوە[(٢)]، بەڵام توێژەرێكی تر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی كە سەرەتاكانی مانگی كانوونی دووەمی ١٩٧٦، (ب.س.ك ) دامەزراوە، پێی وایە ئەوەی مێژووی دامەزراندنی بزووتنەوە بۆ ئابی ١٩٧٦ دەباتەوە بە هەڵە داچووە، چونكە لەو مێژووەدا بەشێك لە ڕێكخستنەكانیان بڕیاری چوونەدەرەوەیان بۆ شاخ داوە[(٣)].**

**بزووتنەوە هەر لەدوای ئاشبەتاڵ یەكەمین كۆبوونەوەیان گرێداوە، بەڵام یادی دامەزراندنەكەی دەگێڕنەوە بۆ سەرەتای مانگی ئابی ١٩٧٦[(٤)]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو بەروارە بەیاننامەی دامەزراندنی تێدا ڕاگەیانراوە، كە لەلایەن كەریمی حیسامیەوە لە بەیروت چاپكرا [(٥)].**

**بڵاوبوونەوەی دامەزراندنی (ی.ن.ك ) دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عێراق تووشی نیگەرانی دەكات، بۆ ئەوەی ڕێگا لە بەردەم چالاكیەكانی جەلال تاڵەبانی بگرێت، داوا لە عومەر دەبابە دەكات.كە ئەوكات دوورخرابۆوە بۆ ناوچەكانی خوارووی عێراق، سەردانی تاڵەبانی لە سووریا بكات، بۆ ئەوەی بە هەر شێوازێك بێت ڕازی بكات بگەڕێتەوە وڵات، بەڵام ئەنجامی سەردانەكەی عومەر دەبابە بە پێچەوانەی ویستی ڕژێمی عێراق دەكەوێتەوە، ئەگەر بزانین لەدوای ئەو سەردانەوە جارێكی دیكە تاڵەبانی و هاوڕێكانی لە ناوەوەی عێراق دەكەونەوە پەیوەندی و نامە گۆڕینەوە، بۆ قسەكردن لە بارەی دەست پێكردنەوەی خەباتی چەكداری نیشتمانی[(٦)].**

**تاڵەبانی لەو بارەیەوە دەڵێت:(( نامەم بۆ عومەر دەبابەو عەلی عەسكەری و دكتۆر خالید ناردبوو، تا لە نیمچە بەرەی یەكێتی بەشدار بن، ئەوانیش لای خۆیانەوە لە هەوڵی دروستكردنی بزووتنەوەی سۆسیالیست بوون، بەڵام هێشتا دایان نەڕشتبوو كە كاغەزەكەی منیان پێگەیشت ئامادەییان پیشان دابوو بۆ كاركردن، لێرە كەواتە دوو سەرچاوەمان پەیدا كرد، یەكێكیان پێشتر لە سەرەتادا هەمان بوو كۆمەڵە بوو، ئەوی تریان ئەو برادەرانەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان بوو.[(٧)] بەم شێوەیە بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان یەكەمین ڕێكخراو بوو بە پیر بانگەوازەكە هات و لە ڕیزەكانی (ی.ن.ك ) دا شانبەشان كۆمەڵە خەباتی چەكداری گەرم كرد)).[(٨)] لەسەر پێشنیازی جەلال تاڵەبانی عەلی عەسكەری و دكتۆر خالید و عومەر دەبابە دەچن بۆ شاخ، لەسەرەتادا ناوی بزووتنەوە سۆسیالیستی دیموكراتی**

---

[(١)] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_ (شاخەوان شۆرش: س.پ ، ل ٩٤)

[(٢)] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_ (بەهرۆز گەلاڵی: س . پ، ل ٣٠ ؛ سەلام عەبدولكەریم : ژیانی سیاسی لە باشووری كوردستان ١٩٧٥–١٩٩١ سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حزبی سۆسیالیستی كوردستان ، چ١، ب .ش ، ٢٠١١ ل ٤٢).

[(٣)]ئەحمەد حەمەد ئەمین :بزوتنەوەی سۆسیالیستی ، گۆڤاری (كەلتور) ، ژمارە(٩)،ل ٢٤– ٢٥.

[(٤)] مسعود عبدالخالق: س . پ ، ل ١٢١.

[(٥)] كەریمی حیسامی: لە بیرەوەریەكانم ١٩٧٥_١٩٧٩، بەرگی پێنجەم ، ستۆكهۆڵم ،١٩٩١، ل ٧٥.

[(٦)] ئەحمەد حەمەد ئەمین :بزوتنەوەی سۆسیالیستی ، گۆڤاری (كەلتور) ، ژمارە(٩)، ل ٢٧.

[(٧)] ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ):چاوپێكەوتن لەگەڵ مام جەلال، ژمارە (١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢.

[(٨)] ڕێباز :قەندیل بەغدای هەژاند یاداشتی پێشمەرگایەتی ١٩٧٦_١٩٨٠ ، بەشی یەكەم ، هەولێر ،١٩٩٣.، ل ٦١.

**کوردستان بوو، بەڵام پاش پەیوەندیکردنیان بە نیمچە بەرەی یەکێتی نیشتمانی لەسەر داوای (ی.ن.ك ) دیموکراتەکە لادەبەن، بەو بیانووەی سۆسیال دیموکرات بڕوای بە خەباتی چەکداریی نیە[(١)] .**

## ٣- هێڵی گشتی:

**هێڵی گشتی باڵێکی ناو (ی.ن.ك ) بوو، ئەم باڵە لەو کەسانە بوون، نە سەر بە کۆمەڵە و نەسەر بە بزووتنەوە بوون، کەسانێکی سەربەخۆ بوون و باوەڕیان بە بەرنامەی (ی.ن.ك ) هەبوو ئەندامی ڕاستەوخۆی (ی.ن.ك) بوون.[(٢)] لە سەرەتادا هێڵی گشتی زیاتر لە سەرکردایەتی یاخود لە نێو ریزی دامەزرێنەری یەکێتی هەبوون و هیچ بنکەیەکی ڕێکخستنی ئەوتۆیان نەبوو، چونکە لەناو ولاتدا هێشتا ڕێکخستنەکانیان دروست نەکردبوو، بەڵکو دواتر لەناو وڵاتدا گەشەی کردوو گرنگی پێدرا و شانە و کەرتی ڕێکخستنی تایبەتی هێڵی گشتی دروست کرا[(٣)] . (عۆمەری شێخمووس، کەمال فواد، فواد مەعسوم، عادل مراد، عەبدولڕەزاق فەیلی ) سەر بە باڵی هێڵی گشتی بوون لەنێو دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك).**

**ئەو باڵە بیدعەیەك بوو لە مارکسیەت، چونکە بنچینەی چینایەتی و یاسایی دیالێکتیکی نەبوو، بەڵام توانرا لە پاڵ کۆمەڵە خەڵکێکی بیروباوەڕ جیا و ئینتیمای جیا لە ئاغاو نیشتمانپەروەر و ئاینی و نامارکسی جێیان ببێتەوە، بەو شێوەیە یەکێتی بووە ئەو( تەیرە ) جوانە وەك (سکرتێری یەکێتی وەسفی کرد ) بە دوو باڵەکەی دەفڕێ و لەشە گەورەکەشی خەتی گشتی یە، قاوغێکی شمولیانەی وا داڕێژراو بوو بیانو و بواری هیچ حزب و تەیارێکی تری فکری و سیاسی نەمێنێ لە دەرەوەی ئەو قاوغە.[(٤)]**

**دوای جیابوونەوەی بزووتنەوە لە (ی.ن.ك) بوونیان بە حزب، گروپێك مابوونەوە بە سەرکردایەتی عومەر مستەفا، دواتر بزووتنەوە ڕۆحی بە بەردا هاتەوە، ڕێکخستنەکانی هاتنە شاخ (جەمال حەکیم ئاغا، عەلی حەوێز، مامۆستا نازم، مامۆستا شەریف مەولود.....) سەرکردایەتی نوێیان هەڵبژارد درێژەیان بە ڕێکخستنی بزووتنەوە و خەباتی پێشمەرگایەتی دا لە ناو (ی.ن.ك) دا.[(٥)] ئەم گروپە هەوڵیان دا لەگەڵ خەتی گشتی دا یەکبگرنەوە و ڕێکخراوێکی نوێ دروست بکەن.[(٦)] ڕۆژی ١٠ی ئەیلوولی ١٩٨٢ ئەم بڕیارە لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەو بۆنەیەوە ڕێکخراو کادر و ئەندامانی هەردوو لا و سکرتێری (ی.ن.ك ) ئامادەبوون، ئاشکرا کراو ڕۆژی (١١ی ئەیلوولی ١٩٨٢) ڕاگەیێندرا بە ساڵڕۆژی دامەزراندنی (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)[(٧)] .**

---

[(١)] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل موراد ، سلێمانی ، ٦/١٧/ ٢٠١٥ ؛ مەلا بەختیار : شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم( خەباتی شاخەکان، یان ڕاپەڕینی شارەکان ؟) ، چ٤، چاپخانەی دلێر، سلێمانی ، ٢٠١٥، ل ٣٠١.

[(٢)] خەلیل عبدالله شیلان: یەکێتی و سەرهەڵدان و نوێبوونەوە، سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل ١٠١.

[(٣)] پێکهاتبوون لە(عومەر شێخ موس، د.کمال فواد، د.فواد معسوم، عادل مراد، عبدالرزاق فەیلی)، کە سەر بەباڵی هێڵی گشتی بوون لە نێو دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سەروەر عبدالرحمان: س . پ ، ل١٠٣).

[(٤)] مسعود عبدالخالق: س . پ ، ل ٢١.

[(٥)] رەهبەر سید برایم : رزگاری دەنگی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، بنکەی ژین ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠١١، ل ١٥.

[(٦)] جەمال فەتحوڵلاّ تەیب (دکتۆر): س . پ ، ل ٩

[(٧)] رەهبەر سەید برایم: رزگاری ، ل ١٥ ؛ بۆدەقی بەیانی دامەزراندنی یەکێتی شۆڕگێڕان بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٤) .

## باسی دووەم : کەرتبوون لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دروستبوونی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

### تەوەری یەکەم/ هۆکارەکانی کەرتبوون لە ریزی یەکێتییدا

لە باسی یەکەم باس لە چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی و پێکهاتەی باڵەکانی کرا، خاڵی بەهێزی یەکێتی دامەزراندنی بوو لە شێوەی نیمچە بەرە، چونکە شێوازێکی تازەی حزبایەتی داهێنا لە پاش شکست، واتا کۆتایی بە سستمی تاك حزبی هێنا، بەشێوەیەك لە کۆمەڵێك ئایدۆلۆجی جیاوازی لەوپەڕی ڕاست بۆ ئەو پەڕی چەپ، خەڵکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە چوارچێوەی باڵەکانی ناو نیمچە بەرە کۆکردەوە، هەڵبەت ئەوەی پێویستە لێرە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە لە هەمان کاتدا نیمچە بەرە خاڵی لاوازی یەکێتی بوو بە ئاراستەی کەرتبوون لە ڕیزەکانیدا، چونکە لە ستراکتۆری هەڵسوڕانی کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵێك خاڵی لاوازی هەبوو، کە لە مەیدانی پراکتیك بەرە بەرە کەم و کوڕیەکان بەدیاردەکەوتن، سەرئەنجام بووە هۆکاری ئەوەی ئەو باڵانە نەتوانن پێکەوە هەڵبکەن، بەو هۆیەوە چەند جیابوونەوەیەك لە ڕیزەکانی یەکێتی ڕوویدا، ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بێت، چوونە دەرەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ( ب . س . ك) وجیابوونەوەی ئاڵای شۆڕشە لە ڕیزەکانی یەکێتی و کۆمەڵە. پێکهێنانی یەکێتی لە شێوەی نیمچە بەرەدا کە ڕێکخراوی جیاواز و بیروڕای جیاوازی تێدا کۆبێتەوە، تاقیکردنەوەیەکی تازە بوو، لە کوردستاندا، ئەو بیروبۆچوونانەش کە بە ئاشکرا بلاوی دەکردەوە ئەویش شتێکی تازە بوو، ئەم ڕێکخراوە تازەیە گیروگرفتی سیاسی سەخت و دژواری هەبوو[١] .

لەڕاستیدا یەکێتی لە چوارچێوەی یاخود فەزایەکی کەرتبوون دروست ببوو، زۆریشی پێ خراپ نەبوو، لە بەرئەوەی لە چوارچێوەی فەلسەفەی مارکسی ناکۆکی و جەدەل و کەرتبوون زۆر مانایەکی نەرێنی نابەخشێ، تاڕادەیەك مانایەکی ئەرێنی دەبەخشێت، لە سەرئەو بنەمایە یەکێتی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆی ناو دەنا ململانێی شەریف.[٢] بە وردبوونەوە لە یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتی دەبینین زەمینەیەکی کەرتبوون و ململانێ ئامادە دەکات بەوەی پۆلێنی پێکهاتەکانی ناوخۆ و وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش دەکات، پارتی بە جوڵانەوەیەکی خێڵەکی سەر بە ئیمپریالیزم ناو دەبات.[٣] کەواتە لەگەڵ یەکەم بەیان کەرتبوون ئامادەیە لەگەڵ بەرامبەر، لە هەمان کات ئەوە زەمینەی ناوخۆش ئامادە دەکات بۆ کەرتبوون، چونکە ئەوانەی هاتنە ناو یەکێتی بە تایبەت بەشێکی زۆری سەرکردایەتی (ب.س.ك) تا شکست لە ریزەکانی پارتی بوون، ئامادە نەبوون بچنە ئەو ململانێی و دوژمنکاریەی بەرامبەر پارتی[٤]، لەگەڵ ئەوانەشدا یەکێتی گرنگی بە وەرگێڕانی ئەو بابەتانە دەدا تاوەکو ئەندامەکانی رابهێنێت بەوەی هەندێك ململانێ ئاساییە لەناو حزبی سیاسی هەبێت، لەو بارەیەوە بابەتێکی (لیۆ شاوشی) سەرکردەی حزبی کۆمۆنیستی چینی بەرچاودەکەوێت، کە لە پێشەکیەکەیدا هاتووە، (ململانێی ناوخۆی حزب شێوەیەکە لە

---

[١] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە ، ل ١٦٢

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مسعود عبدالخالق، هەولێر ،٢٠١٥/٧/١٥.

[٣] بۆ زانیاری زیاترلەو بارەیەوە بڕوانە:_ (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی ئارام ، چاپی ٤، سلێمانی ٢٠٠٠).

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مسعود عبدالخالق، هەولێر ،٢٠١٥/٧/١٥.

شێوەکانی ململانێ و لێدوان و گفتو گۆ لەبارەی مەسەلەکانی ئایدۆلۆژیا و مەبدەئەوەو جۆرێك ڕۆشنبیریە کە ناتوانین لەناو حزبدا دەستبەرداری بین)[1] . لە راستیدا ئەم مەسەلەی گفت و گۆ و رۆشنبیریە لەناو باڵەکان دروست نەبوو لە یەکەم هەنگاو باڵێکی گرنگ و کاریگەری وەکو (ب.س.ك)ی لێ جیابووەوە بە هۆی ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

**یەکەم: ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بە بنیادی پێکهاتەی بزووتنەوەوە هەیە:**

لە سەرەتای دروست بوونی بزووتنەوە هەندێك کێشەو گرفت هەست پێدەکران، چونکە بزووتنەوە بەشێکی زۆری کادرە سیاسی و عەسکەرییەکانی بریتی بوون لە کادرەکانی شۆڕشی ئەیلوول، هەندێکی تریش بریتی بوون لەوانەی کاتی خۆی سەر بەباڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بوون[2] واتە زۆربەی دامەزرێنەرو سەرکردەی بزووتنەوە لە دوو هێڵی فکری جیاوازەوە هاتبوون، پاش شکستی١٩٧٥ گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی رێبازێکی جیاواز لەوەی پێشوویان هەڵبژێرن بۆ پێکەوە کارکردن بەبێ دژایەتیکردنی فکری پێشوویان [3]. پێدەچێت سەرکردایەتی بزووتنەوە نەیانتوانی بێت خۆیان لە فکری پێشوویان داڕنن (تجرید)، لەبەرئەوەی هەر زوو هەندێك بۆ چوونی جیاواز لەناو سەرکردایەتی بزووتنەوە پەیدابوو، ئەم جیاوازیانە پاش بوونی بزووتنەوە بە باڵێك لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) بە ئاشکرا بە دەرکەوتن [4]. چونکە زۆربەی کەسانی سەرکردایەتی بزووتنەوە حەزی بەم بەشدارییەی نیمچە بەرەی یەکێتی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی خاڵی بنچینەیی دامەزراندنی بزووتنەوە ئەوە بووە چارەیەکی ناکۆکی نێوان "مەلایی و جەلالی " بکرێت و بە هیچ جۆرێك تێکەڵاوی ئەم ناکۆکییە نەبنەوە، لە ترسی گواستنەوەی ئەم ناکۆکیانە بۆ ناوخۆ. بەڵام کاتێك لە ٨ی ئابی ١٩٧٦ بڕیاری ناردنە دەرەوەی بەشێك لە کادرە سەربازیەکانیان بۆ شاخ دەدەن، بە مەبەستی هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕش، بڕیاری دروستکردنی دوو سەرکردایەتی دەدەن، بە سروشتیی ئاراستە جیاوازەکان بەدەر دەکەون، ئەوانیش:

١- سەرکردایەتی دەرەوە بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری، پەیڕەوی باڵی(م.س) بوو لە پاش جیابوونەوەی ١٩٦٤.

٢- سەرکردایەتی ناوەوە بە سەرپەرشتی سالح یوسفی، پەیڕەوی باڵی سەرۆکی پارتی بوو.

هەردوو سەرکردایەتی بەجیا مافی ئەوەیان دەبێت بڕیار بدەن بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی سیاسەتی بزووتنەوە[5] . پێدەچێت یوسفی ڕۆڵی کاریگەری نەبووبێت لەسەر پیادەکردنی سیاسەتی بزووتنەوە، چونکە سەرکردایەتی بزووتنەوە زۆربەیان لە شاخ بوون، ئەویش لە بەغداد لەژێر چاودێری رژێم بوو[6]. پەیوەندیکردنی ئەم دوو سەرکردایەتیە بە یەکتریەوە دژوار بوو، یوسفی تەنها لە ڕێگای چەند

---

(١) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە، لیۆشاوشی: ململانێ ی ناوخۆی حزب، و : یوسف شریف، لە بلاَوکراوەکانی دەزگای ناوەندی رۆشنبیری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ١٩٨٥).

(٢) مەلا بەختیار : یاخی بوون لە مێژوو( لێکدانەوەی ئاوەژوونەکردنی راستیەکان ) ، ب . ش ، نەورۆزی ١٩٩٨ .ل ٢٧٦ — ٢٧٧.

(٣) محمد شاکەلی : لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦_ ١٩٩٣ لاپەڕە هەڵنەدراوەکان ( بیرەوەری) ، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ٢٠١١ ، ل ٢٤٩.

(٤) بەهرۆز گەلاَلی: س.پ، ل٥٥.

(٥) شاخەوان شۆرش: س.پ ، ل ٩٩—١٠٠.

(٦) ڕێباز : قەندیل بەغدای هەژاند، س.پ، ل ٦٣

کەسێکی دیاری کراو بۆچوونەکانی خۆی بە نامە بە سەرکردایەتی شاخ دەگەیاند، محەمەد فاتیح دەڵێت:((پەیوەندییەکان لە ڕێگای "محەمەد شاکەلیەوە بوون" ، پێی وایە سەرجەم بڕیارەکانی کە لە سەرکردایەتی دەرەوە دەردەچوون ئەمری واقع بوون)).[1] لە قسەکانی فاتیح ئەوە دەخوێنینەوە بڕیارەکان تاکلایەنە بووە و ڕەزامەندی سەرکردایەتی ناوەوەی لەسەر نەبووە، وەك لە نامەیەکی ساڵح یوسفیدا ئەوە دەردەکەوێت کە بەسەرسوڕمانەوە باس لە بوونی بزوتنەوە لە چوارچێوەی نێمچەبەری یەکێتیدا دەکات [2].

لەژێر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوانە ئەوە دەردەکەوێت، سەرکردایەتی (ب.س.ك) هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە کێشەی نەبوونی سەرکردایەتیەکی یەکگرتووی بۆ دروست دەبێت، محەمەد شاکەلی لەو بارەیەوە دەڵێت: (( بەدرێژایی هەبوونی بزووتنەوە پاشان(ح.س.ك) سەرکردەیەکی کاریزما و قسە ڕۆیشتوو لای هەموومان دروست نەبوو))[3]. پاش ئەوەی بزووتنەوە بڕیاری ناردنە دەرەوەی هێزی چەکدار دەدات، پرسی چۆنیەتی هاوخەباتی لە چوارچێوەی نیمچەبەرەی یەکێتی بە شێوەیەکی ئاسایی دێتە گۆڕێ، هەرچەندە ئەم هێزانە ڕێککەوتبوون لەو چوارچێوەیە درێژە بە خەبات بدەن، بەڵام ئەو هاوخەباتیە تاسەر نەبوو، کۆمەڵێك کێشە خۆی قوت کردەوە دەرئەنجامی ئەو کێشانە (ب.س.ك) لە چوارچێوەی نیمچەبەرەی یەکێتی چوونە دەرەوە، چونکە بەشداریکردنی بزووتنەوە لە نیمچە بەرەی یەکێتی بڕیارێکی بە کۆمەڵی بزووتنەوە نەبوو، واتا پێش بڕیاردان لە بەشداریکردنەکە پێشنیارێك لەو بارەیەوە نەبووە کەوا کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ بکرێ و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ ئەوجا لە کۆتایی بڕیاری بەشدار بوون یان نەبوون بدرێ [4]. بەهرۆز گەلاڵی تێبینی ئەم ناکۆکیەی کردووە لەناو سەرکردایەتی بزووتنەوە لە ڕوانینیان بەرامبەر نیمچە بەرە لە ڕووی ئەوەی ساڵح یوسفی و عەلی هەژار و چەند کەسێکی تر لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوە ئەندام بوو لەچوار چێوەی (ی.ن.ك)، بەڵام ویستویانە بزووتنەوە سەربەخۆیی تەواوی هەبێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی تر، کەچی عەلی عەسکەری و خالید سەعید، پێچەوانەی ئەو ڕایە بوون[5]؛ پێیان وابووە لەگەڵ یەکێتی و هاوبیرانی حزبێکی جەماوەری دروست بکەن، ئەو ناکۆکیە بەو ئاستە گەیشت بەرلە بەرێکەوتنی هێزی یەکێتی بەرەو هەکاری ناکۆکی ناوخۆیی بزووتنەوە بەرەو لێکترازان بچێت و بارەگاکانیان لە یەکتر جیاببێتەوە، باڵی ڕەسول مامەند لە خڕی ناوزەنگ و عەلی عەسکەریش لە نۆکان هەڵیانداوە[6]. سەرەڕای ئەم تێڕوانینە جیاوازانەی ناو سەرکردایەتی (ب.س.ك)، جیاوازی و تێڕوانینی جیاواز لە نێوان بزووتنەوە و کۆمەڵەش لەسەر پرسی چۆنیەتی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری و پرسە

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمد فاتح، هەولێر، ٢/٣/ ٢٠١٥( ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە ، دەرچوی پەیمانگای مامۆستایانی کەرکوکە ، ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتییە وە کردووە ، ساڵی ١٩٦٩ بووە بە پێشمەرگە و وەك بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کەرکوك کاری کردووە ، ساڵی ١٩٧٦ بەشدار بووە لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و بووە تە بەرپرسی لقی کەرکوکی بزووتنەوە ، ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە شاخ و لە یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتودا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی ، ئێستا لەژیاندایەو لە شاری هەولێر دادەنیشێت ) .

(2) نامەی ساڵح یوسفی بۆ بزووتنەوە **لە شاخ** ،بڕوانە پاشکۆی (٥).

(3) محەمەد شاکەلی : س . پ ، ل ٢٤٩.

(4) شاخەوان شۆرش : س.پ.، ل ١٠٠.

(5) بەهرۆزگەلاڵی: س.پ، ل٣٢، ٣٣.

(6) مەلا بەختیار : یاخیبوون ،ل ٢٠٦-٢٠٧.

کۆمەڵایەتییەکان و ڕوانین بەرامبەر ڕژێم هەبووە ، کە لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر جیابوونەوەی هەردوو لا جێهێشت.

**دووەم: ناکۆکی و بۆچوونە جیاوازەکانی نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوە:**

یەکێتی لە سەرەتاوە وەک نیمچەبەرەیەک دامەزراوە، دەیویست لە پاشەڕۆژدا، سەرئەنجامی پێشکەوتنی باڵەکانی، ببێتە بەرەیەکی نیشتمانی، یەکێتی باوەڕی بە فرەباڵی و باڵی جیاجیا هەبوو، ئەگەر چی وەک مەسەلەیەکی تیۆری فرە باڵی لە بەرنامەی یەکێتیدا چەسپیبوو، بەڵام بە پراکتیک نە یەکێتی و نە باڵەکانی ناو یەکێتی بەرەبەرە بەوە ڕانەهێنران کە کۆکی وناکۆکی باڵەکانی ناو یەکێتی بابەتیانەو دیموکراسیانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، چونکە باڵەکان چەند لە ڕووی سیاسی و عەسکەریەوە کۆک بوون، هێندەش لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە ناکۆک بوون[1] . واتا هەماهەنگی سەربازی و کارکردن لە چوارچێوەی سیاسی و نیمچە بەرەدا، نەبووە مایەی نەهێشتنی جیاوازی فکری و ڕێکخراوەیی لە نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوەدا. کۆمەڵە لەسەر بیروڕا (مارکسی – لینینی ) یەکەی خۆی سور بوو، بەڵام بزووتنەوە گوزارشتی لە بیروباوەڕی چەندین چینی نیشتمانی و ئاراستەی جیاجیا دەکرد، لە بیروڕا و هەڵوێستە فکریەکانیدا میانڕەوتر بوون[2] . لە هەمبەر دەسپێکردنی خەباتی چەکداری، ستراتیجی بزووتنەوەی سۆسیالیست، هاوخەبات و هاوپەیمانی نزیکی کۆمەڵە لەناو (ی.ن.ک) دا، تەواو پێچەوانەی ستراتیجی شاسوار جەلال(ئارام)[3] بوو، بزووتنەوە دەسپێکردنی خەباتی چەکداری بە ڕێو شوێنێك بۆ بەزۆر هێنانی ڕژێمی عێراق بۆ سەرمێزی وتووێژ دادەنا و لەو سۆنگەیەوە بزووتنەوە ئەوەندەی کە پشت ئەستوور بوو بە یاخیبوونی خێڵەکی ئەوەندە پشت ئەستوور نەبوو بە شەڕی پارتیزانی لە بەرامبەر و ستراتیجی ئارام لە

---

(1) مەلا بەختیار:یاخی بوون ، ل١٩٤–١٩٥.

(2) عادل موراد : کوردستان و ( ی . ن . ك ) نیشتیمانی کوردستان ، ئەڵقەی (١٩) ، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ، ژمارە( ٥٢١٨)، (٢٠١٠/٧/١).

(3) ئارام : شاسوار جەلال (ئارام) : لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی (حاجی حان ) شاری سلێمانی لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی (ماوەت و چوارتا) تەواو کردووە ، و قۆناغی ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٧١ کۆلێژی بازرگانی تەواوکردووە ، لە سەرەتای کاری سیاسیدا پەیوەندی کردووە بە (پ . د .ك) و دواتر لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی بووە، ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی (کملك) وە، ڕۆڵی سیاسی ئارام لە بزافی سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی ١٩٧٦ ، کە ئەم ڕۆڵە لە دوو بواردا بەرجەستە بوو ، یەکەم / دوای گیرانی زۆربەی سەرکردایەتی(کملك) ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەم ڕێکخراوەدا و دامەزراندنی "کۆمیتەی هەریمەکان" بۆ ڕێبەرایەتی کردنی(کملك)، دووەم / دەستپێکردنی خەباتی چەکداری و دروستکردنی شانەی چەکدار کە دەبوو سەرکردایەتی پێشووی (کملك) دروستی بکردایە ، بە ڕزگارکردنی (کملك) توانی ڕێگە خۆش بکات بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری ، ساڵی ١٩٧٧ بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی .ن .ك) ، تا ڕۆژی شەهیدبوونی سکرتێری (کملك) بووە ، لە (٣١/ ١٩٧٨/١) لە گوندی تەنگی سەر لە قەرەداغ شەهیدکرا.( فەرید ئەسەسەرد : س . پ ؛ شەهید ئارام : http://www.puk-uk.org/news/index.php?option=com_content&view=article&id=٨٠:shahed-aram&catid=٣٩:zhyani-nawdarek&Itemid=١٨٥)

دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا هەمان ئەو ستراتیجەیە لە نەخشەی ساڵی ١٩٧٦ ی (ڕزگاری)[١] تاڵەبانیدا باسکراوە لە دروستکردنی یەکە چەکدارەکاندا، ئارام بە شێوەیەك هەڵسوکەوتی کرد کە ویستویەتی شار ملکەچی لادێ نەبێ، لەباری سەرەنجی مێژووییەوە، باوەڕی وابوو خەباتی لادێ لە قۆناغێکی کاتی بەولاوە هیچی تر نیە و لە کۆتاییدا دەستپێشخەری هەردەبێ بۆ شار بگەڕێتەوە . جیاوازی نێوان ئەم دوو ستراتیجیە لەوەدایە کە ئارام دەیویست جوڵانەوەی چەکدار بگەیەنێتە ئاست بە دیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا بزووتنەوە هەڵسوڕانی چەکداری بەبێ هیچ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی دەویست.[٢]

توێژەرێك پێی وایە ئەو نەخشە و پلانەی کۆمەڵە لە سەرەتاوە پەیڕەوی دەکرد، بووە قوربانی ئەو سیاسەتە پڕ ناکۆکی و دژوارییەی بڕیاری پەیڕەوکردنی دابوو، هێزی چەکداری کۆمەڵە لەو کاتەدا بە پەنجەی دەست دەژمێردرا، لەچاو ئەو هێزانەی کە لە دەوری بزووتنەوە کۆبوونەوە، بوونی دوو سیاسەت و جیهانبینی زۆر جیاواز، بوونی دوو هێز یەکێکیان گەورە و ئەوەی کەشیان زۆر بچووك تەرازوەکە بە تەواوی بە قازانجی بزووتنەوە شکابوو.[٣] سەرەڕای بۆچوونی جیاواز لەمەڕ چۆنیەتی خەباتە چەکدارییەکە دوای هەرەس، بۆچوونەکان لەسەر خەباتی چەکداری لەسەر دوو بنچینەی جیاواز یەکیان پێگیرا:

یەکەمیان: بە دەستەی پێشمەرگەی نهێنی پارتیزانەوە بۆ هۆشیارکردنی زەحمەتکێشانی، بە ناوی شۆڕشی نوێوە لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێم و دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دابین بکات، شۆڕشەکەش ناوبنرێت " شۆڕشی عێراقی لە کوردستانەوە هەڵگیرساو " ئەم بۆچوونە دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك و کملك) نوێنەرایەتیان دەکرد.

دووەمیان: پێکەوەنانی هێزێکی چەکداری فراوان، لە تەواوی چین و توێژەکانی میللەت، وەك خۆپیشاندانێکی چەکداری هەتا فشاربخرێتە سەرڕژێم، دانووستان بە زوویی بسەلمێنێ و، دروشمیشیان ئەوە بوو (ئەوەی دەکرێ ڕزگار بکرێ) ئەم بۆچوونەش ( ب . س . ك) پێڕەویان دەکرد[٤] ، چونکە پێیان وابوو دام و دەزگا لێکترازاوەکانی بزووتنەوە چەکدارەکەی پێشوو، دەتوانرێت سەر لە نوێ وەك جاران ببوژێنرێتەوە و درێژە بە خەباتی چەکداری بدرێ، هەمیشە ئەو ڕستەیەیان دووبارە دەکردەوە کە (تەنها سەرکردایەتیەك هەرەسی هێناوە، جەماوەر هەر هەمان جەماوەرە و ڕژێمیش هەمان ڕژێم زوڵم و زۆرداریش هەر بەردەوامە)[٥] .

یەکەم یەکتربینینی عەلی عەسکەری و ئارام جەلال دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ١٩٧٦، عەلی عەسکەری لە ڕێگای شێخ شەماڵی باخەوە ئارامی بینی بوو[٦] . سەرچاوەکان جەختی لە ناکۆکی نێوانیان دەکەنەوە، بەڵام

---

[١] نەخشەی ڕزگاری : ئەم پلانە لە ( ٢٣-٢٤/٥/ ١٩٧٦ ) دا لەشام لە لایەن جەلال تاڵەبانیەوە پێشکەش کرا، لەلایەن کادرانی سەربازی و دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتییەوە پەسەند کرا، بووە یەکەمین پرۆژەی (ی . ن . ك) بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری.( نەوشیروان مستەفا ئەمین : لەکەناری دانوبەوە، ل ٨٧-٨٩).

[٢] شاسوار جەلال (ئارام ) هەڵبژاردەکان، بلاْوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣١-٣٣.

[٣] سەروەرعەبدوالرحمن: یەکێتی نیشتمانی، س.پ، ل١٦ ؛نەوشیروان مستەفا:لەکەناری دانوبەوە، ل ٩٢- ٩٣.

[٤] مەلا بەختیار: شۆڕشی کوردستان، ل ٣٢ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا جعفر ، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٠.

[٥] سەروەر عبدالرحمن: یەکێتی نیشتمانی کوردستان،ل٢١٤

[٦] یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرهەڵدان و نوێبوونەوە، ل٢٢٠-٢٢١.

هەردوو لا هاودەنگ دەبن لە سەر دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری[1] . دواتر کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر یەکپارچەیی یەکێتی جێهێشت، بواری پێکەوە هەڵکردنی بەرتەسک کرد. سەرکردایەتی دەرەوە و خودی تاڵەبانی بەردەوام هەوڵی تەبایی و پێکەوە گونجاندنی بزووتنەوە و کۆمەڵەیان داوە، مەلا بەختیار لەو بارەیەوە دەڵێ : (( لە وەڵامی نامەکانی مام جەلال بۆ ئێمە بەردەوام باسی تەبایی و گونجاوی نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوە و، ڕێزگرتن لە عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە دەکات ))[2]. سەرەڕای جەخت کردنەوەی تاڵەبانی بۆ یەکڕیزی و تەبایی ناوخۆ، سەرانی کۆمەڵە و بزووتنەوە نەیانتوانیبوو لەسەر دیارییکردنی "سەرکردایەتی وڵات " و ژمارە و دابەشکردنی ئەرك و فەرمانەکانیان ڕێك بکەون، بۆ ئەوەی ناکۆکیەکانیان گەورە نەبێ، وەکو چارەسەرێکی کاتی و مامناوەندی تا گەڕانەوەی تاڵەبانی لەسەر ئەوە پێکهاتبوون سەرکردایەتی دوانە بۆ ناوچەکان دروست بکەن، لە هەر ناوچەیەکدا دوو کەس یەکێك لە کۆمەڵە و یەکێك لە بزووتنەوە دابنرێت، دەسەڵاتی هەردووکیان وەکو یەکبێ و پێکەوە کاروباری پێشمەرگەیی و سیاسی و ڕێکخراوەیی ناوچەکە سەرکردایەتی بکەن، بەم پێیە ئارام و ڕەسوڵ مامەند بۆ کاروباری سیاسی، سالار عەزیز و عەلی عەسکەری، تاڵب ڕۆستەم و خالید سەعید، عومەر عەبدوڵا و تایەر عەلی والی بۆ کاروباری پێشمەرگایەتی ناوچەکان دانرابوون.[3]

ئەم بارودۆخە تا گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا و لە پاشان جەلال تاڵەبانی بەردەوام دەبێت، پێدەچێت بارودۆخی ناوخۆ لە ئاستی چاوەڕوانی سەرکردایەتی دەرەوە نەبووبێت، چونکە لە یەکەم گەڕانەوەی تاڵەبانی کاتێك نەوشیروان مستەفا پێشوازی دەکات، تاڵەبانی پرسیاری بارودۆخی ناوخۆ دەکات، نەوشیروان مستەفا لە وەڵامدا دەڵێت: ((ئێمە ئەوانەی دەرەوە لەگەڵ ئەم برادەرانەی ئێرە، هەر ناوەکەمان یەکە، ئەگینا لە هەموو شتێکدا جیاوازین )). هۆمەر شێخموس لەو بارەیەوە دەڵێ : (( ئێمە لە دەرەوە بیرمان لە (ی.ن.ك) وەکو ڕێکخستنێکی یەکگرتوو کردبووەوە، بەڵام بە داخەوە برادەرانی وڵات کردیان بە تەیاراتی ڕێکخراو و هێزی پێشمەرگەی ڕێکخراو))[4]. لێرەدا بە دەردەکەوێت تا گەڕانەوەی سەرکردایەتی دەرەوە و خودی تاڵەبانی نیمچە بەرە لەسەر ئەرزی واقیع سەرکەوتنی بە دەست نەهێنابوو، گونجاندن لە ڕووی سیاسی و چەکداری وەکو پێویست نەبوو دوای گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ کوردستان لە ئابی ١٩٧٧ بارودۆخەکە چاکتربوو[5] .

بەگەیشتنی تاڵەبانی ڕێوشوێنی یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەسەر ئەرزی کوردستانی عێراق دادەنرێت، ئەم کۆبوونەوەیە گرنگیەکی تایبەتی هەبوو، چونکە تا ئەو کاتە یەکێتی سەرۆك یا سکرتێر و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی دیاری کراوی نەبوو لەو کۆبوونەوەیە کە لە ناوچەی سێ سنوور (بە دۆڵە فشە ) بە ناوبانگە کە بە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەرەوە و ناوەوە دەناسرێت، کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دیارییکران جەلال تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی

[1] شاسوار جەلال (ئارام ) هەڵبژاردنەکان ، ل ٣٣.

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین:لە کەناری دانوبەوە، ل ١٧١.

[3] هـ . س ، ل ١٧١.

[4] هـ . س ، ل ١٦٧.

[5] عادل موراد: لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانەوە بۆ سکرتاریەتی ئەنجوومەنی ناوەند، گۆڤاری (کەلتور)، ژمارە (٦)، ٢٠١٢، ل ١٦٤.

**هەڵبژێردرا، مەکتەبی سیاسی هەریەك لە عەلی عەسکەری و رەسوڵ مامەند لە بزووتنەوە، ئارام جەلال، سالار عەزیز، لە کۆمەڵە دیاریکران[١] . کەواتە گەڕانەوەی تاڵەبانی ومستەفا بۆ وڵات، بارودۆخەکەیان کەمێك گۆڕی، بەڵام ڕەوتی ڕێکخراو لەناو (ی.ن.ك) هەر مایەوە، کۆمەڵە بۆچوونێکی فکری وایان هەبوو، لە بەرئەوەی ئەوان رێکخراوێکی (مارکسی لینینی)ین، مافی ئاسایی خۆیانە کە بەگوێرەی ئەوتیۆریە دەتوانن سەرکردایەتی بەرەیەکی لە شێوەی (ی.ن.ك) بکەن، هەموو رێکخراوە مارکسی و لینینییەکانی لە جیهان بەو شێوەیەیە، وا بیریان دەکردەوە ئەوان سەرۆکی بەرەکە دەبن و خەڵکی ترو جەماوەر پشتیوانیان دەبن.[٢]**

**سێیەم: ناکۆکییە فکرییەکانی نێو نیمچە بەرە:**

**یەکێتی ڕێکخستنێکی فراوان و یەکگرتووی نەبوو، پێکهاتبوو لە چەندین ڕێکخستن و خەتی جیاواز، هەم بزووتنەوە هەم کۆمەڵە ئایدۆلۆجی تایبەت و، سەرکردایەتی جیاوازو ڕێکخستنی سەربەخۆی خۆیان هەبوو[٣]. سەرەڕای ئەم جیاوازییانە کۆمەڵە و بزووتنەوە لەناو خۆیانیشدا ناکۆك بوون لەسەر هەڵبژاردنی ئایدۆلۆجیایەکی ڕوون، تاکو بیکەن بە ناسنامەی خۆیان و زۆرینە پێی ڕازی بن، بە نموونە (کملك) کە دادەمەزرا، پێڕەوی ئایدۆلۆجیای مارکسی لینینی ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ دەکات، واتە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆجیا دروست بووە، مامۆستا جەعفەر ڕای وایە ئەو حزبانەی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆجی دروست دەبن، تووشی کەرتبوون و دووبەرەکی دەبن، چونکە ئەو کات ئەوەی بڕوای بەو فکرەیە هەبوو، وەکو دەروێش بیریان دەکردەوە، بەردەوام خەریکی ووتەکانی ماو بوون[٤] .**

**ئەرسەلان بایز ئەو سۆفی و دەروێشیە بە چەقۆیەکی دوو دەم دەچوێنێ لەو بارەیەوە دەڵێت:((ئەگەر ئەو دەروێشیە نەبوایە ئەو هەموو ئازایەتی و لەخۆ بوردووییە، ئەو هەموو کارە قورسانە لەو ڕۆژە سەخت و دژوارانە بە چاکی ڕانەدەپەڕێنران، شۆڕش نەیدەتوانی بەردەوام بێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە بیروباوڕی مارکسی ببووە (مەزهەب ) و خەڵك بە تەقدیسەوە لێی دەڕوانی هەموومان (کتابی ) بووین، دەروێشی تاقیکردنەوەکانی ڕووس و چین و ڤێتنام و.....هتد بووین، لەکاتی گفتوگۆو مناقەشەدا دەمان وت فلان لە فلان لاپەڕەی فلان سەرچاوە وا دەڵێت، ئیتر ئەمە قابیلی هیچ موناقەشەیەك نەبوو وەکو ئایەتی قورئان پیرۆز بوو لامان، هیچ مەجالی ڕەخنە و زیاد و کەم نەبوو، کوڕ ئەو کوڕە بوو چەند پەڕەگرافێکی مارکس و ئەنگلس و لینین و ستالین و ماو و هۆشی منە و.....هتد لەبەر بێت و لەکاتی موناقەشە سودیان لێوەربگرێت))[٥] .**

---

[١] محەمەدی حاجی مەحمود: س . پ ، ب١ ، ل١٢٠.

[٢] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخ مووس، چ ١، سوید ،٢٠١٠،ل١٤٩.

[٣] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل ١٧٤.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا جعفر ، سلێمانی ١٠/ ٢/ ٢٠١٥ .( ( فازیل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر ) ساڵی ١٩٥٢ لە خانەقین لەدایك بووە ، خوێندنی لە شاری خانەقین دەستپێکردووە و پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری هەولێر تەواو کردووە ، سەرەتای کاری سیاسی لەناو یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەستپێکردووە ، دواتر دەبێتە ئەندامی پارتی و لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی کاریکردووە ، لە ئەندامە بەراییەکانی کۆمەڵە بووە لە شاری خانەقین ، ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە ، دواتر ساڵی ١٩٧٧ دەچێتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە ، دوای کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە بەهۆی بیر و بۆچونی جیاوازەوە دەچێتە دەرەوەی وڵات ، ئێستا بەرپرسی مەکتەبی بیر و هۆشیاری یەکێتییە ).

[٥] بۆ زانیاری زیاتر بڕاوانە، ئەرسەلان بایز (دکتۆر): ڕۆژانی سەخت، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٨٢ – ١٨٣.

مامۆستا جەعفەر ئەم پرۆسەیە لەو دەرئەنجامە دەبینێت فکرەی ئەم ڕێکخراوە لە دەرەوە هاتووە، لەسەر بنەمای کورداندنی بیرۆکەکان نەبووە، لێکۆڵینەوە نەکراوە تاکو بزانرێت جوتیارمان چۆنە، واتا شتەکان زۆربەی وەرگیراو بووە، لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردەواری نەبووە، جەعفەر دەڵێت :((لای ئێمە پێوەری ڕۆشنبیری ئەوە بوو، ئایا تۆ کتێبەکانی ماوت لەبەرە یان نا، هەندێك نووسینی مام (مەبەستی جەلال تاڵەبانیە) هەبوو، ئەویش زۆر لە ژێر کاریگەری ماو بوو، ئەمانە بنەمای کێشەکانن لە بنەمادا هەڵە زۆر کراوە، هەڵەکان قورس بوون))(1).

بیروباوڕی (م.ل / ماوتسی تۆنگ ) ئەوکات وەکو مۆدیلی لێهاتبوو لە کۆمەڵگای کوردەواری و لاوەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێش دەکرد، جەبار فەرمان لەو بارەیەوە دەڵێت : ((ئێمە گەنج بووین لەو سەردەمەی بیروباوەڕی (م.ل / ماوتسی تۆنگ ) ڕەونەقی هەبوو، خۆمان لە کۆڕێکی دەروێشانە و سۆفیانە دۆزیەوە، خەریکی حەلەقاتی ڕۆشنبیری بووین بۆ پێکهێنانی کۆمەڵە)).(2) سەرەڕای ئەم کێشە بوونیادیانەی ئایدۆلۆجیا و فکری کۆمەڵە، لەناو سەرکردایەتی کۆمەڵە کەسانی تیۆرزان هەڵنەکەوتن، فەرەیدون عەبدولقادر دان بەوە دادەنێت و لەو بارەیەوە دەڵێت: (( کەس لەناو ئێمە وەکو تیۆرزان هەڵنەکەوتبوو، وەکو نووسینیش زۆربەی نووسینەکانی ئەو سەردەمە مام جەلال و دواتر من ئەماننووسین، زۆربەشیان هەڵوێست و لێکدانەوەبوون، شیکردنەوەو ڕاڤەکانی مایەی هەڵوێست لێوەرگرتن بوون، دەربارەی ڕژێم و دەسەڵات و خۆماڵیکردنی پەترۆڵ ناکۆکیەکان و ڕیزبەستنیان و هەڵوێست لە جوڵانەوەی چەکداری کوردستان و لە سەرکردایەتیەکەی))(3) . ئەمانە دەبنە هۆکاری ئەوەی ناکۆکی ئایدۆلۆژی لە دوای یەك ساڵ سەرهەڵبدەن ناکۆکیەکانیش لەسەر دوو خاڵ بوون:

١- ئایا کۆمەڵە ڕێکخستنێکی کوردستانییە؟ یان عێراقی؟

٢_ئایا ئەگەر لەیەك وڵاتدا ڕێکخستنێکی مارکسی – لینینی هەبێت ؟ دەکرێت لە چوارچێوەی یەك ئابووری و یەك حکومەتدا، چەند ڕێکخستنێکی (مارکسی– لینینی ) تر هەبن؟ (4). ئەم کێشەی (عێراقی و کوردستانیە ) ، دەبێتە هۆکاری ئەوەی گروپێك لە کۆمەڵە جیا بێتەوەو ڕیزەکانی کۆمەڵەی کەرت کرد.ئەم

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا جەعفەر ، سلێمانی ١٠/ ٢/ ٢٠١٥ .

(2) بۆ زانیاری زیاتربڕوانە:_ (کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین، س.پ، ل ٢٤).

(3) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:_( هـ . س ، ل٨٩).

(4) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەشرەف تاڵەبانی، سلێمانی ١٦/ ٦/ ٢٠١٥. ( ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی "کەلکان" ی سەر بەناحیەی دوکان لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی لە شاری کۆیە دەستپێکردووە ، دواتر لە کۆلێژی پەروەردە ی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە ، ساڵی ١٩٦٠ دەچێتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانەوە و ، پاشان دەبێتە ئەندامی (پ . د .ك) و تا ساڵی ١٩٦٥ لە ناو شۆڕش دەبێت ساڵی ١٩٦٥– ١٩٦٦ دەچێتە زانکۆی بەغداد. بەڵام بەهۆی دووبەرەکی باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتی پارتیەوە واز لەخوێندن دەهێنێت و دەچێتە شاری سلێمانی، پاشان دبلۆم لە ژمێریاریی وەردەگرێت. ساڵی ١٩٧٠ و دوای دامەزراندنی کۆمەڵە لە ڕێگەی فازیلی مەلا مەحمود و شەهابەوە پەیوەندی دەکات بەم ڕێکخراوەوە ، ساڵی ١٩٧٢ بەهۆی ململانێی ناوخۆیی کۆمەڵەوە لەم ڕێکخراوە دەچێتە دەرەوە و ، دواتر لەگەڵ چەند هاوەڵێکی کۆمەڵەی مارکسی لینینی شیوعیەکانی عێراق دروستدەکەن و تاساڵی ١٩٧٤بەردەوام دەبن ، پاشان تەنها پەیوەندی کەسایەتی لەگەڵ شۆڕش دەمێنێت و ، دوای راپەڕین چەندین پۆستی حکومی وەردەگرێت و ئێستا لە شاری سلێمانی دەژێت. کۆمەڵە لە سێدارەوە، ل ١٤١ – ١٤٢.

کێشە ئایدۆلۆجیانە بەردەوام دەبێت تاکو شکستی ١٩٧٥ و بارودۆخی کۆمەڵە و هەڵوێستی بەرامبەر شۆڕش .

هەرچی دەربارەی ئایدۆلۆجیای بزووتنەوەیە، دەستەی دامەزرێنەری ئەو بزووتنەوەیە، هەتا لەناو ئەندام و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوەش یەك بیرو بۆ چوونیان نەبوو، لەناو بزووتنەوە ئاراستەی جیاجیای تێدابوو، هەندێك بیروباوڕی مارکسی لینینیان هەبوو، هەندێکیان سۆسیالیست دیموکرات و بەشێکیان نەتەوەیی ڕووت.[١] ئەمە بوو بە هۆکاری ئەوەی بزووتنەوە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەرەو ڕووی چەندین کێشەو بەرەنگاری ببێتەوە، ئەمانە کاریگەری هەبوو بەسەر کار و چالاکیەکانی و هۆکاریش بووە بۆ پەیدابوونی ململانێی ناوخۆ، لەوانە ڕێکنەکەوتن لەسەر یەك ئایدۆلۆجیای دیاریکراو، بەشێك لە کادر و سەرکردەکانی بە تایبەت ئەوانی چوونە شاخ و دەستیان کرد بە خەباتی چەکداری، باسی هزری (مارکسی – لینینی ) یان دەکرد، بەلاّم بەشەکەی تری ئەوانەی لە شار مانەوە و نزیکی سالح یوسفی بوون، بەشێوەیەکی نهێنی کاریان دەکرد، باسی هزری سۆسیال دیموکراتیان دەکرد.[٢]

محەمەد شاکەلی لەم بارەیەوە دەڵێت: (( ناسنامەی سۆسیالیست برادەرانی شاخ شاردیانەوە، ئێمە نەمانگوتووە (مارکسی– لینینین )، ئێمەی شار دەمانگوت حزبێکی سۆسیالیست دیموکراتین، بەلاّم برادەرانی شاخ نەیانتوانی شەرحی بکەن)).[٣] لەو بارەیەوە لە ڕاپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالستی ساڵی ١٩٨١ هاتووە، (( سەرەڕای ونی فکر و ڕێبازی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان کە فکر و ڕێبازی سۆسیالیزمی زانستی و دیموکراسی گەلی بوو لە ڕێگای خەباتیدا، بەلاّم لەبەر ئەوەی ناوی بزووتنەوە لەگەڵ زاراوەی سۆسیال دیموکراتی جیهانی ناسراون گومان لێکراو کە پشتی لە فکری شۆڕشگێڕی کرد، زۆر لێکنزیکتر بوون، ناچار بزووتنەوە لە ڕێگای ڕاپرسیەکی گشتیی و پرس و ڕاوەرگرتنی هەندێ هێزی نیشتمانی تر ( التباس) ەکە هەڵگیرا و وشەی دیموکراسی لادرا، کرا بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان )) [٤].

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ناکۆکی ئایدۆلۆژی لە نێوان هەریەك لە بزووتنەوە و کۆمەڵە هەبووە، وەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم دوو هێزە بڕیاری ئەوەیان دابوو، لە چوارچێوەی نیمچەبەرە پێکەوە کاربکەن، بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی ناکۆکی ئایدۆلۆژی لە نێوان هەردوو هێز دروست دەبوو، ناکۆکیەکانی پێشتری نێوان (کۆمەڵە_ بزووتنەوە ) بەشێکی زۆری پەیوەندی بە هەلومەرجی بەرپابوونی سەرەتای شۆڕش بوو، پاشان کە شۆرشەکە خورت بوو، ناکۆکیەکانی تر تەشەنەی سەند[٥].

---

[١] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند،ب١، ل ٦٢.

[٢] محمد فاتح: س .پ ، ل ٢٥١.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمد شاکەلی: هەولێر، ١ / ٢٠١٥/٢( ساڵی ١٩٤٤ لە کەلار لەدایك بووە ، پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری کەرکوك تەواو کرددووە ، بەشداری لەشۆڕشی ئەیلولدا کردووە ، و دوای نسکۆ دورخراوەتەوە بۆ باشوری عێراق ، لە دامەزراندنی بزووتنەی سۆسیالیستی کرددوە و ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست بووە تا ساڵی ١٩٩٢ ، پاشان چووە ڕیزی یەکێتیەوە و ئێستا لەکەلار دەژێت ).

[٤] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:( ڕاپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق کە لە نێوان (١٢–١٥ ) ئاياری ١٩٨١ بەسترا.

[٥] مەلا بەختیار:یاخی بوون ، ل ٢٠٦).

لەناو یەکێتی ململانێی فکری توووند هەبوو، کۆمەڵە ڕۆژ بە رۆژ بەرەو ڕێکوپێکی و بەرنامەیەکی باشتر کاری دەکرد لە بەرامبەردا بزووتنەوە لەگەڵ ئەوەی هێزێکی خێڵەکی زۆری لەگەڵ بوو، بەڵام هێزێکی ڕێکخستنی ریك و پێك نەبوو، لەڕووی فکری و ڕێکخراوەیی وەك پێویست ئامادە نەکرابوون[١]. بەم شێوەیە ئەم دوو هێزە لە ململانێیەکی ئایدۆلۆجی بوون، بە هاتنەوەی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بارودۆخەکەیان کەمێك گۆڕی، بەڵام باڵەکانی ناو (ی.ن.ك) هەر مایەوە، کۆمەڵە بۆ چوونێکی فکری وایان هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەوان ڕێکخراوێکی (مارکسی– لینینی ) ن، مافی ئاسایی خۆیان، کە بە گوێرەی ئەو تیۆریە دەتوانن، سەرکردایەتی بەرەیەکی لە شێوەی یەکێتی بکەن[٢]. فەرەیدون عەبدولقادر لەو بارەیەوە دەڵێت: (( دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی کە جەلال تاڵەبانی نامەی بۆ ناردین بەو شێوەیە وەڵاممان دایەوە، ڕێکخستنێکی نیشتمانی فراوان دروست بکەین و کۆمەڵە داینەمۆکەی بێت و هەڵی سوڕێنین، کۆمەڵەش خۆی ئاشکرا نەکات و لەو ڕێکخستنە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ڕێکخستنێك لە دەوری خۆی دروست بکات)) [٣]. لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، هەوڵدانی بۆ دامەزراندنی حزبی پێشڕەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کردۆتە، ئەڵقەی ناوەندی خەباتی ئایدۆلۆجی، سیاسی، ڕێکخراوەیی خۆی[٤].

بۆیەش پێکهاتن و داڕشتنی (ی.ن.ك) زیاتر مۆرکی ماویزمی پێوە دیار بوو، کە لە مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی (لەسەر ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ ) بۆ سازدرابوو:

١ – پێشڕەوێکی مارکسی کۆمەڵە.

٢ – بەرەیەکی فراوانی چینەکان (یەکێتی )

٣ – سوپایەکی توندو تۆڵ (هێزی پێشمەرگە ) [٥].

واتە چوارچێوەی یەکێتی لەسەر بنەمای (یەکێتی و ململانێ) دروست ببوو، وەها داڕشترابوو، کە کۆمەڵەی (مارکسی – لینینی ) بە حزبێکی پێشڕەوی پرۆلیتاری لە کۆتایی دەربچێت، ئەوەی لە ناو یەکێتی، بزووتنەوەی سۆسیالیست و دوایی هێڵی گشتی، ئەگەر ئەو کاتی بێت یان دوایی، سەرئەنجامێکی مەنتقی دەبێت، بەو واقعەی ناو یەکێتی ڕازی نەبێت، بۆ ئەوەی ئەو لە پێناو ماددەیەکی خۆراکی مێژوویی بێت لە پێناو حزبێکی تر[٦].

## چوارەم: کاریگەری ململانێ و ناکۆکییە کەسییەکان

یەکێك لە هۆکارەکانی تری کەرتبوون بە گشتی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا هۆکاری کەسییە، چونکە تاکە کەس ڕۆڵی سەرەکی هەیە، لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان، مەحمود عوسمان پێی وایە

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمد فاتح، هەولێر ، ٢/ ٣/ ٢٠١٥.

[٢] نەوزاد عەلی ئەحمەد : پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا، ل ١٤٩.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەیەوە بروانە :_(کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین، س.پ، ل ١١١).

[٤] جوامێر: بەرەو پێکهێنانی حزبی پێشڕەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، گۆڤاری (کۆمەڵە)، ژمارە (٣)، زستانی ١٩٧٩، ل ٧٢.

[٥] مسعود عبدالخالق: س.پ.، ل ١٢٢.

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مسعود عبدالخالق، هەولێر ،١٥/٧/٢٠١٥.

تاكە كەس نەك هەر لەناو کورددا کاریگەریی هەیە بەڵکو لە ئاستی دنیا تاکە کەس کاریگـەریی هەیـە.[١] بـەڵام ئەوەی هەست بە جیاوازی دەکرێت کەسی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ ڕۆژ ئاواییە، محەمـەد شاکەلی جیاوازییەکە لـەوە دەبینێتـەوە کەسـی ڕۆژهـەڵاتی بـە گشـتی گرنگـی کـەم بەڕاویـژ دەدات، و ئەمـە بـە یـەکێك لـە هۆکارەکـانی کەرتبوون دادەنێت.[٢] ئەو کاتـەی بزووتنـەوە ئەنـدام بـوو لـە نیمچە بـەرەی یـەکێتی ئـەو ڕایـە لـەلای کـادرانی بزووتنەوە دروست ببوو، کە تاڵەبانی زیاتر بەلای کۆمەڵـەدا شـکاندویەتیەوە، ئەمـەش بۆتـە هـۆی نـاکۆکی لـە نێوان بزووتنەوەو تاڵەبانی، چونکە بزووتنەوە پێیان وابوو، پێویستە سکرتێری گشتی هـی هـەردوولا بێـت و بەیـەك چـاو تەماشـای هــەردوو لا بکـات [٣]. دەربـارەی جیـاوازی بینینــی تاڵــەبانی بـۆ بزووتنــەوە، ئــەم تێبینیانەیان لەسەر تاڵەبانی هەبوو.

أ – بزووتنەوە باسیان لە تاکڕەوی تاڵەبانی دەکرد و بەوە تاوانباریان دەکرد، بیروڕای خۆی دەسەپێنێت و گـوێ ناداتـە سـەرکردایەتی بـە کۆمـەڵ.[٤] ئەم تاوانبارکردنـە پێشتر سـەرکردایەتی (م.س) سـەرۆکی پـارتی تاوانبار دەکرد بە تاکڕەوی، لـەم قۆناغـە تاڵـەبانی تاوانبـار دەکرێـت، و لـەپاش جیابوونـەوەی بزووتنـەوە لـە لایەن (م.س) سەرکردایەتی بزووتنەوە تاوانباردەکرێت، عادل مراد لەو بارەیەوە دەڵێت: (( دانووستان لەگەڵ ڕژێـم هـەبوو، ئاغـاو کوێخـا لـە بـەین بـوو بـەبێ ئـەوەی پـرس بـە (م.س) ، بکرێـت، بۆیـە بـیرم لـە جێهێشـتن دەکردەوە)) [٥].

ب – بوونی جیاوازی لە دابەشکردنی چەك

بزووتنەوە پێی وابوو جیاوازی لە دابەشکردنی چەك دەکرێت، بە تایبەتی پاش ئەوەی چەك بە قاچاغ هاتبوو، عەدنان موفتی دەڵێت: (( چەکەکان دابەش نەکرابوون)).[٦] بەڵام بزووتنەوە پێیان وابوو تاڵـەبانی بـە

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەحمود عوسمان، هەولێر، ٢٣/ ٢/ ٢٠١٥.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمد شاکەلی: هەولێر، ١ / ٢/٢٠١٥.

[٣] بەهرۆز گەلالی: س.پ، ل ٥٨.

[٤] محمد فاتح: س.پ، ل ٢٧٤ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین:پەنجەکان یەکتری دەشکێنن ، ل ٣٣.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل مراد: سلێمانی، ٢١/ ٦/ ٢٠١٥.

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عدنان مفتی، هەولێر، ٥/ ٢/ ٢٠١٥.(ساڵی ١٩٤٩ لەدایك بووە ، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری ژمێریاری لە زانکۆی موستەنسریەی بەغداد تەواو کردووە و ، ساڵی ١٩٦٣ دا پەیوەندی بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتییـەوە کـردووە ، دوای نسـکۆ پەیوەنـدی لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیدا دروستکردووە ، دواتر لە دامەزراندنی کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی بەشدار بووە ، لە سـاڵی ١٩٧٨ دا دەبێتە پێشمەرگە، دوای جیابوونەوەی بزوتنەوە لە یەکێتی دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ، پاشان دەبێتە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی ئەم پارتە ، ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندی بە یەکێتیەوە دەکات ، لە کۆنگرەی دووی یەکێتیدا دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ساڵی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٩ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووە ، ساڵێ ٢٠١٠ بووە ئەندامی مەکتـەبی سیاسـی و تائێستاش بەردەوامە .

لای کۆمەڵە دائەشکێنیّ، کۆمەڵە لەسەر حسابی بزووتنەوە بەهێز ئەکا، لە دابەشکردنی چەك و پارەدا زۆرتر بەشی کۆمەڵە ئەدا[1].

تاڵەبانی هەوڵی گۆڕینی نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) بۆ ڕێکخستنێکی یەکگرتوو، و تواندنەوەی لەناو یەك پارتدا دەدا[2]. لەو بارەیەوە لە ڕاپۆرتی سیاسی بزووتنەوە هاتووە: ((تاقیکردنەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرکەوتنی بە خۆیەوە نەدیت، وەکو ئێمە هیوامان بوو، ئەوە بوو سەرنەکەوت لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی گونجاوی ئەوتۆ، کە ڕێکخراوە سیاسییەکان بتوانن لە ناویدا منافەسە بکەن، بەڵکو ئەو چوارچێوەیە وردە وردە، دەگۆڕا بە شێوەی تاکە حزبی بگرە زیاتریش لەوە تاکە کەسێك دەستی بەسەر هەموو کار و بارێکدا گرتبوو))[3].

عەدنان موفتی ناکۆکیەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئەو فەرهەنگەی بزووتنەوە و کۆمەڵە بڵاویان دەکردەوە لە قبوڵنەکردنی یەکتری، کۆمەڵە پێی وابوو هەمووی دەبێت کۆمەڵە بێت، جەلال تاڵەبانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆمەڵەی پیّ ئاسانتر بوو. هەتا عەلی عەسکەری مابوو وانەبوو، بەڵام پاشتر وابوو[4]. مەلا بەختیار ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە تاڵەبانی لەکاتی مانی عەلی عەسکەریدا زیاتر بەلای بزووتنەوە بووە، بەڵام لە کۆتاییەکانی و لەکاتی تووند بوونی ململانێکان تاڵەبانی هاوکاری بزووتنەوەی کەمکردەوە [5].

**پێنجەم: کارەساتی هەکاری و جیابوونەوە:**

ڕووداوی هەکاری کاریگەریەکی قوڵی لەسەر نیمچە بەرە دروستکرد، کەرتبوونی ریزەکانی یەکێتی خێراتر کرد، لە فەرهەنگی یەکێتی بە کارەساتی هەکاری ناودەبرێت. ڕووداوی هەکاری لەناو بردنی عەلی عەسکەری و خالید سەعید و پێگەی باڵی جەلالی لەناو بزووتنەوە لاواز کرد. کادرە سەرکردایەتیەکانی بزووتنەوە هەموو لەو کادرانە بوون کە پێشتر لەناو پارتی باڵی (مەلایی ) کاریان کردووە[6]. بەهرۆز گەلاڵی ئاماژە بەوە دەکات، کە لەدەستدانی ئەو سەرکردانەی بزووتنەوە، یەکێتی تووشی نسکۆیەکی کاتی کرد، بەڵام بەشی زۆری بەر بزووتنەوە کەوت وای کرد کە کەسانی بیّ توانا تا ڕادەیەك بەرژەوەندیخوازی خۆیان لە بزووتنەوە و سەرکردایەتیەکەی نزیك بکەنەوە، ناوبراو سەرهەڵدانی شەڕەکانی ناوخۆ و پارچەپارچەبوون بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ لە دەستدانی عەلی عەسکەری و خالید سعید دەگێڕێتەوە[7]. بەڕوودانی کارەساتی هەکاری ساردی لە نێوان بزووتنەوە و تاڵەبانی زیاتر بووە، بەڵکو هەندیّ لە کەسانی سەرکردایەتی

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل ٣٣.

[2] شاخەوان شۆرش: س.پ ، ل١٠٣.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :_ (ڕاپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ١٩٨١، ل ١٩–٢٠).

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عدنان موفتی، هەولێر ، ٢/٥ / ٢٠١٥.

[5] مەلا بەختیار:یاخی بوون ، ل ٧٦.

[6] محمد فاتح: س .پ ، ل٢٧٣ – ٢٧٤.

[7] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :_ (بەهرۆز گەلاڵی: س. پ ، ل ٥٣–٥٤).

بزووتنـەوە گومانیـان لـە تاڵـەبانی پەیـداکردووە لەمـەڕ چـۆنیەتی دوای ڕوودانـی ئـەم کارەسـاتە.[1] عـەلی عەسکەری و خالید سعید وەکو دوو کەسایەتی بەهێز ڕێگربوون لە تەقینـەوەی ئەو ململانێ و کێشانەی کە پێشتر لەناو یەکێتی هەبوون، توانیویانە ئەو بارودۆخە راگرن، بە نەمانی ئەوان و هاتنی نەوەیەکی نوێ و خـەڵکی دووەم ئـەو واقعـەیان پـێ قبـوڵ نـەکراوە[2]، بەتایبـەتی دوای ئـەو ڕووداوە، کۆمەڵـە دەیویسـت لـەناو یەکێتی هەیمەنە بکات، لە بەرامبەردا بزووتنەوە خۆی بە غەدر لێکراو دەزانی، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی پێش ڕووداوی هەکاری بزووتنەوە زۆرینە بوون.[3] دوای ڕووداوی هەکاری بزووتنەوە بە بڕیاری ڕەسوڵ مامند کە بەکردەوە پاش نـەمانی عـەلی عەسـکەری و خالیـد سـەعید لـە گۆڕەپـانی سیاسـی ئـەو بـوو بـە کەسـی یەکـەم، بارەگـای خـۆی لـە سـەرکردایەتی یـەکێتی و کۆمەڵـە دوورخسـتەوە[4]. بـەم شـێوەیە باڵەکـەی ڕەسـوڵ مامەنـد ڕێگەی بۆ خۆش بوو، وەکو دەیان ویست هەڵوێستی جیاواز لە هی یەکێتی وەرگرن.[5] بڕیاریاندا لە ڕیزی (ی.ن.ك) دەربچـن و سـەربەخۆ کاربکـەن، ئـەم بڕیـارە لـە٢١ ی ئازاری ١٩٧٩ جێبـەجێکرا.[6] دیـارە جگـە لـەم هۆکارانـە، کۆمـەڵێك هۆکـاری تـریش لـە پشـت ئـەم ڕووداوانـە هانـدەر بـوون، بـۆ هاتنـە دەرەوەی بزووتنـەوە دیارترینیان:

نەوشـیروان مسـتەفا دەڵێـت : ((جیابوونـەوەی ڕەسـوڵ شـتێکی چـاوەڕوانکراو بـوو، بـەڵام ڕۆیشـتنی د.مەحمود بۆ هەموومان کت و پڕ بوو، چونکە هیچ کاتێك باسی شتی وای نەکردبوو، بەڵام دوایـی دەرکـەوت د.مەحمود دەستێکی باڵای هەبوو لە هاندانی ڕەسوڵ و هاوڕێکانی بۆ ئەم کارە)).[7] بەشێك لە سەرچاوەکانی یەکێتی لیژنەی ئامادەکاری مەحمود عوسمان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەستی هەبووە لە تێکدان و چاندنی تۆوی گومان لە نێوان بزووتنەوە و کۆمەڵە و جەلال تاڵەبانی، هۆکاری ئەمەش دەگێڕنەوە بۆ ئـەوەی ماوەیـەك بـوو لیژنـەی ئامادەکـاری دروسـت کردبـوو، کەسـی لـێ کۆنـەببووەوە، بـەڵام بـەهۆی ئـەوەی بارەگـای نزیکـی بارەگای یـەکێتی بـوو، هەسـتی بـە ناکۆکـی ڕیزەکـانی یـەکێتی کردبـوو، بەتایبـەت ئەگـەر ئـەوە ڕەچـاوبکرێت، مەحمود عوسمان لە جەلال تاڵەبانی نزیك بوو، هەر بۆیە ناکۆکی ڕیزەکانی یەکێتی بە هـەلزانی و ئـەو هەلـەی قۆستۆتەوە و ڕۆڵـی خراپـی گێڕاوە، بۆ ئـەوەی ڕەسـوڵ مامەنـد، لەگـەڵ یـەکێتی تێـك بچێـت.[8] گـەلالی ئـەوە پشت ڕاست دەکاتەوە لەکاتی توندبوونی ململانێکاندا، پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەی ئامادەکردنی خۆی لە سەرکردایەتی بزووتنەوە نزیك دەخستەوە، کاریگەری خۆی خستە سەر سەرکردایەتی بزووتنـەوە، بۆ ئـەوەی بزووتنـەوە لـە (ی.ن.ك) جیابێتـەوە، چـونکە پـارتی، لیژنـەی ئامـادەکردن دەیویسـت یـەکبگرن، بـۆ

---

[1] شاخەوان شۆرش : س . پ ، ل١٠٣.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمد فاتح، هەولێر، ٢/ ٣/ ٢٠١٥.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل مراد: سلێمانی ٢١/ ٦/ ٢٠١٥ ؛چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان مفتی، هەولێر، ٥ / ٢/ ٢٠١٥.

[4] برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە ، چ ٣، چاپخانەی چوار چرا ، ب . ش ، ٢٠١١ل ١٧٦.

[5] برایم جەلال:چەپکێك، ل ٣٢٦.

[6] نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، س.پ، ل ٣٣.

[7] محمد فاتح: س . پ ، ل ٥٥

[8] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند ،ب١ ، ل ٦٣.؛ برایم جەلال چەپکێك، س.پ، ل ١٧٧.

**ئەوەی خۆی بە بزووتنەوە بەهێز بکات.[١] بەڵام مەحمود عوسمان نکۆڵی لەوە دەکات هانی بزووتنەوەی دابێت بۆ جیابوونەوە، هەرچەندە ئەوە ناشارێتەوە کە کەس بێ دەور نەبووە لە گۆڕەپانەکە.[٢] عەدنان موفتی لەبارەی تۆمەتبارکردنی لیژنەی ئامادەکردن و مەحمود عوسمان دەڵێت: (( بۆ مێژوو دەیڵێم ڕەسوڵ مامەند و قادر عەزیز بڕیاری جیابوونەوەیان دابوو)) [٣]. لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانە، بزووتنەوە ویستویەتی سوود لە توانای مەحمود عوسمان وەربگرێت، بەتایبەت پاش ئەوەی بەشێکی زۆری سەرکردایەتی لەناو شارا لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بوو، لەبەرامبەردا محەمەد فاتح پێی وایە لیژنەی ئامادەکاری و د.مەحمود عوسمان سودیان لەو بابەتە وەرگرت، چونکە ژمارەیان پێشتر (٥، ٦)کەس بوون.[٤]**

**لێرەدا نابێت ڕۆڵی پارتی لەبار چاو نەگیرێت بۆ جیابوونەوەی بزووتنەوە، چونکە پارتی بەردەوام هەوڵی درزخستنە ناو ڕیزەکانی یەکێتی داوە، و جیاکردنەوەی بزووتنەوە لە بەرژەوەندی پارتی بووە، مەحمود عوسمان لەو بارەیەوە دەڵێت : ((پارتی جیابوونەوەی بزووتنەوەی پێ خۆشبوو، چونکە لە شەڕبوون، هەر لاوازیەکی یەکێتی بەهێزیی پارتی بووە))[٥]. لەم بارەیەوە باس لە ڕۆڵی سەرکردایەتی کاتی (پ .د .ك) دەکرێت بەتایبەتی (سامی عبدلڕەحمان )، کە درێخی نەکردووە لە هەوڵی لێکترازانی ڕیزەکانی یەکێتی، بەو نامانەی کە ناردوویەتی بۆ ڕەسوڵ مامەند ، سەرکردایەتی کاتی (پ . .د .ك) تاکتیکێکی زیرەکانەی هەڵبژاردبوو، دەیویست یەکێتی لە ناوەوە هەڵوەشێنێ، پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە و بزووتنەوە، بەجیا لە یەکێتی و جەلال تاڵەبانی دروست بکات، ئەم هەواڵە کار لە کۆمەڵە ناکات ، لەبەرامبەردا کۆمەڵە بە بەیانێك وەڵامی هەوڵەکانی پارتی سەرکردایەتی کاتی پارتی دەداتەوە [٦]. تاکتیکەکەی سامی کاری لە بزووتنەوە کرد بە تەنیا کەوتنە پەیوەندی نامە گۆڕینەوە.[٧] هەروەها ئاماژە بە ڕۆڵی نەرێنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران[٨] دەکرێت لە هاندانی بزووتنەوە بۆ هاتنە دەرەوە لە ڕیزی یەکێتی، بەبیانووی ئەوەی جەلال تاڵەبانی دەست لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەردەدات و پشتیوانی لە کۆمەڵەی**

---

[١] بەهرۆز گەلاڵی: ڕەسوڵ مامند، س.پ، ل ٥٨.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمود عوسمان، هەولێر، ٢٣/٣/ ٢٠١٥.

[٣]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی هەولێر ، ٥/٢ / ٢٠١٥.

[٤]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمد فاتح، هەولێر، ٢/٣/ ٢٠١٥.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود عوسمان، هەولێر، ٢٣/٢/٢٠١٥.

[٦] بڕوانە : کۆمەڵەی مارکسی _ لینینی کوردستان : وەڵامی نامەی سەرکردایەتی کاتی پارتی (ق.م) ، مارت ١٩٧٩.

[٧] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە ، ل ٣٣٦.

[٨] حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: لە سەر دارو پەردووی کۆمەڵەی (ژ . ك) لە ١٦ ئابی ١٩٤٥ دا دامەزرا ، ئەم کۆمەڵەیە پێنج ساڵ لەوەوبەر دامەزرابوو ، لە بەرواری ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا حدکا بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردستان و ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ.ك) یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست ، قازی محەمەد بوو بە پێشەوای حزب و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب پێکهێنراو ، لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەم حزبە دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان بوو لە شاری مەهاباد، کە بۆ ماوەی ساڵێك بەردەوام بوو ، دوای روخانی کۆمار تا ساڵی ١٩٧٩ تەنها جوڵانەوەی ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ گرنگترین لایەنن لە مێژووی ئەم حزبە ، دوای ساڵی ١٩٧٩ ئەم حزبە بەڕێبەرایەتی دکتۆر قاسملوو جارێکی تر خەباتی ئاشکرای خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردەوە ، بەرهەڵستی دەسەلات و سیاسەتی رژێمی کۆماری ئیسلامی کرد ، ئەم حزبە لە مێژووی خۆیدا چەندین پەرتبوونی تێدا روویداوە ، ئێستا دوو باڵ نوێنەرایەتی ئەم دوو باڵە دەکەن کە بارەگاکەیان لە شاری کۆیەیە .( یاسین سەردەشتی : کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ( ١٩٣٩-١٩٧٩) ، چ ٢ ، چاپخانەی سیما ، سلێمانی ، ٢٠١١، ل٢٠٥-٢٢٠).

**شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران دەكات [(١)]. لە دژی دیموكرات واتە وەكو تۆڵەیەك بەرامبەر تاڵەبانی.[(٢)] لەو كاتەدا (حدكا) و بەتایبەتیش د.قاسملو ببوون بە هێزێكی گرنگ لە ناوچەكەدا، هانی دابوون و بەڵێنی دابوونێ یارمەتیان بدات و كارئاسانیان بۆ بكات [(٣)]. بەم شێوەیە لە ژێر كاریگەری ئەم هۆكارانە و لە ژێر پاڵەپەستۆی سەركردایەتی ناوخۆی بزووتنەوە، لەسەر سەركردایەتی دەرەوە بەتایبەتی عەلی هەژار، ئەوان لایان باشتر بووە لە (ی.ن.ك) بێنە دەرەوە و سەربەخۆیی سیاسی و ڕێكخراوەیی پێشمەرگانەی خۆیان ڕابگەیەنن.[(٤)] لە ئەنجامی ئەم هۆكارانە لە نەورۆزی (١٩٧٩/٣/٢١) دا بەشی زۆری ئەوانەی خۆیان بە بزووتنەوەی سۆسیالیست دەزانی لەگەڵ كۆمیتەی ئامادەیی پارتی لە ڕیزی (ی.ن.ك) هاتنەدەرەوەی خۆیان ڕاگەیاند، بنكەكانی خۆیان لە گوندی گۆڕەشێر لەناو خاكی كوردستانی ئێران بنیاتنا. دیارترین سەركردە جیابووەكان: ڕەسوڵ مامەند، تاهیر عەلی والی، قادر عەزیز، حاجی حاجی برایم، سەید كاكە لە بزووتنەوە. د.مەحمود عوسمان، قادر جەباری، عەدنان موفتی، لە كۆمیتەی ئامادەیی بوون، لە ڕۆژی یەكەمی جیابوونەوەیان، ژمارەیەك پێشمەرگە لەگەڵیان ڕۆیشتن [(٥)].**

## تەوەری دووەم: ئەنجامەكانی جیابوونەوەی بزووتنەوە

**هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش پاش شكست، ئاهێكی بە بەر خەڵكدا هێنایەوە، بەڵام بە جیابوونەوەی بزووتنەوە جارێكی تر جەماوەر تووشی بێئومێدی بوون، چونكە ئەم جیابوونەوەیە كاریگەری نەرێنی لە بواری كۆمەڵایەتی و چەكداری و پێشمەرگایەتی جێهێشت، هەروەها ڕێگای بۆ هێزە هەرێمیەكان كردەوە، تاكو ڕۆڵی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێم بگێڕن لە دیارترین كاریگەریەكانی لە بواری چەكداری جێهێشت، نەوشیروان مستەفا لەو بارەیەوە لە كتێبی (لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) دەڵێت: ((جیابوونەوەی چەكدارەكانی بزووتنەوە لەشكرێكی تری لە كوردستان زیاد كرد، بیری یەكخستنی چەكداری هەموو حزبەكان، لە "یەك لەشكری یەكگرتوودا" كە لە سەرەتای دامەزراندنی یەكێتیەوە باس ئەكرا، دەمانویست هەموو لایەنەكان بەم بیرە ڕازی بكەین بە یەكجاریی داڕوخا ، و لەوە بەدواوە كوردستان**

[(١)] كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران : ئەم كۆمەڵەیە لە پایزی ساڵی ١٩٦٩ دا لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و لە ژێر كاریگەریی بارودۆخی ناوخۆیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا وەك پارتێكی چەپ لە ژێر ناوی تەشكیلاتدا دامەزرا، و دواتر لە ١٥ی شوباتی ١٩٧٩ دا بە فەرمی خۆیان راگەیاند ، فوئاد مستەفا سوڵتانی وەك یەكەم سكرتێری ئەم ڕێكخراوە دەستنیشانكرا و بەڵام دوای چەند مانگێك لەلایەن رژێمی ئێرانەوە كوژرا، كۆمەڵە ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبوو لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد لەرۆژهەڵاتی كوردستان و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەكانی كۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە گەلی كورد ، كۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٣ دا و لەگەڵ گروپێكی چەپی ئێرانی بەناوی یەكێتی تێكۆشەرانی كۆمۆنیست یەكی گرت و حزبی كۆمۆنیستی ئێرانیان پێكهێنا و كۆمەڵەش بوو بە لقی كوردستان ئەم حزبە سەرتاسەرییە ، كۆمەڵە لە دوای ساڵی ١٩٩١ وە چەندین باڵی جیاوازی لێبووەتەوە لەوانە ( كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستان ئێران – كۆمەڵەی شۆڕگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران – ڕێكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی ئێران ). بڕوانە :_( شەیما سەعید حمەلاو : كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران –كومەڵە( سازكا ) ١٩٦٩–١٩٨٨( توێژینەوەیەكی مێژوویی _ سیاسییە )، ماستەر نامە (بلاّونەكراوە) ، زانكۆی سلێمانی ، سكولی زانستەمرۆڤایەتییەكان / بەشی مێژوو ، ٢٠١٤).

[(٢)] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل مراد: سلێمانی ٢١/ ٦/ ٢٠١٥.

[(٣)] نەوشیروان مستەفا ئەمین:پەنجەكان یەكتری دەشكێنن، ل ٣٣.

[(٤)] برایم جەلال: چەپكێك، س.پ، ل ١٧٧؛ شاخەوان شۆرش : س.پ، ل ١٠٢.

[(٥)] فاتح رسول: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی كوردمان، ڕووداو بەڵگەنامە، چاپی یەكەم، بەرگی یەكەم،، سوید ١٩٩١، ٤٩– ٥٠.

**بەرەو"فرە لەشکری" ڕۆیشت، فرە لەشکری هۆی سەرەکی شەڕی ناوخۆ بوو، ڕاستە ناکۆکیەکان هەمیشە لە سەرچاوەی سیاسیەوە هەڵئەقوڵێت، بەڵام ئەگەر ئەم حزبانە لەشکری تایبەتی خۆیانیان نەبوایە، نەیان دەتوانی پەنابەرنە بەر شەڕی چەکدار بۆ بەلا داخستنی ناکۆکیەکانیان کە زۆر جار سیاسی نەبوون)).[1] هەر بۆیە جیابوونەوەی بزووتنەوە ڕیزەکانی یەکێتی پێشمەرگە و ڕێکخستنی تووشی شلەژان کرد.[2] چونکە هەردوولا هەوڵیان دەدا زۆرترین پێشمەرگە و زۆرترین کادرە دیارەکان لەگەڵ خۆیان ببەن.[3] ئەم پێشبڕکێیە بۆ ڕاکێشانی هێزی چەکدار لە نێوان هەردوو لادا، ئەگەری پێکداادان و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی بەهێز دەکرد، تا لە ئەنجامدا جیابوونەوە بووە هۆی پێکدادانی چەکداری. لە نێوان پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) و سۆسیالیستدا[4]. ئەوە بوو زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق ئاژاوەو ناکۆکی و تێهەڵچوون لە نێوان هێزەکانی چەکدار پەرەیان دەسەند، سەرجەم دەنگوباسەکان سەبارەت بە پەرەسەندنی شەڕی براکوژی بوو، بەتایبەت لە نێوان چەکدارەکانی سەر بە ڕەسوڵ مامەند و تاهیر عەلی والی و د.مەحمود و چەکدارەکانی (ی.ن.ك) لەماوەی چەند ڕۆژێك ژمارەیەك پێشمەرگە لە هەردوولا کوژرا، زۆریشیان لە یەکتری چەك کرد[5]. شەڕی ناوخۆ کارێکی زۆری کردە سەر بیروبۆچوونی خەڵك سەبارەت بە خەباتی پێشمەرگە و پارتە سیاسییەکان، بووە هۆی نزمبوونەوەی ناوی پێشمەرگە، هاریکارینەکردنی پێشمەرگە لەلایەن دانیشتوانەوە، تەنانەت ئامادەنەبوون نان و خۆراك بە پێشمەرگە بدەن ، بەڵام پێشتر هەر هەندەی بوار هەبوایە، گوندەکەیان نان و پێداویستیان بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ پێشمەرگە دەبرد [6]. شەڕی ناوخۆ بوو بەهۆی لاوازبوونی مەعنەویاتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بە شۆڕش، کە ئامادە نەبوون ڕۆڵەکانیان بنێرنە ڕیزی پێشمەرگە، چاپووك عومەر لەو بارەیەوە دەڵێت: ((من یەکێك بووم لەوانەی بەهۆی بەرهەڵستی ماڵەوە لەوەی ببم بە پێشمەرگە چەند مانگێك دوا کەوتم، لەبەر ئەوەی تازە گەرمەی شەڕی براکوژی بوو بە تایبەت لە نێوان سۆسیالیست و یەکێتی)) [7].**

**بەهۆکاری ئەم شەڕانە دەیان قوربانی لە هەردوولای لێکەوتەوە، عادل مراد لەو بارەیەوە دەڵێت: ((ئێمە چاکترین لاومان لە چەندین شەڕی خوێناویدا لە دەست داون کە بە درێژایی مێژوو ئەو شەڕانە خراپ بەسەر**

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :_(نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل ١٣٦).

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵڵا، هەولێر ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥، بەڵێن عەبدوڵڵا: ١٩٥٧ لە ناحیەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە ، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵە ، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستیەوە کردووە ، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە لە ریزەکانی ( ب . س . ك) ، ئەندامی دامەزرێنەری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە ، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بووە ، ئێستاش سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە.

(3) مستەفا چاوڕەش: یادەوەریەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٢٠١٤.

(4) احمد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم ، ستۆکهۆڵم _ سوید ، ١٩٩٧ ، ل ٣٥٦_٣٥٧.

(5) فاتح ڕەسوڵ: چەند لاپەڕەیەك لە مێژوویی خەباتی گەلی کوردمان (ڕوودا و بەڵگە) بەرگی دووەم ، سوید ، ١٩٩٠ ، ل

(6) ئاسی ڕەباتی: هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشور، چاپی دووەم، سوید، ١٩٩٠، ل ٨٥.

(7) چاوپێکەوتن لەگەڵ چاپووك عمر، هەولێر، ٢٧ /٩/ ٢٠١٥.چاپووك عمر: ساڵی ١٩٦٠ لە شاری کۆیە لەدایك بووە ، ناوەندی و ئامادەیی لە کۆیە تەواو کردووە و خوێندکاری پەیمانگای نەوت بووە لە هەولێر بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسیەوە وازی لە خوێندن هێنا و چووە ریزی شۆڕش و بووەتە لێپرسراوی ناوچەی شۆڕشگێرانی کۆیە ، تاساڵی ١٩٨٨ دەچێتە دەرەوەی وڵات و لە یەکیەتی سۆڤیەت درێژە بە خوێندن دەدات و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا ، ئێستاش قائیمقامی قەزای کۆیە بوو .

جولانەوەی کورد دا شکاونەتەوە و دەشکێنەوە، ئەم قارەمانانە ژیانی خۆیان بەخت کرد بۆ جێبەجێکردنی بیروڕای سیاسی. هەندێك سەرکردەی سیاسی کە کەش و هەوای سیاسییان لە کوردستاندا گرژکرد بەوەی لاوەکانیان بە ئاقارێکی سیاسی نێگەتیڤ ڕێنوینی کرد و قسەکانیان بوون بە گوللەی ئەوتۆ کە بەر سنگەکان بکەون و سەدان کەس لە گۆڕەپانی وەهادا گیان لە دەست بدەن کە گۆڕەپانی ڕەسەنی خۆیان نەبووە))[1] .

هاوکات لەگەڵ توندبوونی ناکۆکیەکان لە نێوان یەکێتی و پارتیدا، ڕۆڵی سەرکردایەتی کاتیی (پ.د.ك) وەکو کارەکتەرێکی بەهێزی توندبوونی ناکۆکییەکان بەدەر دەکەوێت، لە ساڵی (١٩٨٠) بەدواوە بەهۆی هاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم، واتە سەرکردایەتی کاتی (پ.د.ك) دەبێت لە نێو جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، لێرەوە لە پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان، تەنها ڕووداو و بارودۆخە جیاوازەکانی نێوانیان ڕۆڵ لەو نێوانەدا نابینیێ، بەڵکو کاریگەری لایەنی سێیەمیش ڕۆڵ دەبینێت، ئەم قۆناغە تا سەرهەڵدان و دروستبوونی کاری بەرەیی لە کوردستاندا، سەردەم و قۆناغێکە، بەگشتی لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە، دوو هەوڵ سەبارەت بە دروستکردنی دوو بەرەی دژ بەیەك بەدیدەکرێت، بەجۆرێك هەر لایەنێك لای خۆیەوە بۆ بەهێزکردنی پێگە و قورسایی خۆی لەسەر ئەویتر و بۆ پەراوێز خستنی لایەنەکەی تر هەوڵی دروستکردنی بەرەی هاوبەش دەدات[2]. سەرەئەنجام پاش ئەوەی جەلال تاڵەبانی لە نیسانی ١٩٨٠ سەردانی تاران دەکات و لەوێوە بۆ دیمەشق، لەوێ پاش کۆبونەوەی خۆبەخۆ لەناو سەرانی بەرهەڵستکاری عێراقی و، لەنێوان لایەنەکانی بەرهەڵستکاری عێراقی لەلایەك و کاربەدەستانی سوری و لیبی و فەڵەستینی لەلایەکی ترەوە، ئەنجام بە ڕێککەوتنێك کۆتایی هات "بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی دیموکراتی / الجبهة الوطنية القومية الديموقراطية" یان پێکهێنا[3]، لە شەوی (١٢/١١/١٩٨٠) لە ئێستگەی ڕادیۆی دیمەشق بڵاوکرایەوە کە (بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی و دیموکراتی عێراقی) لە نێوان هەشت حزب و گروپ مۆرکرا، ئەمینداری گشتی حزبی بەعس – سەرکردایەتی هەرێمی عێراق عبدالجبار کوبەیسی پەیمانی بەرەکەی خوێندبووەوە، وتاری (ی.ن.ك) جەلال تاڵەبانی و هی (حشع) عەبدولڕەزاق سافی پێشکەشیان کردبوو.[4] لە حزبە کوردیەکان تەنها (ی.ن.ك) و (حسیك) بەشداربوون[5]. مەحمود عوسمان دامەزراندنی بەرەی(جوقد)ی لە باتی (حسیك) ئیمزاکردبوو، بەڵام سەرکردایتی (حسیك) لە کوردستان بێ ئاگایی خۆی لەو ڕێککەوتنە پیشان ئەداو، خۆی پێوە نەئەبەستەوە.[6] لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنی (جوقد) هیچ لە گرژیەکەی ئەم دوولایەنەی خاو نەکردەوە کە پێشتر لە نێوانیان بە هۆی جیابوونەوە دروست ببوو، چونکە تەنانەت ئامادە نابن لەگەڵ یەکتری دابنیشن، فاتح ڕەسوڵ لەو بارەیەوە دەڵێت: ((ئەم هەنگاوە لە هەموو عێراق بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بە خۆشترین ڕۆژ پێشوازی کرا، هەموو هێزی حزبەکان و جەماوەرەکە پیرۆزباییان لە یەکتری دەکرد، تا ماوەیەك ڕۆژەکان هەروەك ڕۆژانی جەژن وەهابوون، ئێمەش مەکتەبی هەرێمی کوردستان حشع بە نامەی تایبەت داوامان لە برادەرانی سەرکردایەتی حسیك و ینك کرد،

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل موراد ، سلێمانی ، ١٧/٦/ ٢٠١٥

[2] وەرگیراوە لە:_( سەلام عبدالکریم، س.پ، ل ٩٦–٩٧).

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:نەوشیروان مستەفا ئەمین:پەنجەکان یەکتری دەشکێنن ، ل ١٧٦.

[4] فاتح رسول: چەند لاپەڕەیەك، ب١ ، ل٢٢٨.

[5] بەهرۆز گەلاڵی: س.پ ، ل١١٣.

[6] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن ، ل ١٧٧.

بۆ میوانداری لە بارەگای خۆمان چاوەڕوانیان دەکەین. مەکتەبی سیاسی(ی . ن. ك) بە نامەیەکی کورت وەرامیان داینەوە کە حەزناکەن ئێستا کە بانگەواز لەگەڵ (حسیك) بلاو بکەنەوە، سەرکردایەتی حسیکیش بە نامەیەکی توندو گرژ ئەم وەڵامەیان بۆ نووسینەوە)).[١]

سەرەڕای ئەوەش مۆرکردنی ئەم بەرەیە بوو بە هۆی بلاو بوونەوەی ناڕەزایی کادرەکانی بزووتنەوە لە سەرکردایەتی، بەڵێن عەبدولا هۆکاری ئەم ناڕازیبوونە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی سکرتاریەتێکیان بۆ ئەم بەرەیە دروست کردبوو و لەو بارەیەوە دەڵێت: (( ئێمەیان لەو سکرتاریەتە هاوێر کرد، گلەیی زۆر لەناو بزووتنەوە لە سەرکردایەتی دروست بوو، کە ئێمە لەو سکرتاریەتە نەبین، چۆن ئیمزا کراوە ؟ لەبەرامبەردا هەندێك هێزی عەرەب بەس ناو بوو، نوێنەریان تێدابوو، ئەوە کێشەیەکی زۆری لە ناوخۆمان دروست کرد)).[٢] پارتی هەوڵیاندا فرسەت بێنن لەو ناڕەزاییەی هەڤاڵانی ناوەوەی (حسیك)، بەتایبەتیش کاتێك بینیان رەسوڵ مامەندی سکرتێری حزب ناڕازی بوو، لەسەر شێوەی پێکهێنانی (جوقد) و پێی وابوو مافی سۆسیالیست خوراوەو مافی خۆی نەدراوەتێ، بۆیە پارتی زوو کەوتنە هەوڵدان بۆ ڕازی کردنی سۆسیالیست و حزبی شیوعی عێراق لە پێناوی دروستکردنی بەرەیەکی تر بێتە جێگرەوەی بۆ (جوقد)[٣] . ئەحمەد بانیخێلانی لەوبارەیەوە دەڵێت: (( دوای ڕاگەیاندنی (جوقد )برادەرانی پارتی نامەیان بۆ ئێمە و سۆسیالیست نارد کە ئێمەش پەیمانی هاوکاری خۆمان بلاو بکەینەوە، شەوی ٢٧-٢٨ /١١/١٩٨٠ ئێمە و برادەرانی سۆسیالیست گەیشتینە گوندی (کەوپەر) دێیەکە سەر بە شارۆچکەی (خانێ) ی کوردستانی ڕۆژهەلاتە، ئێوارەی ٢٨/١١/١٩٨٠ ئێمەش سێقۆڵی پەیمانی هاوکاریمان مۆرکرد)) [٤]. واتا دوا بەدوای دامەزراندنی (جوقد) بە ١٥ ڕۆژ. کاردانەوەی لایەنەکانی (جوقد) بەرامبەر (جود) و هەروەها محمود عوسمان بەرامبەر (حسیك) بووە شتێکی چاوەڕوانکراو، کاردانەوەی جوقد بەرامبەر هەردوو پارتی ناو ئەم بەرەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوی (حسیك) و (حشع) لە جوقد ئەندام بوون، هەرچەندە لە بەیاننامەی یەکەمی (جود)و گشت دانیشتنەکان جەخت لەسەر دەکرا (جود) جێگرەوەی (جوقد) نیە، بەڵکو یاریدەدەریەتی و ئامادەیە بێتە ناو (جوقد) و خۆی حەل بکات، بە مەرجێك دژایەتی (پ.د.ك) نەکرێت و ئەویش قبوڵ بکرێت، بەلام (ی.ن.ك) و(بەعس-سەرکردایەتی هەرێمی عێراق) بڕوایان بەمە نەبوو[٥]. بۆیە حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیست کوردستانیان لە (جوقد) سڕکرد[٦].

تێڕوانینی (ی.ن.ك) بۆ جود وای لێك ئەدایەوە کە جود بۆ گەمارۆدانی ئەو قوتکراوەتەوە، خەریکی ئەوە دەبێت قاچ و دەستی شەتەك بدات و ماوەشی پێنەدات بە پێی ئەو پرۆگرام و ستراتیژیەیی هەیەتی فراوان بێت و گەشە بکات[٧]. سەرچاوەی سەرەکی ئەو دڕدۆنگیەی یەکێتی بەرامبەر جود تا رادەیەك لە جێگای خۆی بوو، چونکە ئەم بەرەیە ڕێگای بۆ ئەوە خۆش دەکرد پارتی بەهۆی هێزی (حسیك) و (حشع) بە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەقی وەلامی نامەی (حسیك) بگەڕێوە بۆ:_( فاتح رسول:چەند لاپەڕەیەك، ب١، ل ٢٢٣).

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدولا، هەولێر، ٢٠١٥/٢/٢٥.

[٣] بەهرۆز گەلاڵی: رەسوڵ مامەند، ل١١٣ — ١١٤.

[٤] ئەحمەد بانیخێلانی: س . پ ، ل ٣٩٦.

[٥] فاتح رسول: چەند لاپەریەك، ب١ ،ل٢٢٥ -٢٢٦.

[٦] ئەحمەد بانیخێلانی: س.پ ، ل ٣٩٧.

[٧] فاتح رسول: چەند لاپەریەك، ب١، ل٢٣٦

ئاسانی بێنە ئەو شوێنەی هێزەکانیانی لێ بالاّ دەستە. لە نێوان ئەو دوو بەرە دژ بەیەکە (حسیك) هەم وەك هێزێکی سیاسی هەم وەك هێزێکی چەکداری یەکێك لەو پایە و کۆڵەکانە بووە کە هەریەك لە یەکێتی و پارتی لای خۆیانەوە بگرە (حشع) یش لە هەوڵی پەلکێشکردنیاندا بوون بۆ لای ئەو بەرەیەی کە لەهەوڵی دروستکردنیدا بوون، دواجاریش ئەوە بوو حسیك لە هەردوو بەرەکەدا بەشداربوو[١].

بەهرۆز گەلاڵی لەو بارەیەوە دەڵێت: (( دروست بوونی بەرەی (جود) بەرپرسیاریەتیەکەی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی سۆسیالیست، هۆیەکی سەرەکی بوو، بۆ زیندوو بوونەوەی سەرکردایەتی پاراستن و پارتی، جود بووە وەسیلەیەك بۆ هاتنی هێزەکانی پارتی بۆ ئەو شوێنانەی هێزەکانی (ی.ن.ك) ی تێدا بالاّ دەست بوو، بەو جۆر وردە وردە شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد)) [٢]. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە سۆسیالیست بووە جێ پێیەك بۆ گەڕانەوەی پارتی.[٣] لەلایەکی ترەوە ڕاگەیاندنی (جوقد) کیشەی ناوخۆی بۆ خودی بزووتنەوە دروست کرد ، وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ناڕەزایی کادرانی بەرامبەر ئیمزاکردنی (جوقد) بەدوا داهات، ئەم کێشەیە دەرئەنجام دەبرێتە کۆنگرەی (حسیك). شاخەوان شۆڕش لەو بارەیەوە دەڵێ: (( دامەزراندنی بەرەکانی (جود) و (جوقد) خاڵێکی دیاری دەمەتەقێ و مشتومڕی ناو کۆنگرە دەبێ)).[٤] ئەم کێشەیە لە ڕاپۆرتی سیاسی سکرتێری حزب بەم شێوەیە ئاماژەی پێکراوە: (( ئیمزاکردنی هەردوو بەرە لەلایەن حزبی ئێمەوە بۆ ئەوە بوو، کە هەموو وزە و توانایەکی نیشتمانی گەلەکەمان یەك بخرێت لە پێناوی بەهێزبوونی تەوژمی بەرهەڵستی کردنی دیکتاتۆری فاشستی، لەوانەش نەبووین کە ئارەزوومان لە دامەزراندنی دوو بەرە هەبێ هەروەها ئێمە لەوەدا بەرپرسیار نین بەڵکو ڕێبازی نادروستی هەندێ لایەن دەربارەی مەسەلەی هاوکاری، یاخود ئارەزووی پاوەنکردنی کاری سیاسی و بەکارهێنانی (ڤیتۆ) سەبارەت بەبەشداربوونی هەندێ لایەن لەبەرەدا بەرپرسیارە)) [٥].

دیارە لە بەرامبەردا مەحمود عوسمان لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە وەلاّمی ڕاپۆرتی سیاسی سکرتێری گشتی دەداتەوە و دەڵێت :((دروستکردنی ئەو دوو بەرەیە هیچ پێویست نەبوو، زۆرخراپ بوو لەگەڵ لایەن زیانیشی هەبوو، بەتایبەتی ئێمە لە هەموو زیاتر زیانمان پێکەوت، چونکە (جوقد)ەکەشمان لە کیس چوو، و لە جودیش ڕۆڵێکی ئەوتۆمان نەبوو، جود شیوعی و پارتی بوون، ئەوانەی ئێمەش خۆیان تێکرد))[٦].

لە ژێر ڕۆشنایی خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەدا ناکۆکی نێوان دوو کاراکتەری بزووتنەوە پاش جیابوونەوەیان لە یەکێتی بەدەردەکەوێت ، واتە ململانێ کەسیەکان کۆتایی پێنەهاتووە، مەحمود عوسمان وای دەبینێ کە ڕەسوڵ مامەند هەوڵ دەدات کە ئەو لە ململانێی ڕێبەرایەتی لابدات، هێشتا (حسیك)

---

[١] سەلام عبدالكريم: س.پ، ل ٩٧.

[٢] بەهرۆز گەلاڵی، ڕەسوڵ مامند، ٥٠ ساڵ، س.پ، ل ١٢٣.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵێن عەبدولاّ، هەولێر ٢٠١٥/٢/٢٥ ، محمود عوسمان، هەولێر،٢/٢٣/ ٢٠١٥.

[٤] شاخەوان شۆڕش، س.پ، ل ١٣٥.

[٥] ڕاپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالیست (١٢-١٥/٥/١٩٨١)، ل٣٥.

[٦] شاخەوان شۆڕش، س.پ، ل ١٣٠.

بەتەواوی سەقامگیر نەبوو بوو[1]. بەڵێن عەبدولا دەڵێت:(( جود و جوقد کێشەیەکی زۆریان بۆ پارتەکان دروست کرد، بووە هۆی لێکترازانی پارتەکان لە دواتر، ناکۆکی یەکێتی و پارتی، ئێمەو یەکێتی، پاشان ئێمە ناوخۆمان)) [2]. بەو شێوەیە ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لەدوای دامەزراندنی (جود، جوقد) خەبات و تەقەلای جەماوەر و هەموو هێزەکانی سیاسی گەشە بکات، هاوکاریکردن و هاریکاری نێوان هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق و کوردستانی بەرەو قۆناغێکی چۆنێتی (نوعی) تر بڕوات، بە پێچەوانەوە بارەکە وا ئەڕۆیشت، بێ بڕوایی و گومان لە یەکتریکردن فرە پەرەی ساند، هەر حزبێك دەیویست، چەند هێز و گروپێك بۆ لایەنگری خۆی ڕابکێشێت، باری ناجۆر و تێکچووی وڵات هێرش و تاوانەکانی ڕژێم بۆ سەر هەموو جەماوەری عێراق کوردستان، ئاگری شەڕی کاولکاری نێوان ئێران و عێراق. کۆی ئەو ڕووداو و کارەساتانە، خرانە خانەی دووەم . خۆبەیەکتری خەریکردن و شەڕی براکوژی، بووە کاری ڕۆژانەی هەموو هێزەکان، هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، دەرفەتی لەبارتر بۆ جموجۆڵی ڕژێمی فاشی ڕەخسا، هەردوو بەرەکە (جوقد و جود) نەیانتوانی لە کات و ساتی دروستبوونیاندا خزمەتێکی گەورە، بە گەلی کوردستان و عێراق بگەیەنن، چونکە (جود) سەر بە ئێران بوو، (جوقد) یش سەر بەسوریا بوو، کۆمەکیشی لە لیبیاوە وەردەگرت.[3] نەوشیروان مستەفا دەربارەی (جوقد) دەڵێ: (( جوقد دەستەی نوێنەرایەتی پێکهێناو لە هەندێ جێگا مەکتەبی کردەوە، زیاتر لەوەی دەزگای خەبات بێ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بوو بە دووکانی پارە پەیدا کردن)) [4]. دەربارەی جود توێژەرێك تێبینی ئەوەی کردووە بەرەی (جود) یش بۆ ڕازیکردنی لایەنە عەرەبەکان بۆ هاتنە ڕیزی (جود) و ڕازیکردنی سوریا و لیبیا و وڵاتانی تری عەرەبی، ئەوانیش هەندیك رستەی نا جۆریان کە لەگەڵ ئامانجی کورد نەدەگونجا بەکار هێنابوو، کە باسی لە نەبەردی عەرەب دژ بە ئیمریالیزم شۆڤینیزم و کۆنەپەرستی دەکرد، و پێی وایە چونکە بەناو هێرش کرابووە سەر زۆر وولاتی گەورە و بچووکی ناوچەکە، کە ئەمەش ئەرکی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد نەبوو، بەو هۆیەوە دوژمنێکی زۆرتر بۆ بزاڤی کورد پەیدا بوو.[5]

---

[1] عەلی تەتەر نێروەیی: بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠–١٩٨٨)چاپی یکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٨٩.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدولا: هەولێر ، ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥.

[3] فاتح رسول:چەند لاپەرەیەك ، ب٢، ل ٢٢٦.

[4] نەوشیروان مستەفائەمین: پەنجەکانیەکتری دەشکێنن، س.پ، ل١٧٧.

[5] عەلی تەتەر نێروەیی: س.پ، ل ١٩٣.

## باسی یەکەم: کۆمەڵە لە سەروبەندی شکستی شۆڕشی ئەیلولدا

### تەوەری یەکەم: هەلوێستی کۆمەڵە سەبارەت بە شکستەکە

لە ئازاری ١٩٧٤دا نیشانەی دەستپێکردنەوەی گرژییەکانی نێوان پارتی و ڕژێمی عێراق دەردەکەوتن، کۆمەڵــەش وەك ڕێکخراوێکــی کــەم ئــەزمون و نهێنــی، لــە لایەکــەوە نەیدەویســت لــە ڕووداوە سیاســی و سەربازییەکانی ئەو قۆناغە دوورە پەرێزبێت ، لە لایەکی دیکەشەوە بەم کەم ئەزموونیەی نەیدەویست ببێتە بەشـێك لـە ڕووداوەکـان[١]، چـونکە لـەو قۆناغـەدا بـارودۆخی ئاشـتی بـە بەشـێك لـە بەرژەوەنـدی ژیـانی ڕێکخراوەیی دەزانی، سەرکردایەتی کۆمەڵە پێیان وابوو لە سایەی ئاشتی لە ڕووی ڕێکخستنەوە باشتر گەشە دەکەن و دەتوانن زیاتر خۆیان بچەسپێنن[٢]. لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی چەپ، لە ڕووی فکرییەوە نزیکایەتییەکی لەگەڵ هێڵە فکرییەکانی پارتی نەبوو، جگە لەوە لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە خۆشی بـە جێگـرەوەی پـارتی دەزانـی و ئامـانجی گرتنـە دەسـتی سـەرکردایەتی شـۆڕش بـوو، بـەڵام بەشـداریی جوڵانەوەکە دەکەن بە پاساوی ئەوەی شۆڕش سەنگەری میللەتە و ئەوانیش دەبێت لە بەرەی گەلدا بن، لەلایەکی دیکەشەوە بارزانی وەك سەرکردەی شۆڕشی کورد لە بەرامبەر ڕژێمێکی دژە کوردە، بۆیە کۆمەڵە داوا لە دۆست لایـەنگرانی دەکات بۆ بەشدارییکردن لەو بزوتنەوەیە و دەتوانن وەك کاراکتـەری کارا ڕۆڵـی گرنگ ببینن[٣]. کۆمەڵە لەم بارەیەوە بەیاننامەیەکی ناوخۆیی بۆ ڕێکخستنەکانی دەرکرد، سەرەڕای ناڕەزایی لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی کۆمەڵە لەم بارەیەوە، کە پشتیوانیکردنە لە شۆڕش[٤]. لەسەر ئەو بنەمایە لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ ژمارەیەك لە کادرەکانی ئەو ڕێکخراوە چوونە دەرەوە و لەناو دام و دەزگاکانی شۆڕشدا لە بوارەکانی سەربازیی و ڕۆڵی کارایان بینی[٥]. سەرەڕای ئەمانەش کۆمەڵە بارودۆخی ناوشاری فەرامۆش نەکردبوو، بە فەرمی چەند کەسێك دەستنیشان کرابوون بۆ سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان، بۆ ئەمەش کۆمیتەیەکیان دامەزراند بەناوی (کۆمیتەی ئەستێرەی سوور)[٦].

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (برایم جەلال: چەپکێك، س.پ، ل٥٩-٦٠).

[٢] محمد مێرگەسۆری: " تروسکاییەك لە شەوەزەنگدا"، لە بلاْوکراوەکانی ئـەکادیمیای هۆشـیاری و پێگەیانـدنی کـادیران، سـلێمانی، ٢٠١٣، ل٥٠.

[٣] ئاوات عبدالغفور: "بۆ ئەوەی مێژوو وەکو خۆی تۆمار بکرێ"، ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)،ژمارە(٤٠٣)، ١٩٩٣/٦/١"چاوپێکەوتنی توێـژەر لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/٩.( ئاسۆ نـوری ڕەزا باباشـێخ : لـە دایکبـووی ١٩٤٧ ی سـلێمانی ، سـاڵی ١٩٦٢ پەیوەنـدی بـە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کرد و لەو ڕێگەیەوە بوو بە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان. لەساڵی ١٩٦٤ لایـەنگری بـاڵی مەکتـەبی سیاسی بوو . ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەوە ، لە ئابی ١٩٧٥ بـۆ ١٩٧٩ لـە زینداندا دەبێت ، ساڵی ١٩٨٠ دەچـێتە شـاخ. لـە ساڵی ١٩٨٧ کرایە بەرپرسی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی (ی . ن .ك) لە شاری پـاوە، دواتـر دەگوازرێتـەوە بـۆ تـاران، لـە سـاڵی ٢٠١٠ بـوو بـە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەند.

[٤] محمد مێرگەسۆری: س. پ ، ل٥٢.

[٥] عومەر سەید عەلی: "هەندێ لایەن و ڕەوتی مێژوویی و سەرەتای دامەزراندنی یـەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان"، گۆڤـاری (ڕێبـازی نـوێ)، ژمارە(١٩)، ل٤٣.

[٦] کۆمیتەی ئەستێرەی سوور: ئەو کۆمیتەیە بوو ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەوە، بەئامانجی سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنەکانی شارەکانی هەولێر، کەرکوك، بەغداد، سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان دروستبوو، کە لەلایەن جەعفـەر عەبدولواحـدەوە سەرپـەرشـتی

هەرچەندە پێش ئەو قۆناغە جەلال تاڵەبانی زانیاری ئەو هەوڵانەی پێگەیشتبوو، کە هەوڵێك هەیە بۆ لەیەك نزیکبوونەوەی ئێران و عێراق، ئەم هەواڵەی بە نامە گەیاندبووە مستەفا بارزانی و سەرانی کۆمەڵە، پێدەچێت بارزانی متمانەی بەو هەواڵە نەبووە، بەڵام کۆمەڵە دەکەوێتە خۆی بۆ ئامادەکاری و ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر[١].

لەم بارودۆخەدا، سەرەتا کۆمەڵە بڕیاریدا بەرگری بکات، بۆ ئەمەش پەیوەندی بە چەند فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە کرا[٢]. فەرەیدون عەبدولقادر لەو بارەیەوە دەڵێت: (( زۆر خەڵکمان ئەبینی و هانمان ئەدان و وتووێژمان لەگەڵیان ئەکرد بۆ بەرهەلستیکردن، لەوانە فەتاح ئاغامان بینی و لەگەڵ نوری حەمە عەلی ڕێکەوتین بۆ بەرهەلستی کردن، لەگەڵ تاهیری عەلی والی بەگ و ڕەسول مامەند و جەوهەر نامیق و عەلی عەسکەری قسەمان کرد، ئێمە داوامان کرد کاك شەهاب لەگەڵ ئیدریسدا قسە بکات، کاك شەهاب داوای کۆبوونەوە و سەردانی ئیدریسی کرد، ئێمە لای خۆمان وامانزانی سەردانی ئیدریسی کردووە، چونکە خەڵکی زۆری بینیبوو، وەڵامی دەهێنایەوە و دەیوت هێزیان نەماوە و دەنگوباسەکانی شایان پێگەیشتووە و هەڕەشەی کردووە کەس بەرگری نەکات))[٣]. سەبارەت بە دیدەنی شەهاب نوری و ئیدریس بارزانی دوو بۆچونی جیاواز هەیە ، بەپێی گێڕانەوەکانی ئەرسەلان بایز دەڵێت: (( ئەو هەڤالانەی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە چۆمان و کۆمیتەی هەولێر، شەو لە ماڵی کاك ئارام(شاسوار جەلال) لە "دەربەندی رایات" کۆبووینەوە، خاڵە شەهاب دوا گۆڕانکارییەکانی سیاسی و پێشمەرگایەتی بۆ باس کردین، باسی کرد کە چۆن پەیوەندی بە کاك ئیدریس بارزانییەوە کردووە و پێی ڕاگەیاندووە کە ئێمە ڕێکخراوێکی نهێنین، هەموو کادیر و پێشمەرگە و ئیمکانیاتی شار و شاخمان دەخەینە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی شۆڕش بە مەبەستی بەرگری)) [٤]. بەڵام جیاواز لەم گێڕانەوەیە فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێ: (( من پیموایە ئەو مەوعیدەی کاك ئیدریس بۆی دانابووین کە بەڵێنبوو ببینین ، بە ئەنقەست ڕۆیی بۆ ناوچەی نەغەدە و نەمایەوە)) [٥].

بە مەبەستی بەرگریکردن، کۆمەڵە بڕیاری ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان دەدات، زیاتر لە سێ شەو بە بەشداری ٣٥ ئەندامی کۆمەڵە، لە دێی (کێلو) لەپاڵ هێزەکانی پارتی کە ئەوکاتە لە پێنجوێن بوون، کۆبونەوەیەك ئەنجام دەدەن ، کە ئەمە یەکەم کۆبوونەوە بوو لە ژیانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە، ئەویش لە بارودۆخێکی ئەوتۆ کە خەڵك بەلێشاو بەرەو وڵاتی ئێران دەڕۆیشتن[٦].

---

دەکرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_( عەلی بچکۆل: کوانووی بەرگری، ل٢٥ " محمد مێرگەسۆری: س. پ، ل٥٢" برایم جەلال: چەپکێك، س.پ، ل٦٠).

[١]کۆمەڵە لەسێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین، س.پ، ل١٠٤.

[٢]محمد مێرگەسۆری، س.پ، ل٦٢.

[٣] کۆمەڵە لەسێدارەوە، س.پ، ل١٠٥-١٠٦.

[٤] ئەرسەلان بایز: س.پ ، ل١٧.

[٥] کۆمەڵە لەسێدارەوە، س.پ ، ل١٠٦.

[٦] ئاوات عەبدولغەفور: بۆ ئەوەی مێژوو، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، س . پ .

لەو کۆبوونەوە فراوانەدا زۆرینەی بەشداربووانی کۆبونەوەکە هاوڕا دەبن لەسەر ئەوەی کە هەرەسەکە لەو ئاستەدا نییە کە کۆمەڵە بتوانێت بە تەنها ڕوبەڕووی ببێتەوە، هەرچەندە لە ڕووی چۆنایەتییەوە کادیری باشی پێگەیاندبوو، بەڵام لە ڕووی چەندایەتی و توانای مادییەوە نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کە شان بداتە بەر ئەو بارە قورسەی ئەو قۆناغە، بۆیە زۆرینە بڕیاری گەڕانەوەیاندا بۆ شار و دەستکردنەوە بە خەباتی ژێر زەمینی، هەروەها دەستیانکرد بە شاردنەوەی چەك و تەقەمەنییەکان و بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست و دەست پێکردنەوەی شۆڕش بەکاری بێنن[1] . فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێت : (( هەر شتێکمان بکردایە بە مەبەستی بەرگریی دەکەوتینە بەر مەترسی ڕەنووی بەفر[2]، گەیشتنە ئەو بڕوایەی لە هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکان لە دروستکردنی مەفرەزە و شاردنەوەی چەك مایەپووچ دەبن، لەبەر ئەوە پلانێك داندرا بۆ چوونەوە ناو شارەکان و پێداچونەوە بە ڕێکخستنەکان، چاوەڕێی نیشتنەوەی ئەو داڕمانە بکەن ئنجا بچنەوە شاخ))[3]. بەم شێوەیە کۆمەڵە بڕیاری گەڕانەوە بۆ شارەکان جێبەجێ دەکات و بە هەندێك ئامادەکاری لە شاردنەوەی چەك و پێداویستی و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری.

### تەوەری دووەم: ژیانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە لەو قۆناغەدا

کۆمەڵە دوای گەڕانەوە هەوڵی یەکخستنی ڕێکخستنەکانی دەدات، وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێداوە هەندێك لە ڕێکخستنەکانی لە چوارچێوەی کۆمیتەی "ئەستێرەی سوور" هێشتبووەوە بە مەبەستی ڕێکخستنی شارەکان، ئەم کۆمیتەیە لەناو شارەکان بە بەردەوامی چالاکی هەبووە، بە نمونە لە سلێمانی ماوەیەك بەر لە شکست هەندێك دروشم هەڵدەواسن بۆ خۆناساندنیان، ئاسۆ شێخ نوری لەو بارەیەوە دەڵێت: ((کاتێك پارتی وردە وردە شاری چۆڵکرد، حکومەتیش لەناو شاردا زۆر لاواز بوو و هێزێکی کەمی هەبوو، بۆیە کۆمەڵە ئەو دەرفەتەی قۆزتەوە و ویستی شتێك بدات بە گوێی جەماوەردا، چونکە بەشێکی زۆری جەماوەر لە سەرکردایەتی شۆڕش ناڕازیی بوون و لەو بارودۆخە نائومێد ببوون، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاردرا کۆمەڵێك دروشم بڵاو بکرێتەوە بێ ئەوەی ناوی کۆمەڵەی لەسەر تۆمار بکرێت، ئامانجمان لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییەش ئەوە بوو کە ئومێدێك لای جەماوەر دروست بکەینەوە کە ڕێکخستنێکی نوێ بەڕێوەیە، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی بزانین کاردانەوەی جەماوەر چۆنە بەرامبەر بەو چالاکییانە، هەروەها هەڵوێستی پارتیشمان بۆ ڕوون ببێتەوە، ناوەڕۆکی دروشمەکان گوزارشتی لە دید و هەڵوێستی کۆمەڵە دەکرد لە بەرامبەر شۆڕشی کورد و ڕژێمی دکتاتۆری بەعس، دروشمەکان دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو و بەلای خەڵکەوە سەرسوڕهێنەر بوون، چونکە دروشمەکان مەسەلەی فکری مارکسیزم و چینایەتی و نەتەوایەتی پێکەوە گرێدابوو، بەستنەوەی هەموو ئەم بابەتانە وەك زەنگی لە دایکبوونی ڕێکخراوێکی نوێ بوو))[4]. هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵە بیر لەوە بکاتەوە کە ئەم ڕێکخستنانە تێکەڵ بە یەکدی

[1] عومەری سەید عەلی: گۆڤاری (ڕێبازی نوێ) ، ژمارە(١٩)، ل٤٧" عەلی بچکۆل: کوانووی بەرگری، ل١٥" ئەرسەلان بایز: س.پ، ل٢٢.

[2] ئەزمونی لادێیی دەڵێ: ((ڕەنووی بەفر کە هات خۆت لەو ناوە لادە، چونکە نەك ڕەنووی بەفر، بەلکو هەوای بەفرەکەش ڕاتدەماڵێ. (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر: سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨).

[3] کۆمەڵە لەسێدارەوە، س.پ، ل١٠٥–١٠٦" چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر: سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨.

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_( محمد مێرگەسۆری، تروسکاییەك، س.پ، ل٥٣–٥٥).

**نەكاتەوە، عومەری سەید عەلی هۆكاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی لەكاتی گرتندا زەرەر بە ڕێكخستنەكان نەگەیەندرێن، چونكە ئەوانەی لە دەرەوە بوون بەهۆی كاری ئاشكرا و خەباتی چەكداری یەكترناسین لەو شارۆچكە و بنكە و شوێنانەی كە لەژێر دەستی شۆڕشدا بوون، یەكتریان ناسیبوو، ئەم یەكترناسینەش باش نەبوو، بۆیە پێویست بوو لە یەكتر جیابن[١].**

**لەم بارودۆخە نوێیەدا كۆمیتەی هەرێمەكان[٢] دەستیان كرد بە زنجیرەیەك كۆبوونەوە، هەر هەفتەی لە سنووری یەكێك لە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵەدا وەك شارەكانی (بەغدا، هەولێر، سلێمانی و كەركوك) كۆدەبوونەوە، بارودۆخی خەباتی ژێر زەمینی ئەوەی دەخواست كە كۆمەڵە هەنگاو بنێ بۆ تێكەڵكردنەوەی هەردوو كۆمیتەی ڕێكخستنەكانی و وزە و تواناكانی یەكبخرێ، چونكە لەو كاتەدا بێجگە لە كۆمەڵە هیچ پارت و ڕێكخراوێكی دیكەی كوردستانی لەئارادا نەبوو، بوارێكی دیكە ڕەخسابوو بۆ خەلكی لە قسەكردن و كاركردن، هەرچەندە خەلكێكی زۆر بێ هیوا بوون و زۆر لە دڕندایەتی بەعسیەكان دەترسان[٣].**

**جگە لە خەڵك ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەش بێترس نەبوون لەو حكومەتە، یەكێك لە ئەندامانی ئەو كاتەی كۆمەڵە ئاماژە بەوە دەكات، كە كۆمەڵە دەیزانی ئەمجارە بەعس خۆی بۆ لێدانی ئەوان ئامادە دەكات، ئەگەرچی كۆمەڵە نهێنییەكانیان پاراستبوو و بەعس هیچ شتێكی دەربارەی كۆمەڵە نەدەزانی، بەڵام كۆمەڵە حسابی خۆی كردبوو، پاش ماوەیەك ئاسۆی شێخ نوریان گرت و بردیان بۆ لێكۆلینەوە، لە سەروبەندی ئەم گرتنەدا دەنگۆیەك بڵاو بووەوە گوایا مام جەلال بە دۆستێكی خۆیدا نامەیەكی ناردووە بۆ بەغداد و كەوتووەتە دەست حكومەت، هەڵمەتی گرتن لە دوای ئەم نامەیە دەستی پێكرد[٤]. هەرچەندە تاڵەبانی لە**

---

[١] عومەری سەید عەلی: گۆڤاری (ڕێبازی نوێ) ، ژمارە(١٩)، ل٤٧–٤٩.

[٢] كۆمیتەی هەرێمەكان: ئەم كۆمیتەیە دوای گیرانی سەركردایەتی كۆمەڵە دروست بوو، لەسەر دەستی هەریەك لە ئەرسەلان بایز، ئازاد هەورامی، عوسمانی نانەوا و ئەبو شەهاب، دوای تێكچونی شیرازەی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە بەهۆی جێهێشتنی بەشێك لە سەركردایەتی و گرتنی هەندێك لە كادیرە پێشكەوتووەكانی، بۆ ئارامكردنەوەی بارودۆخەكە لەلایەن ئەو چوار كەسە بەیانێك بلاودەكرێتەوە، كە بۆ یەكەمجار ئاماژە بەم ناوە دەدرێت، دواتر لەلایەن شاسوار جەلالەوە گەشە بەم كۆمیتەیە دەدرێت و تا هەڵوەشانەوەی لەسالی ١٩٧٩ كۆمەڵە لەژێر ناوی كۆمیتەی هەرێمەكان كاری كردووە . (مەلا بەختیار: چۆن چەپكێك و كام مێژوویی كۆمەڵە ! ؟ ( خوێندنەوەیەكی مێژوویی بۆ چەپكێك لە مێژوویی كۆمەڵە ، بەرگە یەكەم ، چ١ ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، ب . ش ، ٢٠١٢، ل٩٨ ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەرسەلان بایز: ٢٠١٥/٢/٢٤. (ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی كاریتان ی ناحیەی دیبەگەی سەر بە هەولێر لەدایك بووە ، لە شەستەكاندا پەیوەندی بە باڵی مەكتەبی سیاسی پارتیەوە كردووە، ساڵی ١٩٦٩ لە كۆلێژی ئاداب بەشی زمانی كوردی وەرگیراوە ، ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە كۆمەڵەوە كردووە ، ساڵی ١٩٧٣ بەكالۆریۆسی لە زمانی كوردیدا بەدەستهێنا ، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشەوە كردووە و بووەتە مامۆستا لە ڕەواندوز، دوای نسكۆ دەبێتە بەرپرسی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە و پەیوەندی بە جەعفەر عەبدولواحیدەوە كردووە ، دوای شالاْوی دەزگە ئەمنیەكان لە دژی كۆمەڵە جەعفەر عەبدلواحید بەرپرسیارێتی رێكخستنەكانی هەولێر بە ئەرسەلان بایز و عەبدولرەزاق ئەحمەد سپارت، دواتر ساڵی ١٩٧٥ دا و لەگەڵ سەركردایەتی كۆمەڵە رودەكەنە ئێران و دەستگیردەكرێن و رادەستی حكومەتی عێراق دەكرێنەوە و لە ١٩٧٦–١٩٧٩ لە زیندانندا دەمێنێتەوە ، دواتر بەر لێبوردنی گشتی دەكەوێت و روودەكاتە شاخ و چەندین پۆستی لە ناو كۆمەڵە و شۆڕشدا پێسپێردراوە ، ساڵی ١٩٩١ بوو بە یەكەم سەرنوسەری رۆژنامەی كوردستانی نوێ ، و لە كۆنگرەی یەكەمی یەكێتی بە ئەندامی سەركردایەتی هەڵدەبژێردرێت و ، پاشان چەندین پۆستی حكومی و حزبی وەرگرتووە و ئێستا ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكێتیە(ئینسكلۆپیدیای یەكێتی ، ل ٤٣_٤٥).

[٣] عەلی بچكۆل: كوانووی بەرگری ، ل١٦.

[٤] عارف كەریم: لەكۆمەڵەوە، ل٧٥–٧٦.

کاتی دیدەنی فەرەیدون عەبدولقادر هۆشداری دابوو ئاگاداری خۆیان بن، چونکە یەکێك لە ئەندامانی جولانەوەی ئیشتراکی عەرەبی گیرابوو، بەلام پێش گەیشتنی فەرەیدون، ئەنوەر زۆرابی لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی بەغدای کۆمەڵە دەگیرێت[1]. لێرەوە بۆ ڕژێم ئاشکرا دەبێت کە ڕێکخستنێکی مارکسی– لینینی کوردستانی هەیە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە جەلال تالەبانیەوە هەیە، ئەمیش بەهۆی دانپیانانی ئەندامەکەی جولانەوەی ئیشتراکی عەرەبی، ڕژێم خۆی بۆ هەڵمەتێکی ڕەشبگیری ئامادە دەکات بەمەبەستی گرتنی هەموو ئەو کەسانەی گومانی مارکسی– لینینی و جەلالییان لەسەر بێت، ئاسۆ شێخ نوری لەبارەی گرتنەکەیەوە دەڵێت: (( ئێمە شتێکی ئەوتۆمان لەسەر نەبوو، دەیانویست ئازادمان بکەن، بەلام ئێوارەکەی لە ڕێگەی یەکێك لە پیاوانی ڕژێم ئاگادارکراینەوە، کە هەموو ئەو کەسانەی بە بیانووی مارکسی گیراون ڕەوانەی بەغدا دەکرێن))[2]. لێرەدا کارکردن بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەستەم دەبێت بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆ ڕژێم دەردەکەوێت کە جولانەوەیەکی مارکسی هەیە، چونکە ڕژێم فشارەکانی زیاد کرد بۆ گرتنی ئەندامەکانیان. ڕیزەکانی کۆمەڵە توشی بارودۆخێکی ناهەموار دەبێتەوە، بەتایبەتی دوای گرتنی کۆمەڵێك لە ئەندامانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی سلێمانی، عەلی بچکۆل لەو بارەیەوە دەڵێت: (( بیرمان لەوە کردەوە ئەگەر ئەو گرتنانە بەردەوام بێت، لەوانەیە ئێمەش بگیرێین، بەمەش کۆمەڵە بەتەواوی بەرەو لەناوچوون دەچێت، بۆیە پێویستە ئێمە خۆمان لەو هەڵمەتە بەدوور بگرین، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەمان بە کەسانێکی تر سپارد، بڕیارماندا بچین بەرەو ئێران و لەوێشەوە بەرەو سوریا، تا ئەو کاتەی ڕاوێژ لەگەڵ مام جەلال دەکەین و دەگەڕێینەوە)) [3]. بەلام سەرکردایەتی کۆمەڵە لەلایەن ئێرانەوە دەست بەسەر دەکرێن و بە بیانووی پاراستنی سنوور لە شەوی ١٩٧٦/١/١ ڕادەستی ڕژێمی بەعس کرانەوە.

لە ئەنجامی بارودۆخی دوای شکست و کاریگەریی ڕوداوەکان کۆمەڵە توشی جۆرێك لە شکستی فکری بوو، چونکە بەر لە گەڕانەوە تێکڕای سەرکردایەتی کۆمەڵە لەگەڵ بەرگریکردن بوون، بەلام دوای گەڕانەوە بەشێکیان پێچەوانە بیریان دەکردەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کۆمەڵە تا ئەو کاتەش خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوون نەبووە، هەرچەندە ڕووداوەکانی شکستی ساڵی ١٩٧٥ زیانی زۆری بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە گەیاند ، بەلام نەیتوانی کۆمەڵە لەسەر شانۆی ڕوداوەکان بسڕێتەوە، چونکە دوای ئەو هەموو ئاستەنگە، بە هەوڵی چەند نیشتیمانپەروەرێك توانرا لەژێر ناوی کۆمیتەی هەرێمەکان ڕێکخستنەکانی ڕێکبخرێتەوە[4]. لێرەوە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی کۆمەڵە دەستپێدەکات، چەند کەسێك بەبێ ئەوەی لە سەرکردایەتی کۆمەڵە بن، لەگەڵ ئەو هەموو فشارە زۆرەی ڕژێم بۆ سەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، دەتوانن شیرازەی پەرتەوازەبووی ڕێکخستنەکان ڕێکبخەنەوە و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی دەرەوەی یەکێتی دروست بکەن، لەگەڵ باڵی بزوتنەوەی سۆسیالیست ڕێکەوتن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری.

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر: سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری: سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٨.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی بچکۆل: سلێمانی، ٢٠١٥/٢/٩.

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_( ئەحمەد حەمەد ئەمین هۆمەر: ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵە وەك نموونە١٩٧٠–١٩٨٨، توێژینەوەیەکی مێژوویی _ سیاسیە ،تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، ، زانکۆی صەلاحەدین _هەولێر ، کۆلێژی ئەدەبیات / بەشی مێژوو، ساڵی ٢٠١٤، ل٦٤–٧٢).

**دوای شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکان بۆ سەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، ڕیزەکانی پشێوییەکی زۆریان تێکەوت، سەرکردایەتی و کۆمیتەی ڕێکخستنی شارەکان نەمابوو، بەڵام هەندێك لە کادر و ئەندامەکانی دەسگیر نەکرابوون و خۆیان شاردبووەوە، هەندێکیشی خۆیان ئاشکرا نەکردبوو، شاسوار جەلال، کە یەکێك بوو لەوانەی دەسگیر نەکرابوو، هەوڵیدا بۆ یەکخستنەوەی پاشماوەی ئەو ڕێکخستنە[١]. ئەوسا ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی هەر پارێزگایەکی بە هەرێمێك دانابوو، لە هەر پارێزگایەکیش کەسێکی دیاریکردبوو بۆ سەرپەرشتیکردنی، لەوانە نەجمەدین عەزیز(سالار) لە سلێمانی، ئازاد هەورامی لە کەرکوك، مەلا بەختیار لە خانەقین و بەغداد، عەبدولرەزاق [٢] لە هەولێر، بە هەموویان کۆمیتەیەکیان پێکهێنابوو بۆ سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵە و ناویان نابوو کۆمیتەی هەرێمەکان[٣]. پێویستە ئاماژەی بەوە بکەین لەو کاتەدا شاری سلێمانی ببوو بە ناوەندی گرتنەوەی شیرازەکانی ڕێکخستن و پەیوەندی پێوەکردنی ئەندامە دابڕاوەکان و پێکهێنانی بەشەکانی ڕێکخستن لە شارەکانی دیکەی کوردستان[٤].**

**لەگەڵ بەردەوامی شاڵاوی ڕژێم لە گرتن و ڕاوەدونان، ئارام و کۆمیتەی هەرێمەکان توانیان ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە لە ئەنجامی پەرتەوازە بوونی کادیرانی کۆمەڵە دروست ببوو، ئارام هەرزوو توانی سەرداوی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان بگرێتە دەست، بە بەرنامەیەکی داڕێژراو شانی دایە ژێر باری لاری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، هەوڵیدا ئەم دۆخە نەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە[٥].**

**بەشێك لە سەرچاوەکان ڕۆڵی ئارام و کۆمیتەی هەرێمەکان بۆ ئەم قۆناغە، بە ڕۆڵێکی شایستە و مێژوویی دەبینن، پێیانوایە، ئەگەر ئەوانە نەبونایە ڕەنگە کۆمەڵە لەناوبچوایە، چونکە لە ڕێگەی دروستکردنەوەی شانەکانەوە کۆمەڵەیان بووژاندەوە و لە ڕێگەی سالار عەزیزەوە هەر زوو مەفرەزەیان ناردەوە بۆ شاخ[٦].**

**نەوشیروان مستەفا باس لە کارەکانی ئەم کۆمیتەیە دەکات، کە چەند کارێکی گرنگیان ئەنجام داوە، لەوانە:**

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل٦٤.

(٢) عەبدولڕەزاق: ساڵی ١٩٤٨ لە شاری هەولێر لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٦٦دەچێتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە ، ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی دەکات بەکۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە ، ساڵی ١٩٧٥ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە ، ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتیمانی لە شاری هەولێر و کەرکوك، لەهەمانکاتدا ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی ، ساڵی ١٩٧٨ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقییەوە دەگیرێت و بۆماوەی ساڵ و نیوێك لەزینداندادەبێت ، یاڵی ١٩٨٤ دەچێتە ریزی پێشمەرگە و دەبێتە بەرپرسی ڕێکخراوی دووی کۆمەڵە ، تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەردەوام دەبێت و لە ٢٨ی ئازاری ١٩٩١ دا گیانی بەختکرد.(شەهید عەبدلڕەزاق. http://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=٦٨٨٦).

(٣) ئاوات قارەمانی: ڕێگا باریکەکان ڕۆمانە یاداشت، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٥٩" نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە، ل٦٤.

(٤) مەلا بەختیار: بەهای خەباتی نهێنی، گۆڤاری (ڕێبازی نوێ)، ژمارە(١٥)، ل٦٠.

(٥) محمد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی: ئارام و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢١٦–٢١٧.

(٦) کۆمەڵە لە سێدارەوە: س.پ، ل١٣٠" چاوپێکەوتن لەگەل ئەرسەلان بایزهەولێر، ٢٠١٥/٢/٢٤"چاوپێکەوتن لەگەل فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨.

١- ئەندامەکانی کۆمەڵەیان ڕێکخستەوە، پەیوەندییان لەگەڵ زۆربەی ئەوانەی خۆیان شاردبووەوە دروستکردەوە، هەموو ئەو شانە و خەتانەیان پێکەوە گرێدایەوە کە مابوون، کۆمیتەیان دامەزراندەوە و کەوتنە ڕاکێشانی تێکۆشەرانی تازە.

٢- پەیوەندیان لەگەڵ چەندین ئەفسەری شۆڕشگێڕ و کادیر و پێشمەرگە دروستکردەوە، داوایان لێکردبوون بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ چوونەوە بۆ شاخ.

٣- پەیوەندییان لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە دەرەوە، بەتایبەتی لەگەڵ مام جەلال دروستکردەوە[١].

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کۆمیتەی هەرێمەکان ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری بینیووە لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و نەیانهێشتووە ئەو بڵێسەیە خامۆش بێتەوە، ئەم قۆناغە بەردەوام دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ سەرکردایەتی (ب.س.ك)[٢]، بە هاوبەشی توانیویانە سەرکردایەتی یەکێتی بکەن تا گەڕانەوەی تالەبانی و بەشێك لە سەرکردایەتی و دانانی سکرتێر و هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە دۆڵی گۆستی[٣].

### تەوەری سێیەم: ڕیشەی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێکان لە ڕیزی کۆمەڵە

پشکۆ نەجمەدین ئاماژەی بەوە کردووە، کە کەسانی نێو ڕەوتە مارکسی- لینینیەکان، کە کۆمەڵەیان دامەزراند، تا کادیرەکانی خوار سەرکردایەتیش، دید و ڕوانینی جیاواز و ناتەبایان بۆ ڕاڤەکردنی تیورەکانی مارکس و لینین و ئایدۆلۆژی و زەمینەی هەڵسوڕانی کاری ڕێکخراوەیی هەبووە، ئەم جیاوازییە لە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی کێشە و ململانێی لە دەروونی کۆمەڵەدا دروستکردووە[٤].

ئەم کێشە و ململانێیە پاش زیاتر لە ساڵێك کارکردن، لە نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەندامانی شانە سەرەتاییەکاندا دروستبووە، فواد قەرەداغی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جیاوازییە دەگێڕێتەوە بۆ ئەو هەڵسەنگاندنەی کە بۆ حزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنستەکانی ئەو سەردەمە کراوە، لەو بارەیەوە دەڵێت: (( سەرەتای ناکۆکی لە مشتومڕ کردن لەسەر ئەو چەند لاپەڕە نووسینە دەستیپێکرد کە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی حزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنستەکانی ئەو سەردەمە بۆ ساغکردنەوە و یەکلاییکردنەوەی فکرو سیاسەت و ڕێبازی کارکردنمان نوسیبوومان. ئەم ناکۆکیە بۆ جارێکی دیکە ناسنامە و ئاسۆی کاری کۆمەڵەی هێنایەوە گۆڕێ))[٥].

پێناچێت شوناسی سەرەتای ئەم ڕێکخراوە بە تەواوی ساخکرابێتەوە، توێژەرێك لەم بارەیەوە تێبینی ئەوەی کردووە، کە کۆمەڵە و ئەوانەی کۆمەڵەیان دامەزراندووە لە سەرەتادا بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ڕێکخراوێکی چەپ دروست دەکەن، یان شوناسی ڕێکخراوەکە جێگای مشتومڕیان نەبووە، بەڵکو ئەم کێشەیە دوای ساڵێك لە تەمەنی کۆمەڵە دروست بووە[٦]. فواد قەرەداغیش ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_( لەکەناری دانوبەوە، س.پ، ل٦٤).

[٢] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی هاوخەباتی ئەم دوو هێزە بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

[٤] پشکۆ نەجمەدین : نیگایەك لە ئەدەب و بینینێك بۆ سیاسەت، چ١، چاپخانەی کەمال، ب . ش ، ٢٠١٤، ل٧٦.

[٥] فواد قەرەداغی: چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی، سازدانی کەمال ڕەئوف، ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)، ژمارە (٤١٢)، ٢٠٠٨/٤/٦.

[٦] پشکۆ نەجمەدین: ڕێگایەك بۆ ئەدەب، ل١٩-٢٠.

و لەو بارەیەوە دەڵێت: ((خاڵێك كە ناڕۆشنی لەسەر هەبوو ناسنامەی ڕێكخراوەكە و سنووری كاركردنی بوو، ئایا ڕێكخراوەكە ناسنامەیەكی ناسیۆنالیستی دەبێت یان ئینتەرناسیۆنالیستی؟ ستراتیژی كاری ڕێكخراوەكە لە بواری ڕێكخستندا، كاركردنە بۆ بنیاتنانی حزبێكی كۆمۆنیستی عێراقی یان كوردستانی؟ ستراتیژی كۆمەڵە ڕزگاریی كوردستانە لە چوارچێوەی شۆڕشی دیموكراسی نوێی عێراق، یان تەنها ڕزگارییە لەسەر ئاستی كوردستان؟ وردەكاری ئەم ناڕۆشنیە لە سەرەتای دامەزراندنی كۆمەڵەدا بە تەواوی و بەم شێوەیە نەبوو، كەسێك بە وردی لەم ڕووەوە باری سەرنجێكی تایبەتی نەبوو و مشتومڕیشی لەسەر نەدەكرا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر كاركردندا ناكۆكی سەریهەڵدا))[1]. شێخ ئەشرەف تاڵەبانیش جەخت لەم خاڵانە دەكاتەوە و دەڵێت: (( ناكۆكیەكان لەسەر چەند خاڵێكی سەرەكی هاتنە ئاراوە، ئێمە تەنزیمێكی كوردستانین یان عێراقین و لەسەر ئاستی عێراق كاردەكەین؟ ئەگەر لە یەك ولاتدا تەنزیمێكی ماركسی–لینینی هەبێت، دەكرێت لە چوارچێوەی یەك ئابوری و یەك حكومەتدا چەند تەنزیمێكی ماركسی– لینینی تر هەبن؟ بە مەفهومی ئەوسا ئێمە واماندەزانی و بە (مجردی) سەیری تیۆرەكانمان دەكرد، نەك وەك ئەوەی لەسەر واقع سەیری بكەین))، وەك ئەوەی ماركس دەڵێت: ((ئەگەر لە هەر شوێنێك دوو حزبی شیوعی هەبێت بە تەئكید یەكێكیان(تحریفیە) [2]. كەواتە دوو ئاراستەی سیاسی جیاواز لەناو كۆمەڵەدا هەبوو، یەكەمیان فازڵی مەلا مەحمود و فواد قەرەداغی پێیان وابوو كۆمەڵە لەسەر بنەمای چینایەتی، كە هەموو پرۆلیتاریای عێراق یەك چینە، ئەبێ یەك حزب و قەوارەی سیاسی هەبێ، بەڵام زۆرینەیان چەپی كوردستانین و بە تێڕوانینێكی نەتەوەییانە و لەسەر ئاستی كوردستان كێشە چینایەتییەكان هەڵدەسەنگێنن، لەوانە جەلال تاڵەبانی، شەهاب شێخ نوری، فەرەیدون عەبدولقادر، دلێر سدیق[3].

لێرەدا دوو بیركردنەوەی جیاوازی كوردستانی و عێراقی لەنێو كۆمەڵەدا سەرهەڵدەدات[4]، كە ماوەیەك ڕێكخستنەكانیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردبوو، بەڵام زیاتر بەشێوەی گفتوگۆ و دەربڕینی بیروڕای جیاواز كە زیاتر لە ساڵێكی خایاند، لە ئەنجامدا لە شێوەی ڕاپرسیەكدا ئەم كێشەیە یەكلایی كرایەوە[5]. ڕاپرسییەكەش تەنها بۆ زانینی ژمارەی عێراقی و كوردستانی بووە و زۆرینەی ڕێكخستنەكانیان بەشدار كردووە لەو ڕاپرسییەدا، لە ئەنجامدا دەردەكەوێت بەشی زۆری ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە كوردستانین، بۆیە بە بەیانێك ئاراستە عێراقیەكان سەربەست دەكەن و مافی مانەوەیان لە شانەكانی خوارەوە پێدەدەن، بەڵام ئاراستە

---

[1] فواد قەرەداغی: چاوپێكەوتنی ڕۆژنامەوانی، ژ٤١٢.

[2] كۆمەڵە لەسێدارەوە ، ل١٤١.

[3]چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەل ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب) ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٦/١٧. (لە ساڵی ١٩٤٨ لە كەركوك لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتای لە شاری كەركوك تەواو كردووە ، دەرچوی پەیمانگای نەوتە . یەكێك بووە لە كادیرە باڵاكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان ، لە ریزەكانی (كۆڕەك) و لە ناو هێزی پێشمەرگەدا چەندین بەرپرسیارێتی پێ سپێردراوە ، لە كۆنگرەی یەكی (ی . ن . ك) دا بۆتە ئەندامی سەركردایەتی ، و ساڵی ١٩٩٤–١٩٩٦ بووە بە پارێزگاری كەركوك ، ئێستە لە شاری سلێمانی دەژێت).

[4] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەل ئەشرەف تالەبانی، سلێمانی ٢٠١٥/٦/١٦.

[5] ئەبو شەهاب ئاماژە بەوە دەكات كە پارە ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە یەكلاییكردنەوەی كێشەكان، و دەڵێت ((بۆ ئەو مەبەستە من پارەكەم پەیدا كرد و دام بە شەهاب شێخ نوری)). چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەل ئیحسان نەجم ( ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٢٠١٥/٦/١٧.

عێراقیەکان ئەمە ڕەتدەکەنەوە[1]. بەمەش کەرتبوونێك لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا سەریهەڵدا و ئاراستەی عێراقی کۆمەڵەیان پێکهێنا بە ناوی (کۆمەڵەی مارکسی – لینینی حزبە شیوعیەکانی عێراق)[2].

بە جیابوونەوەی ئاراستەی عێراقی، کێشەکان یەکلا نەبوونەوە، چونکە لە دوای شکست کێشەیەکی دیکە لە ڕیزەکانی کۆمەڵە سەرهەڵدەدات، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی تیۆری سێ جیهانی[3]. ئەرسەلان بایز لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥ دوای گەڕانەوەیان بۆ شارەکان، لەناو ڕێزەکانی کۆمەڵە مناقەشە و لێدوانی بەردەوام هەبوو سەبارەت بەوەی کە ناکۆکی سەرەکیان لەگەڵ کێیە؟ ئایا ئیمپریالیزم و سەرمایەداری ناکۆکی سەرەکین، یان ڕژێمی عێراق؟[4] دیارە ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی لاوەکی ماوەیەك ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە[5]. لە ئەنجامدا کۆمەڵە کەوتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای جەمسەری چینی، لەسەر بنەمای تیۆری سێ جیهانی چینی و ماوتستۆنگی، گەیشتە ئەو ڕادەیەی ڕژێمی بەعس بە ناکۆکی لاوەکی بزانن[6]. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کۆمەڵەی مارکسی– لینینی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی کاریگەر بە تیورەکانی ماوتسیتۆنگ بووە، تا ئەو کاتەی خاڵە شەهاب و بەشێك لە کادرانی لەلایەن ڕژێمی بەعس دەسگیر دەکرێن و جڵەوی سەرکردایەتی دەکەوێتە دەست ئارام، گۆڕانکاری لە ڕێبازی سیاسی کۆمەڵە دەردەکەوێت، لە دیارترین گۆڕانکارییەکانیش: لابردنی ناو و ڕێبازی (ماو) لەپاڵ مارکسی لینینی، هەروەها لابردنی ڕێبازی سیاسی ئایدیای سێ جیهانی[7]. ئەم گۆڕانکارییە لە یەکەم بلاْوکراوەی کۆمیتەی هەرێمەکان بە ناوی (ئاڵای

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل فەرەیدون عبدالقادر، سلێمانی، ٢٠١٥/٢/١٨." چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل شێخ ئەشرەف تاڵەبانی، ٢٠١٥/٦/١٦" فەرەیدون عبدالقادر، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە میدیا، ژمارە(٣٣٤)" چاوپێکەوتن لەگەل فواد قەرەداغی، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٤١٢).

[2] بەپێی گێڕانەوەیەکی شێخ ئەشرەف تالەبانی، کۆمەڵەی مارکسی – لینینی حزبە شیوعیەکانی عێراق، لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی کۆبونەوەیەك ئەنجام دەدەن، لەو کۆبوونەویەدا بریاری دروستکردنی ئەو ڕێکخراوە دەدەن، لە هەڵبژاردنێکدا، فواد قەرەداغی بە سکرتێر و ئەشرەف تالەبانی و سلێمان عومەر وەکو ئەندام هەڵدەبژێردرێن، ئەم سێ کەسە ناویان لێدەنرێ ئەلقەی ناوەندی. (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل ئەشرەف تالەبانی، سلێمانی، ٢٠١٥/٦/١٦)

[3] تیۆری سێ جیهانی: تێزێکی سیاسییە بۆ بینینی دنیا و پەیوەندییە سیاسیە ئابورییە نێو دەوڵەتییەکان بەکاردێت، لە داهێنانە تیورییەکانی (ماو)ە، ئەم تیورە پێیوایە دنیا لە سێ جیهانی (ئابوری – سیاسی) پێکدێت، پەیوەندییە نێودەولەتییەکانیش لەم ڕوانگەیەوە دیاریدەکرێت، بەپێی ئەم تێزە سێ جیهانەکە بریتین لە: ١– ولاتە زلهێزەکانی ئەمریکا و شورەوی، ٢– ولاتە هاوپەیمانەکانی ئەم زلهێزانە، ٣– ولاتە بێلایەنەکان. پشکۆ نەجمەدین ئاماژەی بە دنیابینی کۆمەڵە کردووە، کە لە دەسپێکی دامەزراندنییەوە تا چوار ساڵی تەمەنیشی لەژێر هەژمونی ئەندێشەی ماوتسی تۆنگدا جێکەوتووە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پشکۆ نەجمەدین: نیگایەك ، ل٨١.

[4] ئەرسەلان بایز: س.پ، ل٣٧.

[5] ڕێبازی نوێ: ژمارە(١٩)، ل٤٧.

[6] مەلا بەختیار: چۆن چەپکێك، ل٤٩–٥٠.

[7] سالار ڕەشید: مێژویەك لەیادەوەریدا دیدار سەبارەت بە مێژوویی چەپ و کۆمۆنیزمە نوێ لە کوردستاندا ، چ١، چاپخانەی ، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٩–١٠.

**شۆڕش)[١] بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە لە ناونیشانەکەیدا هاتووە (ئاڵای شۆڕش جەریدەی گشتی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستانە)[٢].**

**سەبارەت بە کێشەی سەرەکی و لاوەکی، لە لاپەڕە(٣)ی ڕۆژنامەی ناوبراو، کێشەکە یەکلا کراوەتەوە و ڕژێمی عێراقی بە کێشەی سەرەکی داناوە، کە تیایدا هاتووە: (( ناکۆکی سەرەکی جەماهیری چەوساوەی گەلی کورد لەگەڵ ئەم سوڵتەیە، هەروەها ناکۆکی سەرەکی جەماهیری چەوساوەی باقی عێراقیش هەر لەگەڵ هەمان سوڵتەیە، بۆیە ناوکۆیی سەرجەم گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانی ترەوە ڕوخاندن و لەناوبردنی سولتەی بۆرجوازی بەعسی فاشستە و دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتیانەی گەلە))[٣].**

**ئەم ئاڵوگۆڕانەی ناو کۆمەڵە، ناڕازیبوونی کۆمەڵێك کادری کۆمیتەی سلێمانی کۆمەڵەی لێکەوتەوە و لە ساڵی ١٩٧٦ لە کۆمەڵە جیابوونەوە، ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستانیان[٤] دامەزراند[٥]. مەلا بەختیار ئەوە ڕەتدەکاتەوە ڕێکخراوی ڕەنجدەران بە هۆکاری گۆڕینی ڕێبازی کۆمەڵەوە جیابووبنەوە، بەڵکو پێی وایە ئەوانە ڕاستەوخۆ پاش هەرەس، کێشەو ململانێیان لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵە هەبوو نەك لەگەڵ ئارام، پێش ئەوەی کۆمیتەی هەرێمەکان دروستبکرێت[٦]. پێدەچێت ئەم بۆچوونەی مەلا بەختیار نزیکتر بێت لە ڕاستیەوە، چونکە ئاسۆی شێخ نووری لە گێڕانەوەیەکیدا باس لەوە دەکات، پاش گەڕانەوەی هاوڕێیانیان بۆ شار کێشە لەناو ڕێکخستنەکانیاندا سەری هەڵداوە، لەلایەن یەکێك لە هاوڕێکانیان بە ناوی ئیبراهیم خەلیل، لە درێژەی گێڕانەوەکانی باس لەوە دەکات کە ئەم کەسایەتیە هەندێك بیروبۆچوونی تایبەت بەخۆی هەبووەو پەلەپەلیشی پێوە دیار بووە و لە ڕێکخستنەکانیان ناڕازی بووە، لە پاش گرتنی ئەوان دەبن بە مەترسی بۆ سەر ڕێکخستنەکان[٧].**

**سەرەڕای ئەم ناکۆکیە ئایدۆلۆژیە لە سەروبەندی شکستی ئەیلول و گەڕانەوەی کادرانی کۆمەڵە بۆ شارەکان کۆمەڵێك کێشەی تر سەریان هەڵداوە، لە دیارترینیان کادرە گەڕاوەکانی شۆڕشی ئەیلول پاش گەڕانەوەیان پێیان وابووە ئەو ئەزموونەی لە دەرەوە دیویانە پێویستە بیگوازنەوە بۆ ڕێکخستنەکانی ناوخۆ، لە بەرامبەردا ڕێکخستنەکانی شار لاریان نەبووە لە گەڕانەوەی ئەو هاوڕێیانە بۆ ناو ڕێکخستنەکان ، بەڵام جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە جگە لەوەی لێیانەوە فێربن پێویستە لە هەمان کاتدا ڕەخنەشیان لێبگرن، لە**

---

[١] ئاڵای شۆڕش: ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن ئارام و بەهاوکاری چەند پێشمەرگەیەك دەرکراوە، تەنها یەك ژمارەی لێدەرچوو، کە لە ١/ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکرایەوە، گوایە ژمارە دووی بۆ چاپ ئامادە کراوە بەڵام بەهۆی شەهید بوونی ئارام چاپ نەکراوە. (نەوزاد عەلی ئەحمەد: ڕابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ١٩٧٥–١٩٩١، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٤، ل٣٢).

[٢] بڕوانە ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش ،ژمارە(١) ١٩٧٧.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( یوسف محەمەد بەرزنجی: ئارام شەهیدێك لە بناری کەلەوێ دا، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی ٢٠١٥، ل٢٢).

[٤] ڕێکخرای ڕەنجدەرانی کوردستان: یەکێك بوو لەو ڕێکخراوە چەپانەی لە نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاکان لە کوردستان، لە کۆمەڵەی (مارکسی– لینینی ) کوردستان جیابووەوە، پاش ماوەیەکی کەم لە کارو هەڵسوڕان کەوتە بەر شاڵاوی گرتن و لەسێدارەدان، سەرەئەنجام بەو هۆیەوە تەواوی ڕێکخراوەکە هەڵوەشایەوە، لە دیارترین ڕابەرانی ئیبراهیم خەلیل، ئیبراهیم حەسەن، کەمال حمەسالح، عەبدوڵا بوون، سالار ڕەشید: س.پ، ل ٩.

[٥] سالار ڕەشید: هـ . س ، ل ١٠.

[٦] بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە بڕوانە:_( مەلا بەختیار: چۆن چەپکێك، ل ٢٣٣).

[٧] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:_( محمد مێرگەسۆری: س . پ ، ل ٦٤).

**بەرامبەر ئەوەی بۆچی بەرگری نەکراوە و درێژە بە شۆڕش نەدراوە بەشێوەیەك ئەو شەڕە لە شەڕێکی نا عادیلەوە بگۆڕدرێت بۆ شەڕێکی عادل، بەڵام دیارە ئەوە لەلایەن ڕێکخستنەکانی دەرەوە قبوڵ نەکراوە[١]. لە هەمانکاتدا کۆمەڵە لەو کاتانەدا لە ناکۆکی کەسیش بەدەر نەبووە، بەوەی هەر پاش گەڕانەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵـەبڕیاری هەڵوەشـاندنەوەی خۆیـان دەدەن و دەسـەڵاتەکانیان ڕادەسـتی کۆمیتـەی ئەسـتێرەی سـوور دەکەن، ئاسۆی شیخ نوری لەو بارەیەوە پێی وایە لەو بڕیارە جۆرێك لە پـلان هـەبووبێت بۆ دوورخستنەوەی ئـاوات عبـدالغفور[٢] و حەمـەی میرزا سعید[٣]. ئـەم ناکۆکیـە کەسـیانە درێـژ دەبێتـەوە بۆ پـاش جێهێشـتنی سەرکردایەتی کۆمەڵە، ئەرسەلان بایز لە "ڕۆژانی سەخت"دا باس لەو بارودۆخە دەکا بە شێوەیەك ئەوەندەی ڕێکخستنەکان خەریکی ململانێی یەکتر بوون، ئەوەندە لە خەمی ئەوە نـەبوون، ڕێکخستنەکان لـەو بارودۆخـە دەربـاز بکـەن. [٤] تا لـە ئەنجامـدا لەسـەر ئـەوە ڕێکدەکـەون ئـاوات عبـدلغفور بنێرنـە دەرەوە، بۆ ئـەو مەبەسـتە ئەرسەلان بایزیشی لەگەڵ دەنێرن ، چونکە ڕێکخستنی ئـەوکات پێیـان وابـووە بـە ڕۆیشتنی ئـەو هەندێك لـە گرژییەکان کەمدەبێتەوە[٥]. لە گەرمەی ئەو ناکۆکیانەدا ئارام ویستی ئەڵقە پچڕاوەکانی کۆمەڵە پێکەوە گرێ بداتـەوە و جـارێکی دی هەیکـەلی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـە بنیـات بنێتـەوە. لەبەرئـەوەی کۆمەڵـە بـە فیعلـی سەرکردایەتی نەمابوو، هەر بۆیە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٥، ئارام ڕاسپێردرا کە ڕاپۆرتێك لەسـەر ڕەوشـی کۆمەڵە ئامادە بکات، ئەو ڕاپۆرتە لە مێژووی کۆمەڵەدا بە(ڕاپۆرتی شوبات) ناسراوە[٦].**

**ئەم ڕاپۆرتە جۆرێك لە تەنگژەی لەناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا دروست کرد، بەشێوەیەك دەکەوێتـە بەر ڕەخنـەی کەسـانی نزیـك لـە گروپەکـەی خاڵـە شـەهاب و هاوڕێکـانی، بـاس لـەوە دەکـەن ئـەم ڕاپۆرتـە کەوتۆتـە**

---

[١] عومەری سەید عەلی: ڕێبازی نوێ، ژمارە (١٩)، ل٨٤.

[٢] ئاوات عەبدولغەفور : ساڵی ١٩٤٧ لە خانەقین لەدایك بـووە ، سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بـە ( ی . ق . ك) کـردووە، سـاڵی ١٩٧٠ بەشـداری لەدامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی کردووە و بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی ڕێکخستنی شاری سلێمانی ، ساڵی ١٩٧٥ لە ئێران لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی باڵای کۆمەڵەدا دەستگیردەکرێن و ڕادەستی حکومـەتی عێـراق دەکرێنـەوە ، سـاڵی ١٩٧٩ دوای ئازادبوونی پەیوەندی بەهسێزی پێشمەرگەوەدەکات ، و لە شاخ چەندین لێپرسراوێتی لە ناو کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگەدا پێسپێردراوە ، دوای ڕاپەڕین چەندین پۆستی حکومی و حزبی وەرگرتووە، دواپلەی ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بووە.( ئینسـکلۆپیدیای یـەکێتی، س . پ ، ٣٠-٣١).

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری:سلێمانی، ٩/٢/٢٠١٥

[٤] ئەرسەلان بایز: س .پ ، ل ٥٢.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگـەڵ عـەلی بچکۆل: سـلێمانی ٢٨/٧/ ٢٠١٥.( عـەلی بچـکۆل لـە سـاڵی ١٩٤٣ لـە گونـدی "عەسـکەر" لـە ناوچـەی ئاغجەلەر لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە ، ساڵی ١٩٦٤ دوای سـەرهەڵدانی نـاکۆکی نـاوخۆیی (پ . د . ك) لایـەنگری بـاڵی مەکتـەبی سیاسـی بـووە ، سـاڵی ١٩٧١ پەیوەنـدی بـە (کملـك) وە کـردووە و بـووە بـە بەرپرسـی ڕێکخستنەکانی چەمچەماڵ و سەنگاو و بازیان و قەلاسێوکە ، ساڵی ١٩٧٥ و دوای هەرەسی شۆڕش بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی (کملك) . لە ئەیلولی هەمان ساڵ لەگەڵ بەشێك لە سەرکردایەتی (کملك) کە بەنیازبوون بە ئێراندا بچنە دەرەوەی وڵات لەلایەن ئێرانەوە دەستگیردەکرێن و ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکرێنەوە و تا ساڵی ١٩٧٩ لە زینداندا دەمێنێتەوە ، دوای ئازادبوونی ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێوە دەکات ، ساڵی ١٩٨٢ بوو بە بەرپرسی هەرێمی دووی یەکێتی ، تا سـاڵی ١٩٩٠ چـەندین بەرپرسـیارێتی لـە ڕێزەکـانی (کـۆڕەك) و یـەکێتی دا وەرگرتووە ، ساڵی ١٩٩٠ دەچێتە دەرەوەی وڵات و لە وڵاتی پاکستان نیشتەجێ دەبێت ، ساڵی ١٩٩٩ دەچێتە وڵاتی نیوزلانـد و سـاڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێی یەکێتی دا بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی.

[٦] هێمن باقر و هیمداد حەمید: ئارام سەرکردە تەنیاکەی کۆمەڵە، گۆڤاری(لڤین) ، ژمارە (٦٥)، کانوونی دووەمی ٢٠٠٧.

دەست دەزگا سیخوریەکانی حکومەتی عێراق ، وەکو بەڵگەیەکی دانپێدانان بەکار هێنراوە لە دادگا لە دژی سەرکردە گیراوەکانی کۆمەڵە[1]. بەڵام عەلی بچکۆل، یەکێك لە بەندیەکان دەڵێت: (( من وەکو عەلی بچکۆل لەکاتی دادگایی بابەتی ڕاپۆرتی شوباتم لەگەڵ باس نەکراوە))[2]، بەڵام لەکاتی ئازاد کردنی بەندیەکانی بە لێبوردنی گشتی و گەڕانەوەیان بۆ شاخ، ئەم ڕاپۆرتە دەبێتە خاڵی ناکۆکی ئەم گروپەو کۆمیتەی هەرێمەکان، بەم شێوەیە لە ماوەی نا ئامادەیی سەرکردایەتی کۆمەڵە زەمینەی دەرکەوتنی ئارام و کۆمیتەی هەرێمەکان دەڕەخسێت و ئەمان لە دژوارترین دۆخی کۆمەڵە و هەلومەرجی سەختی کوردستاندا ڕێبەرایەتی کۆمەڵە و هێزە چەکدارەکانی دەکەن، بە کردەوە دەسەڵاتی باڵای کۆمەڵە بە دەستەوە دەگرن [3].

لێرەوە بەشێوەیەکی سروشتی کرۆکی دوو گروپ دەردەکەوێت: یەکەم دەستەی سەرکردایەتی خۆیان لە زینداندا ببیننەوە و دەستەیەکی نوێ ڕابەرایەتی کۆمەڵە بکات[4]. دووەم دەستەیە بریتی بوو لە زۆربەی کادرە سیاسی و عەسکەری و ئەندام و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، کە ئاشنایەتیان لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵەی پێش ١٩٧٦ کەمتر بوو، ئەمانە لە کۆمیتەی بەدواداچوون، لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکان و بە گشتی لە ژێر کاریگەریی کەسایەتی ئارامدا بوون[5]. لە ماوەی ساڵی ١٩٧٦ دا کۆمەڵە بە تەواوی ڕەگی داکوتا، تا دەهات ژمارەی مەفرەزەکان لە دەرەوە زیاتر دەبوون، لەناو شاریش ڕێکخستنەکان سەرەڕای تۆکمەییان فراوانتر دەبوون هاوکات لە مانگی شەشی ١٩٧٦ بڕیاری هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لەلایەن مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناوەوە درا، بە تایبەت ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی سۆسیالیست[6]. لەژێر ڕۆشنایی ئەم سەرچاوانە ئەوە بەدەر دەکەوێت، بەهۆی بارودۆخێکی نەخوازراو دوو گروپی جیاواز لە دوو وێستگەی جیاواز، هەریەکە و بە پێی تایبەتمەندی خۆی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەیان کردووە، ئەم بارودۆخە تاکو گەڕانەوەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی و مام جەلال بەردەوام دەبێت، خاڵێك تاکو ئێستا بەتەواوی یەکلایی نەکراوەتەوە و مشتومڕی لە بارەیەوە دەکرێت، هۆکاری بەشدارینەکردنی ئارامە لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی(ی.ن.ك) لە دۆڵی گۆستێ. نەوشیران مستەفا هۆکاری بەشدارینەکردنی ئارام لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی لە دۆڵی گۆستێ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی چەند کەسێك ئارامیان ئاگادار کردۆتەوە کە مام جەلال ڕێزی ئەندامەکانی کۆمەڵە نەگرتووە، ئەگەر ئەویش بچێ لەوانەیە بە هەمان شێوە ڕێزی نەگرێت، لە کۆتاییدا گوایە ئەوە دەرکەوتووە، ئەو کەسە سەر بەدام دەزگاکانی ڕژێم بووە[7]. لە بەرامبەردا ڕایەکی تر نەچوونی ئارام بۆ ئەو کۆبوونەوانەی سەرکردایەتی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئارام ویستویەتی بە قورسایی خۆی و بە پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵەوە بەشداری

[1] برایم جەلال: چەپکێك، ل ٩١–٩٨.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی بچکۆل: سلێمانی ٢٨/٧/ ٢٠١٥.

[3] پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد ئاڵای شۆڕش و حیکایەتەکانی زیندان ، چ٤ ، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٣، ل ١٤٤.

[4] موحسین عەلی ئەکبەر: س . پ ، ل ٦٧.

[5] مامۆستا جەعفەر: هەورێکی نەزۆك مێژوویەکی ناکۆك (خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی راتسوێنال بۆ کتێبی چەپکێك لە مێژوویی کۆمەڵە) ، چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی ، ٢٠١١، ل

[6] هێمن باقر و هیمداد حەمید: س. پ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

[7] نەوشیروان مستەفائەمین: لە کەناری دانوبەوە ، ل ١٧٢، ١٧٣.

فعلی لە چوارچێوەی نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) بكات، بەڵگەشیان بۆ ئەم ڕایە ئەوەیە ئارام تا لە ژیاندا بوو پارێزگاری لە ڕێكخستنی كۆمەڵە كرد و ڕێكخستنی كۆمەڵەی لە ژێر چاودێری خۆیدا هێشتەوە[١].

پێدەچێت ئارام نەیویستبێت لە كۆبوونەوەكان ئامادەبێت، چونكە پێش گەڕانەوەی تاڵەبانی نوێنەرانی كۆمەڵە بەبێ ئارام ئامادە دەبن لە پێشوازی تاڵەبانیدا، بەم شێوەیە ئارام تا كوژرانی ئامادەی هیچ كۆبوونەوەیەكی سەركردایەتی نابێت، بە كوژرانی ئارام هەلێكی گونجاو بۆ نەوشیروان مستەفا هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی سەرەنجی زۆربەی كادر و ئەندامانی كۆمەڵە بەلای خۆیدا ڕابكێشێ، بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی تاڵەبانی تا لە گرتنەدەستی دەسەڵاتی كۆمەڵە سەركەوتوو بێت[٢]. لە بەرامبەردا بە كوژرانی ئارام بۆشاییەكی گەورەی لە ڕیزی كۆمیتەی هەرێمەكان دروست كرد بە هیچ یەكێك لە كۆمیتەی هەرێمەكان پڕ نەكرایەوە، سەرەڕای ئەوەی لێهاتوانە توانیبویان پەرە بە ڕێكخستنەكانیان بدەن و شانە لێكپچڕاوەكان بە یەكتر گرێبدەنەوە، بەڵام لە هەمانكاتدا هیچ جۆرە ئەزموونێكی سیاسی و ڕێكخراوەیی پێشمەرگایەتی لەوەو پێشیان نەبوو، پێناچێت خواستی گرتنە دەستی دەسەڵاتیان هەبووبێ، چونكە لە یەكەم دەرفەتی ڕەخساودا، سەرجەم بەرپرسیاریەتی خۆیان ڕادەستی كۆبوونەوەی فراوانی كادرانی كۆمەڵەی لە "نۆكان" كرد، كە لە نەورۆزی ١٩٧٨ بەسترا، هەریەكەیان بە پلەی ناو یەكێتی ڕازی بوون، جگە لە سالار عەزیز، ئالای پەسەند نەكردن و ناڕازیبوونی دژ بە دابەشكردنی پۆستەكان بەرز كردەوە، هەر لەو ڕۆژەوە دانووی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا نەكولاوە[٣]. بەم شێوەیە لە هەردوو كۆبوونەوەی فراوانی نۆكان و شێنێ نەوشیروان مستەفا بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوو بە سكرتێری كۆمەڵە هەڵبژێردرا[٤].

ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەر كردنە خودی نەوشیروان مستەفایە. بەشێك لە سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە نەوشیروان تا ئەو كۆبوونەوانە كۆمەڵە نەبووە و بەڵكو بڕواشی بە ماركسی –لینینی نەبووە، بەڵام یەك لە ئەندامانی كۆبونەوەكان باس لەوە دەكات: (( وێڕای ئەوەی نەوشیروان مستەفا كۆمەڵە نەبوو، لە كۆبوونەوەی نۆكان فەرزمانكرد بە سكرتێری كۆمەڵە)) .[٥] بە وەرگرتنی سەركردایەتی كۆمەڵە لەلایەن نەوشیروان مستەفا قۆناغێكی نوێ لە ژیان و پێكهاتەی ڕێكخراوەیی هاتۆتە پێشەوە، بەشێوەیەك كۆمەڵە پەرەسەندن و پێشكەوتنی زیاتری بە خۆیەوە بینیووە، هەمیشە لەسەر ئاستی ناوخۆ قۆناغێك لە ناكۆكی و دروستبوونی باڵی جیاواز لەناو كۆمەڵە سەریهەڵداوەتەوە، كە دواجار ماوەیەكی زۆر گروپەكان لەگەڵ یەكدا لە ململانێدا بوون [٦]. سەرەتای دەركەوتنی ئەم ململانێ و ناكۆكیانە پاش كۆبوونەوەكانی نۆكان، لە

---

[١] هێمن باقر و هیمداد حەمید: س. پ. ؛ چاوپێكەوتنی لەگەڵ حاجی مەمۆ، هەولێر، ٢٠١٥/١٢/٢٩.( عباس محمد حسین : ساڵی ١٩٤٩ لە شاری هەولێر لەدایك بووە ، ئامادەیی لە هەولێر و كۆلێژی ئادابی لە زانكۆی بەغداد تەواو كردووە ، پاشان پەیوەندی بە شۆڕشەوە كردووە و تا كۆتایی شۆڕش بەردەوام بووە ، لە كۆتایی ساڵی ١٩٧٠ دا پەیوەندی بە ریزەكانی كۆمەڵەوە كردووە ، ساڵی ١٩٧٧–١٩٨٠ لە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەدا لە هەولێر كاریكردووە و لە هاوینی ١٩٨٠ دا چووەتە شاخ ، ساڵی ١٩٨٥ بەشدار دەبێت لە دامەزراندنی ئاڵای شۆڕشدا ، ساڵی ١٩٩٠ دەچێتە دەرەوەی وڵات ، لە ساڵی ٢٠٠٩ وە لە دەزگای شەهیدان و ئەنفالكراواندا كاردەكات و تائیستاش بەردەوامە)

[٢] مامۆستا جەعفەر: س . پ ، ل ٦٥.

[٣] موحسین عەلی ئەكبەر: س.پ.، ل٧٤، ٧٥ ؛ مامۆستا جەعفەر: س.پ ، ل ٦٢، ٦٣.

[٤] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، ب٢، ل ٣٤ — ٣٥.

[٥] نەشیروان مستەفا ئەمین: لە كەناری دانوبەوە ، ل ١٧٢؛چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاوات قارەمانی، سلێمانی ، ٢٠١٥/٦/٦.

[٦] بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە:_( ئەحمەد حەمەدەمین:ڕەوتی چەپ ، ل ١١٢).

ئەنجامی دابەشکردن و دیاریکردنی پۆستەکان سەریهەڵدا، لە نێوان هەریەک لە سالار عەزیز کە خۆی بە جێنشینی ئارام دەزانی بە کەمتر لە پۆستی سکرتێری کۆمەڵە ڕازی نەدەبوو، لەکاتێکدا کارەکان پێچەوانەی ویستی ئەو بەڕێوە دەچوو، لەبەر ئەوە دەکەوێتە ململانێکردن و دەنگی ناڕەزایی خۆی بەرزدەکردەوە، دیارە ئەو بەرهەڵستیکردنەی سالار عەزیز بۆ ئەو واقعە ڕووبەڕووی کاردانەوەی نەوشیروان مستەفا دەبێتەوە، ئەم ناکۆکیە لە سەرەتادا لە نێوان دوو کەسدا خۆی دەنوێنێت، دەبێتە هەوێنی ناکۆکی و ململانێیەکی زۆر لەوە گەورەتر، بەتایبەتی کە ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاقارێکدا دەڕوات بەرژەوەندی گروپ و کۆمەڵە کەسانێکی تریشی لەگەڵدا تێکەڵ دەبێت[١].

لە ڕاستیدا ئارام و نەوشیروان مستەفا دوو دید و تێڕوانینی جیاوازیان بۆ نیمچە بەرەی (ی.ن.ک)هەبووە، ئارام یەکێتی بە نیمچە بەرە تێدەگەیشت، پێی وابوو دەبێت یەکێتی نەکرێتە حزب، بەڵکو بۆ بەرەیەکی نیشتمانی گەشەی پێ بدرێت، بەڵام نەوشیروان مستەفا وەکو خۆشی دانی پێداناوە لایەنگری ئەوە بووە ئەندامە پاک و دڵسۆزەکانی ناو هەرسێ باڵەکەی (ی.ن.ک) لە نزیک ناوچەی سێ سنوور کۆنگرەیەک ببەستن و دامەزراندنی ئەو حزبە ڕابگەیەنرێت، دیارە نەوشیروان مستەفا لەو بۆچوونەی هەریەک لە عەلی عەسکەری و د.خالید پشتیوانیان کردووە. [٢] ئەم بۆچونە دەرفەت بۆ لایەنی بەرامبەری دەڕەخسێنێت کە نەوشیروان مستەفا لە ڕووی دەروونیەوە لە نێوان پارادۆکسی دوو بەرداشی گەورەدا ببینن، بەشێوەیەک لە لایەکەوە وەکو کەسایەتیەکی (م.ل) بدوێت و بنووسێت و قسەبکات، لەکاتێکدا ئەو نەباوەڕی بە مارکسی لینینی و نە باوەڕی بە کۆمەڵە هەبووە، واتە نەوشیروان مستەفا لە لایەکەوە لەسەر لوتکەی هەرەمی ڕێکخستندا شانی داداوە، لەولاشەوە خاچی خوێناوی لەسەر شانی داناوە و بەردەوام بە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەو تێکدانی کۆمەڵە بووە. [٣] ئەم بۆچوونە بە خاڵێکی لاواز لە کەسایەتی نەوشیروان هەژمار دەکرێت، سەرەڕای ئەمانە ئەوەی هەستی پێدەکرێت کە ئارام و نەوشیروان مستەفا دوو کۆمەڵە دروشم و کۆنسێپتیان هێنایە ناو جولانەوەی کوردی، کە دەرئەنجامەکەی کۆمەڵە بووە دوو پارچەکە ، ئارام بیروڕای وا بوو پرۆسەی دەسکەوتی نەتەوەیی بۆ کورد لە ڕێگای عێراقێکی دیموکراسی دەبێت، بەڵام لە بەرامبەردا نەوشیروان مستەفا هەر لەسەرەتاوە، بڕوای بەوە بووە کە دەبێت سیاسەتێکی کوردستانیانە پەیڕەو بکرێت، ئەو سیاسەتە دەبێت مۆرکی چەپ و مارکسی کەم بێت، ئەوە سەرەتای ئەو جیابوونەوە فکرییەی ئایا ئازادبوونی کوردستان لە ڕێگای ڕووخاندنی ڕژێمی عێراقەوە، یاخود لە ڕێگای ئازاد بوونی هەر چوار پارچەی کوردستان[٤].

---

[١] موحسین عەلی ئەکبەر: س . پ ، ل٧٧-٧٨.

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری، ١٧٢ ؛مامۆستا جەعفەر: س . پ، ل ٦٣- ٦٤.

[٣] مامۆستا جەعفەر: هەورێکی نەزۆک ، ل ٦٦، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی بچکۆل، سلێمانی، ٢٠١٥/٧/٢٨.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ حەیدەری، هەولێر، ٢٠١٥/٢/٣.( ئاسۆ ئەحمەد مەحمود حەلاق حەیدەری (ئاسۆ حەیدەری): ساڵی ١٩٦٧ لە بەغداد لەدایکبووە ، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٥ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی هەولێری ئاڵای شۆڕش ، لە شوباتی ١٩٨٦ دا بووە بە بەرپرسی کۆمیتەی هەولێر ، لە کانونی یەکەمی ١٩٨٦ دا لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە دەگیرێت و حوکمی ئیعدام دەدرێت و بەڵام لە تشرینی دووەمی ١٩٨٧ دا بە لێبوردنی تایبەت ئازاد دەبێت و دەچێتە شاخ و پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئاڵای شۆڕشەوە دەکات . ئێستا بەرپرسی ناوەندی ڕۆشنبیری کوردییە لە ئەڵمانیا .

**پاش لابردنی ئەحمەد حەسەن بەکر و هاتنە سەردەسەڵاتی سەدام حسین ، بڕیارێکی لێبوردنی گشتی لە مانگی ئابی ١٩٧٩دا دەرکرد، دیارە بە هۆی ئەو بڕیارەوە سەرجەم گیراوانی ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵە لە ١٩٧٩/٨/١٩ ئازاد کران و پاش ماوەیەکی کەم زۆربەیان بڕیاری چوونە سەنگەر و شاخیان دانا[١]، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بۆ شاخ هەست بەوە دەکەن کە لەلایەن گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان وەکو پێویست پێشوازییان لێناکرێت[٢]. لە بەرامبەردا نەوشیروان مستەفا ئەو هەلەی قۆستەوە و توانی سودی لێوەربگرێت [٣]. بەمەش "کوتلەی سجن"[٤] هاتە ئاراوە، هەردوولا کەوتنە گەڕ بۆ پتەوکردنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان، لە بەرامبەردا تا دەهات کەلێنی نێوانیان لەگەڵ گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان فراوانتر دەبوو، ئەنجامەکەشی بە زەقی لە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە لە مالیمۆس دا دەرکەوت.**

**بەم شێوەیە لە سێ قۆناغی جیاوازدا، سێ ستافی سەرکردایەتی جیاواز ڕابەرایەتیان کردووە، هەریەکەیەیان بە جۆرێك شەرعیەتی بۆ خۆی تۆمار کردووە، گروپی یەکەم: دامەزرێنەری کۆمەڵە بوون، گروپی دووەم: هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش، گروپی سێیەم لە ئەنجامی کۆبوونەوەی فراوانی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و فراوانکردنی سەرکردایەتی[٥]، ئەم سێ گروپە سەرجەم ململانێ و ناکۆکیەکانیان بردە ناو کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە.**

---

[١] عەلی بچکۆل: کوانوی ،ل ١٦٩–١٧٠.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فەرەیدون عبدالقادر، سلێمانی ٢٠١٥/٢/١٨.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٠١٥/٦/١٦.( برایم جەلال مەجید : ساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانی لەدایك بووە ، سەرەتای خوێندنی لە شاری ڕانیە و دواتر لە سلێمانی تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی ئەیلول ەوە ، دواتر لە ناکۆکی نێوان هەردوو باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتی پارتیدا دەبێتە لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی تا ساڵی ١٩٦٨، ساڵی ١٩٧٠ بۆ باشوری عێراق دوردەخرێتەوە ، لە حوزەیرانی ١٩٧٠ دەبیتە ئەندامی (کملك)، ساڵی ١٩٧٨ دەچێتە شاخ و پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێوە دەکات ، لەو ماوەیەدا چەندین بەرپرسیارێتی لە ڕێکخستن و پێشمەرگایەتیدا پێسپێردراوە ، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن (ی . ن . ك) وە چەندین جار دەنێرێتە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەت بۆ لای (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، ساڵی ١٩٨٧ لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی (ی . ن . ك) دەچێتە دەرەوەی وڵات ، دواتر لە کۆنگرەی سێیەمی (ی . ن . ك) دا ساڵی ٢٠١٠ وەك ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند و جێگری دووەمی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا .

[٤] کتلەی سجن: مامۆستا جەعفەر لەسەر ناونانی ئەو گروپە باس لەوە دەکات ئەو ڕۆژانە هاوڕێیانی شاخ، لەسەر دۆزینەوەی ناوێك بۆ ئەو هاوڕێ یانەی تازە لە زیندان ڕزگار ببون، ڕامابوون هەرلەسەر کێشە و سەروای گروپە سیاسیە ئێرانیەکان، پێشنیارم کرد پێیان بگوترێت (کتلەی / گروپی زیندان )، دیارە ئەم ناوە بەلای گروپی زیندانەوە خۆش نەبووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :_( مامۆستا جەعفەر: س . پ ، ل ٧١؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ١٠/٢/ ٢٠١٥).

[٥] موحسین عەلی ئەکبەر: س . پ ، ل٧٥–٨٦.

## باسی دووەم: قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و دروستبوونی ئاڵای شۆڕش

### تەوەری یەکەم: قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان لە سەروبەندی کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە

ناکۆکی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندتر دەبوو، بەتایبەتی دوای هاتنە دەرەوەی کوتلەی زیندان و پشتیوانیکردن لە لایەنێکی ئەو ململانێیە. بڕیاردرا یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە بگیرێت، بۆ ئەو مەبەستە پڕۆژەیەکی هەمەلایەن دەخرێتە بەردەستی کادران بۆ ئەوەی لە نێوان خۆیان دیراسەی بکەن، دیارە هەریەکە و لە لایەنی ململانێ یە لە هەوڵی ئەوەدا دەبن بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ مەسەلە سەرەکیەکانی ناو ئەڵقەکانی گفتوگۆدا بسەلمێنێت [1]. پێدەچێت نەوشیروان مستەفاش لە هەوڵی ئەوەدا بووبێت کە لە کێشەی لایەنگرانی کۆمیتەی هەرێمەکان دەربازی بێت، بە بەڵگەی ئەوەی برایم جەلال باس لەوە دەکات کە پێش کۆنفرانس نەوشیروان مستەفا لێی پرسیوە:(( دەبێت لەم بەلآیانە دەربازمان بێت؟)) و نەوشیروان مستەفا نیازی ئەوەشی هەبووە، ئەگەر کەسانی ناو کۆمیتەی هەرێمەکان دەربچنەوە، ئەوا واز دەهێنێت و بیر لە دروستکردنی ڕێکخراوێکی نوێ دەکاتەوە[2]. لەوانەیە ئەو نیگەرانیەی نەوشیروان مستەفا بەرامبەر کۆمیتەی هەرێمەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، پێش کۆنفرانسی کۆمەڵە نەوشیروان مستەفا بە دیلی دەکەوێتە دەستی هێزەکانی سۆسیالیست. ناوبراو لە یاداشتەکانی باس لەوە دەکات کاتێك گیراوە کادرەکانی کۆمەڵە لە بارەگای سەرکردایەتی زنجیرەیەك سیمیناری فیکری و سیاسی دەگرن، بەهۆیەوە ناکۆکیەکانی ناو ڕیزەکانیان قوڵتر و ئاشکراتر دەبێت، هەر بۆیە بیری گرتنی کۆنفرانسیان لەلا گەڵاڵە دەبێت[3]. خاڵێك کە جێگای سەرنج بێت لەو کۆبوونەوانەدا باسی لێوە کراوە، سەربەخۆیی کۆمەڵە و ئایندەی (ی.ن.ك)بووە، کە یەك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکات لە کۆی ٥٧ کادری ئامادەبوو، ٥٣ کادر دەنگیان بە سەربەخۆیی کۆمەڵە داوە، پێدەچێت نەوشیروان مستەفا ئەم کۆبوونەوانەی بە گەلەکۆمەکێ لە خۆی تێگەیشتبێت، چونکە مامۆستا جەعفەر پاش بەربوونی نەوشیروان ڕاستەوخۆ سەردانی کردووە و پێی وتووە، کە هەقە ئیتر واز لەکاری سیاسی بێنێ، لە هەمان کات وتارێکی بە ناوی دژی (ئۆپۆرتۆنیزم)[4] نوسیووە، دیارە نەوشیروان مستەفا وای لێکداوەتەوە ناوەڕۆکی ئەم وتارە مەبەستەکانی ئاڕاستەی ئەو کرابێت[5]. نەوشیروان بەم بابەتە دڵگران بووە [6].

---

[1] ئەرسەلان بایز: س . پ ، ل١٩٠.

[2] برایم جەلال: چەپکێك، ل ٣٤٤-٣٤٥.

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین:پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل ١٩٧.

[4] ئۆپۆرتۆنیزم: ئەم ووتارە لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیاو بە پشت بەستن بە چەند ڕستەیەکی وەرگیراو لە لینین، شتێکی وای لێهەڵدەکەنرێ کە کەسانێکی سەر بە چینی وورده بورژوازی، کە هێشتا لەناو بۆتەی بیرو ئایدۆلۆژیای کرێکاران نەتواونەتەوە، بەسوود وەرگرتن لە پێگەو لێپرسراویە تیان لە ناو کۆمەڵە، پیلان لە کۆمەڵە دەگێڕن و هەوڵی شێواندنی ناسنامەکەی دەدەن و دەیانەوێت کۆمەڵە بە ڕواڵەت و بە ڕووکەش ڕێکخراوێکی مارکیستی بی و لە ئەرکە چینایەتیەکانی خۆی دووربکەوێتەوە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە_(گۆڤاری(کۆمەڵە)، خولی یەکەم، ژمارە(٩) زستانی ١٩٨١، وەرگیراوە لە: ( گۆڤاری کۆمەڵە: ئامادە کردنی نەوزاد عەلی ئەحمەد ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠١٢، ل ٣٥٥_٣٧٨).

[5] مامۆستا جەعفەر: س . پ، ل ٨٣-٨٧.

[6] برایم جەلال : چەپکێك، ل ٣٤٤.

ئەم وتارە بە مەبەست و بێ مەبەست زۆر لێکدانەوەی بۆ کراوە، بوو بەهۆی قوڵبوونەوەی درزی ناو سەرکردایەتی کۆمەڵە، و ئەم وتارە بە یەکەم ئاماژەی ڕوون دادەنێت بۆ سەرەتای پەیدابوونی گروپێکی ئۆپۆزسیۆن لە ناو کۆمەڵە، لە هەمانکاتدا بە یەکەمین دۆکیومێنتی نوسراوی دادەنێت، کە گومان لە ناو بەشێکی سەرکردایەتی کۆمەڵە هەبووە بە ئاراستەی سڕینەوەی ناسنامەی چینایەتی ئایدۆلۆژی کۆمەڵە، لە سۆنگەی ئەم وتارەوە ململانێی ناو سەرکردایەتی کۆمەڵە ڕەهەندێکی فیکری پێبەخشراو ململانێکەی لە پەنهانەوە گواستەوە بۆ ئاشکرا بوون[١]. تاکو ئێرە ڕەگی ناکۆکی نێوان نەوشیروان و کۆمیتەی هەرێمەکان بە بە تەواوی داکوتراو پێکدا پژان حاڵەتێکی چاوەڕوانکراو بوو لە ناو کۆنفرانس. یەکێکی تر لەو وتارانەی کە جیاوازی نێوان دوو گروپی تری ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی بەدەرخست، وتارێکی مەلا بەختیار بوو بەناوی "باوکی ئاوارە"ەوە لە ژێر سەرناوی "چەندتیشکێ بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵەدا"[٢]، کە لە ژمارە شەشەمی "کۆمەڵەدا" نوسیبووی، لەم وتارەدا باسی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە و خەباتی چەکداری کردبوو، ئەوانەی لە زیندان تازە ئازاد کرابوون کە وتارەکەیان بینیبوو، پێی دڵگران بوون[٣]. ئەم وتارە بە میتۆدێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە مێژووی کۆمەڵە و بەشێکی گرنگی لێپرسراوێتی لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی ڕێکخستنەکانی ناو شار لە ساڵی ١٩٧٥، ئۆباڵی نزیکبوونەوەی کۆمەڵە لە فەوتان دەخاتە ئەستۆی سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵەوە. وتارەکە بە ناڕاستەوخۆ مەرجەکانی لێپرسراوێتی لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو دادەماڵێ ، ئەم ڕەفتارانە ئەگەر شێوەیەك لە ڕاستیشی تێدا بووبێت، بەڵام باڵی ڕەخنە لێگیراو ئامادە نەبوو دان بەو لێپرسراویەتیەدا بنێت، چونکە پێی وابوو، لە سێدارەدانی دوو لە سەرکردەکانی بەسە بۆ دوورخستنەوەیان لە لێپرسینەوە[٤]. بەم شێوەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئاراستەی ململانێکان بووە شتێکی چاوەڕوانکراو، کە کۆنفرانس بە شێوەیەکی توند دەربکەوێت، بە تایبەت هاوپەیمانیەتی گروپی نەوشیروان مستەفاو گروپی کتلەی سجن یەکبگرنەوە، چونکە کۆمیتەی هەرێمەکان بەم وتارانە هەردوو بەرەکەیان لە خۆیان وڕژاندبوو، بەم بارودۆخەوە یەکەم کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ئاياری ساڵی ١٩٨١، لە ژێر دروشمی "لە پێناوی پتەوکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە و ڕاپەڕاندنی جەماوەری گەلەکەماندا " بە ئامادەبوونی ١٨٥ ئەندام نوێنەرایەتی نزیکەی هەشت هەزار ئەندامی ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە و کادیرەکانی دەرەوەی وڵات بەسترا، کۆنفرەنسەکە لە هەلومەرجێکدا بەسترا کە ململانێی ناوخۆیی لەناو کۆمەڵە زۆر پەرەی سەندبوو، لەم سۆنگەیەوە ململانێکە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر بەڕێوەچوون و بڕیارو ئاکامەکانی کۆنفرانسەکە هەبوو[٥].

دیارە ئەم کۆنفرانسە پاش یانزە ساڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵە بەسترا، بۆیە چاوەڕێ نەدەکرا بێ ناکۆکی و ململانێ بەڕێوە بچێت، و کێشەکانی ناو کۆنفرانس و ململانێکانی کە لە پێشەوە بناغەیان بۆ دانرابوو، سەرەتا زۆربەی ململانێی کەسی بووە لە نێوان گروپەکان، هەر لایەنە و شوێنگەی دەسەڵاتی خۆی پێ

---

[١] گۆڤاری (کۆمەڵە) : س . پ، ل ٣٥٥.

[٢] هـ . س ، ٣٥٦.

[٣] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان، ل ١٤٠.

[٤] گۆڤاری کۆمەڵە ، س . پ ، ل ٤ ؛ (هەروەها ب زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم وتارە گۆڤاری کۆموڵە ، س . پ ، ل ٢٠٧)

[٥] ئینسکلۆپیدیایی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:س .پ ، ل ٦٢٢ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین:پەنجەکان، ل١٨٩ ؛برایم جەلال:چەپکێك ، ل ١٤١.

بدرێتەوە[١]. لەسەر ئەو بنەمایە هەر سێ گروپەکەی کۆمەڵە (گروپی زیندان، کۆمیتەی هەرێمەکان (خەتی ئارام و گروپی نەوشیروان مستەفا ) لە هەوڵی بە فیکر کردن و بە سیاسیکردنی ناکۆکیەکاندا بوون، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی گرفت و کێشەی فیکری و سیاسی زۆر بوون و کێشەو ململانێی دەسەڵاتیش، وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد لە مێژ بوو سەریان هەڵدابوو[٢]. یەك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سەرەڕای ئەوەی ئەندامانی کۆنفرانس لە دەیان هەڵوێست تووشی ناخۆشی بوو بوون، کەچی بێ گوێدانە پرەنسیپی حزبایەتی بەر ببونە گیانی یەکتر ، هیچ حسابێکیان بۆ خەباتی پێشووی یەکتر نەدەکرد[٣]، گرنگترین ئەو ناکۆکیانەی کە درزی نێوان گروپەکانی فراوانتر کرد بریتی بوون لە:

**یەکەم: ناکۆکیە کەسییەکان( ململانێی دەسەڵات )**

ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵانی هەفتاکانی کوردستان، بە ناچاریی ئاڵوگۆڕێکی چارەنوسسازی لە هەرەمی دەسەڵاتی کۆمەڵە کردبوو، مام جەلال و نەوشیروان، لە سەرەتای هەفتاکاندا و پاش دامەزراندنی کۆمەڵە، کوردستانیان جێهێشتبوو، پاش جێهێشتنی سەرکردایەتی کۆمەڵە و رادەستکردنیان بە ڕژێمی عێراق، سێ لە سەرکردەکان، (شەهابی شێخ نووری، جەعفەر عبدالواحید، ئەنوەر زۆراب ) لە سێدارە دەدرێن و دەبنە سیمبولی بەرخودان و دروشمی(کەم ژیان و کەڵ ژیان ) دەکەنە نەریت و سەر مەشقی خەباتی کوردایەتی، ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی ڕزگاربوو دێنەوە شاخ، لە ماوەی نائامادەیی سەرکردایەتی کۆمەڵەدا، زەمینەی دەرکەوتنی ئارام و کۆمیتەی هەرێمەکان دەڕەخسێت، کە لە دۆخێکی دژواری کۆمەڵە و کوردستان دەسەڵاتی باڵای کۆمەڵە بە هەوڵی خۆیان بەدەستەوە دەگرن و کۆمەڵێك پرەنسیپی فیکری لەسەر پاشخانی فیکری "ئارام" لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا جێگیر دەکەن[٤]. نەوشیروان مستەفا دەربارەی ناکۆکی ئەم دوو گروپە باس لەوە دەکات ئەوانە لە کۆمیتەی هەرێمەکان بوون، خۆیان بە "خەتی ئارام" دادەنا، ئەوانەی لە سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە بوون خۆیان بە خەتی " شەهاب" دادەنا و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد درێژە بە خەتی ئەو دەدەن، لە درێژەی گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەکات ئەم دوو کەسایەتیە ڕێزو خۆشەویستیان لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا هەبووە، هیچ خەتێکی لەو شێوەیان دانەڕشتبوو، بەڵکو ئەمانە ناوەکانیان بۆ ململانێی ناوخۆ بەکارهێناوە[٥].

قوڵبوونەوەی ئەو ململانێیە لە نێوان هەردوو بەرەدا بە سوودی (نەوشیروان مستەفا) شکایەوە، بۆ ئەوەی لە نێوان ئەو دوو کوتلەیەدا، کوتلەی سێیەم لە ژێر ناوی (خەتی گشتی کۆمەڵە) پێکبێنێ و لە دەرئەنجامیشدا ببێتە گەورەترین کوتلەی باڵا دەست[٦]. یەکێکی تر لەو کێشانەی کە لە بەرگی ناکۆکیە شەخسیەکاندا نیشان دەدرا، گرتنی نەوشیروان مستەفا بوو لە لایەن هێزەکانی سۆسیالیستەوە، جگە لە

(١) محمد مێرگەسۆری: تروسکایەك، ل ١٦٨؛موحسین عەلی ئەکبەر: س . پ ، ل ٨٠-٨١.

(٢) پشکۆ نەجمەدین : ئەزموون و یاد، ل ١٤٢.

(٣) ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند ، ب٢ ل ٣٨.

(٤) پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد، ل١٤٤.

(٥) نەوشیروان مستەفائەمین:پەنجەکان ، ل١٤١.

(٦) کاکل ئەحمەد (کاکلە ڕەش) : یەکێتی و ململانێ (توێژینەوەیەکی سیاسی رەخنەییە لە بەشێکی گرنگی شۆڕشی رزگاریخزازی گەلی کوردستان ، چ١، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر، ٢٠١١، ل ١١٧.

وتارەکەی مامۆستا جەعفەر بە ناوی دژە ئۆپۆرتۆنیزم، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، سالار عەزیز و مەلا بەختیار بەوە تۆمەتبار دەکران بە شێوەیەك لەتەك کێشەکەدا هەڵسوکەوتیان کردووە، کە بەرەو لەناوبردن و لەسێدارەدانی نەوشیروان سەر بکێشیٚ، چونکە ئەوان لەو کاتەدا لێپرسراویەتی هێزەکانی یەکێتیان لە شارباژێڕ لە دەستدابوو، بەو هۆکارانەوە نەوشیروان جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی کار ناکات کە سالار و مامۆستا جعفری تێدا بێت. دیارە بەم هۆکارەوە زۆربەی کاندیدانی کۆمیتەی هەرێمەکان، جگە لە مەلا بەختیار سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، هەرچەندە باس لەوە دەکرێت نەوشیروان مستەفا لە ڕابەری پاشەکشەی کردبێت و هەوڵی داوە لە گەڕی دووەمی هەڵبژاردن کارێك بکات کاندیدەکانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام سالارعەزیز و مامۆستا جەعفەر ئامادە نابن لە گەڕی دووەم خۆیان کاندید بکەن و بەو هۆیەوە ناکۆکیەکان قوڵتر دەبنەوە[١].

**دووەم: ناکۆکییە فیکری و ئایدۆلۆژیەکانی ناو کۆنفرانسی یەك**

لە کۆنفرانسی یەکدا دووبارە گۆڕینی ناوی کۆمەڵە دێتەوە بەر باس، لە گفتوگۆکان جەخت لەسەر ئەوە کراوە بە فەرمی ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بکرێتەوە بە "کۆمەڵەی مارکسی–لینینی" ، بەڵام نەوشیروان مستەفا هیچ جۆرە پێشگر و پاشگرێکی مارکسی و کۆمۆنیستی بۆ ناوی کۆمەڵە قبوڵ نەبووە، سەرچاوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات نەوشیروان مستەفا ڕاشکاوانە وتویەتی: ((ئەگەر بزانم ئێوە وا بیر دەکەنەوە، ئەوا من لەگەڵتاندا نابم ))[٢]، بە پێداگری نەوشیروان مستەفا ناوی "کۆمەڵەی ڕەنجدەران" دەچەسپیٚ، بەڵام مشتومڕەکان لێرە بە کۆتا نایێن، بەڵکو ناکۆکی لەسەر لکاندنی پاشکۆی داش عێراق، بە ناوی کۆمەڵەوە سەرهەڵدەداتەوە، بەشێوەیەك گروپی نەوشیروان و گروپی زیندان، جەختیان لەسەر کوردستانیبوونی ناوی کۆمەڵە کردۆتەوە، لە بەرامبەردا بەشێك لەو گروپەی خۆیان بە میراتگری کۆمیتەی هەرێمەکان و خەتی "ئارام" زانیووە لایەنگری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان –عێراق "یان کردووە، دیارە ئەمەش دەلالەت و مەغزای فیکری و سیاسی خۆی هەبووە، بەو شێوەیە ویستویانە جەخت لەسەر قوڵکردنەوەی فیکری مارکسیزم و پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵە و نەتوانەوەی لە بۆتەی یەکێتیدا ، و درێژە پێدانی ڕێبازە فیکری و سیاسییەکانی "ئارام" کردۆتەوە، پێیان وابووە بازنەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە، لە کایەی بزووتنەوەی نیشتمانیدا، دەبێت سنووری یەکێتی ببەزێنێت[٣].

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە لە پاشان لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کراوە، کۆمیتەی هەرێمەکان بە عێراقچی تاوانبار دەکران تا جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش هەر بە عێراقچی ناوزەد دەکران، ئاسۆی شێخ نوری لەو بارەیەوە پێی وایە ئەم بابەتە بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ کراوە، ئەو پێی وایە کۆمەڵە لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنی تووشی ئەم ئاراستەیە بووەوە و بە شێوەی ڕاپرسی کوردستانی بوونی کۆمەڵە سەلمێنراوە، گروپی عێراقچی بەبیٚ کێشە لە کۆمەڵە چوونە دەرەوە ، لە درێژەی گێڕانەوەکانیدا باس لەوە دەکات ئەوەی لەو کۆنفرانسە هاتۆتە ئاراوە مەسەلەیەکی جیاواز بووە، چونکە هەموو لەسەر مەسەلەی کوردستانی بوونی کۆمەڵە کۆك بوون،

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد، ل١٤٤–١٤٥.

[٢] بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە محمد مێرگەسۆری: س . پ، ل ١٦٨.

[٣] پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد، ل ١٤٣.

تەنها بابەتەکە لەسەر مەسەلەی (– عێراق)، داش عێراق بوو، بە ناوی کۆمەڵەوە[1]، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە بابەتی دانانی (– عێراق ) لەرووری بابەتی و فکری و پانتایی کاری کۆمەڵەوە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەم رێکخراوە .مامۆستا جەعفەر ئەم هەڵە تێگەیشتن و لێکدانەوە جیاوازانە دەگێڕێتەوە بۆ لاوازی ئاستی تیۆری سیاسی ئەندامانی کۆنفرانس لەو کاتەدا، بە شێوەیەك کە تەنیا سەیری دەمی نەوشیروان مستەفایان دەکرد، ئەو هەرچی لە زار بهاتایە دەرەوە، بەبێ لێکدانەوە و شیکردنەوە دەستی بۆ بەرز دەکرایەوە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێك نەوشیروان سەرەتای ساڵی ١٩٨١ بۆ مۆدیلێکی تری پێکهاتە و ستراکتۆری چینایەتی کۆمەڵە بایداوەتەوە، پێشنیازێکی بۆ پێناسەی کۆمەڵە و سروشتی چینایەتی بەم شێوەیە پێشکەش بە کۆنفرانس کردووە، "کۆمەڵە ڕێکخراوی کرێکاران، جوتیاران و ڕەنجدەرانی کوردستانە"، بەرامبەر ئەم پێشنیازە، پێشنیازی "کۆمەڵە ڕێکخراوی چینی کرێکاری کوردستانە، ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕیش لە ژێر ئاڵای خۆیدا کۆدەکاتەوە " ، دیارە لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازی گەورە لە نێوان ئەم دوو داڕشتنەدا هەیە، بەڵام لە کۆی ١٨٥ ئامادە بوو ١٧٠ کەس دەنگیان بۆ داڕشتنی یەکەم داوە، دواتر بە میوانداری هەڤاڵ خەجۆ ، کە شەرحی بابەتەکە دەکات ئیتر داڕشتنی دووەم پەسند دەکرێتەوە[2].

لە دەرئەنجامدا ئەم مەسەلەی عێراقچیەتیە تەنانەت بوو بە لۆگۆیەك، وەکو ناونیشانێك بەکار هات بۆ لێدانی لایەنی ناڕازی، باشترین شت تۆمەتی عێراقچی بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی لایەنی نەوشیروان مستەفا و گروپی سجن[3]. بەرنامەی کارەکانی کۆنفرانس بە هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵە کۆتایی هات، و بە پێی بڕیاری کۆنفرانس ئەوانەی لە نیوەی دەنگی دەنگدەران زیاتریان هێنا، بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی، ئەوانیش بریتی بوون لە هەریەك لە نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عبدالقادر، حکمەت محمد کەریم (بەختیار)، دکتۆر کمال خۆشناو، عمر سەید عەلیش بە هۆی بریندارییەوە ئامادە نەبوو، وەکو ڕێز لێنان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا[4]. بەڵام ئەم ئەنجامەی هەڵبژاردن بە شێوەیەك دەرکەوتووە، شوێنەواری خراپی بەسەر پەیوەندیەکانی نێوان گروپەکان جێهێشتووە، بەشێوەیەك کێرڤی ململانێکانی نێوانیان بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە، ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانیان گەیشتۆتە ئاستی تەقاندنەوەی ناکۆکیەکان، دیاردەی دەستەگەری زیاتر زەقکردەوە و شەرعیەتی پێبەخشی، لە ئەنجامدا دووبەرەی دژ یەك هاتنە ئاراوە، لایەکیان براوە و سەرکەوتوو، کە بریتی بوون لە گروپی نەوشیروان مستەفا و بەشێك لە گروپی زیندان، لایەکەی تریش، ئەوانە بوون کە پێیان

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆی شێخ نوری: سلێمانی، ٩/ ٢/ ٢٠١٥؛ محمد مێرگە سۆری: س . پ، ل ١٦٩–١٧٠.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ١٠/٢/ ٢٠١٥.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بابەکر دڕەیی، سلێمانی ٢٠١٥/٢/٩.( ئەبوبەکر حسین مستەفا : ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی دڕەی سەر بە ماوەت لەدایکبووە ، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووە ، ساڵی ١٩٨٢ دەچێتە ناو شۆڕش ، ساڵی ١٩٨٥ پشتگیری لە ئاڵای شۆڕش کردوو وەك هەڵسوڕاوێکی ئەم گروپە کاری سیاسی کرد ، ساڵی ١٩٨٦ دەچێتە ئۆردوگای زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ساڵی ١٩٩٣دەگەڕێتەوە ناو یەکێتی و لە مەڵبەندی سلێمانی کاردەکات و تا بووەتە جێگری مەڵبەند، چەندین پۆستی حزبی و پێشمەرگایەتی وەرگرتووە . لە ساڵی ٢٠٠٦ وازی لە یەکێتی هێناو چووە ریزی ئەو رەوتەی کە دواتر بزوتنەوەی گۆڕانی پێکهێناوە . ساڵی٢٠١٠ بوو بە بەڕێوەبەری کۆمپانیای وشە.

[4] ئینسکلۆپیدیای یەکێتی: س .پ ، ٦٢٤– ٦٢٧.

دەگوترا گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان[1]. پشکۆ نەجمەدین پێی وایە دەسپێکی کارەکانی توانەوەی کۆمەڵە لەو کۆنفرانسەوە دەست پێدەکات، بەشێوەیەك نیشانەکان زیاتر بەرجەستە بوون، هەڵگرانی بیروباوڕی ئەوەی کە دەبێت کۆمەڵە ببێتە حزبێکی شۆرشگێری سەربەخۆ، ورده ورده لاواز بوو لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، تا وای لێهات کۆمەڵە بەرەو حزبێکی جەماوەری بڕوات و لەگەڵ یەکێتیدا یەکسان بێت[2]. هەرچەندە کۆنفرانس دوای ململانێیەکی زۆر کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام مەسەلە فیکریەکان بە تەواوی یەکلایی نەکراوەتەوە، زۆرینە پێیان باش بووە بارودۆخەکە بە بنبەست نەگات و، هەندێك لە بیرو بۆچوونە جیاوازەکان لە ئایندە یەکلایی بکرێتەوە[3]. نەوشیروان مستەفا دەستهەڵگرتنی هەندێك لە سەرکردەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە هەڵبژاردن دەرنەچوون و ئەمەیان لە دڵگرتووە، بەو هۆیەوە دەستیان لەکار هەڵگرتووە، بە تایبەت باس لە مامۆستا جەعفەر دەکات کە سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردووە و سالار عەزیز لە ناوچەی شارباژێر دانیشتووە و، ناڕازییەکانی ناو کۆمەڵەی هانداوە و، ناڕەزایی و ڕەخنەکانی خۆیان نەشاردۆتەوە بە تایبەت لە مام جەلال و نەوشیروان[4]. خاڵێك جێگەی سەرەنجە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە لە نا ئامادەیی مام جەلال دەبەسترێت کە بە هۆی سەفەرەوە ئامادەیی نابێت، بەڵام ناوەندی کۆمەڵە بانگهێشتیان نەکردوە، بۆیە کاتێك گەڕاوەتەوە بۆ ناوزەنگ نیگەرانی خۆی نەشاردۆتەوە، چونکە پێشبینی ئەوەی نەکردووە کۆمەڵە بێ ئامادەبوونی ئەو کۆنفرانس ببەستێت[5]. پێدەچێت کۆمیتەی هەرێمەکان نەیانتوانیبێت سود لەو نیگەرانیەی مام جەلال وەربگرن.

بەم شێوەیە ناکۆکیەکان لە پاش بەستنی کۆنفرانسی یەك بەردەوام لە پەرەسەندندا بوو، کۆمەڵە لەناو سەرکردایەتی تووشی تەنگ و چەڵەمەی گەورە هاتبوو، و ناکۆکی کەسی بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردبوو، سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵە ئەوەندەی سەرقاڵی گرفتەکانی ناوخۆ بوون، ئەوەندە بە تەنگ دووژمنی سەرەکی نەبوون، بۆیە بڕیاری بەستنی کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵە دەدرێت بە مەبەستی یەکلایی کردنەوە و پێداچوونەوەی کارەکانی ساڵی ڕابردوو وەرگرتنی را لەسەر گفتو گۆکردن لەگەڵ میری[6].

هەرچەندە لە کۆنفرانسی یەکەم بڕیاردرابوو دوو ساڵ جارێك کۆنفرانس ببەسترێت، بەڵام سەرکردایەتی کۆمەڵە ساڵێك وادەی کۆنفرانسەکەی پێشخست، بە مەبەستی زووتر یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی بە هەڵواسراوی مابوونەوە، بۆیە بە گشتی کێشەکانی پێشوو لەم کۆنفرانسەش ڕەنگی دایەوە، بەڵام نەگەیشتۆتە بنبەست و بە شێوەیەکی گونجاو تێپەڕێندراون[7]. هەردوو کۆنفرانسی پێشووی کۆمەڵە نەیانتوانی ناکۆکییەکان کۆتایی پێ بهێنێت، دیارترین ئەو کێشانەش لە نێوان کۆنفرانسەکان دا هەبوون ، کە لە ئایندەدا ڕەنگی دایەوە بەشێوەی فیکری و ئایدۆلۆژی بەدەردەکەوتن لەچوارچێوەی چەند وتارێك

[1] موحسین عەلی ئەکبەر: س . پ ، ل ٨٩–٩١.
[2] پشکۆ نەجمەدین: نیگایەك ، ل ٢٣–٢٤.
[3] ئەرسەلان بایز: س . پ، ل ١٩٨ –١٩٩.
[4] نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە لە بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤–١٩٨٨، چاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، ل ١٩٩٩، ل ل ٩٦–٩٧.
[5] محەمەد مێرگەسۆری: س . پ ، ل ١٧٢.
[6] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند ، ب٢ ، ل ٥٧.
[7] ئینسایکلۆپیدیا (ی.ن.ك)، ل ١١٩.

تۆمار کران، بەتایبەت پاش ئەوەی سالار عەزیز لە کۆنفرانسی دووەم خۆی بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە کاندید نەکرد، زیاتر ئامادەکاری کرد بۆ بەڕێوەبردنی ململانێی نێو کۆمەڵە[1]. ململانێ تیۆریەکان لەوەوە دەستی پێکرد فەرەیدون عبدلقادر نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە بە ناوی "پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان"، بەگشتی لەم نامیلکەیەدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی کوردستانی بناسێنێت[2]. سالار عەزیز لە ژێر ناوی "چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکارانی کوردستان" وەڵام دەداتەوە، لەو نامیلکەیەدا لەژێر تیشکی مارکسیزم- لینینیزم هەڵەو کەموکوڕیەکانی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی بەدەر خستووە[3]. دووبارە ئەم نوسینەی سالار عەزیز لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەوە لەژێر ناوی "لێدوانێك لەسەر نامیلکەی چەند سەرەنجێکی ڕەخنەگرانە وەڵام دەدرێتەوە"[4]. ئەم نوسین و پەرچە نوسینانە ئەوە نیشان دەدەن کە کۆمەڵە دابەشی دوو بەرەی دژ بەیەك بووە، جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوو کۆمەڵەیە بە هۆکاری دوو ڕووداو، کە لە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیدا ڕوویدا زیاتر ناکۆکیەکانی نێوان ئەم دوو گروپەی ڕەنگڕێژ کرد. لەلایەکەوە ناردنی هێزی پشتیوان[5] بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر داوای عبدالرحمن قاسملو کە هانای بۆ یەکێتی هێنابوو، بە دەنگیانەوە بچن بە مەبەستی خاوکردنەوەی هێرشەکانی سوپای پاسداران بۆ سەر بارەگاکانیان، مام جلال ڕەزامەندی ناردنی هێزی بۆ هاوکاریان نیشان دابوو[6]. ناردنی ئەم هێزەی یەکێتی دەبێتە هۆی ناڕەزایی ئەو گروپەی سالار عەزیز و کۆمیتەی هەرێمەکان سەرپەرشتیان دەکرد، چونکە پێیان وابوو شەڕکردن لەگەڵ سوپای ئێران لەو کاتەدا جۆرێکە لە سازش بۆ ڕژێمی عێراق بە جۆرێك لە بەرتیلیان داناوە بە سوپای عێراق، چونکە ئەم هەڵوێستەی یەکێتی ئەوە دەگەیەنێت نایەوێت حکومەتی عێراق بروخێت[7].

لەلایەکی دیکەوە، دوای ساڵێك لەم سیاسەتەی یەکێتی سازشی نێوان ڕژێم و یەکێتی لێکەوتەوە، هەرچەندە یەکێتی لە بڵاو کراوەکانی خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ پرس و ڕاوێژ بە ئەنجوومەنی گوندەکان و ڕۆشەنبیران و کەسایەتیەکانی نزیك لە شۆڕش و هێزی پێشمەرگە کراوە. ڕای زۆرینە لەگەڵ ئەنجامدانی گفتو گۆ دەبێت. واتە یەکێتی وا نیشان دەدات لەژێر فشاری جەماوەر و لەهەمان کاتدا گلانی یەکێتی لە شەڕێکی زۆر لەو کاتەدا لە سەرجەم بەرەکانەوە وەك شەڕ لەگەڵ جود لە هەمان کاتدا ئێران و عێراق بووە، و میریش لە ژێر فشاری جەنگی لەگەڵ ئێران داوای گفتوگۆی کردووە؛ واتە هەردوولا بە

---

[1] پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد، ل ١٦٤.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پارتی پێشڕەوی چینی کرێکارانی کوردستان، لە بڵاو کراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فەرەیدون عبدلقادر: سلێمانی ٢٠١٥/٢/١٨.

[3] نەوزاد علی ئەحمەد: بیلۆگرافیای کتێبی نهێنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی دلێر، ل ٧١؛ سالار چەند سەرەنجێکی ڕەحنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان، چاپ، دەزگای ڕێکخستنی دەرەوەی کۆمەڵە

[4] برایم جەلال: چەپکێك، ل٣٧٢.

[5] هێزی پشتیوان: بەو هێزە دەوترا کە یەکێتی ناردیە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هاوکاری هێزەکانی حدکا.

[6] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ل٢٤٦.

[7] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بابەکر دڕەیی: سلێمانی ٢٠١٥/٢/٩.

ناچاری گفتوگۆیان قبوڵ کردووه[١]. بەڵام ئەوەی جێگای سەرەنجە وەکو لە گێڕانەوەکانی نەوشیروان مستەفا لە کتێبی ((خولانەوە لە ناو بازنەدا)) بەدیار دەکەوێت، وەفدەکانی یەکێتی زۆر بەبێ بەرنامە و بەبێ هیچ ئامادەکاریەك بەشداریی دانوسانەکان دەبن. ناوبراو لە درێژەی گێڕانەوەکانی باس لەوە دەکات لەلایەن وەفدەکەیانەوە هەڵەی دیار کراوە، لەوانە گۆڕانکاری لە وەفدەکانی یەکێتی، و نهێنی وردەکاری کۆبوونەوەکان بڵاو کراوەتەوە، وەفدەکانیشیان بەردەوام لە ژێر چاودێری ڕژێم بوون، بۆیە بە ئازادی نەتوانراوە لە نێوان خۆیان گفتو گۆ بکەن[٢].

بە تێپەڕبوونی کات ئاستی ناکۆکیەکان لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا لە بەرزبوونەوە دابوو بە شێوەیەك باس لەوە دەکرێت پشێوییەکان گەیشتونەتە ئاستی توندو تیژی بەرامبەر یەکتری تا ئاستی کوشتنیشی لێکەوتۆتەوە، ئەم ئاڵۆزیانە و هەڵسەنگاندن بۆ کاروباری هەردوو کۆنفرانسەکانی پێشوو، گفتوگۆی زیاتر لەمەڕ دانوساندنەکانی شۆڕش و میری، ناوەندی کۆمەڵەی ناچار کرد بڕیاری گرتنی کۆنفرانسی دا[٣]. بۆ ئەم ئەم مەبەستە لە٢٠ی تەمووزی ١٩٨٤ لە گوندی (کانی سێو) لە بناری پیرەمەگروونی دۆڵی مێرگەپان بە بەشداریی ٢٨٧ ئەندام و یانزدە چاودێر، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان سێیەمین کۆنفرانسی خۆی بەست[٤].

لەم کۆنفرانسەدا ناکۆکی و ململانێ لە نێوان هێڵی گشتی کۆمەڵە و ئەو ڕەوتەی لە پاشان بە "ئاڵای شۆڕش" ناوی دەرکرد، گەیشتە ئاستی نزیك لێکترازان، و ناکۆکیەکانیان لەوەوە سەری هەڵدا کە گروپی دووەم بڵاو کراوەیەکیان بە نهێنی لەناو ڕیزی کۆمەڵە دەرکردبوو بەناوی "هەڵوێست" . ئەم بڵاو کراوەیە لەلای هەندێك لە هەوادارانی ئەو ڕەوتە گیرابوو، گرووپی نەوشیروان مستەفا و کوتلەی سجن فەزای ئەم کۆنفرانسە دەکەن بە دادگای لێکۆڵینەوەی ئەو چەند کادرە، تاکو لەو ڕێگەیەوە نووسەری بڵاوکراوەکە ئاشکرا بکەن لە بەرامبەردا ئەوانیش سکرتێری کۆمەڵە تۆمەتبار دەکەن بەوەی بەبێ تاوان بڕیاری تیرۆر کردنی " وریای وەهاب" ی دەرکردووە. ئەو بارودۆخە ئاڵۆزتر دەبێت پاش ئەوەی نەوشیروان مستەفا زلەیەك لە کادیرێك دەدات بە ناوی گۆران و لە کۆنفرانس وەدەری دەنێت، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری ئەوەی مەلا بەختیار بێتە دەنگ بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی نەوشیروان مستەفا تا ئەو ڕادەیەی بە توڕەیی وەڵامی بداتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەلا بەختیار هۆڵی کۆنفرانس جێبهێڵێت و لە کۆی ٢٨٧ ئەندامی بەشدار بووی کۆنفرانس وەك ناڕەزایی کۆنفرانس جێبهێڵن[٥]. ڕێژەی ناڕازییەکان نزیکەی ١٢٦ئەندامی کۆنفرانسی پێکدەهێنا. ئەم ڕێژەیەش سەلمێنەری ئەوەبوو، کە دەنگە ناڕازیەکان کەمینەیەکی بەهێزی کۆنفرانسن. بە هاتنە دەرەوەیان ناکۆکیەکان گەیشتبووە ئاستی کەرتبوون، بۆ ڕێگە گرتن لە تەشەسەندنی زیاتری ناکۆکیەکان هەوڵی نێوەند گیری لە لایەن چەند کادرێکەوە دەدرێت تاکو گەیشتنی تاڵەبانی، کە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ گفتو گۆی شۆڕش و میری بڕوانە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان گفتو گۆی شۆڕش لەگەڵ میری، کانوونی دووەمی ١٩٨٥، ل ٧٠ –٧١.

[٢] سەروەر عبدالرحمن (دکتۆر) و دلێر ئەحمەد(دکتۆر): دانوستاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق ١٩٨٤، چاپخانەی هێڤی ،هەولێر ، ٢٠١١.

[٣] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، ل ١٠٤.

[٤] برایم جلال: چەپکێك، ل ٤٣٢.

[٥] محمەد مێرگە سۆری: س . پ ، ل ١٩٩ ؛ ئەرسەلان بایز: س . پ ، ل ٣٢٢–٣٢٣؛ پشکۆنەجمەدین:ئەزموون و یاد ، ل٢٠٠–٢٠٤.

دەتوانێت بارودۆخەکە بەرەو هێور بوونەوە بەرێت بەشێوەیەك گروپی ناڕازی ڕازی دەکات کە واز لە بایکۆتکردن بهێنن. [1] شێخ عەلی لە یاداشتەکانی ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە لەسەر خواستی تاڵەبانی وازیان لە بایکۆتکردنی کۆنفرانس هێناوە. نابراو ئەوە بە هەڵەیەکی مێژوویی دادەنێت کە لەو کاتەدا کردوویانە، و ئەنجامەکەشی بە زیان بەسەریان شکاوەتەوە. [2] هەردوو بابەتی پەیڕەو و پڕۆگرام و پرسی دانوساندنی یەکێتی و ڕژێم دەبێتە تەوەری سەرەکی کۆنفرانس، دیارە هەردوو پرس بێکێشە و گیروگرفت نابێت، بەڵام کێشەی سەرەکیتر لە ڕۆژی سێیەم لەسەر چۆنیەتی بەڕێوە چوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی دەبێت، چونکە کۆنفرانس بڕیاری دابوو حەوت کەس بە زۆرینەی ڕەها واتە ٥١٪ هەڵبژێرن، دیارە ژمارەیەکی کەمی کاندیدەکان توانیویانە ڕێژەی خوازراو بە دەست بهێنن، هەر بۆیە ناڕەزایی لێکەوتۆتەوە. لە ڕاستیدا دەرئەنجامی هەر سێ کۆنفرانسی کۆمەڵە ئەو ڕوانینەی لای لایەنگرانی ڕەوتی کۆمیتەی هەرێمەکان دروست کردووە، کە سەرجەمیان بۆ پاکتاوکردنی سەرکردایەتی ڕەوتەکەیان بووە لە سەرکردایەتی کۆمەڵە، چونکە لە کۆنفرانسی یەك مامۆستا جەعفەر و سالار عەزیز دەرناچن، ڕێگریی کراوە لەوەی کەمترین ئەندامیان بۆ سەرکردایەتی دەربچێت [3].

بەگشتی ماوەی نێوان کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە بەردەوام هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیەك لەلایەك لەگەڵ یەکتری کاریان کردووە لە هەمان کاتدا درێژەیان بە کاری دەستەگەری داوە هەر لەو ڕوانگەیەوە زۆربەی بابەتە ڕێکخراوەیی و فیکریەکان لێکدانەوەیان بۆ کراوە بەگشتی لەو ماوەیەدا دەستەگەری بە تەواوی بنجی داکوتاوە[4].

لە کۆنفرانسی سێ ناکۆکیەکان دەچێتە ئاستێکی بالاتر بەشێوەیەك کۆنفرانس بۆ سێ ڕۆژ دەبێتە گۆرەپانی ئاڵۆزترین و توندوتیژ ترین قسەو باس و مشتومڕەکانی، و دەبێت بە دواهەمین و چارەنوسازترین کۆنفرانسی کۆمەڵە. لەم کۆنفرانسەدا بیروبۆچوونە ناکۆکەکان دژ بەیەك دەوەستنەوە و درزی نێوان گروپەکان فراوانتر دەبێت و دەستەکان بۆ یەکتر بەردان و ماڵئاوایی زەمینە سازی دەکەن. [5] بە ڕواڵەت کۆنفرانسی سێ کۆتایی پێهات، بەڵام بووە هۆی دڵشکاندنی ئەو باڵەی کە بایکۆتی کۆنفرانسیان کردبوو، وای لێهات ئەم گروپە هەست بە نامۆیی خۆیان بکەن لە ڕیزەکانی کۆمەڵە، بۆیە بەشێوەی گروپی بچوك بچوك خۆیان ڕێك خست و بیرو باوەڕەکانیشیان لە شێوەی بەیاننامە بلاو دەکردەوە. [6] بە ڕووکەش هەردوو لا تەنها تەنها بەناو لەیەك ڕێکخراو دابوون، هاوئاهەنگیان لە نێواندا نەمابوو هەرلایەك بۆ خۆی کاری کردووە، بەڵام ڕەوتی نزیك لە مەلا بەختیار زیاتر لە بارودۆخەکە نا ئومێد دەبن بەهۆی ئەوەی بە چڕی دەخرێنە ژێر چاودێری و کەنار گیریان دەکەن. ئاسۆی شێخ نوری ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە ئەرکی دوورخستنەوەی ئەم ڕەوتە بە ئەو و جەبار فەرمان سپێردراوە لە ناوچەی قەرەداغ. [7]ئەم هەنگاوانە کارو کاردانەوە لەلایەن

---

[1] ئینسکلۆپیدیای یەکێتی: ل٢٦٠.

[2] شێخ عەلی : کەشکۆڵی بەسەرهاتم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠١٣،ل ٢٧٠-٢٧١.

[3]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ حەیدەری: هەولێر ٣/ ٢ / ٢٠١٥.

[4] موحسین عەلی ئەکبەر: س . پ ، ل ٩٧-٩٩.

[5] پشکۆ: ئەزموون، ل ١٩٨.

[6] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، ب١، ل ١٠٥ .

[7] محەمەد مێرگەسۆری: س . پ ، ل ٢٠٢-٢٠٦.

هەردوولاوە بەدوا خۆیدا دەهێنێت تا وای لێهات هەر هەڵەیەکی بەرامبەر هەڵخلیسکان و تەنگ پێهەڵچنینی زیاتر بە دوای خۆیدا دەهێنیٚ و تا گەیشتووەتە ئاستی گەلاڵە بوونی ڕێکخراوێکی نویٚ بە ناوی ئالاّی شۆڕش[1].

**تەوەری دووەم: جیابوونەوە و دامەزراندنی ئالاّی شۆڕش**

پاش کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە، گۆرانکاری لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی ئەو ڕێکخراوە بە پێی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا، دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە بە شێوەیەك کەوتەوە کە رەوتی ئۆپۆزسیۆنی ناو کۆمەڵە لە زۆربەی بەرپرسیاریەتییەکان بێبەش بکرێن، یاخود باشتر بڵێین زۆربەی کادرەکانی نزیك لەم رەوتە لە بەرپرسیاریەتی دامالێنران، سەرەڕای ئەمانەش ئەو کادرانەی کە لەسەر بلاّوکراوەی هەڵوێست تۆمەتبار کرابوون پاش کۆنفرانس لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا دەستی پێکردۆتەوە، باس لەوە دەکرێت شێوەیەك لە شێوەکان سوکایەتیان پێکراوە، واتە بە گشتی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی رەوتەکەی باڵی مەلا بەختیار باش نەگوزەراوە.[2] بۆ ئەو مەبەستە چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی کە بەرۆکی ڕەوتەکەی گرتوون، مەلابەختیار پێشنیازی بەستنی کۆبوونەوەیەك دەکات تاکو پلانێك بۆ کارکردن و نەخشەیەك بۆ دەرچوون لەو قەیرانە دابڕێژن، بۆ ئەم مەبەستە لە سورداش لە بارەگای شێخ عەلی کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، شێخ عەلی ، م.موحسین، م.پشکۆ نەجمەدین و ملازم عومەر دەبەستریٚ، لەو کۆبوونەوەیە پاش شەن و کەوکردنی ڕووداوەکان، دوو تێڕوانینی جیاواز دێتە گۆڕیٚ، هەر یەك لە م.موحسین و ئازاد هەورامی جەختیان لەسەر کارکردن لە چوارچێوەی یەکێتی کردۆتەوە بە شێوەی دیالۆگ چارەسەری کێشەو قەیرانەکان بکرێت و بارودۆخەکان هێمن بکرێتەوە، بەلاّم رای زۆرینە کە مەلا بەختیار و شێخ عەلی و پشکۆ نەجمەدین بوو، کێشەکە لەوە ئالۆزتر دەبینن، کە بەو شێوەیە کێشەکان یەکلایی بکرێتەوە، چونکە سەرکردایەتی کۆمەڵە و نەوشیروان مستەفا دەستیان بە پاکسازیی لە ریزی کۆمەڵە کردووە، بۆیە دەبێت بیر لە ڕێگا چارەی تر بکرێتەوە[3].

بۆیە بۆچوونەکان یەك ناگرێتەوە و هەریەك لە ئازاد هەورامی و ملازم عمر کۆبوونەوەکە جێدەهێڵن، ئەوانەی دەمێننەوە درێژە بە کۆبوونەوەکان دەدەن و، ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی، بەرنامەی پەسەند کراوی کۆنفرانس، خەسڵەت و سیماکانی ڕێکخراوێکی مارکسیست لینینی تێدا نەماوە، بێئاکامی دان و ستاندن بێهودەیی شەڕی ناوەخۆ دەبێت لە دیدێکی دیکەوە بخوێنرێتەوە، زیندووکردنەوەی ئوسوولْ و خەسڵەتە بنەڕەتی و رەسەنەکانی کۆمەڵە، بەو شێوەیە ئەو چوار کادرە بە رەخنەگرتن لەو سیاسەتانەی بۆ راستکردنەوەی ئەم بابەتانەی پێشوو، بەرنامە ڕێژی بۆ ئایندەی خۆیان ئامادە دەکەن و بڕیاری خۆیان دا، لەو بارەیەوە پشکۆ نەجمەدین لە "ئەزموون و یاد"دا دەڵێت: (( ئێمە ئەم چوار کادرەی کۆمەڵە، (کە مەبەستی مەلا بەختیار و شێخ عەلی و م.موحسین و پشکۆ نەجمەدین) لە سورداش لە ژوورێکی بارەگای شێخ عەلیدا، دەستمان لە نێو دەستی یەکدی نا و پەیمانمان بۆ جێبەجێکردنی ترسناکترین و پڕ مەسئولیترین

---

[1] موحسین عەلی ئەکبەر: س . پ ، ل ١٠٣–١٠٤.

[2] ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر:ڕەوتی چەپ، ل١٥٣–١٥٤.

[3] پشکۆ نەجمەدین : ئەزمون و یاد ، ل ٢١١–٢١٢.

بڕیاردا. ئێمە ئەم چوار کەسە، هەنگاو بۆ دەسپێکی پرۆسەیەك هاویشت کە پاشتر کارەساتێکی گەورەی بۆ خۆمان و بۆ خەڵکی دیکەش لێکەوتەوە، ئەم کۆبوونەوەیە و ئەم هەنگاوە پاشتر بۆ هەوارێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بردین کە بە تۆبزی ناوی "ئاڵای شۆڕش" ی لێنرا[١].

هەڵبەتە لەو کۆبوونەوەیەی سورداش بۆ پەرەگرتنی ڕەوتەکەیان چەند بڕیارێك دەدەن دیارترینیشیان، ئەو کادرانەی لێپرسراویان وەرگرتووە، لە کارەکانی خۆیان بەردەوام بن، دیارە مەلا بەختیار هیچ ئەرکێك وەرناگرێت و بارەگای خۆی لە سورداشەوە بۆ زرگوێز دەگوازێتەوە، هەوڵیدا سەرجەم کادرانی کۆمەڵە لە دەڤەرە جیاوازەکان بەسەربکاتەوە، ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنی ناوشار، لە هەولێر حاجی مەمۆ(کاکە باس)، لە سلێمانیش مەلا بەختیار بە پلەی یەکەم و پاشان شێخ عەلی و ئینجا پشکۆ نەجمەدین کاروبارەکان هەڵسوڕێنن، مەلا بەختیار پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ئەوروپا بکات بە تایبەت سالار عەزیز و م.جەعفەر، بڕیاری دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی نهێنی دەدەن بەناوی (نما نامەی تیۆری) بۆ دانان و بەرنامەی تیۆری و ژیاندنەوەی پرەنسیپە فیکریەکانی مارکسیزم[٢].

خاڵێك لێرەدا پێچەوانەی عورفی ڕێکخراوەیی بە دەردەکەوێت، ئەم ڕێکخستنە بە شێوەی گروپی نهێنی لە چوارچێوەی کۆمەڵە درێژە بە کاری ڕێکخراوەییان دەدەن، ئەمە دەبێتە پاساوێکی بەهێز کە وەکو شەرعیەتێك لایەنی دەسەڵات و گروپی نەوشیروان مستەفا بۆ لێدانی ئەو گروپە بەکاری بهێنن. لەو بارەیەوە حاجی مەمۆ وەکو سەرکردایەتی ڕەوتەکە لە هەولێر ئامارژە بۆ ئەوە دەکات ، کە سەرەنجی خۆیان بە نامە ئاراستەی ڕێکخستنەکانی سلێمانی کردووە، تاکو لە دەزگاکانی یەکێتی و کۆمەڵە بکشێنەوە و جاڕی بێلایەنی خۆیان بدەن، لە پێناوی ئەوەی ئازاد بن، تاکو لە ئایندە چ بڕیارێك دەدەن، هەمیش بەو هەڵوێستەیان ئەو پڕوپاگەندانە بڕەوێننەوە کە ڕێکخستنیان لەناو ڕێکخستن دروستکردووە، بەڵام دیارە ئەو بیرو بۆ چوونەیان بەهەند وەرنەگیراوە. [٣] بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە یەکێتی و کۆمەڵەش بە فەرمی بڕیاری بڕیاری دەرکردنی ئەو کادرانە نادەن، هەرچەندە بە تەواویی هەست بە جموجۆڵی ڕێکخراوەییان دەکەن، لەو بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە بیرەوەریەکانی ئامارژە بەوە دەکات ئەو گروپە نە خۆیان وازیان لە پلەوپایەکانی ناو کۆمەڵە و یەکێتی هێناوە، نە کۆمەڵە و یەکێتیش لە ریزەکانی خۆی دەری کردوون، ناوبراو ئەو گروپە تۆمەتبار دەکات بەوەی نهێنیەکانی یەکێتیان ئاشکرا کردووە، باس لەوە دەکات ئەمانە بە شێوەی موئامەرە کاریان کردووە، بەشێوەیەك بە ئاشکرا جۆرێك هەڵسوکەوتیان کردووە، و لە پەناوە بە شێوەیەکی تر[٤].هاوکات چەند نامەیەکی سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕش بەناوی ئەڵقەی ناوەندی نوسەران بۆ ڕێکخستنە نهێنییەکانیان کە تێیدا هەوڵدراوە بۆ ڕاکێشانی فەرماندە و کەسایەتییە سیاسییەکان پشتڕاستی بۆچوونی سەرەوە دەکاتەوە کە هەوڵیانداوە بۆ دروستکردنی ڕێکخستن و هێزی چەکدار لە ناو هێزی پێشمەرگەی یەکێتیدا [٥].

---

[١] پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد، ل ٢١١-٢١٢.

[٢] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).

[٣] حاجی مەمۆ: لەهەواری یادەوەرییەکانمدا (بیرەوەری)، زنجیرەی یەکەم ، کوردستان، ٢٠١٣، ل ٣٧٩.

[٤] نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل٩٨.

[٥] بڕوانە هەردوو نامەی سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕش بۆ لقەکانیان لە هەولێر. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧).

بەم شێوەیە کارکردنی ئەم ڕەوتە بە شێوەیەکی نهێنی پەرە بە ریزی ڕێکخستن و ڕەوتەکەیان دەدەن، تاکو ناوەڕاستی هاوینی ١٩٨٥ کۆبوونەوەیەکی فراوان و نهێنی لە گوندی "سێوسێنان" لە قەرەداغ، بۆ بەشێك لە کادرە سەرەکیەکانی ڕەوتەکەیان ئەنجام دەدەن، ئەمە بە یەکەم کۆبوونەوە دادەنرێت بۆ خۆ سازدان و شکڵپێگرتنی ڕەوتێکی سیاسی – فیکری دادەنرێت لە نێو کۆمەڵە. ئەم کۆبوونەوەیە لە ماڵی عیماد ئەحمەد ئەنجام دەدرێت، دیارترین بەشداربووانی هەریەك لە مەلابەختیار، عیماد ئەحمەد، پشکۆ نەجمەدین و چەند کادرێکی تر، گرنگترین خاڵی وەچەرخان و گرنگی ئەو کۆبوونەوەیە، کە ڕەوتەکە لە رووی بەڕێوەبردنەوە دەباتە ئاستێکی ڕێکخراوەیی تر، دانانی کۆمیتەیەك دەبێت، وەکو ئەڵقەی ناوەندی بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری ڕەوتەکە و وەکو دەستەیەکیش بۆ نووسین و چاپ و بڵاو کردنەوەی گۆڤارێکی تیۆریی تایبەت بە بابەتە فیکری و سیاسییەکان، ئەندامانی ئم ئەڵقە ناوەندیە پێکهاتبوون لە هەریەك لە "مەلا بەختیار، م.موحسین، شێخ عەلی، پشکۆ نەجمەدین، حاجی مەمۆ "[1] لەم کۆبوونەوەیەدا بەرنامەی کاری ڕەوتەکەیان لە دوو توێی نامیلکەیەکدا بە ناوی (پوختەی پرۆژەکانی یەکەمین کۆبوونەوەی خۆئامادە کردن لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٥ دا بڵاو دەکەنەوە [2].

بە تێپەڕبوونی کات جگە لەوەی ئەم گروپانە لەناو کۆمەڵەدا درێژەیان بەکاری خۆیان دا، لە هەمانکاتدا دەستبەرداری ڕەوتی بیر و بۆچوونەکانی خۆیان نابن، جگە لەوانەش چەند هەوڵێك بۆ لەیەك گەیشتن لەنێوانیاندا هەبووە، تاکو ڕووداوەکان بە ئاراستەی کەرتبوون لە نێو ریزی کۆمەڵە سەرنەکێشێ، سەرئەنجامی ئەو هەوڵانەش مەلا بەختیار ڕازی دەبێت بەوەی سەردانی سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵە و بەتایبەتیش مام جەلال و سەرانی کۆمەڵە بکات. [3] ئەم دیدارە لە ڕۆژانی ١٢-١٣ی تشرینی یەکەمی١٩٨٥دا لە یاخسەمەر ئەنجام دەدرێت، لەو دانیشتنە "مەلا بەختیار، شێخ عەلی " لەگەڵ هەریەك لە مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، ئازاد هەورامی، دلێری سەید مەجید ئەنجام دەدرێت ، پوختەی ئەو کۆبوونەوەیە وەك شێخ عەلی لە یاداشتەکانی باسی کردووە ئەوەیە بە راشکاوی مەلا بەختیار و شێخ عەلی ئەوەیان ڕاگەیاندووە، کە بەم سەرکردایەتیە رازی نین و ناشیانەوێت جیا ببنەوە، بەڵکو دەیانەوێت وەکو باڵی چوارەم لەناو یەکێتی بمێننەوە، مۆڵەتی مانگێك وەردەگرن تاکو لەگەڵ ڕەوتەکەیان کۆبوونەوەیەك بکەن و بەرنامەیەکی هاوبەش پێشکەش بکەن، تاکو بە گفتوگۆ لەسەری ڕێکبکەون [4] . بەڵام ئەوەی نیشانەی پرسیاری لەسەر گفتوگۆکان دروستکرد، بڵاوکراوەیەك بوو بە ناوی " لم یعد الصمت ممکنا " ئەم بڵاو کراوەیە بەلای سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵە زەنگی جیابوونەوەی ئالای شۆڕش بووە[5].

بەڵام مەلا بەختیار و ئەڵقەی ناوەندی گەشبینانە لەم دانیشتن و ڕێککەوتنە دەڕوانن، لە نامەکانی بۆ دۆست و لایەنگرانیان بە ناوی ئەڵقەی ناوەندی ناردوویانە ئەو گەشبینیانە بەدەر دەکەوێت، بەڵام ڕێکخستنەکانی شار بە گومانەوە لەو بەڵێنەی سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵە دەڕوانن و مەلا بەختیار

---

[1] پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد ، ل ٢٣٠.

[2] ئالای شۆڕش : پوختەی بریار و پروژەکانی یەکەمین خو ئامادەکردن ، ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٥، چاپخانەی شەهید فاتیح، ب. ش ، ب.س.

[3] پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد ، ل ٢٢٦-٢٣٦.

[4] شێخ عەلی: س . پ ، ل٢٨.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆی شێخ نوری ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/٩.

ئاگادار دەکەنەوە کە متمانە بەو بەڵێنانە نەکات. [1]خاڵێ جێگای سەرەنج متمانەی لە رادەبەدەری مەلا بەختیارە بەو بەڵێنانە، جگە لەوانە هەندێك لە سەرچاوەکان هۆکاری ئەو متمانەیەی مەلا بەختیار بۆ ئەوە دەگێڕنەوە هەرگیز لەبەر خۆشویستنی بۆ یەکێتی نەیویستووە لە یەکێتی جیا بێتەوە، پێشبینی نەکردووە هاوڕێکانی تەمەنی شۆڕش و کوردایەتی بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، چونکە مەلا بەختیار دەیتوانی جێگایەکی شیاوتر هەڵبژێرێت لە ناوچەی قەرەداغ، هەواڵیشیان بۆ ناردووە، بەرەو ناوچە سنووریەکان بچێت[2].

مەلا بەختیار بۆ خۆیشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەیتوانی ناوچەیەکی دوورە دەست هەڵبژێرێت کە دەرفەتی دەربازبوونی زیاتر هەبێت ، بەڵام ئەوەی نەکردووە[3]. گێرانی تەتەرێکی ئالاَی شۆڕش بە ناوی (سۆران) کە کاری نامەبەری لە نێوان "مەلا بەختیار و سالار عەزیز " ئەنجام داوە لەو ڕێگەوە کاسێتێك و هەندێك بەڵگەی دەست سەرکردایەتی یەکێتی کەوت، لەوەوە دەنگۆی "ئالاَی شۆڕش" لە قسەی رووت و پڕوپاگەندە دەردەچێت و شتەکان ئاشکرا دەبێت، دیارە ئەمە بەڵگەیەکی بەهێز دەبێت بۆ لێدان و گرتنی ئەو رەوتە[4]. هاوکات ئەو بلاَوکراوە و نوسینانە یەکێتی تووشی مەترسی کەرتبوون کردووە، بەتایبەت پاش ئەوەی سالار عەزیزو مامۆستا جەعفەر لە سنوور نزیك دەبنەوە، ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە دەربڕینی ناڕەزایی ئەو رەوتە هاوکاتە لەگەڵ شەپۆلێکی بزووتنەوەی چەپ لە شارەکانی کوردستاندا کە جموجۆڵێکی فیکری و سیاسی لە نێو هێزی پێشمەرگە و ناوچە رزگار کراوەکان دروست کردبوو، ئەم دۆخە بە یەکانگیربوونی لەگەڵ قەیرانەکانی خودی یەکێتیدا، کێشەکانی بۆ یەکێتی قوڵتر کردۆتەوە، بۆیە ناوەندی کۆمەڵە بڕیار دەدات زنجیرە نوسینێك لەمەڕ دەرخستنی ماهیەت و ئامانجەکانی بزووتنەوەی چەپ یاخود "بانچەپ" لە گۆڤاری کۆمەڵە بلاَو بکاتەوە[5].

مەلا بەختیار لە بلاَوکراوەیەکی نهێنی دا دژایەتیکردنی بانچەپ یان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دا بەرپەرچی ئەم وتار و بۆچوونانە دەداتەوە. ئەم نوسینەی مەلا بەختیار هێندەی تر سەرکردایەتی کۆمەڵەی تووشی شلەژان و نیگەرانی کردووە. [6]

سەرئەنجام بە پاساوی ئەوەی ئەم رەوتە کەڵکیان لە ئەندامیەتی خۆیان وەرگرتووە لەناو یەکێتی و کۆمەڵە بەشێوەیەك بە نهێنی لە ناو یەکێتی حزبێکیان دامەزراندووە، لە هەمانکاتدا هەیکەلی ڕێکخراوەییان بۆ دامەزراندووە، وەکو کۆمیتەی سەرکردایەتی و لق و شانە و ئەندام لە هەمانکاتدا خاوەنی بەرنامەی تایبەتی خۆیەتی، و بلاَو کراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەمانەش هەموو بە مەبەستی ئەوەی یەکێتی لە ناوەوە کلۆر بکەن و بیڕوخێنن، بۆ ڕێگە گرتن لەو مەترسیانە مەکتەبی سیاسی لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری

---

[1] محمد مێرگەسۆری: س . پ ، ل٢٠١-٢٠٢.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا جەعفەر: سلێمانی، ٢٠١٥ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ حەیدەری : هەولێر ٢٠١٥/٢/٣.

[3] مەلا بەختیار لە کتێبی ژیان و نهێنیەکانی نەوشیروان مستەفا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٤٦-٢٤٧.

[4] ڕێبار: قەندیلبەغدای هەژاند ، ب٢، ل ١٤٥" شێخ عەلی: کەشکۆڵ، ل٢٧٩.

[5] بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ: ئەو وتارانە بڕوانە گۆڤاری خولی چوارەمی کۆمەڵە گرنگترین ووتارەکان لەو بارەیەوە: رەوا: "ڕێکخستنیان — چەپ دەرهاویشتەی چ دۆخێکە ؟ ل ٤١-٥٢ ؛ شوان: چەپەکان چین و چی دەڵێن ؟، ل ٤-٢٠ ؛ ئازاد:"چەپ و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد " ل٢١-٢٦ ؛ رەنج "هێرشی چەپ بۆ سەر شۆڕش لە بەرژەوەندی کێدایە ؟ ل ٢٧-٣٢.

[6] پشکۆ: ئەزموون و یاد ، ل ٢٣٤.

گرتنی سەرکردایەتیەکەی دا، جێبەجێکردنی ئەرکەکە بە سەرپەرشتی شەوکەتی حاجی مشیر و هەریەك لە ڕۆستەم، وەهاب، حامیدی حاجی غالی وشێخ جەعفەر دەسپێرن، لە شەوی ½ ی ١١/ ١٩٨٥ هەریەك لە مەلا بەختیارو شێخ عەلی و پشکۆ نەجمەدین دەست بەسەر دەکرێن. بەم شێوەیە یەکێتی سنووری بۆ دەنگە ناڕازیەکانی ناو کۆمەڵە دانا، لێرەوە چالاکیەکانیان لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی کەوتە چوارچێوەیەکی نهێنی لەناوخۆ، و ڕێکخستنەکانیان درێژەیان بە کار و چالاکیەکانیان دا. [١]

بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی هەریەك لە مەلا بەختیار و شێخ عەلی و پشکۆ نەجمەدین، کۆمەڵە بڕیاری بەستنی پلینیۆم دەدات، ئەوەی جێگای سەرەنجە سەرجەم ئەندامانی پلینیۆم جگە لە (عەبدوڵا تۆفیق) داوای لەسێدارەدانی مەلا بەختیار دەکەن، ڕێباز لە کتێبی "قەندیل بەغدای هەژاند" سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لەوەی ئەوان وەکو پێشمەرگە داوای ئازادییان کردووە، داوای مافی داگیرکراویان لە ڕژێم کردووە، لە هەمان کاتدا ڕژێمیان بە بکوژ داناوە، کەچی هەقی ئەوەیان نەداوە هاوخەباتەکانیان بیروڕای ئازادیان هەبێت، دیارە ناوبراو خۆی بەناحەق دەزانێت لەو بڕیارە[٢]. بەو شێوەیە پاش گیران و بڕیاری پلینیۆم و بڕیارەکان لە سێدارەوە دەگۆڕدرێت بۆ بەند کردن، لەژێر فشار و لێکۆڵینەوەی توند، بە نوسین پاشگەز بوونەوەی خۆیان ڕابگەیەنن و دان بەوە دابنێن.کە هەڵەیان بەرامبەر بە کۆمەڵە ئەنجام داوە . لە بەرامبەردا بڕیاری ئازاد کردنیان بدرێت، بەو مەرجەی لە کوردستان نەمێنن و کاری سیاسی ئەنجام نەدەن، بەڵام ئەم بەڵێنەیان جێبەجێناکرێت لەلایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەوە.بەو شێوەیە سەرکردە سەرەکیەکانیان بە دەستبەسەری لای یەکێتی و کۆمەڵە دەمێننەوە، تاکو لە قۆناغی جیاجیا و لە کاتی جیاواز ئازاد دەکرێن، و ڕێکخراوێك بە ناوی ئاڵای شۆڕش لە یەکێتی جیا دەبێتەوە و لە ناوچەی زێوەی کوردستانی ئێران دەگیرسێنەوە، هەرچی دەربارەی ناوی ئاڵای شۆڕشە، پشکۆ نەجمەدین دەڵێت: (( ئەو ناوەمان بەسەردا سەپا لە پاش گیرانمان چونکە ڕێککەوتبوین ئەوە ناوی گۆڤارەکەمان بێت، لە بنەڕەتا ئەو ناوە ناوی ئەو گۆڤارە بوو، کە کاك ئارام لە ١٩٧٧ لە شاخ دەریکردبوو، بەڵام نامەیەکی نەوشیروان مستەفا کە لە ١٩٨٥/٤/٩ ، بۆ شێخ عەلی ناردووە، ناوی ئاڵای شۆڕشی (ئاش) بۆ ئەم ڕەوتە بەکار هێناوە)) [٣]. ئەو ڕووداوانە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئاڵای شۆڕش بە شێوەیەکی ناسروشتی لە دایك بووبێت، حاجی مەمۆ ئەوە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی گوزەریان کردووە، ئەوە بووە بە هۆکاری ئەوەی جاڕدانی ئاڵای شۆڕش زۆر بە نا ئاسایی و ناسروشتی ڕابگەیەنرێت[٤].

هەرچەندە پشکۆ نەجمەدین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە ناچاری کراون بە ڕێکخراو و، ناچاری جیابوونەوە کراون لە کۆمەڵە، و باس لەوە دەکات ئامانجی ئەوان ویستویانە پێداگری لەسەر زیندووکردنەوەی ڕێبازە چینایەتی و شۆڕشگێڕیەکان بکەنەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان ئەو ڕێبازانە بەرە بەرە لەناو کۆمەڵە لە ناو دەچوون[٥]. بەڵام پێدەچێت کە کار بۆ جیاکردنەوە کرابێت بە نموونە سالار عەزیز و

---

[١] نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل٩٩ ؛ برایم جەلال، چەپکێك، ٤٤٩.

[٢] ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، ب٢، ١٤٨.

[٣]پشکۆ نەجمەدین: نیگایەك، ل ٢٩ ؛بۆ دەقی نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٨) .

[٤] حاجی مەمۆ: س . پ ، ل ٣٧٥-٣٧٦.

[٥] پشکۆ نەجمەدین: نیگایەك، ل ٢٨-٢٩.

مامۆستا جەعفەر پەیوەندی لەگەڵ پارتی دروست دەکەن و بەڵێنی هاوکاری وەردەگرن، و نامەشیان بۆ زۆر لایەن نوسیووە بە شێوەی سەربەخۆ، بلاوکراوەی (لم یعد صمت ممکنا) خۆی لە خۆیدا جاڕی جیابوونەوەیە. سەرە ڕای ئەوانەش پارتی پشتیوانیان لە جیابوونەوەی مەلا بەختیار کردووە ، چونکە یەك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هاوکاری مادی بە بڕی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دیناری ئەو کاتە و ڕۆنیۆیەك دراوە بە مەلا بەختیار [١] . لە هەمانکاتدا ئەو سەرچاوەیە باس لەوە دەکات پەیامێکی پێ بووە ویستویەتی بیگەیەنێتە مەلا بەختیار، بەڵام پێش گەیشتنی پەیامەکە مەلا بەختیار دەست بەسەر دەکرێت، شێخ عەلی باس لەوە دەکات کە نامەیەکی مەلا بەختیاری بۆ هاتووە و لەو نامەیە ئەوەی بۆ نوسیوە: (( بۆ کاتی تەقینەوە و ئیعلانکردنی خۆمان (ئالای شۆڕش) شتی زۆری پەیدا کردووە))[٢].

پێدەچێت ئەم پەیوەندییەی لەگەڵ پارتی لەلایەن هەریەك لە سالارعەزیز و مامۆستا جەعفەر دروستکرابێت، چونکە باس لەوە دەکرێت کە لەژێر گوشاری ئەم دوو کەسایەتیە مەلا بەختیار نامەیەکی بۆ پارتی ناردبێت، بەڵام مەلا بەختیار ڕەتی دەکاتەوە کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی لەگەڵ پارتیدا گرێدابێت[٣] . جگە لەوەش سالار عەزیز باس لەوە دەکات کە مەلا بەختیار کێشەی لەگەڵ جیابوونەوە لە یەکێتی نەبووە، بەڵکو تەنها کاتی جیابوونەوەکەی بە گونجاو نەزانیوە. [٤]

شێخ عەلی لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی باس لەوە دەکات هاوڕێکانی نزیك لەوان پەیوەندییان لەگەڵ (پ.د.ك) و بەرەی جودو تا ڕادەیەکیش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی عەرەب لەوانە لیبیا دروست کردووە. [٥] دیارە یەکێتی ئاگاداری ئەم کەین و بەینە بووە، نەوشیروان مستەفا ئەم گروپەی دەرەوە بەوە تۆمەتبار دەکات کە هەوڵی شێواندنی ناوبانگی سیاسی یەکێتی و سەرکردەکانیان داوە، بەوەی هەر زانیاریەکیان لەسەر یەکێتی هەبووە، داویانە بە حکومەتەکانی ئێران و سوریا و لیبیا و فەلەستینیەکان، جگە لەوانەش هەوڵیان داوە تەگەرە بخەنە بەردەم ئاشتبوونەوەی یەکێتی و بەرەی جود، گوایە هەوڵیان داوە لایەنەکانی بەرەی جود ڕازی بکەن، یەکێتی لەو ماوانەدا هەڵدەوەشێ ناچار دەبێت بچێتەوە بۆ باوەشی بەعس. [٦] سەرەڕای ئەم پەیوەندییەی لەگەڵ پارتی کۆمەڵێك فاکتەری تری دەرەکی باس دەکرێت کە کاریگەری لەسەر جیابوونەوە هەبووە، لەوانە بە نهێنی پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق، دروستکراوە، هەرچەندە (ح.ش.ع) لەو کاتەدا خۆیان کێشەیان هەبووە، بەڵام ئەو باڵەی کە بەهادین نوری سەرکردایەتی دەکرد هانی گروپی ناڕەزاییەکەیان داوە کە ناکۆکیەکانیان زووتر لەگەڵ یەکێتی بتەقێتەوە.[٧]

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەو ناوەی خۆی بە نوێنەری ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ زانیووە لە ناوچەکە، کاریان بۆ هەستانەوەی بزووتنەوەی چەپ کردووە لە باشووری

---

[١] لەتیفی حاجی فەرەج: لە کتێبی ژیان و نهێنیەکانی نەوشیروان مستەفا، س . پ، ل ٤٤٦.

[٢] شێخ عەلی: س . پ ، ل ٢٧٨–٢٧٩.

[٣] چاوپێکەوتنی رێبوار ئەورەحمان لەگەڵ مەلا بەختیار لە کەناڵی nrt ، ئابی ٢٠١٢، miGStkxwFM٦https://www.youtube.com/watch?v=

[٤] وەرگیراوە لە (ئەحمەد حەمەد ئەمین هۆمەر: ڕەوتی چەپ، ل ١٥٧).

[٥] شێخ عەلی : س . پ ، ل ٢٩٦ .

[٦] نەوشیروان مستەفا ئەمین : خولانەوە، ل ٩٨ .

[٧] شێخ عەلی : س . پ ، ل ٢٩٦ .

کوردستان، توانیویانە لەو ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر ڕەوتی چەپ دابنێن، ئەم گروپەش خۆیان بە ئاڵا هەڵگری گەشەپێدان و خەسڵەت و پرەنسیپە مارکسیەکانی نێو کۆمەڵە زانیوەو، بەشێکی ناکۆکیەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵە لەسەر ئەو بابەتە بووە، هەربۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی پەیوەندی لە نێوان هەردوو لا دروست بووە، پەیوەندی لە نێوان مەلا بەختیار، وەك سەرکردەی ڕەوتەکە و عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی دروست بووە، لەو چاوپێکەوتنەدا موهتەدی ئامادەی هاریکاریکردنی بە شێوەیەکی نهێنی دەربڕیووە، لە سەرەتادا لە بواری دابینکردنی چاپەمەنی بووە، سەرەنج و تێبینی خۆیان داوە بەو ڕەوتە. [1]

پەیوەندی پارتی و شیوعی و کۆمەڵەی شۆڕشگێری نکۆڵی ناکرێت، چونکە ئەم پەیوەندییانە درێژ دەبێتەوە بۆ دوای جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش بەو بەڵگەیەی پارتی جگە لە هاوکاری لۆجیستی ئاڵای شۆڕش، کاتژمێرێکیشی لە ڕادیۆکەی خۆی بە ئاڵای شۆڕش دابوو، حزبی شیوعیش لەگەڵ ئەوەی هاوکاری ئاڵای شۆڕشیان کردووە، دەستیان لە کاروباری ئاڵای شۆڕش  وەرداوە، گیروگرفتی فیکری و سیاسیشیان بۆ دروستکردن، هەرچی دەربارەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێرانە، کاروباری کادر و خێزانەکانیان لە لایەن ئاڵای شۆڕشەوە جێبەجێ کراوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەربارەی پەیوەندی ئاڵای شۆڕش بە ڕژێمی عێراقەوە، سەرچاوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم ڕەوتە پەیوەندییان بە ڕژێمەوە هەبووە، بەڵگە بۆ زانیارییەکان بەوە دێنێتەوە، کاتێك مەلا بەختیار لە دەست بەسەری یەکێتی هەوڵی دەربازبوونی خۆی دەدات گوایە لە نزیك سلێمانی دەست بەسەر دەکرێت. [2]

بەڵام هیچ یەکێك لە سەرچاوەکانی تر ئەم رایە پشت ڕاست ناکاتەوە کە مەلا بەختیار پەیوەندی لەگەڵ رژێم هەبووبێت. وێڕای ئەمانەش فەرەیدون عەبدولقادر ئەم دەنگۆیانە بە تۆمەت و هەڵبەستراو دادەنێت و پێیوایە ئەو دەنگۆیانە هەمووی هەڵبەستراو بووە، چونکە ویستویانە سەرانی ئەو ڕەوتە لە سێدارە بدەن بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە لائیحەی تۆمەتەکان بەهێز بوونایە. [3] بەڵام ئەوەی هەیە دەربارەی رژێم، پێدەچێت رژێم لە ڕێگای تۆڕە سیخوریەکانیەوە ئاگاداری ئەم ناکۆکیانە بووبێت، لەسەر ئەو بنەمایە وای بۆ دەچوو، لەکاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە یەکێتی و ئاڵای شۆڕشدا ئەگەر بارودۆخی کۆمەڵە و یەکێتی بەو دۆخە بڕوات لە ئەنجامدا کەرتبوون لە ریزەکانیاندا ڕوودەدات، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی مەلا بەختیار لە دوای کۆنفرانس هیچ بەرپرسیاریەتیەکی لەناو یەکێتی وەرنەگرتبوو، لەهەمان کاتدا چەندین بەیان و بڵاو کراوەی نهێنی بە ناوی ئاڵای شۆڕش بڵاوکرابووەوە ئەمانە دەرخەری دەنگی جیاواز بوون لە ناو ریزەکانی یەکێتی و کۆمەڵە، رژێم پێی وابوو هەندێك لە ڕەگەزە چالاکەکانی کۆمەڵە لەگەڵ مەلا بەختیار دەبێت و بەو هۆیەوە یەکێتی و کۆمەڵە تووشی دووبەرەکی و پارچەپارچەبوون و گێژاوی بیرو را دەبێت[4].

---

[1] پشکۆ نەجمەدین : ئەزموون و یاد ، ل ٢٣٨ .

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ: برایم جەلال، سلێمانی ٢٠١٥/٦/١٦.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فەرەیدون عبدالقادر : ٢٠١٥/٢/١٨

[4] ڕێباز : قەندیل بەغدای هەژاند، ب٢، ل ١٠٧.

**دوای دەســگیرکردنی هــەر ســێ ســەرکردەی ڕێکخراوەکــە ، ئــاڵای شــۆڕش بــەیانێکی تونــد دژی ســەرکردایەتی یــەکێتی بڵاوکــردەوە [١]،پشـکۆ نەجمـەدین لـە شـاری سەردەشـت هەڵـدێت و دەتوانێـت مـافی پەنابەری لە ئێران بە دەست بهێنێ، پاش ئەوە شێخ عەلی ئازاد دەکرێت و مەلا بەختیاریش لە هاوینی ١٩٨٩ ئازاد دەکرێت[٢]. پاش بڕیاری پلینۆم دەستبەسەر کردنی سێ سەرکردەی ڕەوتەکە، ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش بارەگـای سـەرەکی لـە ئۆردوگـای زێـوە دادەمـەزرێنێ و هـەروەها ڕێکخسـتنی لـەناو شـارەکان و ئـەورووپاش دەبێت[٣]. دوابەدوای ئـەم بڵاوکراوەیـەی ئـاڵای شـۆڕش یـەکێتی وەڵامـی تونـدی دانـەوە، جـەلال تاڵـەبانی لـە نامەیەکیدا بۆ محەمەدی حاجی مەحموود زۆر بەتوندی هێرش دەکانە سەر ئاڵای شۆڕش و هـەموو هـەوڵێکی تێدا خستە گەڕ کە(حسك) هەموو یارمەتییەك لە ئاڵای شۆڕش بڕێت [٤].**

**جیابوونەوەی ئـاڵای شـۆڕش جیابوونەوەیـەکی ئاسـایی نـەبوو، بـە زینـدانیکردنی سـەرکردەکانی، ئـاڵای شـۆڕش وەك پڕۆژەیـەکی ناتـەواو مایـەوە، لـەپاش گیرانـی سـەرکردەکانی بـەردەوامی بـەو پـڕۆژە ناتـەواوەی ڕابردوو درا، لایەنگرانی ئەو ڕەوتە هیچ ئیزافەیەکیان بۆ ئەو پـڕۆژە ناتـەواوە نـەکردووە، بەگشـتی نـەتوانراوە کۆنفرانسێك ببەسترێت و هەموو لایەك تێیدا بەشدار بێت، تاکو بیر لە دامەزراندنی ئـەو حزبە بکەنـەوە، ئەمـە وای کردووە لایەنگرانی ئەو حزبە هەر بە پچڕپچڕی بمێننەوە[٥] . هەرچی دەربارەی سـەرکردایەتی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە سالار عەزیز و مامۆستاجەعفەرە هەر زوو لە پاش دانیشتنیان لەگەڵ مەلا بەختیار بڕوایان بـەو ڕەوتە نەبووە، و ئەوەیان ڕاگەیاندووە ئامادەی کارکردن نین لەگەڵ ئەو ڕێکخـراوەدا ، چونکە بارودۆخەکـەیان بـە گونجـاو نـەزانیووە، بـەڵام ڕێککـەوتوون کـە نهێنـی بپـارێزن لەبـەر مەعنـەویاتی لایـەنگرانیان. [٦] سـالار عەزیزیش پاش ساڵێك لایەنگرانیان جێدێڵێ و دەگەڕێتـەوە ئـەورووپا، ئەمـەش وا دەکات کادیرانی ناوەنـدی ئـاڵای شـۆڕش کاروبـاری ئـەو ڕێکخـراوە هەڵسـوڕێنن، واتـە بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان سـەرکردایەتی ئـەو ڕێکخراوە بەبێ سەرکردە مایەوە ئەمە ڕێگای خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی کۆمـەڵێك ناکۆکی کەسـی و فیکـری و ئایـدۆلۆژی لـەو ڕێکخـراوە لەگـەڵ بـە میرات مانـەوەی کـۆی ئـەو کێشـانەی پێشـتر لـە نێـوان هـەردوو سـەرکردایەتیدا هـەبوو، دیارترینیـان سـەرکردایەتی نـاوەوە بڕوایـان بـەوە هـەبووە کـە وەکـو باڵێـك لـەناو چوارچێوەی نیمچـە بـەرە کـار بکـەن، بـەڵام سـەرکردایەتی دەرەوە ڕای وابـووە بـەناوی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی**

---

[١] رایة الثورة ( ئاڵای شۆڕش) : جریمة کبیرة اخری لرموز الاتحاد الوطني ، ١٨/ تشرین الثاني ١٩٨٥.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣(ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی عەبابەیلی لە دایك بـووە ، سـاڵی ١٩٧١ لـە کۆلیجی کشتوکاڵ لە زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە ، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی کرد بە ڕیزەکانی (کملك)وە ، ، لە مـاوەی سـاڵی ١٩٨٣ — ١٩٨٤ لێپرسراوێتی ڕێکخستەنەکانی هەڵەبجەو هەورامان و شارەزووری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی پێ سـپێردرا، سـاڵی ١٩٨٥ بەشـداربوو لەدامەزرانـدنی ئاڵای شۆڕش، هەمان ساڵ لەلایەن یەکێتیەوە دەستگیردەکرێت تا ساڵی ١٩٨٨ و دواتر روو دەکاتە ئەوروپا .سـاڵی ١٩٩٢ واز لـەکاری حزبـی دێنێ). شایانی باسە بۆ ئـازادکردنی گیراوانـی سـەرکردایەتی ئـاڵای شـۆڕش ، فشـارێکی زۆری نـاوخۆیی و دەرەکـی خرایـە سـەر یـەکێتی و بەتایبەت سکرتێرەکەی بۆ ئازادکردنیان و تەنانەت حکومەتی ئەڵمانیاش فشار دەخاتە سەر مام جەلال و ڕێگەی سەفەر کردنیان بۆ ئـەڵمانیا پێدەدرێت لەکاتی ئازادکردنیان . بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( ٩)

[٣] ئینسکلۆپیدیای : ی.ن.ك ،ل ٢٨.

[٤] بڕوانی پاشکۆی ژمارە (١٠).

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کاردۆ محمەد: هەولێر، ٢٠١٦/٢/١٨ .

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ م.جەعفەر : سلێمانی ٢٠١٥/٢/١

کوردستان – عێراق خۆیان رابگەیەنن. باس لەوە دەکرێت بەیاننامەشیان بەو ناوەوە بڵاو کردبێتەوە، بەڵام لە ئەنجامی سەردانەکەی مەلا بەختیار توانیویەتی رازیان بکات دەست بەرداری ئەو ناوە ببن بە لەچاو گرتنی نیشاندانی مەترسیەکانی ئەو بابەتە کە لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ[1].

نەگەیشتنی ئەم سەرکردانە بەهۆی گیرانی بەشێکیانەوە وای کرد نەتوانرێت کۆبەندێکی پێکەوە بوون بۆ رێکخراوەکە دارێژن، ئەمەش جیاوازی ناو ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەمە وایکرد نەتوانرێت پەیوەندییە ناوخۆیی و هەرێمییەکان بە باشی ڕێك بخرێت، نەتوانرا ناسنامەی فیکری ڕێکخراوەکە یەکلایی بکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش سەرەکیترین بنەمای ڕێکخراوەیی چینی کرێکاری کە (ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری ) ە نەتوانرا ساخبکرێتەوە، بۆیە دوو هەڵوێست و دوو بۆچوونی جیاواز لەناو ریزەکانیدا هاتە کایەوە، بۆچوونێکیان یەکێتی سۆڤیەتی بە وڵاتێکی سۆسیالیستی و بنکەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری دەزانی، لە بەرامبەر دا بۆچوونەکەی تر سۆڤیەتیان بە بنکەی ڕیڤێنیزمی هاوچەرخ دەزانی[2]. ئەم تێڕوانینە جیاوازانە تەلاری ڕێکخراوەکەی کەرت کرد، بەشێوەیەك باس دەکرێت شوێنی مانەوەی لایەنگرانیان لێك جیا کردەوە، بەرەیەکیان بە ئیمپریالیزم و ئەوی تر بە سۆسیالیستی دەناسرێن، ئەم جیاوازیانە وای کردووە کەسێك ڕۆژانە گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەی داهاتووە، بە جۆرێك دەوترێت کە ئەندامانی ئاڵای شۆڕش توشی سەرلێشێواوی فکری بوون و چەپ و ڕاستیان لێ تێکچووبوو.[3] ئەم راستیانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو کات ئەو ڕێکخراوە لە چ تەنگژەیەکی فیکریدا ژیاوە .

ئەم ناکۆکیانە تەشەنەیان سەند، تا وای لێهات نوسین و پەرچە نوسینیش لە نێوانیاندا هاتە گۆڕێ، دیارترینیان نوسینێك بوو بەناوی "رساله مختصره الی فصیله شیوعیین العراقین " وەڵامی "کام ڕێگا"[4] ی بەدوای خۆیدا هێنا و پاشان لەلایەن لایەنگرانی هەردوو رەوت وەڵام دەدرێنەوە، تا دەگاتە ئاستێك کێرڤی ناکۆکیەکان بەرەو هەڵکشان دەچێت، و لە ئەنجامدا جیاوازی قوڵی فکری بەدوای خۆیدا هێنا، و لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکاندا رەنگی دایەوە[5] .

لە گەرمەی ئەم ناکۆکیانەدا ئاڵای شۆڕش لە هاوینی ١٩٨٧ لە خوا کورك یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەست، پەیڕەو و پڕۆگرامی بۆ ڕێکخراوەکە داڕشت و سەرکردایەتی تازەی هەڵبژارد.[6] بەڵام ئەم کۆنفرانسە نەیتوانی ناکۆکیەکانی تێپەڕێنێ، ریزەکانی ئاڵای شۆڕش لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ دوو باڵ دابەش بوو، باڵی

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حاجی مەمۆ : هەولێر٢٠١٥/١٢/٢٩؛چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ حەیدەری : هەولێر ٢٠١٥/٢/٣ .

[2] بابەکر دڕەیی : کام ڕێگا، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ل ٤٩.

[3] رۆژنامەی (بەدرخان) : مەلا ئاوات لە نێوان کۆمەڵە و ئاڵای شۆڕشدا ، ژمارە ( ١٧٥–١٧٦) ، یەك شەممە ٢٤ ئایاری ٢٠١٥ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا ئاوات : هەولێر ١٨/ ٢/ ٢٠١٦.( ئەبوبەکر عوسمان زەندی ، ساڵی ١٩٥٢ لە دیبەگە لەدایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی لە دیبەگە و دواتر لە دهۆك و هەولێر خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە ، ساڵی ٢٠٠٨ بەکالۆریۆسی زانکۆی کۆیە لەبواری مێژوودا تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٦٧ سەرەتای کاری سیاسی دەستپێدەکات وەك لایەنگری مەکتەبی سیاسی ساَی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵە ، و ساڵی ١٩٨١ دەچێتە شاخ و ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ئاڵای شۆڕشەوەدەکات ، ساڵی ١٩٩٣ دەگەڕێتەوە ناو یەکێتی و چەندین پوستی سیاسی لەناو یەکێتی وەرگرتووە ، ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نشتیمانی کوردستانە.

[4] بابەکر دڕەیی : کام ڕێگا، ل ٤٩–٥٤.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کاردۆ محەمەد : هەلێر/٢٠١٦/٢/١٨

[6] بڕوانی پاشکۆی ژمارە (١١)

یەکەم  بە ڕێبەرایەتی عیماد ئەحمەد کۆنفرانسێك دەبەستن بەڵام بەرەی ئەنتی سۆڤیەت بەشداری لەم کۆنفرانسە ناکەن، سەرئەنجام بە شێوەیەکی فەرمی بە (ئاڵای شۆڕش – کۆنفرانس) دەناسرێن ، ئەم باڵە دیدێکی میانڕەوی بۆ بلۆکی سۆسیالیست هەبوو ، یەکێتی سۆڤیەتی پێشووی بە دەوڵەتێکی سۆسیالیست دادەنا و دژی ناساندنی بوو وەك دەوڵەتێکی لادەر لە سۆسیالیزم یان وەك سۆسیال _ ئیمپریالیست ، کە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ جیابوونەوەی لە ڕێکخراوی دایك، کە بارەگای سەرەکیان لە ناوچەی زێوە بووە و ڕۆژنامەی "ئاڵا" و گۆڤاری "پەیامی کرێکاران" دەوەشاند [1]. باڵی دووەم  بە (پرۆژەی ئاڵای شۆڕش) دەناسران ، کە ئامارژە بوو بۆ پرۆژەی تەواو نەکراوی سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕش کە پێش گرتنیان ئامادەیان کردبوو ، خۆیان بە درێژە پێدەری سەرکردە بەند کراوەکانیان دەزانی [2] ، بە باڵی ئەوان ناسران، بەو شێوەیە بە کردەیی ریزەکانی ئاڵای شۆڕش تووشی کەرتبوون بوون، تاکو ئازادکردن و گەڕانەوەی مەلا بەختیار ئاڵای شۆڕش لەم بارو دۆخە مایەوە، ناوبراو پاش هەوڵێکی لێبڕاوانەی زۆر بۆ یەك پێگرتنەوەی ریزەکانی، بەڵام بە گشتی و لە ئەنجامدا سەرکەوتوو نەبوو لە یەکخستنەوەی ڕەوتەکەی، هەرچەندە بە شەرعی و لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی فراوان بە پێی ڕێژەی دەنگی پێویست توانرا بوو ریزەکانی یەك بخرێتەوە[3].

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا ئاوات : هەولێر ١٨/٢/ ٢٠١٦ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بابەکر دڕەیی: سلێمانی ٢٠١٥/٢/٩.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین ، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/١٣.

[3] گۆڤاری ئاڵای شۆڕش : ژمارە (١) ئایاری ١٩٩٠ دەق لە k٢١ لە ژمارە ١٨– ١٩ ئەیلولی ٢٠١٣ وەرگیراوە ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاردۆ محمەد: هەولێر ٢٠١٦/٢/١٨.

## باسی یەکەم/ ڕیشەی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەریزەکانی (حسك)دا، هۆکار و ئەنجامەکانی.

### تەوەری یەکەم: ڕیشەی ناکۆکیەکانی (حسك)

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان بەوەدا، بزووتنەوە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە نەیتوانی ببێتە خاوەنی سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو، بەو هۆیەوە سەرکەوتوو نەبوو لە داڕشتنی سیاسەتێکی یەکگرتوو بەرامبەر پێشهات و ڕووداوە سیاسی و لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی ئەو کاتی کوردستان، هەر بەو هۆکارەوە نەیانتوانی لە ناو نیمچە بەرەی یەکێتی درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن ، لە نەورۆزی ١٩٧٩ هاتنە دەرەوەی خۆیان ڕاگەیاند و لەگەڵ لیژنەی ئامادەیی یەکیان گرتەوە، بەڵام چونکە ئەو یەکگرتنە بنەمایەکی ستراتیژی نەبوو، نەیانتوانی درێژە بەو یەکگرتنە بدەن و هەر زوو درز کەوتە نێوان ئەو دوو لایەنەوە.

خاڵی ناکۆکی کۆنگرەی یەکەمی(حسك) بریتی بوو لە ئایدۆلۆژیا و ڕێبازی ئەو حزبە، لەگەڵ بابەتی لایەنگیری"جود و جوقد"، بە گشتی ڕاو بۆچوونەکان لە مەڕ هەردوو بابەت بە شێوەیەك بووە نەتوانراوە یەکانگیر بێت، لایەنەکانی ناکۆك نەیانتوانیووە بگەن بە خاڵی هاوبەش، بەو هۆیەوە لەو کۆنگرەیە لایەنەکان بە سەر دوو بەرەی جیاواز دابەش بوون، لایەکیان ڕەسوڵ مامەند سەرپەرشتی دەکرد و بەرەی زۆرینەیان پێکدەهێنا، لایەنگیری بەرەی جود و ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزمی زانستیان پێ پەسەند بوو، لایەنەکەی تر د.مەحموود سەرپەرشتی دەکرد و، لایەنگیری لە بەرەی جوقد، و لەگەڵ پەیڕەو کردنی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزمی زانستی نەبوون[١].

لەو کۆنگرەیە ململانێیەکە زۆر توند بووە گەیشتبووە ئاستێك گروپی ڕەسوڵ مامەند هەڵمەتێکی توندیان دژی لایەنگرانی مەحموود عوسمان ئەنجام داوە تاکو لە کۆنگرە دەنگی پێویست نەهێنن بۆ گەیشتن بە سەرکردایەتی[٢]. سەرەنجام مەحموود عوسمان خۆی بۆ سەرکردایەتی کاندید ناکات، بارەگای خۆی لە هێزەکانی سۆسیالیست جیادەکاتەوە و دەچێتە گوندی شێنێ، باس لەوە دەکرێ مەحموود عوسمان پەیوەندی لەگەڵ (ی.ن.ك) گرتبێت تاکو بە ناوی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیك) بمێنێتەوە؛ لە بەرامبەردا یەکێتی هاوکاریان بکات، بەڵام پاش ماوەیەك دکتۆر مەحمود سەفەری سوریا دەکات و خۆی وەکو لایەنگری سۆسیالیست دەناسێنێت، لایەنگرەکانیشی بەشێکیان دەگەڕێنەوە ڕیزەکانی سۆسیالیست و هەندێکیشیان پەیوەندی بە ریزەکانی یەکێتیەوە دەکەن، لە پاشان ڕەسوڵ مامەند لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بە سکرتێری حزب هەڵدەبژێردرێت[٣].

سەلام عەبدولکەریم لە توێژینەوەکەیدا هۆکاری ئەم هەڵوێستەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی هێزی زۆرینە و کاریگەر لای مامەند بووە، ناوبراویش زیاتر لە پارتی و حشعەوە نزیك بووە، بۆیە حسك دوای کۆنگرە زیاتر مامەڵەی لەگەڵ بەرەی جوددا کرد و بوو بە لایەنێکی بنەڕەتی لەو بەرەیەدا. توێژەر لە درێژەی باسەکەیدا گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە حسك لە کۆنگرەکەیدا نەیتوانیوە دەربارەی شەڕ و ناکۆکی لە گەڵ یەکێتی

---

[١] شاخەوان شۆڕش:س.پ ، ل ١٣٧–١٣٨.

[٢] عادل موراد : کوردستان و ( ی . ن . ك ) نیشتیمانی کوردستان ، ئەڵقەی (١٩) ، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ، ژمارە(٥٢١٩)، (٢٠١٠/٧/٢)، ل ٩ .

[٣] ڕێیاز: قەندیل بەغدای هەژاند، ب٢، ل٤٠ ؛ محەمەدی حاجی مەحموود:ڕۆژمێری‌پێشمەرگەیەك ، ب١، ل ٤٦٨–٤٦٩ ؛ بەهرۆز گەلاڵی: س . پ ، ل٩٥.٩٨.

بەرنامەیەکی سیاسی گونجاو دابنێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی سەردەم و قۆناغی دوای دامەزراندنی هەردوو بەرەی جود و جوقد بە گشتی و ماوەی دوای تەواوبوونی کۆنگرەی یەکەمی حسك بە تایبەتی، بریتی بووە لە قۆناغی توندبوونەوە و قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان یەکێتی لە لایەك ، و لایەنەکانی ناو بەرەی جود لە لایەکی ترەوە. دۆخی سیاسی ئەو قۆناغەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە قۆناغێکی نوێی سەرهەڵدانەوە و دەسپێکردنەوەی شەڕی براکوژی هەنگاوی ناوە، کە هەموو لایەنەکان بە گوێرەی قورسایی و پارسەنگ و قەوارەی سیاسی و چەکداریی خۆیان بەشداریان تێدا کردووە[1].

ئەنجامی ئەم پێکدادانە چەکدارییە زۆرینەی هێزەکانی بەرەی جود ئاودیوی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران کران، لە بەرامبەردا یەکێتی سەرکەوتنی بەرامبەر ئەو هێزانە ڕاگەیاند . شکستی گەورەش لەو شەڕانە بەر هێزەکانی سۆسیالیست کەوت بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لە سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەو کاتی کوردستان، حسك لە سەرجەم هێزەکانی تری ئەو کاتی بەرەی جود، هێزی چەکداری و پێگەی جەماوەری فراوانتری هەبوو[2]، بۆیە هەر زوو ئەو پرسیارە لای بەشێکی زۆری کادرە ناوەنجی و سەربازیەکان دروست بوو، ئەو بارودۆخە بۆ وای لێ هات؟ چۆن وای لێ هات؟ ئەو کادرانە خوازیاری بە دەستخستنی وەڵامی ئەو پرسیارانە ، و دەستنیشانکردنی هۆکاری شکستەکان بوون، و بەشێکی زۆری ئۆباڵی شکستە کەیان دەخستە ئەستۆی سەرکردایەتی، لە ڕاستیدا سەرکردایەتی و بنکردایەتی حسك بە هۆی ئەم شکستە تووشی شڵەژانیکی قوڵ جۆرێك لە پێکداهەڵشاخان هاتن[3].

بەو شێوەیە بارودۆخەکە لە نێوانیاندا سەخت بوو بەوەی کادرە ناوەنجیەکان داوایاندەکرد، سەرکردایەتی بە پەیوەندییەکان و ئەو بەرەیەشدا بچێتەوە کە حزب لەگەڵیدا بەستوویەتی، تاکو بەو هۆیەوە شتێکی باشتر پێشکەش بکەن، سەرکردایەتیش ڕاکێشنەوە ناو خەڵك. بەو شێوەیە حزب کەوتە بەر فشاری دەرەکی لە لایەك بەهۆی شەڕەوە تووشی کێشەی ناوخۆیی هاتبوو، بەو هۆیەوە زەحمەت بوو باری لاری خۆی ڕاست بکاتەوە، لە لایەکەی دسکەوە ئەو فشارە ناوخۆییە بوو، کە لە لایەن کادرە ناوەنجیەکانەوە لە سەری دروست ببوو[4].

سەرکردایەتی (حسك) لە ژێر ئەو فشارانە، و بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی حزبەکەی تێی کەوتبوو، لە ٩ی ئابی ١٩٨٣ لە نزیك گوندی زێوکەی سنووری ئێران _ عێراق کۆبوونەوەیەك دەبەستێت. ئەو کۆبوونەوەیە زۆرتر بۆ بایەخدان بووە بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی حزب ، و دامەزراندنەوەی لقەکان و گونجان لە گەڵ ئەو هەلومەرجە تازەیەی حزب تێیکەوتووە، دیارە لەو کۆبوونەوەیە بە نامە هەندێك کێشە سەرهەڵدەدەن، بە تایبەت دوای ئەوەی عادل موراد و عەدنان موفتی ئامادەی کۆبونەوەکە نابن و هەندێك گلەیی و تێبینی ئاراستەی کۆبوونەوە دەکەن و تیایدا (قادر عەزیز و عەبدولخالق زەنگەنە) بە دەستوەردان لە کاروباری دەرەوە تۆمەتبار دەکەن، لە بەرامبەردا ئەوانیش تێبینی و وەڵامی خۆیان دەبێت، بەڵام ئامادەبووان

---

[1] سەلام عەبدولکەریم: س.پ، ل١١٤.

[2] محەمەدی حاجی مەحموود:ر محمدی حاجی محمود : ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك باسی ڕوداوەکانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان دەکات ١٩٧٦-١٩٩٦،(١٩٨٢-١٩٨٦)، ب٢، ، سلێمانی ،١٩٩٩، ل١٠٩.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵا ، هەولێر ، ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ محەمەد شاکەلی،هەولێر، ٢٠١٥/٢/١.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣.

ئەو کێشانە بەوە دەبینن کە لە ئەنجامی شتی زاتی و نەگونجاندن و هەست نەکردن بە ناسکی بارودۆخەکە سەری هەڵدابێت، لەئەنجامدا و پاش دەرچوونی کۆمەڵێك بڕیار لەو کۆبوونەوانە، بە تایبەت بڕیاری ناردنی قادر عەزیز بۆ بادینان و گێڕانەوەی قادر جەباری وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەو هۆیەوە لەگەڵ پابەندبوونیان بە بڕیارەکانەوە، ناڕەزایی هەردووکیانیشی بە دوای خۆیدا هێنا، دواتر و لە ئەنجامی ئەو ناکوکی و بڕیارانەی ئەو کۆبوونەوەیە کەڵەکەبوونی کێشە دەرەکیەکانەوە، سەرەتایەك بۆ پەیدابوونی دوو ڕای جیاواز لە ناو حزبدا دروست دەبێت، ئەو سەرەتایە لە سەرە خۆ گەشە دەکات و لە کۆبوونەوەکانی هاوینی ١٩٨٥ی شووشان بە زەقی خۆی دەردەخات[١].

## دووەم: هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکیەکان

گرینگترین هۆکاری ناکۆکییەکانی کۆبوونەوەی "شووشان" کە بە هۆیەوە ریزەکانی حسك تووشی کەرتبوون هات، کە پێشینەیان هەبوو لەو خاڵانەی خوارەوە چڕیان دەکەینەوە .

**١- پێکهاتەی حزب :**

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بە بنیاد و پێکهاتەی (بسك) کرد کە لە ئەنجامی بارودۆخێکی نەخوازراو، کۆمەڵێك خەڵکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی جیاوازی لە خۆی کۆکردەوە، ئەم بارودۆخە نەخوازراوە ئەم کەسایەتیانەی پەرتەوازە کردبوو ، حوکمی ئەو بارودۆخە نەیتوانیبوو ئەو کەسایەتیە ئاراستە جیاوازانە لە جێگایەك کۆبکاتەوە ، و پێکەوە ئاراستەی سیاسیی و ئایدۆلۆژیایەکی ڕوون داڕێژن و بیکەنە ناسنامەی بزووتنەوەکەیان، ئەوەشمان ڕوونکردەوە بە ناچاری دوو سەرکردایەتیان بۆ بزووتنەوەکە دروستکرد، کە پەیوەندی پێکەوە کردنیان ئەستەم بوو، بۆیە هەر یەك لەو سەرکردایەتیە بەپێی واقعی حاڵ بڕیاری داوە لە چۆنیەتی داڕشتن و ئاراستەی سیاسی، کە لەوانەیە زۆر جار ئاراستەی سیاسی و بیرکردنەوەی دڵخوازی گشت لایەکیان نەبووبێت، بەو هۆیەوە بژاردەی کەرتبوون لە ریزەکانیاندا هەمیشە ئەگەرێکی کراوە بووە، لە هەر دەرفەتێکی ڕەخساویش لەو کەرتبوونە ڕوویدەدا، بە نموونە باس دەکرێت چوونی بزووتنەوە بۆ ناو یەکێتی بە بڕیارێکی دەستەجەمعی نەبووە، هەر بۆیە بە نەمانی کاراکتەرەکانی لایەنگیری یەکبوونەکە لەپاش کارەساتی هەکاری بەبێ هیچ بەربەستێك نەیارانی ئەم یەکبوونە هاتنە دەرەوەی خۆیان ڕاگەیاند، و وەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکاری ئەوەی هاوبیرانیان تووشی کۆمەڵکوژی هاتوون لەسەر دەستی ئەو لایەنە سیاسیە، دەبن بە هاوپە یمانی ئەو لایەنە سیاسیە ، و سەرەڕای ئەوەش لە گەڵ هاوپەیمان و هاوسەنگەرانی هاوبیرەکانی پێشوویان دەکەونە شەڕیکی ناوخۆی قورس و لەو پێناوەش  باجی گران بە هێزە چەکداری و ڕێکخراوەییەکەیان دەدەن .

پاش هاتنە دەرەوەی بزووتنەوە لە نیمچە بەرەی یەکێتی، لەگەڵ لیژنەی ئامادەیی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانیەکی نوێ دەبەستێ و (حسیك)ی دامەزراند، بەڵام لە بەرئەوەی ئەم یەکگرتنەی بزووتنەوەی سۆسیالیست و لیژنەی ئامادەیی هیچ بنەمایەکی هزریی و ئایدۆلۆژی نەبووە، وەکو مەحمود عوسمان و قادر عەزیز ئەوەیان پشت ڕاستکردۆتەوە، بەڵکو ئەو یەکگرتنەیان زیاتر بەوە ناوبردووە کە لە ژێر

---

[١] محەمەد شاکەلی: س . پ ، ل٦٢-٦٥.

فشاری یەکێتی بەسترابێت، وەك دروستکردنی هاوسەنگیەك لە گۆڕەپانەکە بەرامبەر هێزەکانی یەکێتی[١].

هەر بۆیە ئەم یەکگرتنە درێژە ناکێشێ، لە یەکەم کۆنگرە مەحمود عوسمان خۆی جیادەکاتەوە، وشەی یەکگرتوو کە لەسەر داوای ئەوان خرابووە سەر ناوی حزب ، وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەو یەکگرتنە دوای جیابوونەوەیان وشەی یەکگرتووەکە لە ناوی حزب دەکرێتەوە، ناوی حزب تەنها وەکو (حسك) دەمینیتەوە[٢].

بە دوورکەوتنەوەی مەحمود عوسمانیش گرفتی سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو لە ناو ئەو حزبە چارەسەر نەکرا، محەمەد شاکەلی لە بیرەوەریەکانی، باس لەوە دەکات ڕەسوڵ مامەند مەرجەکانی سەرکردە و ڕابەری تێدا بەرجەستە بووە، بەلآم هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێك کێشەو گرفت، کە لێرە بە دواوە لە سەر ئەو گرفتانە، هەڵوەستەی زیاتر دەکەین، ڕێگر بوون لە بەر دەمی مامەند لەوەی ببێتە مەڕجەع و، سەرکردەیەکی بێ ڕکابەر تاکو هەموو لایەنە ناکۆکەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و، ئامادە بن بێچەندو چوون بڕیارەکانی جێبەجێبکەن[٣].

لە راستیدا ئەم پاساوانەی شاکەلی بۆ کەسایەتی مامەند پاساوی بێهێزن، چونکە کاری حزبی لە هیچ جێگایەکی دونیا بێ کێشە نیە، سەرکردە کاتێك بوونی خۆی دەسەلمێنێت و وەکو کەسێکی کاریزما بە دەردەکەوێت، دەبێت توانای تێپەراندنی کێشە پێشهاتووەکانی ڕێگای حزبی هەبێت، نەکو بە پێچەوانەوە حزب نقومی کێشەکان بکات و لە بن قەیرانەکان دایهەزێنێ، وەکو ئەوەی هاتە پێش حسك. ئەنجامی نەك ئەو حزبە بە هۆی کێشە کەڵەکەبووەکانی تووشی کەرتبوون هات، بەڵکو کۆتایی بە ژیانی سیاسی ئەو پارتە لە گۆڕەپانی سیاسی هات و، سەرکردە و کادرەکانی دابەشی سەر حزبە باڵآکانی کوردستان بوون.

**٢ـ هۆکاری سیاسیی و ڕێکخراوەیی:**

بە هۆکاری ئەوەی (حسك) لە ڕووی سیاسیەوە خۆی لە بەرەی جود یەکلایی کردەوە، ئەو هەڵوێستە بووە هۆی ئەوەی گرژی و ئاڵۆزیەکانیان لەگەڵ یەکێتی بگاتە ئاستێك بارەگای سەرکردایەتی (حسك) لە ١ی ئایاری ١٩٨٣ لە ناوچەکانی ئاشقوڵکە و پشتئاشان بکەوێتە بەر هێرشی هێزەکانی یەکێتی و بەو هۆیەوە هەلومەرجێکی سەخت و دژوار بۆ هێزەکانی سۆسیالیست هاتە پێشەوە، سەرەڕای شکستە سەربازیەکەی ڕیزەکانی حزبی لە بێژینگ دا و قەوارەی ڕاستەقینەی حزبەکەشی ساغکردەوە، بەشێك لە کادرە سیاسیی و سەربازییەکان ڕووی ڕەخنەکانیان ئاراستەی سەرکردایەتی دەکرد، سیاسەتی سەرکردایەتیان بە هەڵە دەزانی و، دەنگی ناڕەزاییان بەرامبەر سەرکردایەتی بەرز کردەوە، وێڕای ئەوەی ئەو دەنگە ناڕازیانە بە گومان بوون لەو بارودۆخەی حزب تێیکەوتبوو، بتوانێت هیچ هەوڵێك بە ئاراستەی باشبوونی بارودۆخەکە هەڵبگرێت، لە گەڵ ئەوەشدا داوای چارەسەری گیروگرفتەکانیان دەکرد[٤]. سەرکردایەتی سۆسیالیست لەگەڵ

---

[١] سەلام عەبدولکەریم: س.پ، ل١٣٧.

[٢] قادر عەزیز: سەر قەڵەمێك لە مێژووی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان،سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٥_٣٦.

[٣] محە مەد شاکەلی: س . پ، ل٢٥٠.

[٤] حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ : هەڵوێستی شۆڕشگێڕی نەك لادان و پاشگەزبوونەوە ، ئابی ١٩٨٦،ل ٥.

ئەوەی لە كۆبوونەوەی زێوكە نەیتوانیووە دەست بخاتە سەر برینەكانی، وەڵامی ئەو بارودۆخەی بە پەنهانی هێشتەوە، جگە لەوانەش ئەو كۆبوونەوەیە دەبێتە مەیدانی تۆمەتباركردنی یەكتری، قادر عەزیز تۆمەتبار دەكرێت بەوەی وەكو پێویست نەیتوانیووە ئیدارەی هەولێر بدات، بەو هۆیەوە بڕیاری ناردنە بادینانی دەدرێت، ناوبراو ئەو بڕیارە بە ئیجرائات دەزانێ كە بەرامبەری كراوە. مناقەشەیەكی زۆر لەناو كادران بەو هۆی ئەو بڕیارەوە دروست دەبێت و، بەشێكیان ئەو بڕیارە بەوە لێكدەدەنەوە كە غەدری بەرامبەری كراوە و بەو هۆیەوە هاوسۆزی خۆیانیان بۆ دەردەبڕن. بەڵێن عەبدوڵا ئەوە بە سەرەتای كێشەكان ناودەبات و، پێی وایە ناكۆكیەكان لێرەوە زەق كرایەوە و لە پاشان گەورە كران[1].

**٣- هۆكارە كەسییەكان:**

پاش بڕیاری ناردنی قادر عەزیز بۆ بادینان، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، وێڕای دەربڕینی ناڕەزایی ناوبراو، بەڵام پابەندی بڕیارەكە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پەرچەكرداری توندیشی بۆ بڕیارەكە هەبوو، ناڕەزایەتیەكانی خۆی بە شێوەی نامیلكە بڵاودەكردەوە، هەوڵیدەدا بازنەی پەیوەندییەكانی لەناوخۆ و بەتایبەتی لەگەڵ لقی هەولێر و، حزبە سیاسییەكانی تر بەتایبەتی پارتی و شیوعی فراوانبكات، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ لقی هەولێر كە ماموستا ئەمین لێپرسراوی بوو نزیكایەتی دروست كرد، و باس لەوەش دەكرێت سەری لە مەسعود بارزانی دابێت[2].

ئەم جموجۆڵانەی قادر عەزیز دەبێتە هۆی ناڕەزایی سەید كاكە ، و نیگەرانی ناوبراو بە دوای خۆیدا دەهێنێت و لێرە بە دواوە بە شێوەی ململانێیەكی كەسی لەنێوان قادر عەزیز و سەید كاكە بە دەردەكەوێت، سید كاكە لە گێڕانەوەی بیرەوەریەكانی نیگەرانیەكانی خۆی لەو پەیوەندییانەی قادر عەزیز ناشارێتەوە، باس لەوە دەكات بە هۆی بوونی ناوبراو لە لقی دهۆك و نزیكی لە ناوچەی بارزان، دەستی كردووە بە هاندانی م.ئەمین و هەندێك لە كادرەكان، ئەو پەیوەندییە گەیشتووەتە ئاستێك دژایەتی سید كاكەیان كردووە، لە ڕاییكردنی كاروبارەكان پرسیان پێ نەكردووە[3].

باس لەوە دەكرێت لە ١٩٨٣ بە دواوە ململانێیەكی توند لە نێوان سید كاكە و قادر عەزیز لەسەر مەسەلەی ناوچەی هەولێر سەری هەڵداوە، بەو هۆیەوە لقەكە دەبێت بە دوو گروپ، زۆربەی لێپرسراوی ناوچە و كادر و ئەندامانی لق لایەنگیری قادر عەزیزیان دەكرد، بەشێكی زۆری كادرە سەربازییەكان پشتیوانی سەید كاكەیان دەكرد. ئەو لایەنگرییە سەربازیە شوێنگەی سەید كاكەی لە (م.س) ی حسك

---

[1] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵا ، هەولێر ، ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥.

[2] چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ د.سەردار، هەولێر ، ٢٠١٥/٣/٢٤.(یاسین محەمەد عەبدولقادر (دكتۆر سەردار): لەساڵی ١٩٥٥ لە گوندی ترپەسپیان لەدایكبووە ، لە ١٩٧٧ دا پەیوەندی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستانەوە دەكات ، ساڵی ١٩٨١ دەبێت پێشمەرگە لە ریزەكانی سۆسیالیسدا ، و دواتر ساڵی ١٩٨٥ دەبێتە ئەندامە مەكتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیستی كوردستان ، لە ١٩٩٢ دا دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی كوردستان ، پاشان لەساڵی ٢٠٠٤ دا پەیوەندی دەكات بە ریزەكانی یەكێتیەوە ، ساڵی ٢٠٠٦ دەبێتە بەرپرسی مەڵبەندی ئاكرێی یەكێتی ، ئێستا ئەندامی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستانە .

[3] سەید كاكە:س.پ، ل٢٨٦.

بەهێزتر نیشان دەدا، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی قادر عەزیز لەو ململانێیە شکست بهێنێت و لە لێپرسراوی هەولێر دوور بخرێتەوە[1].

پێدەچێت هەر ئەم هۆکارە وای کردبێت قادر عەزیز دوورخستنەوەکەی لە هەولێرەوە بۆ دهۆك بە لێپێچینەوە بزانێت، و کادرە ناوەنجیەکانیش هەستیان بەوە کردووە و ئەوەیان بە غەدر زانیووە، بەو هۆیەوە هاوسۆزیان بۆ عەزیز دەربڕیووە و درز کەوتۆتە نێوانیانەوە.

یەك لە سەرچاوەکان ناکۆکی نێوان ئەم دوو کەسایەتیە دەگێڕێتەوە بۆ پێشتر و بە تایبەتیتریش بۆ شەڕی دەشتێو، چونکە هەر یەکێکیان لای خۆیەوە بە شێوەیەك گوزارشتیان لەم شەڕە کردووە[2]. سەید کاکە لە گێڕانەوەی ئەم شەڕە قادر عەزیز تۆمەتبار دەکات کە لە شەڕەکەدا جێیهێشتوون[3]. لە بەرامبەردا عەزیز لە گێڕانەوەی ئەم شەڕە باس لەوە دەکات سەید کاکە لەگەڵ دوو پێشمەرگە بە ڕۆژی ڕووناك ئەوانیان جێهێشت و بەو هۆیەوە ورەی پێشمەرگەکان دابەزی و لە جەنگەکە پاشەکشێیان کرد[4].

لە ڕاستیدا ئەم شەڕە بە داستانێکی گەورە بۆ هێزی پێشمەرگە ئەژمار دەکریت. لە گێڕانەوەکانی ئیسماعیل تایەر ئەلنعێمی کە سەرپەرشتی هێزەکانی ڕژێمی کردووە، ئەوە هەڵدەهێنجرێت کە دانی بە نەبەردی پێشمەرگە ناوە، بەڵام لە بەرامبەردا دەبینین بۆ شکاندنی یەکتری و دوو بەشداربووی ئەم شەڕە چۆن باسی لێوە دەکرێت.

قادر عەزیز لە سەر بوونی ناکۆکی کەسی نێوان حزب بە گشتی و ناکۆکی خۆی و سەید کاکە بەتایبەتی، تۆمەتبارکردنی بە ئەنجامدانی تەکەتوول لە لقی هەولێر، ئەوە ڕەتدەکاتەوە تەکەتوولی ئەنجام دابێت و تەکەتوول بە کاری خەڵکی لاواز ناودەبات، هۆکاری تۆمەتبار کردنی بە ئەنجامدانی تەکەتوول دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی، کاتێك کە کێشە لە لقی هەولێر و بە تایبەتی تریش لە نێوان سەید کاکە و فەرماندەکانی پێشمەرگە و کادرەکان هەبووە و لەگەڵ یەکتری نە گونجاون ، لە بەرامبەردا کادرەکانی لقی هەولێر پەنایان بۆ هێناوەو ئەویش لای خۆیەوە داکۆکی لەو کادرانە کردووە، بەو هۆیەوە لە دەوری کۆبوونەتەوە. ئەم هەڵوێستەی لە لایەنی بەرامبەر بە تەکەتوول لێکدراوەتەوە و، بە ڕووکەش وا هاتووەتە بەرچاو. هەرچی دەربارەی ڕوانینی ناوبراوە، لە سەر ناکۆکیە کەسیەکانی ناو ڕیزەکانی حزب، پێی وایە ناکۆکی نێو حزب ناکۆکی کەسەکانە. زۆر جاریش ئەو ناکۆکیانە بە شەخسی دەکرێن، تیایدا ڕۆڵی کەسەکان

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عوسمان بانیمارانی،کۆیە ،٢٠١٦/٢/٢١.( ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی ئیلنجاخ ی سەر بە ناحیەی تەق تەق لەدایك بووە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە ، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەڕیزەکانی (حسك) وە کرددوە ، ساڵی ١٩٨٥ لە حسك جیادەبنەوە یەکێك دەبێت لە فەرماندەکانی ڕەوتی جیابووە وە بەناوی ئاراستەی دیموکراتی شۆڕگێڕ ، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە (ی .ن .ك) وە دەکات ، ساڵی ٢٠٠١ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ، ساڵی ٢٠٠٥ دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لیستی سەوز بوو ، ئێستا خانە نشینە و لە شاری کۆیە دەژێت .

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بێکەس قادر ، هەولێر ، ٢٠١٦/٤/٣.( ساڵی ١٩٦٩ لە گەڕەکی کوران لە شاری هەولێر لەدایکبووە ، دەرچووی کۆلێژی یاسایە ، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕیکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستەوە کردووە ، و پاشان لە ساڵی ١٩٨٧دا بووە بە پێشمەرگە ، ساڵی ١٩٩٤ دا و لە کۆنگرەی دووەمی حزبی زەحمەتکێشاندا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی زەحمەتکێشان هەڵبژێردراوە ، ئێستاش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانە .

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە:_( سەید کاکە: س.پ، ل٢٨٤).

[4]نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لەڕیگای پۆستی ئەلکترۆنیەوە لە( /٢٠١٦/٣).

زیاتر زەق دەکرێتەوە. هۆکاری دەرکەوتنی ناکۆکیەکان بە شێوەی کەسی لە نێوان خۆی و سەید کاکە دەگێڕتەوە بۆ نزیکی سنووری کارکردنیان لە یەکتریەوە لە لایەك و، لە لایەکی ترەوە باس لەوە دەکات لە کێشەی نێوان کادرەکان و فەرماندە سەربازیەکان هەر یەکەو لای لایەنێکیان گرتووە، عەزیز پشتڕاستی ئەو ڕایەی پێشوومان دەکاتەوە کە ئەو وێڕای ئەوەی لە گەڵ فەرماندە سەربازیەکان نێوانی باش بووە، بەڵام لە هەڵوێستی فەرماندەکان ڕازی نەبووە و، لە بەرامبەریاندا داکۆکی لە کادرەکان کردووە[1].

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانە دەگەینە ئەو ڕایەی کە ناکۆکی کەسی لە نێوان ئەو دوو سەرکردایەتیەی هەولێر هەبووە، بەو هۆیەوە ناکۆکیەکانی حزب زیاتر لەو سنوورە بەرجەستە بووە و، ئەنجامەکەشی کادرە سیاسیی و سەربازیەکان بە سەر هەردوو بەرەی ناکۆك تووشی دابەشکاری هاتوون، و ناکۆکیەکان لێرەدا ناوەستن و لە پاشاندا بە شیوەیەك لە شێوەکان بەرگی ئایدۆلۆژیای بە بەردا هەڵدەکێشرێت، کە لە خاڵی دواتردا ئاماژەی زیاتر بەو خاڵە دەدەین.

### ٤ـ هۆکارە فیکرییەکان:

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا باسمان لەوە کرد، کە بزووتنەوە بە گشتی نەیتوانی ناسنامەی ڕێکخراوەیی خۆی یەکلایی بکاتەوە. پێشتریش ئەوەمان ڕوونکردبووەوە، کە بەشێك لە ناکۆکیەکانی کۆنگرەی یەك لە سەر ناسنامەی ئەو ڕێکخراوە بوو، لەو کۆنگرەیە دوو ئاراستەی فکری درووست بوو بە هۆیەوە ئەندامانی کۆنگرە بەسەر ئەو ئاراستە جیاوازانەدا دابەشبوون. ئاراستەکان بە شێوەیەکی وا خۆیان نمایش دەکرد کە نەوە گەنجەکە زیاتر خۆیان بە لایەنگری سۆسیالیزمی زانستی زانیووە، بە شێوەیەك لە توێژەکەی تریان ڕوانیوە، مەیل و تێڕوانینیان بۆ پابەند بوون بە سۆسیالیزمی زانستی و چەسپاندنی بنەماکانی مارکسیزم لاواز بووە، لە سەر بنەمای ئەو دوو تێڕوانینە جیاوازە بۆ بابەتە فکریەکان بەردی بناغەی ناکۆکیەکان ڕەنگرێژکرا [2].

ئەم ناکۆکیانە پاش قووڵبوونەوەی ناکۆکیە کەسیەکان لە سنووری هەولێر و دهۆك بەرجەستەبوو، بەتایبەتیش کاتێك قادر عەزیز نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە بە ناوی "سەرەتا بنچینەییەکانی سۆسیالیزم". ئەم بڵاوکراوەیە زۆر بە خێرایی بە ناو لایەنگرانیدا و، ڕیزەکانی ڕیکخستن بڵاودەبێتەوە، دەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت لە ناو ڕێکخستنەکاندا بە شێوەیەك دەگاتە ئاستێك لە لایەن سەرکردایەتی بڕیاری کشاندنەوەی چاپکردنی نامیلکە کە بدرێت، بە گێڕانەوە و قەدەغەکردنی نامیلکە لەلایەن (م.س) ەوە، پێگەی قادر عەزیز زیاتر بەرز بووەوە و خودی بڵاوکراوەکەش گرنگی زیاتری پەیدا کرد[3].

---

[1] نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لەرێگای پۆستی ئەلکترۆنیەوە.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ د.سەردار، هەولێر ٢٠١٥/٣/٢٤.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ عوسمان بانیمارانی، کۆیە ٢٠١٦/٢/٢١ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ گۆران جەلال، هەولێر، ٢٠١٦/٤/٣.( نەوزاد جەلال ئیبراهیم (هاوڕێ گۆران) : لەساڵی ١٩٦٦ دا و لە شاری کەرکوك لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٧٩ دا و کاری سیاسی بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵەدا دستپێکردووە ، ساڵی ١٩٨١ چووە ڕیزی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە ، ساڵی ١٩٨٣ بوو بە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٨٥ یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ، پلەکانی حزبی لە کادیریەوە تا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بڕیووە ، ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە .

یەك لە سەرکردەکانی ئەو ڕەوتە باس لەوە دەکات ئەو بڵاوکراوانە بە گشی بابەتی وەرگێڕدراو بوون، کە بە خراپیش کرابوون، هیچ مەترسیشی بۆ سەر حزب نەبوو، بەڵام هۆکاری قبووڵنەکردنی لە لایەن سەرکردایەتیەوە شتێکی ناڕوونە[1].

ئەم دانپێدانانە دەرخەری ئەوەیە بە گشتی لە لایەك ڕای جیاواز بە ئاراستەی سەرکردایەتی قبووڵنەکراوە، لایەکەی تر ئەوەیە بە گشتی ئەو کات خوێندنەوەی قووڵ بۆ بابەتە هزریەکان نەبووە. لە بەرامبەردا، بەرەکەی تر بەرامبەر ئەم هەوڵانە بێدەنگ نابن، بڵاوکراوەیەك لە لایەن لێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر دەردەکرێت کە سەید کاکە لێپرسراوی بوو بە ناوی پەیڕەو و پرۆگرامی حزب، تیایدا ئەوە ڕاگەیێنرابوو ڕێبازی سۆسیالیستی زانستی لە سەر ئاستی جیهان فەشەلی هێناوە، کەچی خەڵکەکەی ئێمە تازە دەیانەوێت لە کوردستان ئەو فکرەیە بڵاوبکەنەوە[2]. ئەم بڵاوکراوەیە هەرچەندە بۆ دژایەتی لایەنی بەرامبەر بووە، بەڵام دژی پەیڕە و پرۆگرامی حزبەکەشیان بووە، چونکە لە پەیڕەو و پرۆگرامی کۆنگرەی یەکەمیاندا تەبەنی بیروباوەڕی سۆسیالیستی زانستی کراوە[3]. ئاشکرایە گۆڕانکاری لە پەیڕەو و پرۆگرام ، وەکو عورفی ڕێکخراوەیی تەنها لە دەسەڵاتی کۆنگرەدایە، بەم شێوەیە پاشاگەردانیەکی زۆر لە ڕیزەکانی حزب بڵاوبووەتەوە، بە هۆی نەمانی مەرکەزیەت و دیسپلینی حزبی، شیرازەکانی ڕێکخستن لە یەکتری ترازاوە. بەو هۆیەوە هەر یەك بە ئارەزووی خۆی ڕێبازی سیاسیی و ئایدۆلۆژی سۆسیالیستیان لێکداوەتەوە، ئەم بارودۆخەی حزب بە ئاستێك گەیشتووە، حزب بنەما شۆڕشگێرییەکانی خۆی لە دەست داوە[4].

بێسەرو بەرە هزرییەکان گەیشتبووە ئاستێك، باس لەوە دەکرێت سەید کاکە ماوەیەك بانگەشەی بۆ ئەوە کردوە کە ئەوان لە بابەتە هزرییەکان، پەیڕەوی لە سۆسیالیزمی ئیسلامی دەکەن[5]. ورد بوونەوە لەم بابەتانە ئەوە بە دەردەکەوێت حزب لە چ ئەزمەیەکی قووڵی نەبوونی ناسنامەیەکی هزری ڕێکخراوەیی بووە لەو سەردەمەدا، دیارە ئەم نەبوونی شووناسە درێژ دەبێتەوە بۆ دوای جیابوونەوەی قادر عەزیز لە حزب، یەك لە سەرکردەکانی سۆسیالیست ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: (( ناسنامەی حزب دوای دەرچوونی قادر عەزیزیش بۆمان جێگیر نەکرا، بەوەی دەمانویست بگەڕێینەوە سەر سۆسیال دیموکرات نەمانتوانی، پاشان مەیلمان لە سەر ئەوەبوو ببینە حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ لەوەشیاندا سەرکەوتوو نەبووین))[6].

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ بەهمەن، هەولێر ، ٢٠١٦/٢/٢٣.

[2] حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ : هەڵوێستی شۆڕشگێڕی، ل ٧.

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە:_( ڕاپۆرتی سیاسی حزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق، ل٧٧).

[4] حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ : س .،ل ٨-١٦ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی ، هەولێر، ٢٠١٥/٢/٥.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ گۆران جەلال، هەولێر٢٠١٦/٤/٣

[6] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/٩.( محمد حاجی محمود : ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی گوڵەخانەی ناوچەی شارەزوور لە دایکبووە ، سەرەتای خوێندنی بە خوێندنی ئاینی دەستی پێکردووە، لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا و ساڵی ١٩٧٠ لە ڕیزەکانی ( پ . د . ك ) وەرگیرا ، ساڵی ١٩٧٥ دوای هەرەسی شۆڕش پەیوەندی بە ڕیزەکانی "کۆڕەك " ەوە کردووە ، لە نیسانی ١٩٧٦ و دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری یەکێك بوو لەو پێشمەرگە بەراییانەی کە مەفرەزە سەرەتاییەکان پێك هێنا و شۆڕشی چەکدارییان دەست پێکردەوە. هەر هەمان ساڵ بوو بە جێگری فەرماندەی

نەمانی مەرکەزیەت لە ناو حزب و نەبوونی ئایدۆلۆژیەکی ڕوونی حزبی، کێشەی ڕیکخستن و کاروباری ڕیکخراوەیی دەبووە شتێکی چاوەڕوانکراو و هەرلایەك دەیویست کەسی نزیکی خۆی لە پۆستە گرنگەکانی حزب دەرچێت، بە بێ ڕەچاوکردنی لێهاتوویی کەسەکان.

**٥ـ گرفتە سەربازیی و ڕێکخراوەییەکان:**

سەرجەم کێشە ڕێکخراوەییەکانی سۆسیالیست زیاتر لە لقی هەولێر بەرجەستە بوون، هۆکارێکی ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە لقی هەولێر کادر و هێزێکی زۆری پێشمەرگەی تێدا کۆببوەوە، ئەمەش بۆ سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوە دەگەڕایەوە ، کە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە بەهۆی ئەوەی دامەزرێنەرانی خەڵکی ناوچەی هەولێر بوون، بەو هۆیەوە گەرای ڕێکخستنەکان سەرەتا لە هەولێر دانران، بە بەراوردی سلێمانی زیاتر ناوەندی گەشەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، ڕێکخستنەکانی حسکیان خستبووە ژێر فشاری خۆیان، تا هاتنی محەمەدی حاجی مەحمود، سۆسیالیست گەشەی کرد، ئەویش لە ناوچەکە حزبێکی سەربەخۆ بوو، بەو هۆیەوە ناکۆکیەکانی ریزی حزب لەچاو لقەکانی تر زیاتر بوو[1].

لەلایەکی تر پەیوەندی لقی هەولێر بە سەرکردایەتی ئەو حزبە لە بناری قەندیل (قڕناقە و پشتئاشان و ئاشقوڵکە) بە هۆی دووریەوە لە ڕێگای تەتەرەوە ئەنجام دراوە، بۆیە ئەمە تا ڕادەیەك دوورە دەستیەکی دروستکردوە لە نێوان سەرکردایەتی و لق، ئەمە بووەتە هۆی سەختی و لاوازی پەیوەندی کردن، کۆسپیشی لە بەردەم چارەسەری گرفتەکان و جێبەجێکردنی داواکاریەکان درووست کردووە، ئەمە وای کردووە لە لقی هەولێر سنوور بەزاندن و دەرچوونی هەندێك لێپرسراوی سەربازی بەرامبەر سەرووی خۆیان و لێپرسراوی لقەکانی لێبکەوێتەوە، وێڕای ئەوەی زۆر جار ئەو گلەییانە گەیێنراوەتە سەرکردایەتی و، لە لایەن خودی سکرتێرەوە بەڵێنی چارەسەرکردنی دراوە، بەڵام دوایی پاش ئەوەی کەسەکان بانگ کراون بۆ لێپرسینەوە، دەرکەوتووە نەك لێپرسینەوەیان بەرامبەر نەکراوە بگرە بە خەڵاتکردن گەڕاونەتەوە سنوورەکە[2].

تۆمەتبارکردنی قادر عەزیز بە ئەنجامدانی تەکەتوول و باش ئیدارە نەدانی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی عەزیز لێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر دەبێت، لە کۆتاییەکانی ١٩٨٣ ململانێیەکی کەسی لەنێوان لقی هەولێر سەر هەڵدەدات، ئەم ناکۆکیانە زیاتر بە شێوەی ناکۆکی نێوان نەوەی تازەی حزب و نەوە کۆنەکەی شۆڕش خۆی نمایش دەکات. ئەنجامی ئەم بارودۆخە بەوە دەگات لە کۆتاییەکانی ١٩٨٣ بڕیاری

---

مەفرەزە ، لەنیسانی ١٩٧٨ وازی لە " کۆڕەك " هێنا ، دوای ڕوودانی کارەساتی هەکاری خۆی و ٧ پێشمەرگەی تر توانی بگەڕێتەوە ناوچەکانی ژێر دەستی یەکێتی. دواتر کرایە فەرمانـدەی هەرێمی یەکی هەورامان ، پاشان ساڵی ١٩٨٠ لە ڕیزەکانی یەکێتیدا نەما پەیوەندیی کرد بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە ، لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستدا بوو ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی. ساڵی ١٩٨٥ بوو بە لێپرسراوی عەسکەری حزبی سۆسیالیست، ساڵی ١٩٨٨ دوای دامەزراندنی بەرەی کورستانی بوو بە ئەندامی سەرکرادیەتی بەرە. دوای یەکگرتنەوەی ( پ . د . ك ) و ( حسك) بوو ساڵی ١٩٩٣ بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ( پ . د . ك ) ، لە تشرینی دووەمی ١٩٩٤ حزبی سۆسیالیستی کوردستانی دروستکردو بوو بە سکرتێر ، تا ئێستەش سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستانە.

[1] نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لە ڕێگای پوستی ئەلکترۆنی.

[2] شاخەوان شۆڕش: س.پ،ل ١٩٨، ١٩٩.

هەڵبژاردن بۆ لقی هەولێر دەدرێت[١]. ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەی لقی هەولێر بە شێوەیەك دەكەوێتەوە دوو كەسایەتی دیاری لقەكە و خاوەن ئەزموون بەشداربوو كە شۆڕشەكانی پێشوو دەرناچن، لە بەرامبەردا دوو كادری تازەی ڕێكخستنەكان بە سەردەكەون. شاخەوان شۆڕش لە كتێبی "قادر شۆڕش" بەشێك لە كاراكتەرەكانی ناو ڕووداوەكە و، كەسانی ئاگادار لە ناكۆكیەكانی دوواندووە، زۆرینەیان ئاماژەیان بە ململانێیەكی توند لە سنووری هەولێر داوە، و لە گێڕانەوەكانیان ئەوە هەڵدەكرێنرێت كە ناكۆكیەكان ناكۆكی نێوان دوو جیلی كۆن و نوێ پیشاندراوە نەتوانراوە گونجاندن لە نێوانیاندا دروست بكرێت، ئەوەیان پشتڕاستكردووەتەوە كە دەرەنجامی هەڵبژاردنەكە، كەشی پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوانیانی ئاڵۆزكردووە، بە هیچ شێوەیەك بارودخەكەیان پێ ئاسایی نەكراوەتەوە، ناڕاستەوخۆ باس لەوە كراوە خەڵكی هەلپەرست بارودۆخەكەی لە بەرژەوەندی كەسی خۆیدا قۆستووەتەوە، لە سەر حیسابی خەڵكە ماندووەكە و ئەوانەی قوربانیان لە پێناوی شۆڕش داوە، شاخەوان شۆڕش بە پشتبەست بە ڕای ئەوانەی لە سەر ناكۆكیەكان بۆی دواون، هۆكاری سەرەكی ناكۆكیەكانی بۆ شتی كەسی گێڕاوەتەوە و، بەراورد بە بابەتە فیكری، واتا بیروڕاو بۆچوونی جیاواز كەمتر پەیوەندییان بە كێشەكە و هەڵبژاردنەكە هەبووە. ئەوەی پەیوەندی بە خودی قادر عەزیزەوە هەیە لەم ڕووداوە، ئەوەیە كە كۆمیتەی سەركردایەتی زەمینەی بۆ هەڵبژاردنەكە ڕەخساندووە، بە كارتێكردنی لە سەر دەزگای هەڵبژاردنی لق، بە بەڵگەی ئەوەی تیشكی سەوزی هەڵبژاردنەكە لە لایەن لێپرسراوی كۆمیتە قادر عەزیزەوە دراوە و پەسەندكراوە، ئەمە بەو واتایە دێت كۆمیتەی سەركردایەتی هەولێر پەیوەندی هەبووە بە هەڵبژاردنەكە و، ڕێگای بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكە داوە بە مەبەستی چارەسەر و بەلاداخستنی كێشەكە[٢].

بە ورد بوونەوە لەو ڕووداوانە ئەوە دەردەكەوێت كێشەكان سەرەتا كێشەی كەسی بوون لەنێوان كاراكتەرەكانی ئەو كات. لە هەڵبژاردنەكاندا كەمتر ڕەچاوی لێهاتوویی كەسەكان كراوە، هەمیشەش دەرەنجامی هەڵبژاردنەكان قبووڵ نەكراوە، و لایەنی شكست خواردوو تانەی ئەنجامەكەی داوە ، بە دوای خۆشیدا كێشەی گەورەی بۆ سەرجەم پارتە سیاسییەكانی ئەو كاتی گۆڕەپانی سیاسی كوردستان بە بێ جیاوازی دروستكردووە. ئەم ڕایە دەتوانین گشتگیر بكەین بۆ سەرجەم پارتە سیاسیە كوردیەكان، بە درێژایی مێژوویان، ئەگەر بە زیادەڕۆیی ئەژمار نەكرێت تاكو ئێستاش هیچ پارتێكی كوردی لە بابەتی پشتبەست بە بنەماكانی هەڵبژاردن و دیموكراسی تەواوی هەڵبژاردن سەركەوتنی بەدەست نەهێناوە و نەیتوانیووە لەو بوارەدا نموونەیەكی پێشەنگ پێشكەش بكات. لەوە زیاتریش سەرچاوەی تەقینەوەی زۆربەی ناكۆكیەكان پاش ئەنجامی هەڵبژاردنەكان بووە. پوختیەكەی تاكو ئێستا نەتوانراوە ئەو فەرهەنگە لە كەلتوری هێزە سیاسییەكان جێگیر بكرێت. بە نموونە ئەم ڕووداوەی لقی هەولێر دەبێتە هەوێنی كێشەیەكی گەورەتر لە پاشان بە هۆیەوە ڕیزی حزبەكەیان تووشی لێكترازان دەبێتەوە، چونكە بە هۆی ئەم ڕووداوە، محاسەبەی لێپرسراوی لقەكە دەكرێت، كە پێشتر ئاماژەمان پێدا. ئەنجامەكەشی لە باسەكانی دواترماندا ڕوونتر بە دیاردەكەوێت.

---

[١] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن ، هەولێر، ٢٠١٥/٢/٢٥ ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ گۆران جەلال، هەولێر٢٠١٦/٤/٣.

[٢] زانیاری زیاتر لە مەڕ ڕووداوەكانی لقی هەولێر بگەڕێوە بۆ:_(شاخەوان شۆڕش: س.پ،ل ٢٠٢.٢٠٨).

**٦- هۆكاره دەرەكییەكان:**

**١- كاریگەری حزب و لایەنە سیاسییەكانی تری كوردستان:**

پارتە سیاسییەكانی باشووری كوردستان هەر كاتێك دەرفەتیان بۆ لوابێت، كەمتەرخەمیان نەكردووە لە دەستوەردانی كاروباری یەكتری . ئەو دەستتێوەردانە زۆر مەبەستی لە پشت بووە، زۆر جار بۆ لاوازكردنی پێگەی یەكتری و هەندێك جاریش وەكو كارتی فشار بەرامبەر یەكتری بە كاریان هێناوە، تاكو لە دەربڕینی بیرو بۆچوونە سیاسییەكان پاڵپشتیان بكەن، یان ئەوەتا نەویستراوە هیچ هێزێكی سیاسی ڕكابەر و هاوتا لە گۆڕەپانەكە دروست بێت.

وەكو ئەوەی شاكەلی لە گێڕانەوەی بیرەوەریەكانی لە سەر ڕكابەری پارتە سیاسییەكان بۆ یەكتری باسی لەوە كردووە، كە یەكێتی و پارتی سەرەڕای كێشە و ململانێی مێژوویی خۆیان، حەزیان نەكردووە سۆسیالیست لە سنوورێكی دیاریكراو زیاتر گەشە بكات. ناوبراو ڕای وایە ئەو دوو حزبە بە بێ بوونی هیچ جۆرە ڕێكەوتنێك، هەر لایە و بە شێوازی خۆی كاریان لە لاوازكردنی سۆسیالیست كردووە[1].

لە سەر ئەو ڕایەی شاكەلی ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بكرێت، ڕاستە هەرچەندە حزبەكان مەیلی دەستتێوەردانیان لە كار و باری یەكتری هەبووبێت، بەڵام بۆ ئەو دەستتێوەردانانە زەمینە لە لایەن خودی حزبەكان ڕەخساوە، بەوەی كۆمەڵێك ناكۆكی ناوخۆیی سەری هەڵداوە و نەتوانراوە لە ناوخۆ كۆنترۆڵ بكرێت، لەوانەیە لە لایەن خودی حزبەكان داوای هاوكاریی بكرێت، پێمان وایە هەر پارتێكی سیاسی بۆی بلوێ كەمتەرخەمی ناكات لە دەستتێوەردانی لایەنێكی بەرامبەر، بە ڕەچاوكردنی ئەوەی ئامانجی پارتی سیاسی گرتنە دەستی دەسەڵاتە لە سەر ئەو بنەمایە هەر لاوازیەكی لایەنی بەرامبەر لە بەهێزی خۆیدا دەبیبنێتەوە.

لە سەر بنەمای سەرهەڵدانی ئەو كێشانەی پێشووتر كە باسمان كرد زەمینەیەكی بابەتی ڕەخسابوو بۆ لایەنی سێیەم خۆی بئاخنێتە ناو كێشەكانی. لەو بارەیەوە باسی ڕۆڵی حزبی شیوعی عێراق دەكرێت، بە هۆی نزیكی لە قادر عەزیز هانی ئەو جیابوونەوەیەیان دابێت[2]. باس لە ڕۆڵی پارتیش دەكرێت، لە پشتیوانیكردنی گروپە چەپە ناڕازیەكەی ناو سۆسیالیست. قادر عەزیز ئەوە ڕەتدەكاتەوە كە ئەو لایەنانە هاندەری جیابوونەوەیان بووبن، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە دەكات پارتی ئەو هەڵوێستەی ئەوانی پێی خۆشبووە، بۆ ئەوەی سۆسیالیست لە گۆڕەپانەكەدا بەرامبەر بە هەژموونیان لاواز بێت [3].

لە بەرامبەردا یەكێك لە كادرە دیارەكانی ئەم ڕەوتە بە ڕاشكاوی باس لە بوونی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ شیوعی و پارتی دەكات. ئەو كادرە باس لەوە دەكات پاش جیابوونەوەیان لە سۆسیالیست لە ژێر فشاری ئێران، پارتی هاوكاریی نەكردوون[4].

---

[1] محه مەد شاكەلی: س .پ ، ل٢٥١

[2] سەید كاكە: س.پ، ل ٢٦٨.

[3] نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لەڕێگای پۆستی ئەلكترۆنیەوە.

[4] چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ د.سەردار، هەولێر٢٠١٥/٣/٢٤.

٢- کاریگەری ئێران:

گلەییەکی تری ئەم گروپە چەپە لە سەرکردایەتی حزبەکەیان لە سەر پەیوەندییەکانیان بوو لە گەڵ ئێران کە پێیان وابوو ئەو پەیوەندییە زیاد ڕۆیشتووە، بە شێوەیەك زیانی بە بنەما حزبیەکە لە ڕووی سەربەخۆ بوونیەوە گەیاندووە بۆیە پێویستە سنووریێك بۆ ئەو پەیوەندییە دابنرێت[١].

ئەم پەیوەندییەی سۆسیالیست بە ئێرانەوە لەسەر دەستی خاڵە حاجی ، و لە سەر ڕەزامەندی حزب دروستببوو، ریشەی ئەم پەیوەندیەی خاڵە حاجی دەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆڕشی ئیسلامی ئێران، کاتێك وەکو پەنابەر لە چەند شارێکی ئێران نیشتەجێ ببوو، لەو ماوەیەدا بە هۆکاری ئەوەی لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە بەشێك لە پیاوانی ئاینی و ئۆپۆزسیۆنی دەسەلات وەکو: ئایەتوڵا خامنەیی و مونتەزەری و محەمەدی کوڕی بە دوور خراوەیی و دەستبەسەری لەو شارانە دەژیان، خاڵە حاجی ئەو دەرفەتەی قۆستبووەوە و توانیبووی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ئاشنایەتیان لە گەڵدا درووست بکات. ئەو کەسایەتیانە لە سەر شانۆی سیاسی ئەو وڵاتە دەرکەوتن، خاڵە حاجی توانی سوود لەو پەیوەندیەی خۆی وەربگرێت، پاش درووستبوونی سۆسیالیست، حاجی دەبێت بە نوێنەری حزب و نووسینگەیەك دەکاتەوە و، مۆر و کلێشەی تایبەت بەخۆی درووست دەکات. ناوبراو کەسایەتیەکی چالاك بووە، وەکو پێویست پابەندی بڕیارەکانی سەرووی خۆی نەبووە، بەو هۆیەوە چەند جارێك لە لایەن ڕەسووڵ مامەندەوە لێپێچینەوەی لە گەڵ کراوە و، لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، بەڵام پاش ماوەیەك لەبەر پێویستی و نەبوونی کەسێکی گونجاو گەڕێنراوەتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی[٢].

بەپێی ئامارژەکانی ئەم سەرچاوەیە بێت خاڵە حاجی بزووتنەوەی بە قەرزباری خۆی زانیووە، نەك ئەو منەتباری حزب بێت، بە بەڵگەی ئەوەی خۆی بناغەی پەیوەندییەکەی داڕشتووە. لە دواتریش باس لەوە دەکرێت ناوبراو توانیویەتی لە ڕێگای پەیوەندییە کەسیەکانیەوە، شۆڕشی کوردیش بخاتە چوارچێوەی هاوکاریەکانی دەزگای (نەهزەتی ئازاد) کە لە لایەن شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران دروست کرابوو، بۆ پشتگیرییکردن و یارمەتیدانی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی چەوساوە، لەو ڕێگەیەوە هەندێك هاوکاری بۆ حزب پەیدا کردبوو[٣].

گرووپە چەپەکەی ناو (حسك) بە تەواوی دژی ئەو پەیوەندییە و شێوە هاوکاریە بوون لەگەڵ ئێران. پێیان وابووە ئەوان دوژمنێکی هاوبەشیان لە گەڵ ئێران، ئەویش ڕژێمی سەدامە کە لەگەڵیدا لە شەڕدان. دەبێت لەو چوارچێوەیە هاوکاری بکەن، نەك بگاتە ئاستی پاسدار هێنان و بوون بە بەشێك لە شەڕی ئێران _ عێراق. بە هۆی ئەو هەڵوێستانەوە ئێران ڕۆڵی ڕاستەخۆی هەبووە لە قووڵکردنەوەی ناکۆکیەکانی ناو حزب، وپەڕاویزخستنی خەڵکە چەپ و مارکسیەکە[٤]. ئێران توانیویەتی سوود لە سەرجەم هێزە کوردیەکان ببینێت، سۆسیالیستیش یەکێك بوو لەو هێزانە، یەکێك لە سەرکردەکانی سۆسیالیست دان بەوەدا دەنێت، کە حزب ببووە بەشێك لەو ململانێیەی لە کوردستان لە ئارادا بوو، باس لەوە دەکات چەند بەرپرسێکی

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ عەدنان موفتی ، هەولێر ، ٥ /٢/٢٠١٥.

[٢] محەمەد شاکەلی: س .پ ،ل ٥٤_٥٦.

[٣] محەمەد شاکەلی: س .پ ،ل٥٦.

[٤] نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لەڕیگای پۆستی ئەلکترۆنیەوە.

سۆسیالیست شانبەشانی هێزەکانی ئێرانی جەنگاون، ناوبراو کارەساتی هەڵەبجە بە یەکێك لە ئەنجامە تراژیدییەکانی ئەو هاوپەیمانە نامەبدەئیە ناودەبات، کە لەنێوان هێزەکانی کورد و پاسدارانی ئێران هەبووە[1]. بەڵگەی زیاتری لایەنی نارازی لە سەر پەیوەندی نادروستی حزب و ئێران باس لەوە دەکەن، کە پەیوەندی حزبەکەیان لەوە زیاتریش ڕۆیشتووە کە ئەوان بە خەیاڵیاندا هاتووە. ئەو ڕاستیەش پاش بڕیاری(٥٩٨) ی نێودەوڵەتی تایبەت بە وەستانی شەڕی ئێران عێراق زیاتر بە دەرکەوت کە پارتە سیاسییەکان سەرجەم هێلکەکانی خۆیان خستبووە سەبەتەی ئێران[2].

لێرە ڕۆڵی پارتەکان  بە دەردەکەوێت، هەرچەندە لە بەرەیەکدا هاوپەیمانی یەکتریش بوون، بەڵام دەستیان لە کاروباری پارتەکانی تر وەرداوە، هەمیشە نەیانویستووە ڕکابەری سیاسی بەهێزیان لە سەر گۆڕەپانی سیاسی بۆ دروست بێت ، لەلایەکی تر هەمیشە پارتەکان کەوتوونەتە ژێر هەژموونی وڵاتانی دراوسێ و، لەپێناوی ئەجێندای خۆیان بەکاریان هێناون.

بەم شێوەیە کێشەکان لە سنووری هەولێر گەیشتە ترۆپك و وای لێ هات ئاراستەی دوو ڕەوتی جیاواز بە ئاشکرا بەدیاردەکەوتن، و گروپی نارازی توانیبوویان لەو ماوەیەدا باسکی خۆیان بەهێز بکەن، بۆیە لێرە بە دواوە ناکۆکیەکان بە ئاراستەی جیابوونەوە وەردەچەرخا، کە لە باسی دووەم درێژە بەو باسە دەدەین.

**تەوەری دووەم: ئەنجامی ناکۆکیەکان.**

پاش کەڵەکەبوونی ئەو کێشە ناوخۆیی و دەرەکیانە، و مانەوەیان بە هەڵواسراوەیی و دەرکەوتنی ڕەوتێکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات، لە چوارچێوەی ڕەوتێکی چەپ گوزارشتیان لە خۆیان دەکرد، توانای ڕەخنەگرتنیان لە سەرکردایەتی پەیداکردبوو و چیتر ئامادە نەبوون گلەییەکانیان بە پەنهانی بهێڵنەوە، و سەرکردایەتیان بە ڕاستڕەو و پاشگەزبووەوە و لادەر لە ڕێباز و ئایدۆلۆژیای حزب و سەرەتا تەنزیمیەکان تۆمەتبار دەکرد، داوای بەستنی کۆنگرەیان دەکرد، چونکە لە سۆنگەی بنەماکانی پەیڕەوو پرۆگرام دەبوایە دوو ساڵ پێشتر ئەو کۆنگرەیە ببەسترابوایە[3]. بۆ گەیاندنی ئەو ناڕەزاییانە بە حزبەکەیان کۆمەڵێك کادری سەربازی و ڕێکخراوەیی بەرەو شووشان بەڕێ دەکەون، کە بارەگای سەرکردایەتیی و (م.س) ی لێ بوو[4].

کۆمەڵێك کادر بە حوکمی نزیکیان لە گەڵ (م.س) بەر لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەی گشتی دانیشتنێك لەگەڵ ڕەسووڵ مامەند ئەنجام دەدەن. ئەو کادرانە لای خۆیانەوە، تێڕوانین و پێشنیازی خۆیان لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و چۆنیەتی ئیدارەدانی حزب و پێداچوونەوە بە کاری بەرەیی، بە مەبەستی چاکسازی پێشکەشی سکرتێر کردووە. یەك لە شایەتحاڵەکان باس لە هەڵوێستی مامەند دەکات بەوەی نەیویستووە خۆی بە لای هیچ کام لە لایەنە ناکۆکەکانی ململانێ و ئاراستە جیاوازەکان یەکلایی بکاتەوە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە

---

[1] عادل موراد : کوردستان و ( ی . ن . ك ) نیشتیمانی کوردستان ، ئەڵقەی (٢١) ، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ، ژمارە( ٥٢٢٠)، (٢٠١٠/٧/٤).

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ بەهمەن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣.

[3] حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ : س . پ، ل ٩-١٠.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ عەدنان موفتی ، هەولێر ، ٥ /٢٠١٥/٢.

دەكـات كـە چـاوەڕوانی ئـەوەیان دەكـرد ئـەو تێبینیانــەیان لــە دەرەنجـامی ڕاگەیانـدنی كۆبوونــەوەكانی سەركردایەتی ڕەنگبداتەوە، بەڵام گلەیی ئەوە لە سـەركردایەتی دەكات كە لە ئاستی كۆكردنـەوەی ئاراستە جیاوازەكان نەبوون[1].

بەو شێوەیە لە كەشێكی توندوتیژی پڕ لە ململانێی سیاسیی سـەركردایەتی بڕیاری بەسـتنی كۆمیتـەی ناوەندی لە (١_١٠ئابی١٩٨٥) دا، لەو كۆبوونەوەیـە جگـە لـە ناكۆكیـە ئایـدۆلۆژی و گیروگرفتـە تەنزیمیـەكان، چەندین ڕاو بۆچوونی جیاوازیش لەمەڕ مەسەلە سیاسییەكانی وەكو هەڵوێست لە بەرامبەر یەكێتی و لایـەنی سـەربازی و هەڵوێسـت بەرامبـەر بـارودۆخی نێـو دەوڵـەتی درووسـت بـووە[2].لـە كۆنووسـی كۆبوونـەوەی شووشـاندا ، ڕەنگدانـەوەی كـۆی ئـەو خاڵـە ناكۆكانـە دەبینرێـت كـە پێشـتر ئامـاژەمـان پێـدا، خـاڵی جێگـای سـەرەنجی كۆبوونـەوەكان ئەوەیـە لـە سـەرەتادا بـاس لـەوە دەكـات، كـە ئـەم كۆبوونەوەیـە بـۆ چارەسـەركردنی كێشەی نێوان قادر عەزیز و برادەرەكانی، واتا كێشـە كەسـییەكان پـێش كـۆی كێشـەكانی تـر خـراوە. كرۆكـی گفتوگۆكـان گوزارشـتیان لـە ناكۆكیـە كەسـییەكانی نێـوان سـەید كاكـە و قادرعـەزیز كردووەتـەوە. ئـەو دوو كەسایەتیە ڕوو بەڕوو ڕەخنەكانیان ئاراسـتەی یـەك كـردووە، ئامـادەبوانیش بـە سـەر هـەردوو بـەرەی ناكۆكدا دابەش بوون، هەریەك لە عەبدولخالق زەنگەنە و قادر جەباری لایەنگیریان بۆ قادر عەزیز دەربڕیووە. زۆرینەی م.س بە لای سەید كاكە یەكلایی بوونەتەوە. ڕەسووڵ مامەند دانی بە كەمووكوڕیەكانی حزب و، تـا ڕادەیـەك بێتوانایی خۆی ناوە، كە وەكو پێویست لە ئاست چارەسەری كێشەكاندا نەبووە. ئەم هەڵوێستەی نـاوبراو لـە لایـەن بـاڵی نـاڕازی تەقـدیر كـراوە، بـەڵام هـیچ یـەك لـە لایەنـەكانی تـر نـەرمیان بەرامبـەر یـەك نەنوانـدووە بـە ئاراسـتـەی چارەسـەری كێشـەكان. هەرچـی دەربـارەی هەڵوێسـتی سـەركردایەتی كـەركوك و شـارەزوورە، هەڵوێستی خۆیـان دەربـارەی هـەردوو لایـەنی نـاكۆك یـەكلایی ناكەنـەوە، یـاخود ڕۆڵـی نێوەنـدگیری دەبیـنن، ڕەسووڵ مامەند بە جیا گلەیی لەم هەڵویستەیان دەربڕیووە[3].

دوو سـەركردەی ئـەو كـاتی سـلێمانی كـەركوك هۆكـاری سـاغنەكردنەوەی خۆیـان بـە هـیچ لایەكیانـدا دەگێڕنەوە بۆ هەڵوێستی نەرێنی ئەو لایەنانە بەرامبەریان. ڕەسووڵ مامەند و سەركردایەتی دڵیان لە لقەكانی سلێمانی وكەركووك كرمێ بووە بەوەی گوایە بەلای یەكێتی دەڕۆن. باس لەوە دەكەن قادر عـەزیز بـە ئاشـكرا لەو كۆبوونەوەیە تۆمەتباری كردوون بەوەی پابەندی سەركردایەتی نین. پیشاندانی نامەیەكی قادر عەزیز بە محەمـەدی حـاجی مـەحموود، كـە پێشـتر بـۆ سـعد عەبـدوڵا نێـردراوە، تیایـدا بـە ڕەجعـی و دژەماركسـی، سەركردەكانی ئەو ناوچەیە تۆمەتبار دەكەن، جگە لـەوەش نـاوی شاكەلی ناودەبـەن بـە لاواز (لـەڕ)، محەمـەدی

---

[1] چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣.

[2] حزبی سۆسیالیستی كوردستان _ عێراق ئیتجاهی دیموكراتی شۆڕشگێڕ : س . پ ، ل٩-١٠.

[3] كۆنووسی كۆبوونەوەی "شووشان" محەمەد شاكەلی لە كتێبی" لە بزووتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی كوردستان" بڵاوی كردووەتەوە، هۆكاری بڵاوكردنەوەی كۆنووسەكەی گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی كۆبوونەوەیەكی چارەنوسساز بووە، ناوبراو پێی وایە ڕیشـەی ناكۆكیـەكانی پاشـتری حـزب لـەم كۆبوونەوەیـەوە سەرچـاوەی گرتـووە، بـۆ زانیـاری زیـاتر لـە مـەڕ كـۆی نـاوەرۆكی كۆبوونەوەكانی شووشان بڕوانە، محەمەد شاكەلی: س.پ،ل٧٥-١١٩.

حاجی مەحموودیش بە قەڵەوەکە، ئەوانیش بەربینیان بە تەواویی بەو نامەیە گیراوە، پێدەچێت ئەو نامەیە ناڕاستەوخۆ هەڵوێستی هەردوو لقی بەلای مامەند یەکلایی کردبێتەوە [1].

لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانیاریانەداو بە پشتبەستن بە گوتەکانی کۆنووسی کۆبوونەوەکە محەمەدی حاجی مەحمود ڕاشکاوانە ڕایەکانی دەربڕیوە و باسی لە کەمووکوڕیەکانی حزب کردووە بێ گوێدانە ئەوەی دەرەنجامەکەی چی دەبێت، بە نموونە دەیتوانی چاوپۆشی لە سەرکردایەتی گەرمیان و کەرکووک بکات بەوەی باسی کەموو کوڕیەکانیان نەکات، چونکە سکرتێری حزب ئامادە دەبێت و خۆی لەو باسە دەبوێرێت. لەو حاڵەتە دەیتوانی بە لای کەمەوە سۆزی ئەو لایەنە بە لای خۆیدا کێش بکات، بە تایبەتی باس لەوە دەکرێت ئەو هەڵوێستەی سەعد عەبدوڵا[2] بەرامبەر سەرکردایەتی گەرمیان و کەرکووك، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە ڕێگای قادر عەزیزەوە ئاشکرا کرابوو، بەو هۆیەوە ئاگاداری نیگەرانیەکەی ئەوان بوو[3].

بەگشتی وتەکانی عەزیز لە کۆنووسی کۆبوونەوەی شووشان دەرخەری کەموکوڕیەکانی حزبە و داواکارییە بە ئاراستەی چاکسازی لە ڕیزەکانی حزب، پێشینەی داواکاریەکانیان داواکاری بەستنی کۆنگرەیە بەرەچاوکردنی ئەوەی ساڵێك و سێ مانگ بە سەر وادەی بەستنی تێپەڕیوە، و داواکاریی بووە بۆ لێپرسینەوە لە بەشی پەیوەندییەکانی ئێرانیان، تێبینی زۆریان لە سەر ئەو بەشە هەبووە دیاترینیان ناڕۆشنی بووە لە کار وبارەکانیان و خودی لێپرسراوی ئەو دەزگایە[4].

قادر عەزیز و گرووپە ناڕازیەکەی حزب، وەکو گرووپێکی چەپی توندڕەو لەلایەن ڕکابەرەکانیان دەناسران بەرامبەر بە هەڵوێستەکانیان[5]. لە بەرامبەردا قادر عەزیز ئەو سەردەمە بە خەباتی شاخ و قۆناغی شەڕ دەناسێنێ، حزبەکانی ئەو کاتیش بە حزبی ئایدۆلۆژی ناودەبات، پێی وایە حزبی ئایدۆلۆژی و خەباتی شاخ توندڕەوی بەرهەم دێنێ، باس لەوەش دەکات، کە لە کاتی بوونی قەیران و کێشە و ناکۆکی و غەدر و ناهەقی و ناعەدالەتیدا، توندڕەویی وەکو کاردانەوەیەك دروست دەبێت؛ لە سەر ئەو بنەمایە دان بەوەدا دەنێت لە هەڵوێستەکانی توونددبووە، بەڵام ئەوە ڕەتدەکاتەوە توندوتیژ بووبێت. ناوبراو توندییەکەی دەگێڕێتەوە بۆ شلڕۆیی ڕەسووڵ مامەند و هەندێك لە سەرکردایەتی حزبەکەی، لەوەی خۆیان بواردووە لە

---

[1] محەمەد حاجی محمود: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل٢٧٨_٢٨٢؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەد شاکەلی، هەولێر، ٢٠١٦/٢/١ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود،سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/٩.

[2] سەعد عەبدوڵا عوسمان : ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی عەوێنەی سەربەقەزای مەخمور لەدایك بووە ، دەرچوی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی تەواوکردووە ، ساڵی ١٩٦٥ دا بووەتە ئەندامی (ی. ق . ك) ، ساڵی ١٩٧٤ دەبێتە پێشمەرگە ، دوای شکست و ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە پێشمەرگە لە ڕیزی ( حسیك)، لەبواری ( وەرگێڕان و ڕۆژنامەوانی و میدیا)دا کاری کردووە، بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی (حسیك) ، دوای ڕاپەڕین لەگەڵ یەکگرتنەوەی حسك و پارتیدا دەچێتە ناو پارتی و دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و چەندین پۆستی حزبی بڕیوە دوا پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە ، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤دا لەشاری هەولێر تیرۆر دەکرێت .( عوسمان ڕەسوڵ حسن (سەنگەسەری): بەشێك لە ژیانی سەرکردە نەمرەکانی کوردستان ، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی ، ٢٠١٤، ل ٧٣-٧٤).

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، سلێمانی ، ٢٠١٥/٢/٩.

[4] محەمەد شاکەلی ، س . پ ، ل١١٩.٧٥.

[5] عادل موراد : کوردستان و ( ی . ن . ك ) نیشتیمانی کوردستان ، ئەڵقەی (٢١) ، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ، ژمارە (٥٢٢٠)، (٢٠١٠/٧/٤).

لێپێچینەوەی سەرپێچیکاران، نەیانویستووە بەو هۆیەوە خۆیان خراپ بکەن، ناوبراو سەبارەت بە خۆی دەڵێت: (( لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستانە من خۆم دەکردە خاوەنی کێشەکان و لە بەرامبەر پێشێلکاریەکان بێدەنگ نەدەبووم، بۆیە لەو نێوەندەدا وەکو کەسێکی توندڕەو دەرکەوتووم))[1].

بە پشتبەستن بەبنەمای هەڵوێستەکانی ناوبراو لە کۆنووسی کۆبوونەوەی شووشان، ناوبراو بێباکانە بۆچوونەکانی دەربڕیووە، داکۆکی لێکردوون.

دوای زیاتر لە دە ڕۆژ شەن و کەوکردنی کێشە و کەموکوڕیەکانی حزب کۆبوونەوەی شووشان، ناکۆکی نێوان ئاراستەی ڕەسوڵ مامەند، سەید کاکە، مامۆستا سەعد، عادل موراد، عەدنان موفتی، خاڵە حاجی و ئەحمەد فەقێ ڕەش لە لایەك، قادر عەزیز وعەبدولخالق زەنگەنە و، هەندێك جاریش قادر جەباری، کە کۆك دەبێت لە گەڵیاندا، بەردەوام دەبێت. هۆکاری ئەوەی جەباری لە گەڵ ڕەسوڵ مامەند نەگونجاوە خۆی داوەتە پاڵ ئەو لایەنە، ئەگەر نا ئەویش لە ریزی ڕاستڕەوەکان ژمێردراوە. هەرچی دەربارەی هەڵوێستی سەرکردایەتی سلێمانی و کەرکوکە لەو نێوەندەدا، واتا محەمەد شاکەلی و محەمەدی حاجی مەحمود و شێروان شێرەوەندی، هەندێك جاریش مەلا ناسیح، یەك لەو سەرکردانە باس لەوە دەکات هەوڵیانداوە ئەو دوو لایەنە لە یەکتر نزیك بکەینەوەو یەکڕیزی حزب بپارێزین، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو سەرکردەیە ئەوە ناشارێتەوە کە لە لایەنی فیکری و پەیوەندی کەسی نزیکی زیاتریان لەگەڵ ڕەسوڵ مامەند هەبووە[2].

لایەنی بەرامبەر ئەم دوو لایەنە بەوە تۆمەتبار دەکات، کە ئەم هاوپەیمانیە لە ژێر کاریگەریی ئێران بە مەبەستی لاوازکردنی باڵە چەپەکە و لە ژێر چاودێری نوێنەری(دۆستان) ئەنجام دراوە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش بەڵگەیان هێناوەتەوە[3].

لێرە ئەوە بە دەردەکەوێت لەناو م.س باڵی چەپ یان ئۆپۆزسیۆنی کەمینەیەکی زۆر کەم، بەرامبەر بە لایەنی دەسەڵات پێکدێنێت، ئەنجامی کۆبوونەوەکە کێشەکان بە بێ چارەسەر مانەوە، و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بوو بە تایبەتی پاش دەرچوونی کۆمەڵێك بڕیاری م.س لە ژێر حوکمی لۆژیکی کەمینە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە کۆنگرەی حزب و گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانە کە داواکاری سەرەکی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکە بوو هیچیان نەهاتبوو[4] . لە بەرامبەردا کۆمەڵێك سزا بەسەر ڕەوتە چەپەکە سەپێنراوە، کە لەلایەن ئەو ڕەوتەوە هەزمنەکراوە، لە بەرامبەردا ئەو ڕەوتە یاداشتێك بۆ (م.س) پارتەکەیان بەرزدەکەنەوە، وێڕای ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانیان، جەخت لە داواکاریەکانی پێشوویان، بەتایبەت دیاریکردنی کاتێك بۆ بەستنی کۆنگرە دەکەنەوە[5]. گرنگترن پوختەی یاداشتەکە بریتی بوو لە :

١. ناوبردنی قادر عەزیز بە ئەنجامدانی تەکەتوول ڕەتدەکەنەوە، پشتیوانی هەڵوێستی ناوبراو دەکەن، بەوەی ناوبراو نەك کاری بە ئاراستەی پەرتبوون نەکردووە، بەڵکو هەوڵەکانی ناوبراو بە ئاراستەی یەکڕیزیی حزبە و لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبە.

---

[1] نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لەرێگای پۆستی ئەلکترۆنییەوە.

[2] محەمەد شاکەلی: س. پ ، ل١١٨،١١٧.

[3]حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ : س .پ ، ل ١٠.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ عوسمان بانیمارانی، کۆیە ، ٢٠١٦/٢/٢١ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن حوسێن، ٢٠١٦/٢/٢٣.

[5] بۆ دەقی یاداشتەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٢).

**٢. دەستبەسەرکردنی ئارامیان ئیدانە کردووە، پێیان وابووە، ڕێوشوێنی ناشەرعی بەرامبەر گیراوەتە بەرو پێشێلی مافەکانی کراوە.**

**٣- پوچکردنەوەی ژمارە ٤ی بڵاوکراوەکەی بادینانیان لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، وێڕای ئەوەی م.س پێشتر زانیاریان لەسەر بڵاوکراوەکە هەبووە، بابەتەکانی ناویشی لەسەر بنەمای سۆسیالیزمی زانستی نووسراون، لەو سۆنگەیەوە ئەو هەڵوێستەیان، بە گەڕانەوە لە فیکری حزب زانیووە.**

**٤. دەرەنجامی بڕیار و کۆبوونەوەکانی لیژنەی مەرکەزی، لەسەر بارودۆخی نێو دەوڵەتی، گەڕانەوەی تەواوی حزبی پێوە دیارە لە ڕووی بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵیاندا.**

**٥. بڕیاری گواستنەوەی هاوڕێ بەڵێنیان بۆ لقی دهۆك بە دروست نەزانیووە، چونکە پێیان وابووە لە هەولێر دەتوانێت خزمەتی زیاتر بکات.**

**٦- گێڕانەوەی خاڵە حاجی بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکانی ئێران، بەبێ گرتنەبەری هیچ ڕێوشوێنێکی ئیجرائی بەرامبەری، وێڕای ئەوەی ناوبراو بنەبانی تەکەتوولی گرتووە و، حزبی لە پێناو بەرژەوەندی کەسی خۆی بەکارهێناوە، کۆمەڵێك کێشەی بۆ حزب درووست کردووە، پێشێلی دەسەڵاتەکانی خۆی کردووە، هیچ بەرژەوەندیەکی بە حزب نەگەیاندووە.**

**٧- بڕیاری ئاگادارکردنەوەی سەید کاکە، بەرامبەر بە هەموو ئەو پێشێلکاری و باڵباڵێن و پابەند نەبوونی بە بڕیارەکانی حزب و دەرکردنی بڵاوکراوەی پێچەوانەی پەیڕەوو پڕۆگرامی کۆنگرەی یەکەمی حزب، ئەوەی بەرامبەری کراوە نە بڕیارە و نە لێپێچینەوە.**

**٨. پشتگوێخستنی ڕۆڵی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی خوێندکاران و لاوان، دەرنەکردنی بڕیاری گشتی لە بەرژەوەندییان، لە بەرامبەردا کار بۆ بچوککردنەوەیان کراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕینی حزب لە جەماوەر.**

**٩- دامەزراندنی کۆمەڵێك کادر لەسەر ئاستی لقەکان، تەنها بۆ ڕازیکردنی کەسەکان، نەك لەپێناو بەرژەوەندی باڵای حزب.**

**١٠. دەرنەکردنی هیچ بڕیارێك دەربارەی داهات و دارایی حزب، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك لە ئەندامانی مەرکەزی تەخشان و پەخشانیان بە داهاتی حزب کردووە، وێڕای ئاگاداربوونی حزب لەو ڕاستیانە، کە ئەمە یەکێك بووە لە خاڵەکانی جێگای ناکۆکی و ناڕەزایەتیەکان.**

**١١. لەگەڵ ئەوەی ساڵێك و سێ مانگ بەسەر وادەی بەستنی کۆنگرە تێپەڕیووە، دەبوو لەو کۆبوونەوەیە کاتی بەستنی کۆنگرەی داهاتوو دەستنیشان بکرایە؛ لە بەلاغی کۆتایی ئەو کاتە دیاری نەکرابوو، ئەمەش لادانە لە پەیڕەوی ناوخۆی حزب، کە بانگەشەی بۆ ئازادی و دیموکراسی کردووە.**

**لەژێر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوە، ئەو کادرانەی واژۆیان کردووە پابەند نەبوونی خۆیان بۆ بڕیارەکان دەربڕیووە، لە سۆنگەی خوێندنەوەیان بۆ ئەو خاڵانە، پێیان وابووە لادان و پێشێلکاری لە پەیڕەو و پڕۆگرام کراوە و، پابەندی پەیڕەو و ڕێکخستنی ناوخۆی حزب نەبوون. بەو هۆیەوە ئەو کادرانەی واژووی یاداشتەکەیان کردووە، داوایان لە (م.س) کردووە چاو بە بڕیارەکانیان بخشێننەوە و، لەژێر ڕۆشنایی پەیڕەو و پڕۆگرام و ڕێکخستنی ناوخۆی حزب چارەسەری زانستی و بابەتیان بۆ کێشەکان و بارودۆخی ناوخۆی حزب کردووە، سەرکردایەتیان خستوەتە ژێر باری لێپرسراویەتی مێژوویی گەورە. لە کۆتایی**

یاداشتەکەدا هیوایان خواستووە، پێشنیاز و داواکاریەکانیان بە هەند وەربگیرێت، کە بە هۆکاری پاێزگاری و یەکێتی حزبیان زانیوە.

گرینگترین داواکارییەکانیان بریتی بوو لە:

١. بەستنی کۆنگرە لە نزیکترین کات.

٢. لە کاتی نەبەستنی کۆنگرە، پێویستە کاتێك دیاریی بکرێت بۆ بەستنی کۆنگرە، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت کۆبوونەوەیەکی تری لیژنەی مەرکەزی ببەسترێت.

٣. رەتکردنەوەی بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزی بەهۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە.

٤. تکایان کردووە، لە نزیکترین کات وەڵامیان بدرێتەوە[1].

بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی و، رەتکردنەوەی ئەو بڕیارانە بەو یاداشتەی رەوتە ناڕازیەکە بەرزیان کردەوە، بارودۆخەکەی لە نێوان هەردوو بەرە ئاڵۆزتر کردووە، دەرەتانی پێکەوە کارکردنی لە نێوان هەردوو لادا نەهێشتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرکردایەتی وەڵامی یاداشتەکە نەداتەوە و، بە پشتبەستنی لۆژیکی کەمینە و زۆرینە وەڵامیان دەدەنەوە و ئەوە رادەگەیێنن کە ئەوە بڕیاری زۆرینەی (م.س) یانە ، پێیان دەڵێن:(( ئەوەی ناڕازیە کەیفی خۆیتی چ دەکا بابیکا))[2].

لە ئەنجامی وردبوونەوە لە مشتومڕەکانی کۆبوونەوەی شووشان و دەرچوونی بڕیاری کۆبوونەوەکە، هەرچەندە دەقی بڕیاری لیژنەی مەرکەزیمان بەردەست نەکەوت، بەڵام کرۆکی یاداشتی رەوتە ناڕازیەکە، دەربڕی بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزیە، چونکە یاداشتەکە خاڵ بەخاڵی رەخنەیە و ئاراستەی بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزیە، واتا لەپشت خوێندنەوەی هەر خاڵێکی یاداشتەکە، بڕیارێکی لیژنەی مەرکەزی دەخوێنریتەوە، لە هەمان کاتدا خودی یاداشتەکە، ئەوەمان بۆ روونەکاتەوە بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزی لە سەر بنەمای لۆژیکی کەمینەو زۆرینە دراون، چونکە رەوتە چەپەکە زۆرترین ئیجرائاتیان بەرامبەر کراوە، لە پێشەوەیان قادر عەزیز و بەڵێن عەبدولا و ئارام بوون، لە بەرامبەردا سەید کاکە و خاڵە حاجی کە تێبینی زۆریان لەسەر بوو لەلایەنی بەرامبەر، بە بەراوردی ئەوان کەمترین ئیجرائاتیان بەرامبەر کراوە و، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون. جگە لەوانەش داواکاریەکانی رەوتی ناڕازی لە بەستنی گۆنگرە و، ئیدارە و دارایی و رێخستن، رەنگی نەداوەتەوە، چونکە لە کۆتایی یاداشتەکە ئەو داواکاریانە پشتڕاستکراوەتەوە.

هەرچەندە لە شێوەی دەقی یاداشتەکە هەست بەوە دەکرێت، کە بەشێوەیەکی توند دەربڕدراوە و ئاراستەی سەرکردایەتی کراوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەست بە بێباکی سەرکردایەتی ئەو حزبە دەکرێت بەرامبەر داواکاری ئەو کادرانە، بەوەی هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی نەناوە بە ئاراستەی خاوکردنەوەی بارودۆخەکە، بە واتای ئەوەی لەلایەن حزبەوە، هەست بە بەرسڤێکی ئەرێنی ناکرێت بۆ داواکاری ئەو رەوتە.

بەڵێن عەبدولا وەك سەرکردەیەکی دیاری ئەو رەوتە، ددان بەوەدا دەنێت کە ئەوان لە شێوەی بیرکردنەوەیاندا زۆر رادیکاڵ بوون، داوایان کردووە داواکاریەکانیان دەمودەست جێبەجێ بکرێت، کە هەندێکیان لەو کاتەدا توانای جێبەجێکردنیان ئەستەم بوو، لە بەرامبەردا باس لە هەڵوێستی سەرکردایەتی

---

[1] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).

[2] حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ : س . پ ، ل ١١.

حزبەکەی دەکات کە لە بەرامبەر کەمترین داخوازیی و داواکاریەکانیان گوێی خۆیان ئاخنی بوو، ئامادەی جێبەجێکردنی نەبووین، و بە نامۆ لەوانیان روانیوو ە[1]. سەرکردایەتی نەك هەر وەلامی داواکاریەکانی نەداوەتەوە، بگرە هەنگاوی یەکەمیان هەڵگرتووە بەوەی خۆیان لە کادرەکان جیاکردووەتەوە و بارەگای م.س یان جێهێشتووە و لووتکەی شاخەکانیان لێ گرتووە[2]. لە بەرامبەردا کادرانی ئەو رەوتە خۆیان بۆ جێهێشتنی ناوچەی سەرکردایەتی ئامادە دەکەن، پاساوی هەردوو لایان بۆ دابڕانیان لە یەکتری رێگرتنە لە هەر رووداوێکی نەخوازراو و، بەتایبەت ئەگەری پێکدادانی چەکداریی[3].

پێدەچێت لای زۆرینەی هەردوو لا بە پارێز بوو بن بەرامبەر یەکتری، نیازی پێکدادانی چەکداریان نەبووبێت، بە بەڵگەی قادر جەباری، وەك لە پێشتر باسمان کرد، لایەنگری رەوتە ناڕازیەکە بوو، بەلام دیارە لەو هەڵوێستەی هەر لە سەرەتاوە دڕدۆنگ بووە، بەلام دواجار هەڵوێستی خۆی بە لای م.س یەکلایی دەکاتەوە، لەلایەن دوو پێشمەرگەی ناڕازی دەگەیێنرێتەوە، لای سەرکردایەتی بۆ رێگری لە روودانی هەر کارێکی نەخوازراو[4]. بەو شێوەیە رەوتە نارازیەکە شەوی ١٥-١٦/ئابی/١٩٨٥ ناوچەکانی سەرکردایەتی حزبەکەیان جێدێڵن. باس لەوە دەکرێت لە کاتی جیابوونەوەیان سەرکردەی رەوتەکە قادر عەزیز لەگەڵ بەهمەن حوسێن یەکتریان ماچ کردووە و، ئاهی خۆشی خۆی دەربڕیووە بەرامبەر ئەوەی دابڕانەکەیان بێ خوێن رشتن بووە . ئەو جیابوونەوەیەی بە یەکەم جیابوونەوەی جولانەوەی کورد ناو بردووە، کە بەبێ خوێنڕشتن ئەنجام دراوە[5].

بەمشێوەیە ئاراستەکان بە تەواوی لێك دووركەوتنەوە، زەنگی کەرتبوون لە ریزی حسك لێیدا و، ئاسۆی دروستبوونی پارتێکی نوێ لەو گۆڕەپانە ئاڵۆزەی کوردستان بە دیاردەکەوت، لە باسی دووەم درێژە بەم باسە دەدەین.

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدولا ، هەولێر ، ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ عەدنان موفتی ، هەولێر ، ٥ /٢/ ٢٠١٥ ؛ چاوێکەوتنی توێژەر لە گەڵ عوسمان بانیمارانی،کۆیە، ٢٠١٦/٢/٢١.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ د.سەردار، هەولێر، ٢٠١٥/٣/٢٤.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن حسێن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣.

## باسی دووەم/ کەرتبوون لەڕیزەکانی حسك و دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

### تەوەری یەکەم: کەرتبوون لە ریزەکانی حسك.

لە یەکەم بەیانی رەوتە چەپەکەدا دوای جیابوونەوەیان هاتووە، کە سەرەتای دوورکەوتنەوەیان ئامانجی جیابوونەوەی لە پشتەوە نەبووە، بە قەدەر ئەوەی ویستویانە پەیامێکی بەهێز بگەیێنن بە بەرامبەر، تاکو بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە بکەنەوە بۆ بەلاداخستنی گیروگرفتەکان و، رێگریکردن لە تەقینەوەی بارودۆخەکە و، یان بە لای کەمی دواخستنی بۆ ماوەیەکی تر، لەو سۆنگەیەوە بڕیاریان داوە ئەو هەڵوێستەیان بە دوو قۆناغ دەست پێ بکەن:

قۆناغی یەکەم: دوورکەوتنەوەیان لەو گرووپە، چونکە پێیان وابووە ئەو گرووپە پیلان دەگێڕن بۆ پێکدادانی چەکداری لەنێوانیادا، تاکو بەو هۆیەوە لەکەداریان بکەن، بۆیە بەو هەڵویستەیان ویستویانە رێگری لەو پیلانە بکەن؛ لە لایەکی تر ویستویانە دەرفەتێك بەو لایەنە بدەن تاکو چاو بە سیاسەتی خۆیان بەرامبەریان بخشێننەوە.

قۆناغی دووەم: قۆناغی دووەم لەو هەڵوێستوەرگرتنەیان بریتی بووە لە ماوەیەك چاوەڕێکردن، ئەگەر هاتوو ئەو گرووپە لە سیاسەتی سەپاندنی خۆیان سووربن، ملنەدەن بۆ چارەسەرکردنی لایەنی کەمی گیروگرفتەکانیان، ئەوکات لەبەر رۆشنایی بێ هیوابوونیان لەپێکەوە ژیان، لەگەڵ رەوتەکەیاندا کۆبوونەوەیەکی فراوان یان کۆنفرانسێك دەبەستن و بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن. لە بڵاوکراوەکەیان هاتووە لە ئێوارەی ١٩٨٥/٨/١٥ ئەو هەڵوێستەیان گەیاندووە بە حزبەکەیان و، ناوچەی شووشانیان بۆ جێهێشتوون[(١)].

هەنگاوی دوای جیابوونەوەی رەوتە چەپەکە ئەوە دەبێت، پەیوەندی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی ئەو کاتی گۆڕەپانی سیاسی دروست بکەن. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لەکاتی پەرەسەندنی ناکۆکیەکان، ئەم رەوتە جۆرێك پەیوەندییان لەگەڵ پ.د.ك و حشع درووست کردبوو، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوە بوو پەیوەندییەکە تا رادەیەك شاراوە بوو، هۆکاری بە پەنهانی مانەوەی پەیوەندییەکانیان ئەوە بوو، کە هەردوو لایەنی سیاسی ناوبراو لەگەڵ حزبی دایکدا لە یەك بەرەدا بوون، ئەویش بەرەی جود بوو، زۆرجاریش سەرکردایەتی (حسك) گازندەی لە هەردوو لایەنی هاوپەیمان کردبوو لەمەڕ هاوکاریەکانیان بەرامبەر ئەو رەوتە، بەڵام ئەوان ئەوەیان رەتکردبووەوە کە هاوکاری ئەو رەوتەیان کردبێت[(٢)]. بۆ ئەو مەبەستە رەوتەکە شاندێك پێکدێنێت تاکو سەردانی ئەو لایەنانە بکات، تاکو هەڵوێستی خۆیانیان بۆ شیبکەنەوە، ئەوانیش لای خۆیانەوە هاوکاریان بکەن لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان، پاش سەردانی شاندی ناوبراو، بۆ لای هەردوو حزب لەسەر جۆرێك هاوکاری لەگەڵیان رێکدەکەون، بەتایبەتیش پاش ئەوەی سەردانی م.س پارتی لە راژان دەکەن، بە باشی دەزانن بۆ هەمان مەبەست سەردانی ئێرانیەکانیش بکەن، بەڵام ئەوەی شایانی باسە

---

(١) حزبی سۆسیالیستی کوردستان _ عێراق ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ : س.پ ، ل ٢٣.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ محەمەد شاکەلی، هەولێر، ٢٠١٥/٢/١.

باس لەوە دەکرێت حسك بە هۆی پەیوەندییە باشەکانی خۆی لەگەڵ ئێرانیەکان، وێنایەکی خراپیان بۆ ئەو ڕەوتە دروستکردووە، کاتێك سەردانی ئەوێیان کردووە، لەلایەن ئێرانیەکانەوە گیراون[١].

نامەیەکی( م.س. حسك) بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکانی ئێرانیان پشت ڕاستی ئەو ڕاستیەی پێشوو دەکاتەوە، کە سەرکردایەتی سۆسیالیست بێ ئاگا نەبوون لە جووڵەی ئەو شاندە و، داوایان لێ دەکات بیانخەنە ژێر چاودێری خۆیان و، لە هەڵوێستی پارتی بەرامبەر ئەو ڕەوتە ئاگاداریان بکەنەوە، لە نامەکە ئەوە بەدەردەکەوێت، ئاگاداری هەڵوێستی شیوعیش بووبن، بەوەی لە نامەکەدا دەڵێ:(( قادر عزیز لەگەل ٢٦ کەس چوونە لای هاورێیان. دیارە ئەوەی مەبەستیان بووە بۆیان تحقیق نەبووە و وەزعەکە بە دڵی ئەوان نەبووە.)) [٢].

قادر عەزیز هۆکاری بەگرتدانیان بۆ دوو مەبەست دەگێڕێتەوە، یەکەمیان ڕادەستکردنەوەی بارەگای ناوچەی حزب لە ئالۆەتان، دووەمیش گەڕانەوەی خۆی بۆ شووشان، باس لەوە دەکات ئەوانە بە حزبی سۆسیالیست نەدەکرا، بۆیە بە پاسداری ئێران [٣]بەگرتیان دان[٤].

هەرچی دەربارەی باقی هێزەکەی ئەو ڕەوتە بەرەو ناوچەکانی بادینان و جووڵەدەکەن، تاکو لە بارەگا کۆنەکانی تری ئەو ناوچەیەی خۆیان، هەواری خۆیان هەڵدەن، پاش جێگیر کردنی هێزەکانیان بڕیاری ئەوە دەدەن دەست بە جوڵەی پێشمەرگانە بکەن تاکو گەڕانەوەی شاندەکەیان، هۆکاری سەرەکی بڕیاری جووڵەکردنی هێزەکانیان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان دەگێڕنەوە، چونکە ئاسان نەبووە لەو ڕۆژگارە، ئەو پێشمەرگانە بتوانن بژێوی خۆیان لە جێگایەکدا پەیدا بکەن[٥]. لەکاتی هاتنە خوارەوەی ئەو پێشمەرگانە بەهۆی تێکەڵبوونی پێشمەرگەکانی ئەو ڕەوتە و سۆسیالیست دەبێتە هۆی پێکدا هەڵپژانی هەردوو هێزەکە و لە ئەنجامدا فەرماندەی دیاری هێزەکانی سۆسیالیست قادر مستەفا لەو نێوەندەدا دەکوژرێت[٦].

کوژرانی قادر مستەفا لەسەر ئاستی کوردستان دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت بەشێوەیەك سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ئەوکات بە دەرکردنی بەیانی ناڕەزایی ئیدانەی ئەو ڕووداوە دەکەن، ئەم ڕووداوە پەیوەندییەکانی ئەو ڕەوتەی خستە قەیرانێکی قووڵەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی شاندەکەیان، لە هەوڵی دانانی بناغەی پەیوەندییە حزبیەکانیان بوون، لەو ڕێگایەوە لە لایەن ئێرانیەکانەوە دەست بەسەر کرابوون، بەڵام لە کاتی ڕووداوەکە ئازاد کرابوون ، و باس لەوە دەکەن لە ڕێگای حزبی شیوعیەوە بە ڕووداوەکەیان

---

[١]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عوسمان بانیمارانی،کۆیە ،٢٠١٦/٢/٢١.؛ نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لەڕێگای پۆستی ئەلکترۆنییەوە.

[٢] بەڵگەنامەی ژمارە نامەی م.س، وەرگیراوەلە :_ (محەمەد حاجی محمود، ب٣.ل٥٩٣_٥٩٤).

[٣] ئێرانیەکان لە نەغەدە قادر عەزیز دەست بەسەر دەکەن، لە پاشان پاسدار هێرش دەکاتە سەر بارەگای ئالۆەتان و د.سەردار پێشمەرگەکان دەست بەسەر دەکەن و لە پاشان هەردووکیان ڕادەستی هێزەکانی سۆسیالیست دەکەن بە مەرجی پاراستنی گیانی ناوبراوان. بەڵام پاش ئەوەی ناگەن بە هیچ ئەنجامێك ئازادیان دەکەن. (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدولا ، هەولێر ، ٢٥/ ٢٠١٥/٢ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ د.سەردار، هەولێر، ٢٠١٥/٣/٢٤).

[٤] نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لەڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنیەوە .

[٥]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن حسێن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣.

[٦]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن حسێن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣.

زانیووه و پێیان ڕاگەیاندوون ئەوە سەرەتایەکی خراپە بۆیان هاتۆتە پێش، و ئەوانیش لای خۆیانەوە دان بەوەدا دەنێن ئەوە پێشەکیەکی خراپ بووە بۆیان هاتۆتە پێش[1].

لە هەمووشی کاریگەرتر ئیدانەکردنی ئەم ڕووداوە لە لایەن بەرەی جودەوە دەبێت، ئەوان وێڕای سەرکۆنەکردنی ڕووداوەکە، ئەنجامدەرانی ئەم کارەیان بە تاوانبار و چەپەڵ ناوبردووە، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان داوە، بۆ لێپرسینەوە لە تاوانباری سەرەکی ئەم کارە، تیایدا هەر یەك لە دکتۆر ڕەشید مەغدید و عوسمان بانیمارانی و زرار جۆلابە ئەنجامدەری ئەم کارە تۆمەتبار دەکرێن و داوایان لێ دەکرێت لە بەر دەمی لیژنەی لێکۆڵینەوە ئامادە بن[2].

لەسەر ئەو بنەمایە و بە هۆکاری سوربوونی پارتی لەسەر رادەستکردنی تۆمەتباران، لەلایەکی ترەوە ملنەدانی ئەم ڕەوەتە چەپە بۆ رادەستکردنەوەیان، پەیوەندی هەردوو لایەنی خستبووە بارودۆخێکی ئاڵۆزەوە، بەتایبەتیش بۆ ئەو گروپە، چونکە دەرەتانی ژیانی سیاسی لە بەردەمیدا زۆر تەنگەبەر ببووەوە، لەبەر ئەوەی هیچ دۆستێکی تری لە گۆڕەپانەکە نەبوو، قادر عەزیز هۆکاری فشاری پارتی بەرامبەریان، وای دەبینێ پارتی ئەو دەرفەتەی قۆستوەتەوە لە دژیان، ئەگینا پارتی غەمی کوشتنی قادر مستەفای نەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی پارتی دوای یانزدە ڕۆژ لەو ڕووداوە ئەحمەد فەقێ ڕەشی[3]، ئەندامی (م.س )ی سۆسیالیستیان لە بۆسەیەکدا لەناوبرد، ناوبراو بە ڕێگاوە بوو بۆ بەهانەوە چوونی ڕووداوەکەی قادر مستەفا، قادر عەزیز لەسەر ئەو بنەمایە پێی وایە ئەو ڕووداوە دەرفەتێك بوو بۆ پارتی تاکو جوڵانەوەکەیانی پێ لەناوببات، ئەوەش ناشارێتەوە کە پارتی لەو ماوەیەدا تووشی دەردەسەریی کردوون؛ بەڵام سەرەڕای ئەوانەش نەچوونەتە ژێر فشارەکانیان و بکەرانی ڕووداوەکەیان رادەست نەکردوون، چونکە هیچ دڵنیا نەبوون لەوەی کە ئەو رادەستکردنە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە بێت ، بەڵکو داوایەکی سیاسی بووە بە ئاراستەی لەباربردنی شیرازەی حزبەکە[4].

لەلایەکی ترەوە وا لێکدەدرێتەوە پارتی فشاری ئێرانی لەسەر بوویێت بۆ گرتنی ئەو کەسانە، و بە کاریگەریی خاڵە حاجی بووە، پاش ئەم فشارانە بۆ ڕەوتەکە ڕووندەبێتەوە، یان دەبێت ناوچەکە چۆڵ بکەن، یان خۆیان بۆ پێکدادانی چەکداریی ئامادە بکەن، بە ناچاری و بۆ ڕێگریی لەو ئەگەرە، بڕیاری چۆڵکردنی دەڤەرەکە دەدەن[5]. باس لەوە دەکەن کە لە کاتی چۆڵکردنی ناوچەکە لە تاریکی شەودا هێزەکانی پارتی بەرەو شوێنەکانی ئەوان هەڵدەکشێن، لە ئەنجامی دەمەتەقێی نێوانیان ئەوەیان بۆ ڕووندەبێتەوە ئەو هێزە بۆ لێدانی ئەوان جووڵەی پێ کرابێت، بەتایبەتیش پاش ئەوەی هێزەکانیان دەڤەرەکە جێدێڵن و بەشێك لە پێشمەرگەکان لە بارەگاکەیان جێدێڵن، ئەو پێشمەرگانە لەلایەن هێزەکانی پارتی دەست بەسەر دەکرێن ، وەکو خۆیان باسی لێوە دەکەن ئەو پێشمەرگانەیان بۆ ماوەی حەوت مانگ و چواردە ڕۆژ لای پێشمەرگەکانی

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ د.سەردار، هەولێر ٢٠١٥/٣/٢٤.

[2] صلاح خرسان: م .س، ص٨٥٣.

[3] محەمەد حاجی محمود، ب٣.ل٥٩٣، ٥٩٤.

[4] نامەی قادر عەزیز بۆتوێژەر لەرێگای پۆستی ئەلکترۆنییەوە.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عوسمان بانیمارانی،کۆیە ،٢٠١٦/٢/٢١؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣.

**پارتی میوان بوون[1]. بەڵام دوای ئەو ماوەیە و بە هۆی نزیکبوونەوەی تاکلایەنەی سۆسیالیست و یەکێتی نێوان ئەو دوو لایەنە ئاسایی دەبێتەوە و، بینینێکی نێوان قادر عەزیز و مسعود بارزانی پەیوەندییەکانی هەردوو لایان دەچێتەوە دۆخێکی ئاسایی و تاڕادەیەکی دۆستانە و پێشمەرگەکانی هەردوولا هاوبەشی چەند پێکدادانێکی چەکداریی لە دژی ڕژێم دەکەن[2].**

**هەرچی دەربارەی چۆنیەتی پەرەگرتنی ڕێکخراوەکەیە، بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە نەپەرژاونەتە سەر دانانی چوارچێوەیەك بۆ ڕێکخراوەکە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکەین خودی ڕووداوەکان لە لایەکەوە کەلێنی نێوان سەرکردایەتی و ڕەوتەکەی فراوانتر کردووە، دەتوانین بڵێین ئەگەر ئومێدی پێکەوە کارکردن لای بەشێك لە کەسانی میانڕەوی هەردوو لا هەبووبێت، ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە، بەتایبەت گیرانی قادر عەزیز و کوژرانی قادر مستەفا، ئەو ئومێدەی لە گرێژنەوە ترازاند[3].**

**بۆ ڕەوتەکەش پاش گیرانی قادر عەزیز و تووشبوونی پێشمەرگەکانیان بەو ڕووداوە و گەڕانەوەیان بۆ بارەگاکانیان، لەپاشان هاتنەوەی قادر عەزیز، هەست بەبوونی پاشاگەردانیەك دەکەن، لێرەوە بیرۆکەی پەرەگرتنی ڕەوتەکەیان لە چوارچێوەیەکی سیاسی لەلا گەڵاڵە دەبێت، بۆ ئەو مەبەستە پێویستیان بە بەستنی کونفڕانسێك یان کۆنگرەیەکی فراوان دەبێت، تاکو لەوێ وەکو عورفێکی ڕێکخراوەیی، شەرعیەتێکی ڕێکخراوەیی بەخۆیان بدەن و وەکو هێزێکی سیاسی نوێی گۆڕەپانی سیاسی خویان بناسێنن ، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاریاندا یەکەم پلینۆمی خۆیان لە ١٩٨٥/١٢/١٢ ببەستن[4].**

### تەوەری دووەم/ دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

**بەمشێوەیە پاش ئەم مێژووە بە فەرمی، باڵە چەپەکە جاڕی جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند، هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی لە نێوان ئەو دووبەرەیەدا نەما. ڕیزەکانی حسك تووشی کەرتبوون هات، ئەم ڕەوتە یەکەم هەنگاوی بە ئاراستەی پەرەگرتنی ڕێکخراوەکەیان نا بۆ ئەو مەبەستە ، لە ڕۆژانی ١٢ـ١٩٨٥/١٢/١٤ لە گەلی زێوشکانی دەڤەری بادینان زنجیرەیەك کۆبوونەوەی فراوانی(پلینۆم) کادیرانی**

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ ئاسۆ حەسەن، هەولێر، ٢٠١٦/٤/٧(ساڵی ١٩٥٨ لە هەولێر لەدایك بووە ، ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٧٧–١٩٧٩ پەیمانگای هونەری لە شاری بەغداد تەواو کردووە ، لە کانونی دووەمی ١٩٧٧ دا پەیوەندی بە ڕیزەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستەوە لە بەغداد کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بووە بە کادری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (حسك) ساڵی ١٩٨٣ –١٩٨٥ سکرتێری لاوانی سۆسیالیست بووە ، ١٩٨٥دا و لە کەرتبوونی ناوخۆیی (حسك) دا لە گەڵ زەحمەتکێشان کەوت ، تا پلەی ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبەی بڕیووە ، لە ساڵی ٢٠١١ وە بەڕێوەبەری گشتیە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری .

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ بێکەس قادر، هەولێر ٢٠١٦/٢/٢٣" چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەریوان زەندی، هەولێر ٢٠١٦/٣/٣١.(عەبدول خالق سابیر شەریف (مەریوان زەندی): ساڵی ١٩٦٥ لە هەولێر لەدایك بووە ، لە ئایاری ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە ، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندەی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە لە ڕیزەکانی زەحمەتکێشان ، وەك کادرێکی ڕاگەیاندن لە ڕاگەیاندنی زەحمەتکێشدا کاریکردووە ، دوای ڕاپەڕین لەکاری ڕاگەیاندن و پێشمەرگایەتی بەردوەوام بووە ، ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانە ، ئێستا ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە .

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ ئاسۆ حەسەن، هەولێر، ٢٠١٦/٤/٧"چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەعد خالد هەولێر ٢٠١٦/٤/٣.( سەعد خالد محەمەد ئەمین : ساڵی ١٩٦٣ لە شاری هەولێر لەدایکبووە ، ساڵی ١٩٧٩دا دەبێنە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستدا ، دوای ساڵی ١٩٩٢ چەندین پۆستی حکومی و حزبی وەرگرتووە ، ئێستا ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی .

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ گۆران جەلال هەولێر ٢٠١٦/٢/٢٣" چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدولا ، هەولێر ، ٢٥/ ٢/٢٠١٥.

تـەنزیمی و پێشـمەرگەیی ئەنجامـدا، ئـەنجامی یەکـەم پلینـۆمی ئـەو ڕەوتـە، وەکـو لایـەنێکی سـەربەخۆی کوردستـانی خـۆی ناسـاند، بڕیـاری دا لـەژێر نـاوی ( حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان . عێـراق/ ئیتجـاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)، درێژە بە خەباتی تەنزیمی و پێشمەرگەیی خۆی بدات. هەر لەو پلینۆمە کۆمیتەیەکی ئامادەیی هەڵبـژارد، بۆ ئـەوەی سـەرکردایەتی ئـەو ئاراسـتەیە بکات تا گرێدانی کۆنفڕانس[١]. هەرچـەندە لـە ڕووی عورفی ڕێکخراوەیی ئەم مێژووە بە دیرۆکی لـە دایکبـوونی ئـەو پارتـە دادەنرێت، بـەڵام زەحمەتکێشان خۆی بە درێژەپێدەری سۆسیالیست دەزانێت، مێژووی راستەقینەی دامەزراندنەکەی و کادر و سەرکردەکانی بۆ ئـەو سـەرەتایە دەگێڕێتـەوە[٢]. نـەك هـەر ئـەوە، جگـە لـەوەی ئـەم دیرۆکـە بـووە مێـژووی لـەدایکبوونی پارتەکەیان، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی لە بەیانەکانیان بەدەردەکەوێت تا بەستنی کۆنفڕانسی یـەك لـە ٨ی ئابی ١٩٧٦یان کردووە بە ڕۆژی دروستبوونی پارتەکەیان[٣].

دەربـارەی دانـانی پـەیڕەو و پرۆگرامێکـی نـوی بـۆ پارتەکـەیان، بـەو نـاوەی سـەرکردایەتی پارتەکـەیان تۆمـەتبار کرابـوو، کـە لـە بەرنامـەی حـزب لایـان داوە، لـەو سـۆنگەیەوە بڕیاریـان داوە پابەنـدی پـەیڕەو و پرۆگرامی کۆنگرەی یەکەم بکەن تا بەستنی کۆنفڕانس یان کۆنگرەی داهاتوو[٤].

دەربـارەی نـاوی حـزب، لـەو پلینۆمـە بڕیـار دەدەن ناوەکـە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە" لەگـەڵ زیـادکردنی پاشـگری ئیتجـاهی دیمـوکراتی شۆڕشـگێڕ بـۆ نـاوی حـزب، یـەك لـە ژێـدەرەکان هۆکـاری هەڵبـژاردنی ئـەم پاشکۆیە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو حزبانەی لە قۆناغی بزاڤی نیشتمانی، خـەباتی چینایـەتی و نەتەوایـەتی پێکـەوە ببەسـتنەوە، (دیمـوکراتی شۆڕشـگێڕ) دەکـەن بـە ناسـنامەی فکـری خۆیـان، بـاس لـەوە دەکـات ئـەو دیدگایە لە لایـەن لێنینـەوە خراوەتـە ڕوو بۆ ئـەو گەلانـەی کـە لـە قۆنـاغی خـەباتی ڕزگاریی نیشـتیمانیدان، و حزبی دیموکراتی شۆڕشگێڕ دوای تـەواو کردنـی ئەرکـەکانی لـە قۆنـاغی ڕزگاریی نیشـتمانی دەگۆڕدرێت بـۆ حزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ئەو سەرچاوەیە ئەم پاشگرە بە داهێنراوێکی نوێ دانانێت بۆ حزب، بـەڵکو دەیگێڕێتـەوە بۆ ئـەوەی ڕێبـازی ئایدۆلۆژیای حسك لـە کۆنگرەی یەکـەمی حزبەکـە تەبـەنی کـراوە، لـە پـەیڕەوی نـاوخۆ هـاتووە، حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان- عێـراق حزبێکـی دیمـوکراتی شۆڕشگێڕە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو ئاراستەیە بۆ حزب هەڵبـژێردراوە[٥]. لـە پـاش پلینـۆم هەڵوەسـتەی زۆر لەسەر ئەم چەمکە کراوە ، و لە ژمارەکانی گۆڤاری(پێشکەوتن)ی زمانحاڵی ئەو حزبە هەوڵدراوە ئەو چەمکە بە تەواوی شیبکرێتەوە[٦].

---

[١] ئاکۆ ئاکۆیی: "چەند وێستگەیەك لەمێژووی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پانۆرامای کۆنگرەکانی"، ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"، ژمارە(٩٢٨)، ٢٠١١/١٢/٧.

[٢] قادر عەزیز: سەرقەڵەمێك، ل١٦،١٥؛ دیمانەیەك لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵا، سازدانی: سەرخێڵ هاشم، ڕۆژنامـەی (ئاڵای ئازادی)، ژمارە٩٢٨، ٢٠١١/١٢/٧.

[٣] بەیانی ساڵیاد، لە ژمارە ١٩ی ئاڵای ئازادی

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ ئاسۆ حەسەن هەولێر، ٢٠١٦/٤/٧ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ نایف ڕەحمان، هـەولێر، ٢٠١٦/٤/٣؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەعد خالد، هەولێر، ٢٠١٦/٤/٣.

[٥] ئاکۆ ئاکۆیی: س . پ ، ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"، ژمارە(٩٢٨)، ٢٠١١/١٢/٧.

[٦] بڕوانە:( گۆڤاری (پێشکەوتن) ، ژمارە(١) ، ئازاری ١٩٨٦ ؛ گۆڤاری (پێشکەوتن) ، ژمارە (٢) ، ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦).

بەڵام یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حزبە باس لەوە دەکات هەرچەندە کاتی خۆی مشتومڕی زۆر لەسەر ئەو ئاراستەیە کراوە، بەڵام ئەو بابەتە هیچ بنەمایەکی زانستی نەبووە، بەڵکو پاشگرەکەیان هەر بۆ جیاکردنەوەیان بووە لە حزبی دایك، ئەو سەرکردەیە ئەوەی بە شتێکی لۆژیکی نەزانیووە دوو پارت بە یەك ناوەوە هەبێت، جگە لەوانەش نووسەری بابەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە ناوەکە بۆ جیاکاریی بووە لە حزبی دایك[1].

بەو شێوەیە حزب بەو ناوە ناسرا تا کاتی بەستنی کۆنفرانسی یەك، ناوەکە دەبێت بە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، باس لەوە دەکرێت مەرجی بەرەی کوردستانی بووبێت، تاکو ناوەکەیان بگۆڕن ئینجا بەشداریان پێ بکرێت، ئەویش لەژێر کاریگەریی سۆسیالیست[2].

لەم بابەتە رای دووەم زیاتر راستی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە کاتێك لە کۆنفرانسی یەکەم ناوی پارتەکەیان دەکەن بە زەحمەتکێشان، کورد نەگەیشتبووە ئەو قۆناغی رزگاریی نیشتیمانیەی کە باسی لێوە دەکەن، نەك هەر نەگەیشتبوو، بەڵکو بزاڤی کورد لەو کاتەدا گەڕانەوەیەکی تەواوی پێوە دیار بووە، گەیشتۆتووەتە ئاستی نوزە لەبەر بڕین، لە کۆتایی بابەتەکەمان هەڵوەستەی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە دەکەین.

کارەکانی پلینۆمی یەك بە هەڵبژاردنی لیژنەی ئامادەیی کۆتایی دێت، تاکو سەرپەرشتی حزب بکات، لە هەمان کات ئامادەکاری بکات بۆ بەستنی کۆنفرانس یان کۆنگرە، ژێدەرەکان کۆك نین لەسەر ژمارەی کەسایەتیەکانی کۆمیتەکە، نمونە سلاح خەرسان لە کتێبی "مێژووی پارتە سیاسییەکان" ژمارەی ئەو کۆمیتەیەی بە پێنج کەس، داناوە ئەوانیش بریتین لە ( قادر عەزیز، بەڵێن عەبدوڵا، بەهمەن حسێن، عەبدولخالق زەنگەنە و قەیس محەمەد ناسراو بە رێناس) [3].

کاراکتەرەکانی ئەو حزبە ئاماژە بەوە دەکەن ئەو سەرچاوەیە، لەو بارەیەوە بە هەڵەدا چووە، باس لەوە دەکەن ئەو کۆمیتەیە حەوت کەسی سەرەکی و سێ یەدەگ بووە، ئەوانیش، هەریەك لە ( قادر عەزیز، عەبدولخالق زەنگەنە[4]، بەڵێن عەبدوڵا، بەهمەن حسێن، زرار جوڵا، د.سەردار، ئاسۆ حەسەن، ئەندامی سەرەکی ، و رێناس محەمەد، کاوە محەمەد، دارا عەلی) هەڵبژێردراون، پاشان ئەوانیش لە کۆبوونەوەیەکدا ئۆرگانی ناوەندی دەستنیشان دەکەن لە هەریەك، (قادر عەزیز و عبدولخالق زەنگەنە، بەڵێن عەبدوڵا، بەهمەن حسێن)، لەناویاندا قادر عەزیز وەکو سکرتێر دانی پێدا دەنرێت[5].

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهمەن، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ ئاسۆ حەسەن هەولێر، ٢٠١٦/٤/٧..

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاسۆ حەسەن ،هەولێر، ٢٠١٦/٤/٧..

[3] صلاح الخرسان: م.س، ص٥٠٩.

[4] عبدلخالق زەنگەنە ئامادەی کۆبوونەوەکە نابێت بە غیابی هەڵدەبژێردرێت، تەنانەت لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو قادر عەزیز و عەبدولخالق زەنگەنە لەگەڵ ئەم ئاراستەیە بوون، پاش کۆبوونەوەکانی شووشان زەنگەنەش سەفەری دەرەوەی وڵات دەکات و، تەنانەت عەزیز وەکو سەرکردایەتی کۆن و هەوێنی پارتە تازەکە دەمێنێتەوە، (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عوسمان بانیمارانی،کۆیە ،٢٠١٦/٢/٢١ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ د.سەردار، هەولێر، ٢٠١٥/٣/٢٤.

[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ گۆران جەلال، هەولێر، ٢٠١٦/٢/٢٣؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵا ، هەولێر ، ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥.

کارەکانی پلینۆم جگە لە هەڵبژاردنی سکرتێر، بۆ ڕیکخستنەوەی کارەکانی ئۆرگانەکانی" ڕیکخستن، ڕاگەیاندن، پێشمەرگایەتی" دامەزراند[١]، هەر یەك لەو ئۆرگانانە لەسەر بنەمای سەرکردایەتی بە کۆمەڵ ئاراستە دەکران، بە نموونە هێزی پێشمەرگە لەلایەن لێپرسراوێکی عەسکەری و رابەر سیاسییەك و بەرپرسێکی ئیداری بەڕێوەدەچوو، دەرچوونی هەر بڕیارێك پێویستی بە ڕەزامەندی هەرسێکیان هەبووە[٢].

هەرچی دەربارەی ناسنامە و ئایدۆلۆژیای زەحمەتکێشان ، لیرەوە خۆی وەك حزبێکی چەپی باوەڕدار بە سۆسیالیستی زانستی" مارکسی لینینی" ناساند، بە پێکەوە بەستنی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی لە کوردستان، دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی گەورەی کردۆتە شاڕێگەی تێکۆشانی خۆی، پێگیریان لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و بلاوکردنەوەی بیری دیموکراتی و سەروەری یاسا کردووە لەعێراق [٣].

هەرچەندە وەك خۆیان باس دەکەن پاش جیابوونەوەیان چەپایەتیەکەیان رەنگرێژتر کردووەتەوە، لەگەڵ بەرزکردنەوەی دروشمی مافی چارەنووس[٤] ، کەچی ئەم هەنگاوە هێشتا بە تەواویی دڵخوازی هەندێك لە کادرە ناوەنجیەکانیان نابێت و راشکاوانە رەخنەکەیان ئاراستەی ئەو بەرنامەیە دەکەن، داواکار بوون حزب لەوە روونتر ناسنامەی چەپێتی خۆی دیاری بکات، بەڵام هەمدیس ئەم ئاراستەیە، هەرچەندە بە ژمارە کەمیش دەبن، کەچی بە هەوڵێکی گێرەشێوێن بە ئاراستەی تێکدانی حزب ئەژمار دەکرێت ، و هەڵوێستی توندیان بە ئاراستەی کپکردنەوەیان دەگیرێتە بەر تا ئاستی دەست بەسەرکردنیان، بەڵام لە پاشان ئازاد دەکرێن و ریزی حزب جێدێڵن[٥].

لەژێر رۆشنایی ئەو زانیاریانە ئەوە روونەبێتەوە هەرچەندە پلینۆم بڕیاری جیابوونەوەی دا، بەڵام هەمان پەیڕەو و پرۆگرامیان هەبووە، لەو کاتانەش دژایەتی حزبی دایك شتێکی چاوەڕوانکراوە بۆ حزبە تازەکە، لەلایەکی ترەوە لەژێر رۆشنایی بڕیارەکانی پلینۆم دەبوو ئامادەکاریی بکەن بۆ بەستنی کۆنفرانس یان کونگرە، لەو سۆنگەیەوە حزبی زەحمەتکێشان بۆ زیاتر سەقامگیرکردنی رەوتەکەیان، هەماهەنگی زیاتری نێوانیان و پتەوتر بوونی یەکریزی نێوانیان، کۆنفرانسی یەکەمی لەژێر دروشمی" رێکخستنی پۆڵاین و دیسپلینێکی هۆشیارانە پێش هەموو شتێك"، بە ئامادەبوونی ٣٦ نوێنەر لە ریزەکانی خەباتی چەکداری و رێکخستنەکانی ناوخۆ ، لە رۆژانی( ٢٤-١٩٨٨/٤/٢٦) [٦]، لە گوندی "کافێ" ی بناری چیای

---

[١] ئاکۆ ئاکۆیی: س.پ.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵا ، هەولێر ، ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥..

[٣] صلاح الخرسان: م.س، ص٥٠٧ .

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵا ، هەولێر ، ٢٥/ ٢/ ٢٠١٥.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ گۆران جەلال، هەولێر ٢٠١٦/٢/٢٣؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ مەریوان زەندی ، هەولێر ، ٢٠١٢/٣/٣١.

[٦] ئاکۆ ئاکۆیی: س . پ ، ژمارە(٩٢٨)، ٢٠١١/١٢/٧.( یەك لەژێدەرەکان باس لەوە دەکات، هەرچەندە لە بلاوکراوەی فەرمی راگەیێنراوە کۆنفرانس لە رۆژانی(٢٤-١٩٨٥/٤/٢٦)، بەستراوەدیرۆکی راستەقیتەی ئەو رۆژانە نیە کەکۆنفرانسی تێدا بەستراوە، بەڵکو مێژووی راستەقینەی کۆنفرانسی گێراوەتەوە بۆ(٢٨-١٩٨٨/٤/٣٠)، ووە هۆکاری هەڵە بلاوکردنەوەی بەروارەکە دەگێڕیتەوە بۆ پاراستنی سەلامەتی رێکخستنە نهێنیەکانیان، ئەو رێکەوتە هێنراوەتە پێشەوە، بۆ زانیاری زیاتر لەو

گارا له دەڤەری بادینان دەبەستن جێگای ئاماژەیە، له راگەیێنراوی کۆتایی کۆنفرانس هاتووە بە هۆی نەبوونی ڕێگای هاتنەوە هیچ نوێنەرێکی رێکخستنەکانی دەرەوە ئامادەی کۆنفڕانس نابێت بەڵکو راسپاردە و پێشنیازەکانی خۆیان بۆ کۆنفڕانس ناردووە[1].

کۆنفڕانسی یەکی زەحمەتکێشان گرنگی خۆی هەبوو بۆ سەر ژیانی سیاسی و رێکخراوەیی زەحمەتکێشان، چونکە ئەگەر پلینۆمی یەکەمی ئەو پارتە بڕیاری یەکلاکەرەوەی دابێت لە مێژووی زەحمەتکێشان، بەڵام ئەم کۆنفڕانسە هێڵی سیاسی و فیکری و تەنزیمی ئەو حزبەی وەکو حزبێکی چەپی کوردستانی کردە ناسنامەی سەرەکی خۆی[2]، لەو بارەیەوە هاتووە، بەو پێیەی کە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان_عێراق، حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕە و رابەرایەتی چین و توێژە رەنجدەرەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان دەکات، بە پێویستی دەزانێ ئەو فەلسەفەیە بکات بە تیۆری شۆڕشگێڕی خۆی و رێنوێنی خەباتەکەی، کە رەنگ لە خواستی کرێکارو زەحمەتکێشان دەداتەوە، ئەم فەلسەفەیەش مارکسیزم_لینینیزم)ە. بۆیە یەکەمین کۆنفڕانس بڕیاریدا حزب (( لە خەبات و تێکوشانی نەتەوایەتی چینایەتی خۆیدا پەیرەو لە فیکر و رێبازی مارکسیزم_لینینیزم دەکات.)) [3].

خاڵێکی تری جێگای هەڵوەستەی ئەم کۆنفڕانسە بریتی بوو لە گۆڕینی ناوی حزب، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، جیاوازی نێوان ئەم حزبە و حزبی دایك لە رووی ناو و ناوەرۆکەوە، ناوەکە هەمان ناو بوو تەنها ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕی بۆ زیاد کرابوو، لە لایەك بۆ جیاکاری و لە لایەکی ترەوە لە روانگەی باوەڕبوون بە ناوەرۆکە شۆڕشگێڕیەکەی خۆیان؛ پەیرەوی ناوخۆش پابەندبوونیان بە هەمان پەیرەوی پێشووی کۆنگرەی یەکەمی سۆسیالیست دووبارە کردەوە، چونکە تاقمی سەرکردایەتیان بە لادەر لەو رێبازە دەزانی، جگە لەمانەش هەردوو لایان یادی دامەزراندنیان هەمان رۆژی دامەزراندنی حزبەکەیان بوون.

هەموو ئەم هۆکارە هاوبەشانە وا دەکا بەردەوام ئاراستەی شۆڕشگێڕ بکەوێتە ژێر فشاری حزبی دایك تاکو، بێ هیچ مەرجێك یەکبگرنەوە. هەموو ئەم فشارانە ئەو پرسە دەکاتە رۆژەڤی کۆنفرانسەوە، بەڵام ئەندامانی کۆنفڕانس بڕای بڕ ئەو پرسە رەتدەکەنەوە لەگەڵ سۆسیالیست یەکبگرنەوە[4]، لە بەرامبەردا قادر عەزیز پێشنیازی گورینی ناوەکەیان دەکات، تاکو بەو هۆیەوە لە ناوخۆ تووشی هەڵشاخان نەبن، و لەسەر ئاستی

---

بارەیەوەو زانینی ناوی ئەندامانی کۆنفڕانس بگەڕێوە بۆ، بێکەس قادر: تیشکێك بۆ سەر یەکەمین کۆنفرانسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان نیسانی١٩٨٨ "، ژمارە(٩٢٨)، ٢٠١١/١٢/٧.

(١) ئاڵای ئازادی، ژمارە١٩/١٩٨٨ ؛ ئاکۆ ئاکۆیی: س . پ ، رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"، ژمارە(٩٢٨)، ٢٠١١/١٢/٧.

(٢) نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لەڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە ؛ بێکەس قادر: تیشکێك بۆ سەر یەکەمین کۆنفرانسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان نیسانی١٩٨٨ "، ژمارە(٩٢٨)، ٢٠١١/١٢/٧.

(٣) یەکەمین کۆنفڕانسی حزب و چەند هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەچوون: رۆژنامە (ئاڵای ئازادی) ، ژمارە(١٩)ی ٣ ئایاری ١٩٨٨.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ سعد خالد، هەولێر، ٢٠١٦/٤/٢٣؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ نایف رەحمان ، هەولێر ، ٢٠١٦/٤/٣.( نایف رەحمان محەمەد :ساڵی ١٩٥٧ لەگوندی شۆڕە زەردتگە لە کەندی ناوەی هەولێر لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٨١ دا دەبێتە پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیست ، ساڵی ١٩٨٥ بوو بەکادیری سیاسیی دەشتی هەولێر ، چەندین کاریی حزبی پێسپێردراوە ، لە کۆنگرەی حەوتەمی حزبی زەحمەتکێشاندا بوو بە ئەندامی کۆنگرەی ناوەندی و ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری حزبە .ئەندامی لقی هەولێری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە .

دەرەوەش ئەو ناوە لەسەر هەندێك پرس كێشەی بۆ درووستكردوون، بەگشتیش ئەو رایە لای ئەندامان درووست دەبێت، كە پەیوەندییەكان ئاسایی بكەنەوە، بەتایبەتیش پێش كۆنفرانس هەنگاو بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخەكە نرابوو، بۆ ئەو مەبەستە شاندێكی ئاراستەی شۆڕشگێڕ سەردانی پارتی دایكی كردبوو، لە هەمان كاتدا داواكاریان پێشكەش كردبوو بۆ بوونی بە ئەندامی بەرەی كوردستانی بەڵام لەلایەن حزبی سۆسیالیستەوە ڤیتۆ كرابوو[١]، لەو سۆنگەیەوە ئاراستەی شۆڕشگێڕ پاش مشتومڕێكی زۆر ئەو باوەڕەی لا دروست دەبێت ناوی حزبەكەیان بگۆڕن، پاش تاووتوێكردنی چەند ناوێكی جیاواز قەناعەتی ئەوە لای ئەندامانی كۆنفرانس دروست دەبێت تەبەنی ناوی زەحمەتكێشان بكەن[٢]. بەو ناوەی مادام ئەوان ئیمتدادی ئاراستەی شۆڕشگێڕن؛ هەر بۆیە زەحمەتكێش پڕ بە پڕی ئەو ئاراستەیە[٣].

لە بەیانی راگەیاندنی كۆنفرانس لەسەر گۆڕینی ناوی حزب هاتووە دەڵێت:(( كۆنفرانسی حزب بە پێویستی زانی دەست لە ناوی پێشوی حزب(حزبی سوسیالیستی كوردستان_عیراق/ئیتجاهی دیموكراتی شورشگێڕ) هەڵبگرێ و ناوی حزب بكات بە (حزبی زەحمەتكیشانی كوردستان_عیراق). هەڵبەتە ناوی نوێی حزبیش رەنگدانەوە وهەڵهێنجراوی ناوەرۆك و ماهیەتی حزبە، كە حزبی چین و توێژە زەحمەتكێشەكانی كوردستانی عێراقە و لەگەڵ گەشەكردن و قووڵكردنەوەی ناوەرۆكی داهاتووی حزبیش كۆك دەمێنێتەوە.))[٤].

لێرەوە كۆنفرانس كۆتایی بە پرسی یەكگرتنەوەی زەحمەتكێشان و سۆسیالیست هێنا و پردی پەیوەندی نێوان هەردوولا، بە ئاراستەی یەكگرتنەوە پچڕا[٥].

بەڵام لەلایەكی ترەوە وەكو پێشووتر ئاماژەمان پێدا، بەرەنجامی بەیەكگەیشتنی شاندی هەردوولا، زەمینەیەك دروست ببوو تاكو بە ئاراستەی هێوركردنەوەی پەیوەندی هەردوو لایەنی ركابەر، پاش كۆنفرانس و گۆڕینی ناوی حزب بۆ زەحمەتكێشان ، و لەپاشان و بەهۆی دروستبوونی هەڵمەتەكانی ئەنفال ئیتر بارەگای سەرجەم پارتە كوردییەكان ئاودیوی سنوورەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان كران، بەو هۆیەوە پاش ئەوەی بستێك خاكی كوردستان لەبەر دەستی پارتە سیاسییەكان نەما كە جێگای ناكۆكی لایەنەكان بێت، بەو هۆیەیەوە پارتە سیاسییەكان زیاتر لێكنزیك بوونەوە، ئیتر بەو شێوەیە و پێكگەیشتنی هەردوو شاندی زەحمەتكێشان، كە پێكهاتبوون لە هەر یەك لە عبدلخالق زەنگەنە و بەڵێن عەبدوڵا، و نوێنەرەكانی سۆسیالیست بریتی بوون لە د.مەحمود عوسمان و عەدنان موفتی، پەیوەندییەكانی هەردوو لا وەكو دوو

---

[١] حزب كادحی كردستان_العراق"ملحق رایة الحریة": چاوپێكەوتنێكی گرنگ وصریح لەگەڵ سكرتێری حزبماندا، كانونی یەكەمی ١٩٨٨.

[٢] باس لەوە دەكرێت ناوی زەحمەتكێش پیشنیازی قادر عەزیز بووبێت، چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ ئاسۆ حەسەن، هەولێر، ٢٠١٦/٤/٧.

[٣] چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ بەڵێن عەبدوڵا؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ ئاسۆ حەسەن، هەولێر، ٢٠١٦/٤/٧.

[٤] یەكەمین كۆنفرانسی حزب و چەند هەنگاوێكی بەرەو پێشەوەچوون: رۆژنامە (ئاڵای ئازادی) ، ژمارە(١٩)ی ٣ ئایاری ١٩٨٨. ١٩٨٨.

[٥]چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ گۆران جەلال، هەولێر، ٢٠١٦/٤/٣؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ نایف رەحمان، هەولێر، ٢٠١٦/٤/٣؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ بێكەس قادر، هەولێر ٢٠١٦/٢/٢٣.

پارتی سیاسی ئاسایی بووەوە، ڕەزامەندی دەربڕدرا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ببێت بە ئەندامی بەرەی کوردستانی [1].

## دەرئەنجام

کەرتبوون خاسیەتێك نی یە هەر تایبەت بێت بە پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، بەڵکو بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و لە زۆربەی حزب و ڕێکخراوە جیهانیەکان دەکرێت کەرتبوون لە ریزەکانیاندا بێتە کایەوە، مەرجیش نییە هەموو کەرتبوونێك مانایەکی نەرێنی ببەخشێت، لەوانەیە هەندێك کەرتبوون لایەنی ئەرێنیشی هەبێت، بەڵام ئەوەی جیاوازیەکە بە دەردەخات لە نێوان پارت و ڕێکخراوە کوردیەکان لەگەڵ پارتە سیاسیە جیهانیەکان، کۆی جیابوونەوەکانی سنووری توێژینەوەکەمان بە لایەنی نەرێنی شکاونەتەوە زیانی گەورەی بە بزاڤی رزگاریخوازی کورد گەیاندووە.

بە گشتی و بە درێژایی مێژووی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لێوان لێوە لە ململانێ و ناکۆکی ناوخۆیی، بە تایبەتی تریش ململانێ و ناکۆکی ناوخۆیی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٤ی نێو ریزەکانی (پ.د.ك)، کە بە هۆیەوە ریزی ئەو پارتە بە سەر دوو بەرەدا دابەش بوون، ئەوانیش باڵی سەرۆکی پارتی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، کە زیاتر بە باڵی خێڵەکی و سەربازی پارتی دەناسێنران و بە باڵی مەلایی نێو دەبران، باڵەکەی تریش باڵی سکرتێر و (م.س)ی پارتی بوون، بە باڵی رۆشنبیرو خوێندەوارەکانی پارتی هەژمار دەکران و لە پاشان بە جەلالی ناوزەد کران، ئەو کەرتبوونەی ریزی پارتی بناغەی ناکۆکیەکی لە بڕانەوە نەهاتووی بۆ پارتە سیاسییەکانی دواتر و کۆمەڵگەی کوردەواری رەنگرێژ کرد،جگە لەوەی پارتە سیاسییەکانی دواتر و کۆمەڵگەی کوردەواری تا رۆژگاری ئەمڕۆ بە سەر ئەو دوو بەرەیەدا دابەش بوو، هاوکات کاریگەری لە سەر پارتە سیاسییەکانی پارچەکانی تریش جێهێشت بە ئاراستەی کەرتبوون و هەمان رێچکەی ئەو پۆلێنکاریە بگرن.

ئەو دابەشکارییە بووە هۆکاری ئەوەی هێزە هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکان بە ئاسانی خۆیان بخزێننە درزی نێوان ئەو لایەنە ناکۆکانە، روونە ئامانجی هاتنی ئەو هێزانە فراوانکردنی زیاتری ئەو درزانە و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بووە، بە رەچاوکردنی ئەوەی هەر دەوڵەتێکی هەرێمی بەشێکی خاکی کوردستانی داگیر کردووە، هیچ کاتێك ئامادە نەبوون دان بە کەمترین مافی هیچ یەکێك لەو بەشانەی کوردستان بنێن، لە کاتی دروستبوونی ئەگەرێکی لەو شێوەیە هەمیشە ئەو دەوڵەتانە ناکۆکیەکانی خۆیان وەلا ناوە و ئەو ئەزموونەیان لە بار بردووە ، خۆ هەر هاوکاریەکی ئەو پارتانە لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە کرابێت، بەس ئەوە بووە وەکو کارتێك ئەو بزووتنەوانە بە کار بهێنن لە هەڵوێستێکی بە هێزتر بۆ لایەنی

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ بەڵێن عەبدوڵا،٢٠١٦/٣/٣١.

بەرامبەر. ئەو بار و دۆخە گەیشتە ئاستێك زۆرینەی پارت و رێكخراوەكان لە پەراوێزی یەكێك لە وڵاتانی دەرەوە بەردەوامی بە شۆڕش بدات، ئەمە وای كردووە بینینێكی روون بۆ توانا ناوخۆییەكان نەمێنێ و وای لێ هاتووە بە تەواوی پشت لە هێزە رەسەنە ناوخۆییەكە بكرێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێزە خۆماڵیەكان تووشی داخورانی ناوخۆیی ببن و پێز و بڕشت لە هێزەكانیان نەمێنێ، ئەم بێ پێزیە گەیشتە ئاستێك تواناى بەرگە گرتنی هیچ گورزێكی دەرەكیان نەمێنێ، وەكو رێككەوتنەكانی جەزائیر و وەستانی جەنگی ئێران و عێراق، گەورەترین هێزی چەكداری كوردی كرد بە سەراب.

خاسیەتێكی تری كەرتبوون لە ریزی بزووتنەوەی چەكداری، هەمیشە دیاردەی چەك لێكهەڵگرتن بووە بە ئاسانترین بژاردە و ناوبژیوانی یەكلاكردنەوەی ئەو ناكۆكیانە چەك و هێز بووە، ئەنجامیش كارەساتی گیانی و ماڵی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە.

بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ناكۆكیەكان ململانیی ناوخۆیی جیابوونەوەكان، ململانێ لە سەر گرتنە دەستی دەسەلآت هوكاری سەرەكی و هۆكاری لە پێشینە بووە، هیچ پاساویكی بە جێی نەبووە جگە لەو تەكەتوول و باڵباڵێنەی كە لە نێو حزبەكاندا هەبووە، ئینجا دواتر نەبوونی گیانی دیالۆگ و هەزمنەكردنی گیانی دیموكراسی و ئازادی رادەربڕین و دەستبەردار نەبوون لە كورسی دەسەلآت لە نێو ریزی پارتە كوردیەكان هۆكاری لە پێشینەی جیا بوونەوەكانن، لە پاش ئەوانە ئینجا پاساوی فیكری و ئایدۆلۆژی بۆ ئەو جیابوونەوانە دۆزراونەتەوە و پێی رووپۆش كراون.

گروپی جیابووەوە نەیتوانیوە چوارچێوە تەقلیدیەكە تێپەڕێنێ و نموونەیەكی باشتر پێشكەش بكات، بەڵكو بگرە لەوانەیە نموونەیەكی خراپتریش بوبێت، زۆر جار بە هەمان پاساوی جیابوونەوە گروپێكی تر جیابوونەتەوە، بۆ جارێكی تریش ریزی حزبی دووەم تووشی كەرتبوون هاتووە.

كۆی كەرتبوونەكانی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە بە لایەنی نەرێنی و بە زیان بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد شكاوەتەوە، ئەو ناكۆكیە ناوخۆییانە بۆتە هۆی ئەوەی سەرجەم هێز و پارت و رێكخراوەكان بە ململانێیە ناوخۆییەكانەوە خەریك بن و بەو هۆیەوە گلاون بە شەڕێكی ناوخۆی خوێناویەوە، بەو هۆیەوە دوژمنی سەرەكی بیر بردوونەتەوە و ئەنجامیش تۆوی دووبەرەكی و ناكۆكی و بێئومێدی لە نێو ریزی كومەلآنی خەڵك و شوڕش گێڕان.

